حکومەتی هەرێمی کوردستان/عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان
بەشی ڕاگەیاندن- پەیوەندیگشتی

# ڕێکارەکانی پەیوەندیگشتی لە بواری بەبازاڕکردن لە ژینگەی وەبەرهێنانی شاری سلێمانیدا

## نامەیەکە خوێندکار

## چنور احمد محمد

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە، وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماجستێر لە زانستی ڕاگەیاندن – پەیوەندیگشتی

**بە سەرپەرشتی**

**پ.ی.د. فؤاد علی احمەد**

2717 **کوردی** 1438**کۆچی** 2017**زاینی**

Uneversty of sulaimani
Human science
Human science school
Media department

# Strategies of Public Relations for Marketing in the Investment Environment of Sulaymaniyah City

A thesis submitted by

**Chnwr ahmed muhemed**

To the concil of school of human science , faculty human scence at univrsity of sulaymania, it a part of the requirements of the masters degree in media department – public reation

supervised

**Assis Prof Dr. Fuad Ali Ahmad**

2017 1438 2717

# Summary

This study is an attempt to answer questions about how public relations work within the marketing process of profit organizations and the way they organize their relations with the environment surrounding the organization's projects and outputs. This study is entitled "Strategies of Public Relations for Marketing in the Investment Environment of Sulaymaniyah City" , And took the workers in the real estate investment sector as a model.
The study consists of three chapters. The first chapter deals with the methodology of the study and what was adopted from the procedures of the research problem, it's importance, questions and hypotheses, and also how to determine the boundaries of the study in terms of temporal, spatial, human boundaries, the study society and it's sample, statistical tools and tests of honesty and consistency, Finally, the previous studies presented close variants of the variables of this study because there are no previous studies under the title of the current study.
The second chapter deals with three parts, the first part was presenting meaning of the strategies adopted by public relations for marketing, and meaning and concept of public relations in the field of marketing, it's objectives and functions, the second part was definition of marketing in terms of meaning and concept, stages of the marketing term, analysis of marketing mix and promotional mix and determining the role of public relations in the promotional mix.
The third part was devoted to the definition of investment in terms of concept, definition and fields, determining the necessary elements in the investment environment, determining the theoretical relationship between public relations and the investment environment,

The therd chapter is the field side of the study. It is contains a brief about the city of Sulaymaniyah in terms of environment and location, the analysis and analysis of the questionnaire information, and finally the conclusions reached by the study and recommendations and suggestions of the researcher.

The importance of the study lies in the importance of public relations in the field of marketing and its routine to promote and improve the process of marketing and maintain the acceptance and survival of organizations within the surrounding environment, trying to focus on the public relations objectives and functions in that area and how to benefit from the activities Public relations in promoting the products of companies invested in real estate (research model) within the investment environment of the city of Sulaymaniyah, and focus on determining the components that must be available in the investment environment and the existence of these components in the city of Sulaymaniyah Making it an environment conducive to investment or environment restricted and non-investment projects for real estate,

The objectives of the study include defining the public relations and determining their importance and strategies in the marketing process, also determining how the investment operations in the city of Sulaymaniyah and the extent of the presence of elements in their investment environment, how to organize the relationship of companies investing in real estate for its relations with the investment environment and the content of various components, The study took three main hypotheses and sub-questions about the research problem. The hypotheses are:

1- The first hypothesis is whether public relations strategies help to improve the marketing process of the products of investment projects in real estate.

2 - The hypothesis is that the investment environment of the city of Sulaymaniyah is a conducive environment and encouraging investment in real estate.

The main conclusions of the study are:

1 - There is no special department or even a public relations branch within the investment companies in real estate, but was

responsible for the management of relations for employees in other departments and not specialists in the field of public relations.

2-Those employees they are responsible for the management of company relations non of them specialist in puplic relations,also they do not have any specialist, but they are specialist and responsible in other field, and beside them working they are doing public relations, and that is effected on unscientific management public relations from company.

3- The geographical environment of the city of Sulaymaniyah is suitable for the construction of residential projects, the social environment is suitable and the city residents are characterized by openness and the desire for change in living standards and harmony with changes.

4 - The unstable situation politically and economically in the Kurdistan region in general and the city of Sulaymaniyah in particular to negatively affect the investment projects and housing projects in particular, which led to the slow process of construction and sale, where security stability was the reason for the sustainability of projects and reassuring investors in the city, But the laws and facilities to regulate the investment process is unclear and inaccurate in determining the identity of the investor and how to make facilities, and this is due to a long time to issue the investment law without the ratification or the issuance of new laws, which made them inappropriate for the time being.

**حكومة اقليم كوردستان /العراق**
**وزارة التعليم العالي والبحث العلمي**
**جامعة السليمانية**
**كلية العلوم الانسانية**
**قسم الاعلام- علاقات عامة**

# استراتيجيات العلاقات العامة في التسويق في البيئة الأستثمارية لمدينة السليمانية

**رسالة تقدمت بها الطالبة**

## چنور أحمد محمد

الى مجلس كليه العلوم الانسانيه فى جامعه السليمانيه، وهي أحدى متطلبات
نيل شهادة الماجستير في علم اللاعلام-علاقات عامة

**باشراف**

**ب.م.د. فؤاد على احمەد**

2017 **ميلادي** 1438**هجري** 2717 **كوردي**

## ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

**ئەم نامەیەی خوێندکار( چنور احمد محمد ) بەناونیشانی ( ڕێکارەکانی پەیوەندیگشتی لە بواری بەبازاڕکردن لە ژینگەی وەبەرهێنانی شاری سلێمانیدا)دا، بە چاودێری ئێمە لە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان / زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، بەشێکە لە پێویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماجستێر لە زانستی (ڕاگەیاندن / پەیوەندیگشتی)، پێشنیار دەکەین پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.**

**واژۆ**

**سەرپەرشتیار: د.فؤاد علی احمد**

**پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر**

**بەروار:** / / 2017

**بە پێی ئەم پێشنیارە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم**

**واژۆ**

**ناو: د.سلام نصرالدين محمد**

**سەرۆکی بەشی (ڕاگەیاندن)**

**بەروار:** / / 2017

## بڕیاری شارەزای زمانەوانی

**نامەی ماجستێری خوێندکار (چنور احمد محمد) کە ناونیشانی بریتیە لە (ڕێکارەکانی پەیوەندیگشتی لە بواری بەبازاڕکردن لە ژینگەی وەبەرهێنانی شاری سلێمانیدا) پێداچوونەوەی زمانەوانی بۆ کراوە، ئەو هەڵانەشی کە تێیدابوو ڕاستکراونەتەوە، بەوەش نامەی ماجستێرەکەی لەڕووی زمانەوانی و شێوازی دەربڕینەوە ئامادەیە بۆ گفتوگۆکردن.**

**واژۆ**

**ناو:پ.ی.د عادل رشید قادر**

**بەروار:** / / 2017

## ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

**ئێمە وەک ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم نامەیەی خوێندکار( چنور احمد محمد ) بە ناونیشانی (ڕێکارەکانی پەیوەندیگشتی لە بواری بەبازاڕکردن لە ژینگەی وەبەرهێنانی شاری سلێمانیدا)، خوێندەوەو گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کردووە، بڕیارماندا بە پلەی( ) بڕوانامەی ماجستێری لە زانستی (ڕاگەیاندن / پەیوەندیە گشتییەکان) پێبدرێت.**

**واژۆ**
**ناو:د.هێمن مجید حسن**
**پلەی زانستی :پرۆفیسۆری یاریدەدەر**
**سەرۆکی لیژنە**
**بەروار:** / / 2017

**واژۆ**
**ناو:د.یونس علی احمد**
**پلەی زانستی:پرۆفیسۆری یاریدەدەر**
**ئەندام**
**بەروار:** / / 2017

**واژۆ**
**ناو:د. کاوە عبدالرضا محمد**
**پلەی زانستی: مامۆستا**
**ئەندام**
**بەروار:** / / 2017

**واژۆ**
**ناو:د.فؤاد علی احمد**
**پلەی زانستی:پرۆفیسۆری یاریدەدەر**
**ئەندام و سەرپەرشتیار**
**بەروار:** / /2017

**لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان / زانکۆی سلێمانی -پەسەندکرا**

**واژۆ**
**ناو: د. ابتسام اسماعیل قادر**
**ڕاگری کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان**

بسم الله الرحمن الرحيم

# و[مَنَ ْأحَسْنَ ُ قوَ ْلاً مِمَّنْ دَ عَا إِلَى اللَّهِ وَعَمِلَ صَالِحًا وَقَالَ إِنَّنِي مِنْ الْمُسْلِمِينَ]

**صدق الله العظيم**

سورة فُصِلَت (اية 33)

**ئەم توێژینەوەیە پێشکەشە بە**

- بەو کەسانەی، کە هاندەرم بوون و ڕێنیشاندەر و ڕێنماییکارم بوون.
- بە چاوە گەشەکانی بارین و بەیار، مایەی جوانی و هیواکانی ژیانم.
- خوێندکاران و توێژەران لە بواری پەیوەندیگشتی بە هیوای سوود لێوەرگرتنی.

## سوپاس و پێزانین

- سوپاس بۆ خوای گەورە بۆ نیعمەتە نەبڕاوەکانی، کە  بە بەندەکانی بەخشیوە.
- سوپاسی بێپایانم بۆ سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەم (پ.ی.د فوئاد عەلی ئەحمەد)، کە زۆر بە دڵسۆزیی و خەمخۆرییەوە ئەرکی سەرپەرشتیاریکردنی توێژینەوەکەی لە ئەستۆگرت.
- سوپاس و ڕێزی زۆرم بۆ مامۆستای خۆشەویستم (د.لانە صابر قەرەداغی)، کە زۆر هاوکارو ڕێنیشاندەرم بووە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە، هەروەها هاوگ\کاریکردم بە پێدانی کۆمەڵێک سەرچاوەی زانستی و هەڵسەنگاندنی فۆرمی ڕاپرسییەکە، هیوادارم هەمیشە نموونەی زۆربێت.
- زۆر سوپاسی مامۆستای بەڕێزم (پ.ی.د. هێمن مەجید) دەکەم لە وەرگێڕانی زاراوەکاندا هاوکاریکردم.
- ڕێزو سوپاسی زۆرم بۆ بەڕێز (پ.ی.د یونس عەلی ئەحمەد) هاوکاری زۆری کردم بە پێدانی زانیاری و سەرچاوەی زانستی و ڕێنمایی کردنەکانی، هەروەها ئەرکی هەڵسەنگاندنی فۆرمی ڕاپرسییەکەی لە ئەستۆگرت.
- سوپاس بۆ هەریەک لە بەڕێزان (پ.ی.د. خالد حەیدر) سەرۆکی بەشی ئابووری لە کۆلێجی کارگێڕی و ئابووری، (پ.ی.د. محەمەد خدر مەولود)، سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندن لە زانکۆی جیهان، (پ.ی.د.بەهادین ئەحمەد )، ئەرکی هەڵسەنگاندنی فۆرمی ڕاپرسییەکەیان لە ئەستۆگرت.
- زۆر سوپاسی کارمەندانی کتێبخانەی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان دەکەم، کە بەڕێزیان ماندوو بوونە و دەستخۆشیان لێدەکەم، هەروەها زۆر سوپاسی کارمەندانی کتێبخانەی کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری زانکۆی سلێمانی و کتێبخانەی ناوەندی زانکۆی سلێمانی و کتێبخانەی کۆلێژی یاسا و کتێبخانەی پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی دەکەم، هاوکارێکی باشبوون لە پێدانی سەرچاوەکاندا.
- زۆر سوپاسی مامۆستا (یۆهان عوسمان) دەکەم بەڕێزیان پوختەی توێژینەوەکەیان بۆ وەرگێڕام بۆ سەرزمانی ئنگلیزی.
- سوپاسی فەرمانگەی (بەڕێوەبەرێتی وەبەرهێنانی سلێمانی) دەکەم هاوکارم بوون لە پێدانی زانیاری و داتای پەیوەست بە وەبەرهێنان لە شاری سلێمانی.

- زۆر سوپاسی ئەو بەڕێزانە دەکەم، کە ڕەزامەند بوون بە ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لە گەڵیاندا و کاتی خۆیان پێبەخشیم.
- سوپاسی یەک بەیەکی دەستنیشانکراوانی نموونەی توێژینەوەکەم دەکەم بۆ بەخشینی کاتی خۆیان و وەڵامدانەوەی ڕاپرسییەکەم.
- زۆر سوپاسی مامۆستا (ئەکرەم فەرەیدون) دەکەم، ئەرکی ئاماری توێژینەوەکە و دیزاینکردنیان گرتەئەستۆ.

# پوختەی توێژینەوەکە

پەیوەندیگشتی بایەخی زۆری پەیداکردووە لە بواری بەبازارکردندا وەک ڕەگەزێک لە ڕەگەزەکانی ئاوێتەی برەوپێدان، بە تایبەتی لەم سەردەمەی ئێستاماندا کە بەسەردەمی تەکنەلۆجیا و گۆڕانکاریە خێراکان دەناسرێتەوە، وە لە ڕیگەی کۆمەڵێک ڕێکارەوە کە بە ڕیکارەکانی پەیوەندیگشتی ناودەبرین، لە هەوڵی یارمەتیدانی پرۆسەی فرۆشتن و برەوپیدانیدایە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوەی  پرسەکانی تایبەت بە کاری پەیوەندی گشتی لە پرۆسەی بەبازاڕکردن لە دامەزراوە قازانج ویستەکاندا، و شێوازی ڕێکخستنی پەیوەندیەکانیان بە ژینگەی دەوروبەر بۆ پرۆژە و بەرهەمەکانیان، توێژینەوەیەکی وەسفیە و ئامرازی ڕاپرسی بەکارهێنراوە، کارمەندانی سێکتەری وەبەرهێنانی لەبواری خانووبەرەدا بە نموونە وەرگیراوە.

توێژینەوەکە لە سێ بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم ڕێبازنامەی توێژینەوەکەیە و پێکهاتووە لە خستنەڕووی کێشەی توێژینەوەکە و بایەخ و پرس و گریمانەکانی و چۆنیەتی دەستنیشانکردنی سنووری توێژینەوەکە لە ڕووی کات و شوێن و سنووری مرۆیی و سنووری بابەتی توێژینەوەکە، کۆمەڵگەوسامپڵ و ئەو کەرەستە ئاماریانەی، کە بەکاریهێناون و چۆنیەتی هەڵسەنگاندنی ڕاستی و جێگیری، وەدیاریکردنی چەمکە بەکارهاتووەکان و لە کۆتاییشدا خستنەڕووی ئەو توێژینەوانەی، کە نزیکن لە بابەتی توێژینەوەی بەردەست و پێشتر ئەنجامدراون، چونکە لەژێر ناونیشانی توێژینەوەی بەردەست هیچ توێژینەوەیەک پێشتر ئەنجامنەدراوە.

بەشی دووەمی توێژینەوەکە تایبەتە بە لایەنی تیۆری توێژینەوەکە و لە سێ پار پێکهاتووە، پاری یەکەم خستنەڕووی چەمک و واتای ڕێکارو ڕێکار لە پەیوەندی گشتییدا، هەروەها خستنەڕووی ڕێکارەکانی پەیوەندی گشتی لەبواری بەبازاڕکردندا ،پاری دووەم تایبەتە بە ناساندنی چەمکی بەبازاڕکردن و ئاوێتەی بەبازاڕکردن و ئاوێتەی برەوپێدان، وە ئەرک و ئامانجەکانی پەیوەندیگشتی لە بواری بەبازاڕکردندا، پاری سێیەمی توێژینەوەکەش تایبەتە بە ناساندنی چەمکی وەبەرهێنان و واتا و بوارەکانی، وە دیاریکردنی پایەکانی  ژینگەی وەبەرهێنان،  دیاریکردنی پەیوەندی تیۆریانەی پەیوەندی گشتی بە ژینگەی وەبەرهێنانەوە.

بەشی سێیەم و کۆتایی توێژینەوەکە بریتیە لە لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە و تیایدا کورتەیەک لەبارەی شاری سلێمانی لە ڕووی پێگەی جوگرافی و ژینگەکەیەوە

خراوەتەڕوو، وە خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامی ڕاپرسی توێژینەوەکە، لە کۆتاییشدا ئەو دەرئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێیگەیشتووە لەگەڵ خستەڕووی پێشنیاز و ڕاسپاردەکانی توێژەر.

بایەخی توێژینەوەکە دەگەڕێتەوە بۆ بایەخی پەیوەندیگشتی لەبواری بەبازارکردن و ئەو ڕێکارانەی، کە دەیگرێتەبەر بە ئامانجی برەوپێدان و باشتر بەڕێوەچوونی پرۆسەی بەبازارکردن بۆ بەرهەمی کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی بواری خانووبەرە (نموونەی توێژینەوەکە)، هەروەها مانەوەو بەردەوامی دامەزراوەکە لە چوارچێوەی ژینگەکەیدا.

ئامانجەکانی توێژینەوەکەش بریتین لە ناساندنی ڕیکارەکانی پەیوەندیگشتی لەبواری بەبازارکردندا، و دیاریکردنی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی پرۆسەکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە لەشاری سلێمانی و ئاستی بەردەستبوونی پایەکانی وەبەرهێنان لە ژینگەکەیدا، وە چۆنیەتی ڕێکخستن و بەریوەبردنی پەیوەندیەکانی دامەزراوە وەبەرهێنەکانی خانووبەرە لەگەڵ ژینگە بە پێکهاتە جیاوازەکانیەوە، ئەم توێژینەوەیە چەند پرسێکی لاوەکی هەیە، کە لە کێشەی توێژینەوەکەوە سەرچاوە دەگرن و دوو گریمانەی سەرەکی کردووە، گریمانەکانی بریتین لە:

یەکەم: ئایا ژینگەی وەبەرهێنانی شاری سلێمانی ژینگەیەکی لەبارە و گونجاوە بۆ وەبەرهێنان لەبواری خانووبەرەدا.

دووەم: ریکارەکانی پەیوەندی گشتی تا چەند یارمەتی باشتر بەڕێوەچوونی پڕۆسەی بە بازار کردن دەدەن لە کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانوبەرەدا.

**لە گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەش،** کە **توێژینەوەکە پێیگەیشتووە بریتین لە:**

1- کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانوبەرە هیچ بەش و لقێکیان نیە بەناوی پەیوەندی گشتی، و کارراییەکانی بەڕێوەبردنی پەیوەندیەکانیان سپاردووە بە کارمەندەکانیان.
2- ئەو کارمەندانەی لە بەڕێوەبردنی پەیوەندیەکانی کۆمپانیا بەرپرسیارن هیچیان پسپۆری بواری پەیوەندیگشتی نین، هەروەها تایبەتمەندیان پێنەدراوە بۆ ئەو بوارە، بەڵکو پسپۆرو لێپرسراوی بواری دیکەن و لەپاڵ کارەکانی خۆیاندا کاری پەیوەندیگشتی

ئەنجامدەدەن، ئەمەش کاریکردووەتە سەر بە نازانستی بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکانی کۆمپانیا.

3- ئەو ڕێکارانەی کە پەیوەندیگشتی دەیگرێتەبەر بۆ برەوپێدان و باشتر بەڕێوەبردنی پرۆسەی بەبازاڕکردن بەڕادەیەکی باش بەکاردەهێنرێن لەلایەن کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانووبەرەوە لەشاری سلێمانیدا.

4- ژینگەی جوگرافی شاری سلێمانی ژینگەیەکی لەبارو گونجاوە بۆ وەبەرهێنان لەبواری خانووبەرە و دروستکردنی یەکەکانی نیشتەجێکردن، هەروەها ژینگەی کۆمەڵایەتی و دانیشتوانی شار کراوەو هاوشانی گۆڕانکاریەکان خواستیان لەگۆڕاندایە.

5- شڵەژانی بارودۆخی سیاسی و ئابووری کاریگەریی نەرێنی هەبووە لەسەر بواری وەبەرهێنان بەگشتی و وەبەرهێنانی خانوبەرە بەتایبەتی، بووەتە مایەی سستی لە ئەنجامدان و فرۆشتنی پرۆژەکاندا، بەڵام بوونی ئاسایش و سەقامگیری لەشاری سلێمانیدا هاندەربووە لە مانەوەی وەبەرهێنان و دڵنیایی وەبەرهێنەران، وە یاساو ڕێنماییەکان ناڕوونن لە دیاریکردنی کەسایەتی وەبەرهێن و پێدانی ئاسانکارییەکاندا، ئەمەش بەهۆی تێپەڕبوونی کاتێکی زۆر بەسەریاندا بەبێ هەموارکردنەوە یان دەرکردنی یاسای نوێ ، کە وایکردووە بۆ ئێستای وەبەرهێنان کەموکوڕی هەبێت.

## پێڕستی بابەتەکان


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| | ناونیشانی توێژینەوەکە |
| أ | ڕەزامەندی سەرپەرشتیار |
| ب | بڕیاری شارەزای زمانەوانی |
| ت | ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ |
| ث | ئایەتی قورئانی |
| ج | پێشکەشە |
| ح | سوپاس و پێزانین |
| د | پوختەی توێژینەوەکە |
| ز | پێڕستی بابەتەکان |
| ش | لیستی خشتەکان |
| ض | لیستی پاشکۆکان |
| ض | لیستی شێوەکان |
| 1 | پێشەکی |
| **بەشی یەکەم: ڕێبازنامەی توێژینەوەکە** | |
| 4 | کێشەی توێژینەوەکە |
| 5 | بایەخی توێژینەوەکە |
| 6 | گریمانەکانی توێژینەوەکە |
| 7 | ئامانجی توێژینەوەکە |
| 8 | میتۆدی توێژینەوەکە |
| 8 | کۆمەڵو سامپڵی توێژینەوەکە |
| 9 | سنووری توێژینەوەکە |
| 10 | کەرەستە ئامارییە بەکارهاتووەکان وریگاکانی کۆکردنەوەی زانیاری |
| 11 | پێوەری ڕاستی |

| | |
|---|---|
| ڕادەی جێگیری | 12 |
| دیاریکردنی چەمکەکان | 12 |
| توێژینەوەکانی پێشوو | 13 |
| تاووتوێ کردنی توێژینەوەکانی پێشوو | 21 |
| **بەشی دووەم :لایەنی تیۆری توێژینەوەکە** | |
| **پاری یەکەم: ڕێکارەکانی پەیوەندی گشتی لە بواری بەبازاڕکردندا** | 25 |
| 1: چەمک وپێناسەی ڕێکار | 26 |
| 2: ڕێکار لە پەیوەندیگشتیدا | 31 |
| 3: ڕێکارەکانی پەیوەندیگشتی لەبواری بەبازارکردندا | 34 |
| پاری دووەم:**چەمک و واتای بەبازاڕکردن و پەیوەندی( پەیوەندیگشتی بە بازاڕکردنەوە)** | 44 |
| 1: چەمک و واتا وپێناسەی بەبازاڕکردن | 44 |
| 2: ئاوێتەی بەبازاڕکردن و ئاوێتەی برەوپێدان | 48 |
| 3 : ئەرک وئامانجەکانی پەیوەندیگشتی لە بواری بەبازاڕکردندا | 60 |
| پاری سێیەم:**چەمک و واتای وەبەرهێنان و پەیوەندی( پەیوەندیگشتی)بە ژینگەی وەبەرهێنانەوە** | 66 |
| 1: چەمک و واتای وەبەرهێنان Investment | 67 |
| 2: جۆرەکانی وەبەرهێنان و بوارەکانی | 71 |
| 3: پایەکانی ژینگەی وەبەرهێنان | 76 |
| 3: پەیوەندی تیۆریانەی پەیوەندیگشتی بە ژینگەی وەبەرهێنانەوە | 81 |
| **بەشی سێیەم: لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە** | |
| **پاری یەکەم: ژینگەی وەبەرهێنانی شاری سلێمانی** | 87 |
| **پاری دووەم: پرۆژەکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە لەناو شاری سلێمانی** | 90 |
| **پاری سێیەم: خستنەڕو وشیکردنەوەی زانیارییەکان** | 92 |
| **پاری چوارەم: هەڵسەنگاندنی گریمانەی توێژینەوەکە** | 132 |

| | |
|---|---|
| **دەرئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردەکان** | 134 |
| 1: دەرئەنجامی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە | 134 |
| 2: دەرئەنجامی سەلماندنی گریمانەکان | 136 |
| 3: پێشنیازەکانی توێژینەوەکە | 137 |
| 4: ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە | 138 |
| سەرچاوەکان | 139 |
| پاشکۆکان | |
| پووختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی | Xxxix |
| پووختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئنگلیزی | A |


## پێڕستی خشتەکان


| ژمارەی خشتە | ناونیشانی خشتە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | ڕەگەزی نموونەی توێژینەوەکە | 92 |
| 2 | تەمەنی نموونەی توێژینەوەکە | 93 |
| 3 | ئاستی بڕوانامەی زانستی نموونەی توێژینەوەکە | 94 |
| 4 | ساڵانی خزمەتی نموونەی توێژینەوەکە | 94 |
| 5 | بواری تایبەتمەندی نموونەی توێژینەوەکە | 95 |
| 6 | پۆست و بواری کارکردنی نموونەی توێژینەوەکە | 97 |
| 7 | چوارچێوەی کاروچالاکیەکانی کۆمپانیانی نموونەی توێژینەوەکە | 98 |
| 8 | جۆری کاری کۆمپانیانی نمونەی تێژینەوەکە | 98 |
| 9 | گونجاوی ژینگەی جوگرافی شاری سلێمانی | 100 |
| 10 | ڕۆڵی حکوومەت لەدیاریکردنی شوێنی پرۆژەکان | 101 |
| 11 | هەڵبژاردنی شوێنی پرۆژەکان | 103 |
| 12 | لەبەرچاوگرتنی شێوازی ژیان لە یەکەکاندا | 104 |

| | | |
|---|---|---|
| 104 | خواستی دانیشووانی شار له گۆڕانی ئاستی ژیانکردندا | 13 |
| 105 | ئاستی کاریگەری بارودۆخی سیاسی | 14 |
| 106 | ئاستی گونجاوی یاساکانی وەبەرهێنان | 15 |
| 107 | ئاسانکاری حکوومی له ڕووی باج و داراییەوه | 16 |
| 108 | ئاستی کاریگەری قەیرانی دارایی | 17 |
| 109 | ئاستی گونجاوی تۆڕەکانی پەیوەندیکردن | 18 |
| 110 | هاوکاری و ئاسانکاری فەرمانگه حکوومییەکان | 19 |
| 112 | ئەرکی کارمەندی پەیوەندیگشتی له مامەڵەی گونجاو لەگەڵ کڕیاردا | 20 |
| 113 | ئاستی بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن | 21 |
| 114 | چۆنێتی ڕوونکردنەوەی ڕووداوه نەخوازراوەکان | 22 |
| 115 | ئاستی پشتبەستن به ڕۆژنامەنووسان | 23 |
| 116 | ئاستی پشتبەستن بەکۆنگرەی ڕۆژنامەوانی وبانگهێشتی ڕۆژنامەنووسان | 24 |
| 117 | ئاستی بەکارهێنانی بانگەشەی بازرگانی | 25 |
| 118 | ئاستی پەیڕەوکردنی کاتی گونجاو له ڕیکلامکردندا | 26 |
| 119 | لەبەرچاوگرتنی کات و بۆنه تایبەتەکان | 27 |
| 120 | ڕێکاری گرتنەبەری سپۆنسەرکردن | 28 |
| 121 | ڕێکاری بەشداریکردن له چالاکیه ژینگەیی و مرۆییەکان | 29 |
| 122 | هەلی بەکارهێنانی شوێنی کۆبوونەوه جەماوەرییەکان | 30 |
| 123 | ئاستی بەکارهێنانی ڕێکاری بانگهێشتکردنی کەسایەتیه تایبەتەکان | 31 |
| 124 | ئاستی بەکارهێنانی ڕێکاری بەشداریپێکردن | 32 |
| 125 | ئاستی بەکارهێنانی کەسایەتیه ناودارەکان له ڕیکلامکردندا | 33 |
| 126 | ئاستی بایەخی پەیوەندی لەگەڵ لایەنه حکوومییەکان | 34 |
| 127 | ئاستی بەکارهێنانی ڕیکلامی نێودەوڵەتی | 35 |
| 128 | ئاستی سوود وەرگرتن له تەکنەلۆجیا له دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کڕیاراندا | 36 |
| 129 | ئاستی بەکارهێنانی ڕێکاری بانگەشه بۆ کۆمپانیا | 37 |

| | | |
|---|---|---|
| 38 | ئاستی بەکارهێنانی ڕێکاری بانگەشە بۆ بەرپرسانی کۆمپانیا | 130 |
| 39 | هەڵسەنگاندنی گریمانەی یەکەم | 131 |
| 40 | هەڵسەنگاندنی گریمانەی دووەم | 132 |


## پێڕستی پاشکۆکان


| | | |
|---|---|---|
| 1 | پێوەری راستی توێژینەوە | i |
| 2 | ڕِادەی جێگیریی توێژینەوە | ii |
| 3 | فۆرمی ڕاپرسی بەرایی توێژینەوەکە | iii |
| 4 | فۆرمی ڕاپرسی بۆ هەڵسەنگێنەران | vi |
| 5 | فۆرمی ڕاپرسی دوای هەڵسەنگاندن | xiv |
| 6 | یاسای وەبەرهێنان ژمارە(4)ی ساڵی 2006 | xix |
| 7 | ڕێنمایی سندووقی نیشتەجێبوون | xxx |
| 8 | لیستی ئەو پرۆژانەی کەلە دەستەی وەبەرهێنان مۆڵەتیان وەرگرتووە | xxxiv |
| 9 | نەخشەی پێکهاتەی بەرزونزمی ڕووی زەوی شاری سلیمانی | xxxviii |


## پێڕستی شێوەکان


| ژ | ناونیشان | لاپەرە |
|---|---|---|
| 1 | کارو چالاکیەکانی پەیوەندیگشتی و شێوازی کارکردنی لەگەڵ ژینگەی دەوروبەر | 85 |

# پێشەکی

پەیوەندیگشتی لە م سەردەمەدا بووەتە یەکێک لە پێویستیە سەرەکیەکانی ریکخستنەوەی پەیوەندیەکانی دامەزراوەکان ، قازانج ویست و ئابووری، وەیاخود دامەزراوەی خزمەتگوزاری و کۆمەڵایەتیەکان، چونکە ئەو دامەزراوانە پێویستە لەگەل ژینگەی دەوروبەریان بگونجین وپەیوەندیەکانیان ریکبخەن و سوود لە ڕەگەزەکانی وەربگرن بۆ ئامانجی مانەوەو برەوپێدانی خۆیان و کارەکانیان، وە دەرکەوتنی بایەخ و گرنگی پەیوەندیگشتی زیاتر بەهۆی ئەو پێشکەوتن و گۆرانە خێرایانەیە، کە لە ژیانی کۆمەڵگە و مرۆڤەکاندا روویانداوەو بەردەوام و بەشێوەی خێرا ڕوودەدەن و بوونەتەهۆی بەگران تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی پەیوەندیەکان، هەرچەندە جیاوازی لە نێوان کومەڵگەکاندا هەیە لەڕووی پیشکەوتن و تیگەیشتنیان چونکە هەر کۆمەلگەیەک ڕەنگدانەوەی شارستانیەت و میژوویەکی دیاریکراوەو لە ئاست گۆرانکاریەکاندا خاوەن بۆچوون و هەڵوێستی خۆیەتی بە تایبەتی لەڕووی ئەو گۆرانکاریە خیرایانەی، کە ئەم سەردەمەی پێدەناسریتەوە.
لە بواری ئابوریشدا وەبەرهێنان پایەیەکی گرنگە لە پایەکانی گەشەکردن و بەرەو پێشچونی ئابووری هەر وولاتێک و بایەخ و گرنگی زۆری پێدەدرێت، لە چەندەها ڕێگەو و بە چەندەها شێواز هەوڵی پەرەپیدانی دەدرێت و یاساو ڕیسای تایبەتی تەرخاندەکرێت بۆ باشتر بەڕێوەچوونی پرۆسەکانی وەبەرهێنان و بەدیهێنانی ئاسانکاری بۆ وەبەرهێنەران، هەروەها دامەزراوەکان کە لە بواری وەبەرهێناندا کاردەکەن، لە پێناوی باشتر بەبازاڕکردن و برەوپێدانێکی زیاتر بە کاڵاو بەرهەمەکانیان زۆر ڕێگەو شێواز دەگرنەبەرو بۆ ئەو مەبەستەش پەیوەندیگشتی وەکو ڕەگەزێکی گرنگی ئاوێتەی برەوپێدان و بەرپرسیکی سەردەمیانەی ڕێکخستنی پەیوەندیەکانی دامەزراوە لەگەڵ ژینگەدابە پێکهاتەو ڕەگەزە جیاوازەکانیەوە، ڕۆڵی گەورەی هەیە لە پرۆسەی باوەرپێهێنان و برەوپێدانی دامەزراوە کان، بەتایبەتی، کە دامەزراوەکان بە چەندەها هونەری جیاواز هەوڵی مانەوەو بەردەوامی خۆیان دەدەن.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو هۆکارانەدا کێشەی توێژینەوەکە دەردەکەوێت لە چۆنیەتی بەدواداچوونی ئاماژەکانی پەیوەندیگشتی لە دامەزراوەکاندا بۆ برەودان بەکارو بازاڕی خۆیان و ئەو ڕێکارانەی پەیوەندیگشتی چین، کە بۆ ئەو مەبەستە بەکاریاندەهێنێت و بۆ ڕێکخستنەوەی پەیوەندیەکانی دامەزراوەکان بە ئاراستەی ئەرێنی لەگەڵ ژینگە بە پێکهاتەو ڕەگەزە جیاوازەکانیەوە، پەیوەندیگشتی چۆن چالاکیەکانی جێبەجێدەکات، و بایەخی توێژینەوەکەش لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەدا دەردەکەوێت و ئامانجەکانی گەڵالەدەبن، کە بریتین لە

دەرخستنی ڕێکارەکانی پەیوەندیگشتی کە لە بواری بەبازاڕکردن دەیانگریتەبەر بە مەبەستی بەبازاڕکردن و برەوپێدان، وە چۆنیێتی ڕیکخستنەوەی پەیوەندیەکانی دامەزراوەکان (کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانوبەرە) بە ژینگەی وەبەرهێنانەوە.

ئەو میتۆدەی، کە توێژینەوەکە بەکاریهێناوە لە گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە، میتۆدی وەسفی(رووپێوی)یە، وە توێژینەوەکە لە سێ بەش پێکهاتووە و لە بەشی یەکەمدا کە ڕێبازنامەی توێژینەوەکەیە، تیایدا ئەو هەنگاوە ڕێبازیانە خراونەتەڕوو کە توێژینەوەکە پشتی پێبەستوون و بریتین لە:کێشەی توێژینەوەکە و بایەخەکەی وئامانجەکانی و گریمانەو ڕەهەندەکانی، هەروەها سنووری توێژینەوەکە و کۆمەڵگەو سامپڵی توێژینەوەکە و خستنەڕووی کەرەستە ئاماریە بەکارهاتووەکان و ڕێگاکانی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری و خستنەڕووی ڕاستی و جێگیری، وە لە کۆتاییشدا دیاریکردنی چەمکەکان و خستنەڕووی ئەو توێژینەوانەی، کە لە بابەتی ئەم توێژینەوەیەوە نزیکن چونکە هیچ توێژینەوەیەکی پێشوو لە ژێر ناونیشانی ئەم توێژینەوەیەدا ئەنجامنەدراوە.

بەشی دووەمی توێژینەوەکەش چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکەیەو لە سێ پار پێکهاتووە،پاری یەکەم چەند بابەتێک لەخۆ دەگرێت، کە تایبەتن بە ڕوونکردنەوەی چەمک و پێناسەی ڕێکار و واتای ڕێکار لە پەیوەندیگشتیدا و ڕیکارەکانی پەیوەندیگشتیە لەبواری بەبازاڕکردندا ، پاری دووەم تایبەتە بە چەمک و واتای بەبازاڕکردن و ئاوێتەی بەبازاڕکردن و ئاوێتەی برەوپێدان، وە ئەرک و ئامانجەکانی پەیوەندیگشتی لە بواری بەبازاڕکردندا، لە پاری سێیەمیشدا چەن تەوەرێک لەخۆ دەگرێت، کە بریتین لە چەمک و واتا و پێناسەی وەبەرهێنان و جۆرو بوارەکانی، هەروەها دیاریکردنی پایەکانی ژینگەی وەبەرهێنان و پەیوەندی تیۆریانەی پەیوەندی گشتی بە ژینگەی وەبەرهێنانەوە.

لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەش، کە بەشی سێیەمە تیایدا پوختەیەک لەبارەی ژینگەی وەبەرهێنانی شاری سلێمانی و پاری دووەم خستنەرووی پرۆژەکانی وەبەرهێنانی خانوبەرە لەناو شاری سلێمانیدا و، لە پاری سێیەمیشدا خستەڕوو شیکردنەوەی زانیاریەکانی تایبەت بە ئەنجامی ڕاپرسی توێژینەوەکەیە، لە کۆتاییشدا خستنەرووی ئەو ئەنجام و دەرئەنجامانەیە، کە توێژینەوەکە پێیگەیشتووە لەگەڵ خستنەڕووی پێشنیار و ڕاسپاردەکانی توێژەردا.

# بەشی یەکەم: ڕێبازنامەی توێژینەوەکە

1: کێشەی توێژینەوەکە

2: بایەخی توێژینەوەکە

3: گریمانەکانی توێژینەوەکە

4: ئامانجی توێژینەوەکە

5: میتۆدی توێژینەوەکە

6: کۆمەڵ و سامپڵی توێژینەوەکە

7: سنووری توێژینەوەکە

8: کەرەستە ئامارییە بەکارهاتووەکان وڕێگاکانی کۆکردنەوەی زانیاری

9: پێوەری ڕاستی و رادەی جێگیری توێژینەوەکە

10: دیاریکردنی چەمکەکان

11: توێژینەوەکانی پێشوو

12: تاووتوێ کردنی توێژینەوەکانی پێشوو

## 1: كێشەی توێژینەوەکە

فاکتەری سەرەکی لە ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەکی زانستیدا بریتیە لە بوونی کێشەیەکی دیاریکراو، کە پێویست دەکات بەشێوەیەکی ئەکادیمی لێی بکۆڵدرێتەوە، وە یاخود ناڕوونی لە کێشەکەدا هۆکارە بۆ بڕیاردان لە لێکۆڵینەوەو توێژینەوە و خستنەڕووی ڕەهەندەکانی، توێژەر هەوڵدەدات بۆ دەستنیشانکردنی چارەسەری گونجاو بۆیان،

پەیوەندیگشتی وەکو ڕەگەزێکی گرنگی ئاوێتەی برەوپێدان لە پرۆسەی بەبازاڕکردندا ڕۆڵی گەورەی هەیە لە پرۆسەی قایلکردن و برەودان بە دامەزراوەکان ، وە بەتایبەتی کە برەوپێدان و بەبازاڕکردن بە چەندەها ڕێگەو شێواز ئەنجامدەدرێت و لە پێناوی برەودان بە بەرهەمی دامەزراوەکان جۆرەها هونەر بەکاردەهێنرێت، لەم ڕەهەندەشەوە، کە پەیوەندیگشتی هونەری مامەڵەکردن و وێناکردنی وێنەی گونجاوی دامەزراوەکانە، بایەخ و گرنگی زیادیکردووە و ڕەنگدانەوەی چالاکییەکانی بەسەر پرۆسەی بەبازاڕکردن و برەوپێدانی بەرهەمەکانی هەر دامەزراوەیەک بەتایبەتی لە بواری گەیاندن و پەیوەندیکردندا زیاتر دەرکەوتووە.

کێشەی توێژینەوەکە بریتیە لەڕێکارەکانی پەیوەندیگشتی چین و چۆن دەکرێت خزمەت بەبرەوپێدان و بەبازاڕکردنی کۆمپانیا و پرۆژەکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە بکەن لەشاری سلێمانی.

**ئەم کێشەیە چەند ڕەهەندێکی هەیە، لەو ڕەهەندانەش:**

**ڕەهەندی یەکەم:** خۆی لە بەکارهێنانی پەیوەندیگشتی دەبینێتەوە لەلایەن کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە لە شاری سلێمانی و ئاستی پەیبردنیان بە ڕۆڵ و بایەخی پەیوەندی گشتی لە بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکانیان و پرۆسەی بەبازاڕکردنی بەرهەمەکانیان.

**ڕەهەندی دووەم**: : ڕێکارەکانی پەیوەندیگشتی لە بواری بەبازاڕکردن تا چەندە بەکارهاتوون و ڕۆڵیان هەیە لە برەوپێدان و بەبازاڕکردنی بەرهەمەکانی خانووبەرە لە شاری سلێمانی.

**ڕەهەندی سێیەم**:لەباریی و گونجاویی ژینگەی سلێمانی لە ڕووی (ئابوری، سیاسی، یاسایی، جوگرافی، کۆمەڵایەتی...)وە ئاسانکارییان بۆ بەدەنگەوەچوونی پرۆسەکانی وەبەرهێنان لەبواری خانووبەرەدا.

وە لە کێشەی توێژینەوەکەو ڕەهەندەکانیەوە ئەم توێژینەوەیە لە هەوڵی وەڵامدانەوەی چەند پرسێکدایە کە ئەوانیش:

ڕێکارەکانی پەیوەندیگشتی لەبواری بەبازاڕکردن و برەوپێداندا چین و چۆن خزمەت بە پرۆسەی بەبازاڕکردنی پرۆژەکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە دەکەن؟

ئایا کۆمپانیاکانی خانووبەرە بەشێکی تایبەتیان هەیە بەناوی بەشی پەیوەندیگشتی؟ وە یاخود کاری بەریوەبردنی پەیوەندیەکانیان بە کارمەند یان بەشەکانی دیکەی دامەزراوەکە سپاردووە؟

ئەو پایەو بنەمایانە چین کە پێویستە بوونیان هەبێت لە ژینگەی وەبەرهێناندا و هۆکارن لە بڕیاردان لەبارەی وەبەرهێنان لە بوارە جیاوازەکانی وەبەرهێنان بەگشتی و وەبەرهێنان لە بواری خانووبەرەدا بەتایبەتی؟

وەبەرهێنانی خانووبەرە و ژینگەی وەبەرهێنان لەناو شاری سلێمانیدا لە چ دۆخێکدایە و تا چ ئاستێک وەبەرهێنان لەوبوارەدا لەبارو گونجاوە لە ڕووی ئاسانکاری یاسایی و لەباری ژینگەی جوگرافی و کۆمەڵایەتی،وە هەروەها ئاستی وەڵامدانەوەی ژینگەی ئابوری بۆ ئەو پرۆسەیە؟

هەموو ئەم پرسانە هۆکاری گەڵاڵەبوونی بیرۆکەی ئەم توێژینەوەیە لای توێژەر پێکدەهێنن، هەروەها تازەیی ئەو بابەتە وکەمی توێژینەوەی لەوجۆرە لە بواری پەیوەندیگشتی لە پرۆسەی وەبەرهێنان و کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانووبەرەدا بە شێوەیەکی گشتی، وە بەتایبەت لە شاری سلێمانی هاندەربوون بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە.

## 2: **بایەخی توێژینەوەکە**

بایەخی ئەم توێژینەوەیە (ڕێکارەکانی پەیوەندیگشتی لە بواری بەبازاڕکردن لە ژینگەی وەبەرهێنانی شاری سلێمانی) لە بایەخی پەیوەندیگشتی و ڕۆڵیدایە لە پرۆسەی بەبازاڕکردن و برەوپێدانی بەرهەمەکانی خانووبەرە لەشاری سلێمانی، کە بەکرداری بوونیان هەیە، وە لەسەر ڕەوشی ژیان ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لەگەشەی ئابوری و بەرەوپێشچوونی ئاستی ژیانی هاووڵاتیان و گۆڕینی سیمای شار و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لە بواری نیشتەجێکردندا، هەربۆیە لێکۆڵینەوە لە ئاوێتەی بەبازاڕکردن و ئاوێتەی برەوپێدان، کە

پەیوەندیگشتی یەکێکە لەوڕەگەزانە و لەبرەوپێدان و نەخشاندنی هزرەوێنەی کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانووبەرەدا، هەروەها شێوازی ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی ئەو کۆمپانیایانە لەگەڵ ژینگەی وەبەرهێناندا، هەربۆیە دەکرێت بایەخی ئەم توێژینەوەیە لە چەند خاڵێکدا پوخت بکرێتەوە، کە پێکهاتوون لە:

1- کەمی توێژینەوەی لەوجۆرە لەبواری پەیوەندیگشتی لە پرۆسەکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە لە شاری سلێمانیدا، ئەمەش دەیسەلمێنێ کە بایەخدان بەوبوارە و لێکۆڵینەوە لێی هێشتا لەسەرەتادایە و کەمتر پەیپێبراوە، ئەمە لەکاتێکدا کەلەسەر ئاستی جیهان بایەخی گەورە بە مامەڵەی دامەزراوەکان و پەیوەندیان لەگەڵ ژینگەی دەوروبەروکڕیاران و سەوداکاراندا دەدرێت لە سەر ئاستی پرۆسەکانی وەبەرهێنان و ئابوریدا.

2- لە هەوڵی دەرخستنی ڕەوشی ڕاستەقینەی پەیوەندیگشتیدایە لەسەر ئاستی کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە و دەرخستنینی ئاستی بەکارهێنانی ڕیکارەکانی پەیوەندیگشتی لە کۆی پرۆسەی بەبازارکردن وبرەوپێداندا.

3- ئەم توێژینەوەیە لە ژینگەی وەبەرهێنانی خانووبەرە دەکۆڵێتەوەو هەوڵی دەستنیشانکردنی پایەکانی ژینگەی وەبەرهێنان دەدات، هەروەها دەرخستنی ئاستی گونجاوی ژینگەی شاری سلێمانی بۆ وەبەرهێنان لەبواری خانووبەرەدا دەردەخات.

4- لەسەر ئاستی کۆمەڵگەشدا و لەبواری خزمەتکردن بەبواری نیشتەجێکردن و سێکتەری وەبەرهێنان ئەم توێژینەوەیە بایەخی هەیە، بەتایبەتی لەڕووی ڕیکخستنەوەی پەیوەندیەکانی کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە لەگەڵ ژینگەی دەوروبەر، کە کۆمەڵە و پێکهاتەکانی دیکەی ژینگە دەگرێتەوە لە سیاسی و ئابووری و یاسایی و... .

## 3: گریمانەکانی توێژینەوەکە

بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە و پەیبردن بە ئاستی بایەخی (کۆمپانیا)کانی وەبەرهێنانی خانووبەرە بە پەیوەندیگشتی، هەروەها سوود وەرگرتنیان لە ڕێکارەکانی پەیوەندیگشتی بۆبرەودان بەپرۆسەی بەبازارکردنی بەرهەمەکانیان کەپێکهاتووە لەیەکەکانی

نیشتەجێکردن و خانووبەرە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵیداوە لەبەر ڕۆشنایی دوو گریمانەدا بگات بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە، ئەو دوو گریمانەیەش:

یەکەم: ئایا ژینگەی وەبەرهێنانی شاری سلێمانی ژینگەیەکی لەبارە و گونجاوە بۆ وەبەرهێنان لەبواری خانووبەرەدا.

دووەم: ریکارەکانی پەیوەندی گشتی تا چەند یارمەتی باشتر بەرێوەچوونی پرۆسەی بە بازار کردن دەدەن لە کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانوبەرەدا.

### 4: ئامانجی توێژینەوەکە

لە ژێر ڕۆشنایی و دیاریکردنی کێشەو گریمانەو بایەخی توێژینەوەکە، دەکرێت ئامانجەکانیشی لەچەند خاڵێکدا پوخت بکرێتەوە بەمجۆرە:

یەکەم : ناسین و دەرخستنی ئەرک و بایەخ و ڕۆڵی پەیوەندیگشتی لە بواری بەبازارکردندا لەبرەودان بەبەرهەمەکانی خانووبەرەو پرۆسەی وەبەرهێنان لەو بوارەدا، وە ئاستی بایەخپێدانی کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە بە پەیوەندیگشتی و تەرخانکردنی بەشێک بەو ناوەوە، یاخود سپاردنی ئەرکەکانیەتی بە بەش و کەسایەتیەکانی ناو کۆمپانیا.

دووەم : ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی ئاستی پەیبردنی کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانووبەرەیە بۆ ڕێکارەکانی پەیوەندیگشتی وە خستنەوە خزمەتیانە بە پرۆسەی وەبەرهێنان و برەودان بە کۆمپانیاکەو بەرهەمەکانی.

سێیەم : ژینگەی وەبەرهێنانی شاری سلێمانی تا چ ئاستێک گوونجاوە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەکانی وەبەرهێنان لە بواری خانووبەرەدا، پشتبەست بە پایەکانی ژینگەی وەبەرهێنان و کە پێویستە بوونیان هەبێت.

چوارەم: ناسین و دەرخستنی ڕەوشی وەبەرهێنان لەبواری خانووبەرە لەشاری سلێمانی، و دەرخستنی ئەوخاڵانەی، کە دەبنە مایەی برەودان و ئاسانکاریی بە پرۆسەی وەبەرهێنان لە بواری خانووبەرە ، هەروەها ئەو ڕێگرییانەی کە دێنە بەردەم بەرێوەچوونی پرۆسەکە.

### 5: میتۆد و جۆری توێژینەوەکە

زۆرینەی توێژینەوەکان لەبواری پەیوەندیگشتیدا شێوازێکی وەسفی وەردەگرن، چونکە تایبەتن بەلێکۆڵینەوە لە ڕەوشی ڕاستەقینەی دامەزراوەکان و شێوازەکانی جێبەجێکردنی چالاکیەکانی پەیوەندیگشتی. (الشمری، 2014، ل23)، وە " ئەمجۆرەی توێژینەوە دەکرێت بەکاربهێنرێت لەبەشێکی زۆری توێژینەوەکانی ریکلام و پەیوەندیگشتی و ڕایگشتی و توێژینەوەی پاڵنەرەکان ...هتد کە هەموویان دەچنە دووتوێی توێژینەوەکانی بواری ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی گشتی" (المسلمی، 2008، ل105)

ئەم توێژینەوەیە (ڕێکارەکانی پەیوەندیگشتی لەبواری بەبازاڕکردن لەژینگەی وەبەرهێنانی شاری سلێمانی)، بە میتۆدی وەسفی وئامرازی ڕووپێوی ئەنجامدراوە، ڕووپێوییەکەش بە وەرگرتنی سامپڵ لە کۆمەڵی توێژینەوەکە ئەنجامدراوەو پێکهاتوون لەبیست و پێنج کۆمپانیا لەبواری وەبەرهێنانی خانووبەرە لە سەنتەری شاری سلێمانیدا.

### 6: کۆمەڵ و سامپڵی توێژینەوەکە

1 : کۆمەڵی توێژینەوە بریتییە لە (25) کۆمپانیا لە کۆی ئەو کۆمپانیاو پرۆژانەی کە لە بواری وەبەرهێنانی خانووبەرە لەناوشاری سلێمانیدا کاردەکەن و مۆڵەتیان لە دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان (بەڕێوەبەرێتی وەبەرهێنانی سلێمانی) وەرگرتووە، وە بەپێی ئاماری وەرگیراو لەو فەرمانگەیە،(وەک ئەوەی لە پاشکۆی ژمارە(8)خراوەتەڕوو، لە سەرەتای دروستبوونی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان لەساڵی 2006 بۆ کاتی ئەنجامدانی توێژینەوەکە کە دەکاتە ساڵی 2016.

2 : سامپڵی توێژینەوەکەش بریتیە لە کارمەندانی بەرپرس لە پەیوەندیەکان، بۆ هەر یەکێک لە کۆمپانیاکان چوار(4) کارمەند، هەڵبژاردنی ئەم ڕێژەیەی سامپڵ بەشێوەی مەبەستداربووە، بەهۆی هاوکاتیی ئەنجامدانی توێژینەوەکە لەگەڵ بوونی کۆمەڵێک قەیران و پشێوی بارودۆخی دارایی و ئابووری و سیاسی لە هەرێمی کوردستان بەگشتی و شاری سلێمانی بەتایبەتی، بۆیە توێژەر ئەو ڕێژەیەی بە سامپڵ وەرگرتووە چونکە بەشێوەی فیعلی لەکارکردن بەردەوامن و ئەو بارووددۆخە تاکاتی ئەنجامدانی توێژینەوەکە نەبووەتە هۆی داخستن یان ڕاگرتنی کارەکانیان، لە کاتێکدا کارکردن لەبەشێکی کۆمپانیاکاندا وەستاوە ، وە هەندێکیش لە کۆمپانیاکان بەهۆی قەیرانەکانەوە بەشێکی کارمەندەکانیان لەکار لابردووە، ئەو کارمەندانەش کە ڕاپرسی ئەم توێژینەوەیەیان لەگەڵدا ئەنجامدراوە بریتین لە کارمەندە

بەرپرسەکان لەبەڕێوەبردنی پەیوەندیەکانی کۆمپانیا وەک: بەریوەبەر، کارگێری، ژمیریار، ئەندازیاری پرۆژە، فرۆشتن و راگەیاندن و...، وە هیچ یەکێک لە کۆمپانیاکان پەیوەندیگشتیان نەبووە وەک بەشێکی سەربەخۆ یان لقێک و کارڕاییەکانی پەیوەندیگشتی بە کامەندانی بەشەکانی دیکەی کۆمپانیا سپێردراوە.

### 7: سنووری توێژینەوەکە

#### یەکەم: سنووری شوێن

شوێنی توێژینەوەکە بریتیە لە کۆمپانیاکانی وەبەرهێنان و پرۆژەکانی وەبەرهێنان لەبواری خانووبەرەدا لەناو شاری سلێمانی.

#### دووەم : سنووری کات

ئەم توێژینەوەیە بەپێی داتای وەرگیراو لە بەڕێوەبەریتی وەبەرهێنانی شاری سلێمانی و لەبەرواری دامەزراندنی دەستەی وەبەرهێنانەوە لەساڵی (2006) تاوەکو کاتی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە لە ساڵی (2016)، ئەو پرۆژانەی وەرگرتووە کە ئەنجامدراون لەناوشاری سلێمانیدا.

#### سێیەم : سنووری مرۆیی

سنووری مرۆیی ئەم توێژینەوەیە بە دوو سنوور دیاریدەکرێت:

1- ئەنجامدانی ڕاپرسی بەرایی لەگەڵ لێپرسراوان و بەڕێوەبەرانی پێنج (5) لە کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە کە دەکاتە 20%ی کۆی کۆمەڵی توێژینەوەکە کە بریتین لە بیست وپێنج (25) کۆمپانیا، وەک لە پاشکۆی ژمارە(3)دا خراوەتەڕوو.

2- دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسی بەسەر ئەو کارمەندانەی کە بەرپرسن لەبەڕێوەبردنی پەیوەندییەکانی کۆمپانیا لەگەڵ سەوداکاران و ژینگەی دەوروبەر و پرۆسەی بەبازارکردن، پێکهاتبوون لە سەد (100 ) کارمەند لە ناوبیست و پێنج (25) کۆمپانیای کۆمەڵی توێژینەوەکە، لە هەرکۆمپانیایەک چوار (4) کارمەند، لەکۆی ژمارەی فۆرمەکانیش تەنها (3) سێ دانەیەیان بەهۆکاری جیاواز خراپ بوون یان نەگەڕێنراونەتەوە،هەربۆیە ڕێژەی سامپڵ بووە بە (97) کارمەند .

**8: کەرەستە ئامارییە بەکارهاتووەکان وڕێگاکانی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری**

**یەکەم : کەرەستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە**

توێژەر لە توێژینەوەکەیدا بەرنامەی (Statistical Package For Social Science SPSS) وەک کەرەستەیەکی پێشکەوتووی ئاماری بەکارهێناوە بۆ شیکردنەوەی زانیاری و داتاکانی توێژینەوەکەو گەیشتن بەدەرئەنجام، هەروەها لەڕێگەی ئەم بەرنامە ئامارییەوە چەندین کرداری ئاماری دیکە بەکارهاتووە:

**١)ڕێژەیی سەدی**= $\frac{\text{بەش} \times 100}{\text{گشتی کۆی}}$

**٢) ناوەندە ژمێرەیی س**= $\frac{\text{مجـ س}}{\text{ن}}$ **( الحسن و زيني, ١٩٨٢, ل63)**

**٣) لادانی پێوانەیی ع**= $\sqrt{\frac{\text{مجـ}(\text{ح}^2\text{ك})}{\text{كمجـ}}}$ **(عبدالبلداوي, 2004, ل156)**

**٤) هاوکێشەی پەیوەستی بیرسۆن :ڕ**= $\frac{\text{ن}\sum\text{س ص} - (\sum\text{س})(\sum\text{ص})}{\sqrt{\left\{\left(\text{ن}\sum\text{س}^2 - (\sum\text{س})^2\right)\left(\text{ن}\sum\text{ص}^2 - (\sum\text{ص})^2\right)\right\}}}$

**(الزيباري, سەرچاوەی پێشو, ل173)**

**٥) هاوکێشەیی پەیوەستی سپێرمان براون:** $\frac{6 \times \text{مجـ ف}^2}{\text{ن}(\text{ن}^2 - 1)}$ **(هەمان سەرچاوە، ل174)**

**٦) شیکردنەوەی تەباین Anova بۆ شرۆڤەکردنی ئەو گۆڕاوانەی کە لە دوو هۆکار زیاترن.**

**دووەم: ڕێگاکانی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری**

توێژەر بۆمەبەستی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری لەسەر بابەتی توێژینەوەکە چەند ڕێگایەکی گرتووەتەبەر لەوانەش:

- خوێندنەوە و بەدواداچوون.

- ئەو توێژینەوانەی پێشوو کە لەبابەتی ئەم توێژینەوەیە نزیکن.
- وەرگرتنی داتاو زانیاری لەلایەنە پەیوەندیدارەکانەوە.
- پێگە ئەلیکترۆنیەکان.
- ئەنجامدانی ڕاپرسی.
- ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ پسپۆڕو شارەزایانی بواری ئابووری و بەبازاڕکردن، هەروەها کەسانی بەرپرس لە سێکتەری وەبەرهێنان لەشاری سلێمانی.

## 9: پێوەری ڕاستی و ڕِادەی جێگیری توێژینەوەکە

### یەکەم: پێوەری ڕاستی

دوای ئامادەکردنی فۆرمێکی ڕاپرسی کە لە زانیاریە دیموگرافیەکانی نموونەی توێژینەوەکە دوو تەوەر پێکاتبوو، وە (31) بڕگە( پرسیار)ی لە خۆگرتبوو لەگەل پێناسەیەکی کورت بۆ هەریەکە لە تەوەرەکانی ڕاپرسیەکە بە ئامانجی باشتر تێگەیشتی زیاتر لە برگەکانی ڕاپرسیەکە(وەک لە پاشکۆی ژمارە(4) دا) خراوەتەڕوو، وە بە ئامانجی گەیشتن بە ڕاستی توێژینەوەکە توێژەر پشتی بەستووە بە پێدانی فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکە بە مامۆستایانی پسپۆڕو شارەزا لە هەردوو بواری پەیوەندیگشتی و بواری وئابووری[1]، شارەزایان فۆرمەکەیان هەڵسەنگاند بە چەند سەرنج و تێبینیەک و بەلابردن و گۆڕین و زیادکردنی برگەکانی فۆرمەکە کە بە تێڕوانینی ئەوان پێویست بوو، گۆڕانکاری بەسەر فۆرمەکەدا هات(وەک لە پاشکۆی ژمارە(5)دا ) خراوەتەڕوو، برگەکانی ڕاپرسیەکە بوو بە(30) برگە و دوای ئەنجامدانی کاری ئاماری بۆ فۆرمەکە، ڕێژەی سەدی پێوەری ڕاستی فۆرمەکە بریتیبوو لە(95%)[*]کە ئەمەش مانای وایە ڕاستی فۆرمەکە ڕێژەیەکی بەرزی وەرگرتووە.

---

1 ئەو مامۆستا شارەزایانەی هەردوو بواری پەیوەندی گشتی و بواری ئلبووری بریتیبوون لە:

| | |
|---|---|
| پ.ی.د. یونس علی احمد | کارگێڕی و ئابوری ـ بازرگانی ئێواران ـ زانکۆی سلێمانی. |
| د. لانە صابر محمد قەرەداغی | ڕاگەیاندن ـ پەیوەندیگشتی ـ زانستەمرۆڤایەتیەکان ـ زانکۆی سلێمانی |
| پ.ی.د.بهادین احمد محمد | ڕاگەیاندن ـ پەیوەندیگشتی ـ زانکۆی چەرمۆ |
| د. محمد خدر مولود | ڕاگەیاندن ـ پەیوەندیگشتی- زانکۆی جیهان |
| پ.ی.د.خالد حیدر | ئابوری ـ کۆلێژی کارگێڕی و ئابوری ـ زانکۆی سلێمانی |

[*] بڕوانە پاشکۆی ژمارە(1) کە تایبەتە بە دەرخستنی پێوەری ڕاستی فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکە.

**دووەم: ڕادەی جێگیری:** بۆ دڵنیابوون لە ڕادەی جێگیری ئەو فۆرمەی کە ئامادەکرابوو، توێژەر ڕێگای دووبارە تاقیکردنەوەی بەکارهێناوە (Test-Retest) کە بریتیە لە پێوانەکردنی دڵنیایی وە پێویستە ئەو پێوانەیە بەکاربهێنرێت لە دوو ماوەی جیاوازدا و بەسەر هەمان نموونەی توێژینەوەکەدا بۆ ئەوەی هەمان ئەو پێوانەیە بەدەست بێتەوە، نموونەی جێگیریی ئەم پێوەرە بریتیبوو لە (10) کارمەندی کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە، بە دووبارە دابەشکردنەوەی فۆرمی ڕاپرسییەکە بەسەریاندا لەدوای ماوەیەک کە بریتیبوو لە (22) ڕۆژ، وە بۆ دڵنیابوونەوە لە ڕادەی جێگیری توێژەر ڕێگەی ژمێریاری (سپێرمان)ی بەکارهێناوە*، بەپێی یاساکە وەڵامەکان دەکرێن بە دوو قۆناغ واتە قۆناغی یەکەم و دووەم، پاشان بڕگە بە بڕگە زانیاریەکان شرۆڤەکران و دەرکەوت کە بەهای جێگیریی پێوەرەکە لە (94%) دەرچوو، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ئاستێکی باش و ڕادەیەکی زۆر لە دڵنیابوون لە جێگیریی تێدایە.

## 10: دیاریکردنی چەمکەکان

**پەیوەندیگشتی**: چەمکی پەیوەندیگشتی چەمکێکە بەکاردێت بۆ ئاماژەدان بە هەوڵی دامەزراوەکان و ئەو پرۆسانەی ئەنجامیدەدەن، بەمەبەستی ڕێکخستنی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەو جەماوەرەی کەکاردەکەن لە ڕێکخراوەکەدا وە ئەو جەماوەرەش کەکاریان لەگەڵدا دەکات،بەئامانجی دروستکردنی پەیوەندییەکی ئەرێنی، ئەم کارەش لەلایەن بەڕێوەبەرێتییەکی تایبەتی یان کارمەندانی تایبەتمەند ئەنجامدەدرێت بەبایەخدانێکی تەواوەتی بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و گەیاندنە هەمەچەشنەکان لە پێناوی ئەنجامدانی ئەرکەکەیدا، مەبەستی ئەم توێژینەوەیە هەوڵ و چالاکیەکانی پەیوەندیگشتیە وەک یەکێک لە ڕەگەزەکانی ئاوێتەی برەوپێدان لە پرۆسەی بەبازاڕکردندا .

**ڕێکارەکانی پەیوەندیگشتی**: ڕێکار دیاریکردنی گرنگترین ئامانجەکانە، هەروەها دیاریکردنی ئامرازو ڕێگاکانی بەدیهێنانی ئامانجەکانە، لە پێگەی ڕێنیشاندەرو بەڵگەیەکدایە بۆ ئەو کارو چالاکیانەی کە دەبێت ئەنجامبدرێت لە پێناوی بەدیهێنانی مەبەستەکانی هەر دامەزراوەیەکدا، لە پەیوەندیگشتییدا ڕێکار کۆی ئەو بڕیارە سەربەخۆو گرنگانەیە کە دامەزراوە دەیاندات بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجگەلێکی دیاریکراو،ئەمەش بەبەکارهێنانی

* بڕوانە پاشکۆی ژمارە(2) کە تایبەتە بە شێوازی دەرهێنانی ڕادەی جێگیری فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکە.

ئامرازەکانی گەیاندن وتەکنیکی جۆراوجۆر، لەم تویژینەوەیەدا مەبەست ئەو ڕێکارانەیە کە بۆ بەبازاڕکردنی بەرهەمەکانی هەر دامەزراوەیەک، پەیوەندیگشتی وەک ڕەگەزێکی دیاری ئاوێتەی برەوپێدان دەیانگرێتەبەر بۆ زیاتربرەودان بە پرۆسەی بەبازاڕکردن.

**بەبازاڕکردن:** ئەو هەوڵ و کۆششانەیە کە دەدرێن لە پێناوی ڕاکێشانی سەرنج وبایەخی زۆرترین کڕیاردا،هەروەها هەموو ئەو ڕێگاوشێوازانەیە کە دامەزراوە دەیگرێتەبەر بۆ فرۆشتنی کالاو خزمەتگوزارییەکانی لەپێناوی بەدیهێنانی قازانج بۆدامەزراوەکە و گەیاندنی سوود بەکڕیارەکانی، وە هەوڵدان بۆ بەردەوامی مانەوەی دامەزراوەکە و فراوانکردنی سنووری کارەکانی.

**ژینگەی وەبەرهێنان:** کۆی ئەو هەل و مەرجانەیە کە لە ژینگەدا بوونیان هەیە، وە کاریگەرییان لەسەر چەندایەتی و چۆنایەتی بەڕێوەچوونی پرۆسەکانی وەبەرهێنان دەبێت.

**کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە:** دامەزراوەی قازانج ویستن، لە بواری وەبەرهێناندا کاردەکەن، جۆری وەبەرهێنانەکەیان ڕاستەقینەیەو ئامرازی وەبەرهێنانەکەشیان بواری خانووبەرەیە، مەبەستی تویژینەوەکە (کۆمپانیا)کانی وەبەرهێنانی خانووبەرەیە لە ناوشاری سلیمانیدا کە سەنتەری بەڕیوەبەرایەتی پارێزگای سلیمانیە و یەکێکە لە پێنج پارێزگاکەی هەریمی کوردستان.

## 11: تویژینەوەکانی پێشوو

مەبەست لە تویژینەوەکانی پێشوو ئەو تویژینەوەو خوێندنەوانەیە کە پێشتر لەو بوارەدا ئەنجامدراون، خوێندنەوەی تویژینەوەکانی پێشوو یارمەتی توێژەر دەدات بۆ هەڵبژاردنی دروست بۆ تویژینەوەکەی، هەروەها دووری دەخاتەوە لە دووبارەکردنەوەی هەمان کێشە، وە یارمەتی دەدات بۆدڵنیابوونەوە لەوەی کە هەموو ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان هەیە لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکە لە چوارچێوەی تویژینەوەکەدا هەبن.

لەبەر ئەوەی هیچ تویژینەوەیەکی پێشوو لەژێر ئەو ناونیشانەدا بوونی نەبووە، توێژەر هەوڵیداوە ئەو تویژینەوانەی کە نزیکن لەم تویژینەوەیەوە و دەکرێت لەیەکێک لە گۆڕاوەکانیەوە سوود بەم تویژینەوەیە بگەیەنێت، وەریگرتوون و هەوڵیداوە سوودیان لێوەربگرێت لە ئەنجامدانی تویژینەوەکەیدا، تویژینەوەکانیش بەمجۆرە:

**یەکەم : توێژینەوەی (فرح هادی حسین علی النعیمی):**

ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی (**دور العلاقات العامة فی تلبیة حاجات الزبائن-دراسةاستطلاعية لاراء عينة من الزبائن المتعاملين مع بعض فروع مصرفي الرشيد والاستثمار العراقي في محافظة بغداد)** (**2002**) ماستەرنامەیەکە پێشکەشی کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری کراوە لە زانکۆی بەغداد،

کێشەی توێژینەوەکە بریتییە لە دەستنیشانکردنی ڕۆڵی پەیوەندیگشتی لە بەدیهێنانی خواست و داواکارییەکانی مامەڵەکارانی بانک، هەروەها دەستنیشانکردنی خواست و پێداویستی مامەڵەکارانی بانکیی و ئاستی بەدیهێنانیان و ئاستی ڕەزامەندی مامەڵەکاران لە شێوازی ڕاییکردنی مامەڵەکانیان لەلایەن فەرمانبەرانی بانکەوە.

میتۆدی توێژینەوەکە بریتیە لە میتۆدی وەسفی بە ئەنجامدانی ڕاپرسی (مسحی استطلاعي) بە وەرگرتنی ڕای ئەو مامەڵەکارانەی لە خزمەتگوزارییەکانی هەردوو بانکی ڕەشید و وەبەرهێنانی عێراقی سوودمەند دەبن، ئامانجی توێژینەوەکەش لە چەند خاڵێکدا پوخت کراوەتەوە کەبریتین لە:

پەیبردن بە ڕۆڵی پەیوەندیگشتی لە بەدیهێنانی خواست و پێداویستی مامەڵەکارانی بانکیدا.

دۆزینەوەی ئاماژەکانی جیاوازی مامەڵەکردن لە نێوان هەردوو بانکی ڕەشید و بانکی وەبەرهێنانی عێراقی، هەروەها دۆزینەوەی ئاماژەکانی جیاوازی مامەڵەکردن لە نێوان لقەکانی ئەو دوو بانکەدا.

دەستنیشانکردنی ئاماژەکانی جیاوازی لە خواست و پێداویستیەکانی مامەڵەکاران، وە زیادکردنی ئاگایی هەردوو بانک بۆ چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ خواست وپێداویستی مامەڵەکاران لە ڕێگەی دەستنیشانکردنی کەموکورییەکانی ئێستای شێوازی مامەڵەکردن و جێکەوتەکانی شێوازی مامەڵەکردن ، هەروەها دیاریکردنی هۆکارەکانی باشتر بەدیهێنانی خواستی مامەڵەکاران بە ئامانجی بەدیهێنانی پەیوەندی پتەوترو لێکتێگەیشتنی باشتر لەنێوان بانکەکان و مامەڵەکارانی بانکیدا.

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە هەردوو بانکی ڕەشید و بانکی وەبەرهێنانی عێراقیە، وە سامپڵی توێژینەوەکەش بریتیە لە چەند لقێکی ئەو دوو بانکە لەناو شاری بەغداد.

**له گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

دەرکەوتووە کە پەیوەندییەکی ئاماژەداری هەیە لەنێوان شێوازی مامەڵەکردن و ئاستی بەدیهێنانی خواست و پێداویستی مامەڵەکاراندا.

دەرکەوتووە کە جیاوازی هەیە لە نێوان لقەکانی بانکی ڕەشید لە چۆنییەتی مامەڵەکردن و بەدیهێنانی خواستی مامەڵەکاراندا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لەبەرچاوگرتنی شێوازی مامەڵەکردنی بەڕێوەبەران و فەرمانبەران لە لقەکانی ئەو بانکەدا کە هەوڵدەدەن بۆ بەدیهێنانی چاوەڕوانییەکانی مامەڵەکاران، بەڵام هیچ جیاوازییەکی ئاماژەدار بەدەرنەکەوتووە لەسەر جیاوازی شێوازی مامەڵەکردن لە نێوان لقەکانی بانکی وەبەرهێنانی عێراقی، وە هەردوو لقی نموونەی توێژینەوەکە توانیویانە باشی و گونجاویی مامەڵەکردن لەگەڵ مامەڵەکاراندا بەدیبهێنن.

دەرکەوتووە کە بانکی وەبەرهێنانی عێراقی باشتر توانیویەتی خواست و پێداویستی مامەڵەکارانی بەدیبهێنێت.

**دووەم: توێژینەوەی (کریمە الحاج احمد):**

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی( **العلاقات العامة داخل المؤسسة- دراسة حالة مؤسسة الصناعات النسيجية 2010)(Denitex)**، ماستەر نامەیەکە پێشکەشی کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتیەکان و مرۆییەکان/ ڕاگەیاندن و گەیاندن لە زانکۆی (وهران السانيا) لە وڵاتی جەزائیر کراوە.

کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دیاریکردنی بایەخ و پێگەی پەیوەندیگشتی لەناو دامەزراوەی کارگەی چنین و ڕستنی Denitex، هەروەها دیاریکردنی ئاستی پەیوەندی گشتی لە بڕیارداندا و زیاترکردنی متمانەی دامەزراوەکە لای جەماوەرەکەی.

ئامانجی توێژینەوەکەش بریتیە لە پەیبردن بە ڕەوشی ڕاستەقینەی پەیوەندیگشتی لەناو کارگەی چنین و ڕستنی Denitex و بەشە جیاوازەکانی ناو ئەو کارگەیە، وە ئاستی لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی پەیوەندیگشتی لە باشترکردنی هزرەوێنەی دامەزراوەکەو پەیوەندییەکانی لەگەڵ دامەزراوەکانی دیکەدا، هەروەهاڕِێکارەکانی پەیوەندیگشتی تا چەند خزمەت بە پرۆسەی گەیاندن و باوەڕپێهێنانی جەماوەر دەکەن بە جیاوازی ئەو هەڵوێستانەی کە پرۆسەی گەیاندن ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لە کۆی پرۆسەی گەیاندن و پەیوەندیکردندا، بە لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی بەبایەخی دامەزراوە ئابووریەکان لەسەر ئاستی ئابووری گشتی، هەروەها بایەخی گەیاندن وەک یەکێک لە ئەرکەکانی پەیوەندی گشتی و ئامرازێکی گەیاندن و کارلێککارانە لەگەڵ جەماوەرەکەیدا.

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی مەیدانیە وبە میتۆدی وەسفی( دراسە حالة) ئەنجامدراوە و پشتی بە چەندین ئامرازی وەک: ڕاپرسی و چاوپێکەوتن و تێبینی توێژەر و نووسراوە فەرمیەکان بەستووە،

**لە گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی کە ئەم توێژینەوەیە پێیگەیشتووە:**

پەیوەندیگشتی لەسەر هەیکەلی ڕێکخراوەیی هیچ پێگەیەکی بۆ تەرخان نەکراوە.

توێژینەوەکە سەلماندوویەتی کە پەیوەندیگشتی ڕۆڵی گرنگی هەیە لە ڕاییکردنی کارەکانی دامەزراوەکە بەشێوەیەکی پێشکەوتوو وە هاوچەرخانە.

هەموو ئەو کارو بڕیارانەی کە دەکرا بەڕێوەبەریتی پەیوەندیگشتی جێبەجێیان بکات، لەژێر چاودێری بەڕێوەبەرێتییەکانی دیکەی ناو دامەزراوەکە (بەڕێوەبەریتی دارایی و ژمێریاری و داهاتە مرۆییەکان و بەڕێوەبەرێتی چاککردنەوە و... .

پەیوەندیگشتێ ڕۆڵی گرنگی هەیە لە ڕووبەڕووبوونەوەی تەنگژەکاندا، وە هەرچەندە کە بەڕێوەبەرێتییەک نیە بۆ پەیوەندی گشتی لەناو دامەزراوەکەدا، بەڵام بەرتوێژان لایەنگری دامەزراندنی بەڕێوەبەرێتییەکن بۆ پەیوەندی گشتی.

توێژینەوەکە جەختیکردووەتەوە لەسەر گرنگی و بایەخی گەیاندن و پەیوەندیکردن لەناو دامەزراوەکە، هەروەها ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی ناوخۆی دامەزراوەکە ڕۆڵی کارای هەیە و ئاماژەیە بۆ سەرکەوتوویی پەیوەندیە دەرەکییەکانی لەگەڵ کڕیاران و دامەزراوەکانی دیکەدا.

ئەنجامنەدانی توێژینەوەو لێکۆڵینەوە بەپێی پێویست دەریخستووە کە توانای پەیوەندی گشتی سنووردارە لە بواری بڕیاردان لە ناو دامەزراوەکەدا.

بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ هێشتا نەگەیشتووەتە ئاستی پێویست لە ئەنجامدانی پرۆسەی گەیاندن و پەیوەندیکردندا، ئەمەش چالاکییەکانی پەیوەندی گشتی تاڕادەیەک سنووردارکردووە.

بانگەشە ڕەگەزێکی گەیاندنە و پەیوەستی پەیوەندیگشتیە لە باشترکردنی هزرەوێنەی دامەزراوەدا، ئەمەش کاریگەری لەسەر بەرهەمەکانی دامەزراوەکە دەبێت ئەگەر بێت و لەسەر بنەمای متمانە دامەزرێت لە نێوان دامەزراوەکە و کڕیارەکانیدا.

**سێیەم: توێژینەوەکەی (عراک غانم محمد التمیمي):**

ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی(**ستراتیجیات العلاقات العامة فی المواقع الالکترونیة الحکومیة- رسالة تحلیلیة لاسالیب ومضامین مواقع الوزارات العراقیة" التعلیم العالي والبحث العلمي -المالیة- النفط**)(**2012**)، ماستەرنامەیەکە پێشکەشی کۆلێژی ڕاگەیاندن لەزانکۆی بەغدا کراوە،

کێشەی توێژینەوەکە بریتیە لە وەسفکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و چۆنیەتی خستنەوە کارو سوود وەرگرتنی پەیوەندیگشتی لێیان وەک ئامرازێکی نوێی گەیاندن و پەیوەندیکردن، هەروەها دەستنیشانکردنی ڕێکارەکانی پەیوەندیگشتی و چۆنیەتی کارکردنیان لەوبوارەدا، میتۆدی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە میتۆدی وەسفی(شیکاری ناوەڕۆک) بە پشتبەستن بە تێبینی و چاودێری کردنی توێژەر بۆ ماڵپەڕە ئەلیکترۆنیەکان، لە گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە:

خستنەڕووی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان وەک ئامرازێکی گەیاندنی هاوچەرخ بۆ چۆنێەتی تێگەیشتن لێیان و بەکارهێنانیان وەک ناوەندێکی پەیوەندیکردن لە نێوان دامەزراوە (ڕێکخراوە) و جەماوەرەکەیدا.

دەرخستنی چۆنیەتی بەکارهێنانی پەیوەندیگشتی بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لە بەدیهێنانی ئامانجەکانیدا..

پەیبردن بەشێوازەکانی پەیوەندیگرتنی پەیوەندیگشتی لەناو ڕێکخراوەکاندا ،وە چۆنیەتی جێبەجێکردنی  ئەرک و کارەکا نی لەڕێگەی لاپەڕەکانی فەیسبووکەوە.

دەرخستنی مەودای پشتبەستنی پەیوەندیگشتی لەو ڕێکخراوانەدا بە بنەما زانستییەکان لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا.

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیە لە وەزارەتەکانی حکوومەتی عێراقی و سامپڵەکەشی هەر سێ وەزارەتەکانی (خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، وەزارەتی دارایی، وەزارەتی نەوت)ە.

**لە گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی کە ئەم توێژینەوەیە پێیگەیشتووە:**

بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا تەنها لەسەر ئاستی وێنە و تێکستە، لە ئەنجامدانی ریکلامەکانیشدا تۆنێکی کلاسیکی هەیە.

هێشتا جۆرە تێڕوانینێکی نەرێنی بوونی هەیە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی دامەزراوەکانەوە لەبەرامبەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ، ئەم تێڕوانینە نەرێنیە کاردانەوەی هەیە بەسەر ناوەڕۆکی پەیامەکانی گەیاندنەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا (فەیسبووک) کە هێشتا بەتەواوی جێگەی بایەخپێدانی جەماوەرنیە و تەنها وەک ئامرازێکی ئاسان لە بەکارهێنانی ناوەڕۆکەکاندا بەرکەوتووان پێی سەرسامن.

زمانی بەکارهاتوو لەپێگەی ئە لیکترۆنی ئەو رێکخراوانەدا تەنها لۆکاڵی و هەرێمیە و زمانی عەرەبی زاڵە و زمانی کوردی و زمانی ئنگلیزی زمانی ناوەندیین و کەمتر بایەخیان پێدراوە.

ئاوێتەی برەپێدان لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکارهاتووە و ناونیشانی لاپەڕەکان ریکلامی کێبرکێ کاریان تێدایە.

رێژەی بەکارهێنانی فەیسبووک جیاوازە لە نێوان دامەزراوەکاندا، ئەمەش رێژەی جیاوازی تێگەیشتنیان دەردەخات بۆ پەیوەندی گشتی و دواتر بۆ گرنگی و بایەخی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

**چوارەم: توێژینەوەی (سوپا سلام رشید)**

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی (**الاستثمار و مشكلة السكن فی مدينة السليمانية - تحليل دور القطاعين العام والخاص للمدة 2004-2013**) ماستەر نامەیەکە پێشکەشی کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری زانکۆی سلێمانی کراوە،

کێشەی توێژینەوەکە بریتیە لە شیکردنەوەی کێشەی نیشتەجێبوون لە شاری سلێمانی و دەرخستنی هۆکارەکانی دروستبوونی ئەو کێشەیە لە ڕووی دیموگرافی و بەڕێوەبردن و هۆکاری سیاسی و ئابووری وشێوازی هاندان بۆ وەبەرهێنان لەبواری خانووبەرەو...، هەروەها دەرخستنی ڕۆڵی هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتی لەکەمکردنەوەی کێشەکە، کە سەرباری تەرخانکردنی سەرمایەی گەورە بۆبواری وەبەرهێنانی خانووبەرە بەڵام نەتوانراوە کێشەی نیشتەجێبوون چارەسەربکرێت و خواست لەسەر نیشتەجێکردن تێربکرێت لەو ماوەیەی کە توێژینەوەکە بە نموونە وەریگرتووە.

میتۆدی توێژینەوەکە بریتیە لە هەردوو میتۆدی وەسفی و ئاماری، لە میتۆدی وەسفیدا بەپشتبەستن بە ئەنجامدانی ڕاپرسی و لە میتۆدی ئاماریدا پشت بە پێوەرە ئامارییەکان بەستراوە لە کۆکردنەوەو شیکردنەوەی زانیارییەکاندا،

ئامانجی توێژینەوەکە جەختکردنەوەیە لەسەر دیاریکردنی کێشەکانی نیشتەجێکردن بەگشتی و کێشەکانی نیشتەجێبوون لەشاری سلێمانی بەتایبەتی وەک بەشێکی هەرێمی کوردستان، وە دەرخستنی ڕۆڵی هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتی لە کەمکردنەوەی ئەو کێشەیە بەپشتبەستن بە تواناو لێهاتوویی بەردەست لەو دوو کەرتەدا.

**لە گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەش کە ئەم توێژینەوەیە پێیگەیشتووە:**

توانای نیشتەجێکردن زۆر لاوازە بەبەراورد بەرێژەی خواست لەسەر یەکەکانی نیشتەجێکردن.

دیاردەی کۆچکردن بۆ شاری سلێمانی و خواستی نیشتەجێبوون تیایدا ساڵانە لەزیادبووندایە، جگە لەزیادبوونی ژمارەی ئاوارەکانی ناوشاری سلێمانی و ژمارەی ئەو پەنابەرە کوردانەی لەدەرەوەی وولاتەوە دەگەڕێنەوە، ئەمانە هەموویان بوونەتەهۆی گەورەتربوونی کێشەی نیشتەجێبوون لەناو شاری سلێمانیدا.

پرۆسەی دابەشکردنی زەوی بەمەبەستی نیشتەجێکردن تارادەیەکی مامناوەند هاوکاری چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بووە.

باج و دەرامەتی سەر یەکەکانی نیشتەجێکردن هۆکارێکن لە هۆکارەکانی بەرزبوونەوەی تێچووی دروستکردنی یەکەکانی نیشتەجێکردن.

بڕیارو ڕێنماییەکانی تایبەت بە وەبەرهێنان لەبواری خانووبەرەدا ناڕوونن و بوونەتەهۆی زیادکردنی ئاستەنگەکانی بەردەم دروستکردنی یەکەکانی نیشتەجێکردن.

یارمەتیدانی حکوومی لاوازە لە بەدیهێنانی ئاسانکاری دارایی سەرباری تەرخانکردنی یارمەتی لەرێگەی سندووقی نیشتەجێکردن، چونکە مەرجی زۆری سەپاندووە بەسەر سوودمەنبوواندا.

پرۆژەکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە نەیانتوانیوە پارێزگاری لە جوانی و سەلامەتی شاری سلێمانی بکەن سەرباری بەردەستبوونی تەکنەلۆژیاو کارمەندی پێویست و ژینگەی گونجاو.

زۆربەی وەبەرهێنەران لەبەر زۆری مەودای وەبەرهێنان لەبواری خانووبەرەدا لە ڕووی کاتەوەو خواستی قازانجی نزیک مەودا، وەبەرهێنانیان لەو بوارەدا ئەنجامنەداوە، هەروەها هاندانی حکوومیان بەلاواز زانیوە لە وەبەرهێنانی خانووبەرەدا.

کەرتی تایبەتی نەیتوانیوە جێگەی کەرتی حکوومی بگرێتەوە لە دابینکردنی یەکەی نیشتەجێکردندا.

**پێنجەم: توێژینەوەی (بێستون عبدالرحمن حمە سابوراوایی)**

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی (**واقع الاستثمار في محافظة السليمانيه- اقليم كوردستان العراق فی ضوء محددات مختارة لبيئة الاستثمار**) (**2014**)، ماستەرنامەیەکە پێشکەشی کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری لە زانکۆی سلێمانی کراوە.

ئەم توێژینەوەیە لە ژینگەی وەبەرهێنانی شاری سلێمانی دەکۆڵێتەوە و ئەو هۆکارانەی کە کاریگەریان دەبێت لەسەر وەبەرهێنان تیایدا دەستنیشاندەکات، هەروەها هەوڵی دیاریکردنی بوارەکانی وەبەرهێنان دەدات و لەسیاسەتی هاندانی وەبەرهێنان لەهەرێمی کوردستان بەگشتی و شاری سلێمانی بەتایبەتی دەکۆڵێتەوە بە هەردوو کەرتی تایبەتی و گشتییەوە.

ئامانجی توێژینەوەکە دیاریکردن گۆڕاوە ئابووری و نا ئابوورییەکانە لە ژینگەی وەبەرهێناندا لە شاری سلێمانی، هەروەها شیکردنەوەی داتاکان بە مەبەستی گەیشتن بە دەستنیشانکردنی دۆخی ڕاستەقینەی ئابووری لە هەرێمی کوردستان و پارێزگای سلێمانی، میتۆدی توێژینەوەکە (استنباطي) و (تطبيقي)یە، بە سوود وەرگرتن لە هەردوو میتۆدی وەسفی و مێژوویی لە خستنەڕووی داتاو زانیارییەکاندا، وە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیە لە ژینگەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان و سامپڵەکەشی ژینگەی وەبەرهێنانی شاری سلێمانیە.

**لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشتووە:**

جۆری وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستاندا زیاتر وەبەرهێنانی ڕاستەقینەیە و وەبەرهێنانی دارایی هێشتا لە ئاستێکی ناوەندیدایە و مەیدانی پەرەسەندنی بەباشی بۆ نەڕەخساوە.

خواست لەسەر وەبەرهێنان لەبواری نیشتەجێکردن لە زیادبووندابووە بەهۆی زۆری خواست لەسەر نیشتەجێبوون لەشاری سلێمانی، هەر ئەمەش بووەتە هۆی دروستبوونی کەڵەکەبوون.

بەهۆی بۆشایی گەورەی نێوان خواستی سەر نیشتەجێکردن لە چاو خستنەڕوو، وە زۆربوونی دانیشتووان کە بەڕێژەی 3 % بووە، هەروەها باشتربوونی باری دارایی تاک (لەماوەی دەستنیشانکراو بۆ لێکۆڵینەوەکە)، ئەم هۆکارانە بوونەتە هۆی زیادبوونی لەڕادەبەدەری خواستی سەر نیشتەجێبوون.

دەستووری عێراقی کە ساڵی(2005) خرایە دەنگدانەوە، مایەی گەشەکردنی هەرێمی کوردستانی عێراق بووە بە تایبەتی لە ڕووی ئابوورییەوە.

کۆمەڵێک یاساو ڕێسای تایبەتی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دەرکراوە بۆ ڕێکخستن و برەوپێدانی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان، لەوانەش: یاسای وەبەرهێنانی ژمارە 4 ی ساڵی 2006، یاسای نەوت و غاز ژمارە 22 ی ساڵی 2007.

ژینگەی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی شاری سلێمانی ژینگەیەکی سەرنجڕاکێشە بۆ وەبەرهێنان، وە کاریگەرییەکان ئەرێنیە بۆ گەشەپێدانی وەبەرهێنان لە ئێستاو برەوپێدان لەداهاتوودا.

گۆڕاوە ئابوورییەکان کاریگەرییان لەسەر ژینگەی ئابووری هەبووە و بوونەتەهۆی گەشەپێدانی، هەروەها ژینگەی وەبەرهێنان و قەبارەی وەبەهێنانیش کاریگەرییان لەسەر گۆڕاوە ئابوورییەکان هەبووە، وەبایەخی وەبەرهێنان زیادیکردووە لە شاری سلێمانی و هەرێمی کوردستان کوردستان بەگشتی.

## 12: تاووتوێ کردنی توێژینەوەکانی پێشوو

ئەگەرچی لەژێر ناونیشانی توێژینەوەکەیدا توێژەر هیچ توێژینەوەیەکی بەرچاو نەکەوتووە، بەڵام نزیک لە بگۆڕەکانی ناونیشانی توێژینەوەی بەردەست لە چەند لایەن و بوارێکەوە ئەو توێژینەوانەی خراونەتەڕوو خاڵی نزیک وهاوشێوەیان هەیە، وە لێرەدا توێژەر هەوڵدەدات پەیوەندی و نزیکیان بەتوێژینەوەی بەردەستەوە ئاماژە پێبکات و گرنگترین دەرئەنجامەکانیان بخاتەڕوو کە ئەم توێژینەوەیە هەوڵی جێبەجێ کردنیان دەدات، بەمجۆرە :

- توێژینەوەی ماستەری (فرح هادی حسین علی النعیمی) بەناونیشانی (**دور العلاقات العامة فی تلبیة حاجات الزبائن- دراسةاستطلاعیه لاراء عینة من الزبائن المتعاملین مع بعض فروع مصرفي الرشید والاستثمار العراقي في محافظة بغداد**)، توێژەر گەیشتووە بەو ئەنجامەی کە دەرکەوتووە  پەیوەندیەکی ئاماژەدار هەیە لەنێوان شێوازی مامەڵەکردن و ئاستی بەدیهێنانی خواست و پێداویستی مامەڵەکاراندا، ئەم توێژینەوەیە ناڕاستەوخۆ پەیوەندی و نزیکی لەگەڵ توێژینەوەی بەردەست هەیە ئەویش لە جەخت کردنەوە لە ڕۆڵی پەیوەندی گشتی و شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ بەدیهێنانی خواست و پێداویستی مامەڵەکاراندا، وە پەیوەندی ناڕاستەوخۆ لە نێوان ئامانجی هەردوو توێژینەوەکەدا کە لە توێژینەوەکەی (النعیمي) دەستنیشانکردنی ڕۆڵی پەیوەندیگشتیە لە بەدیهێنانی ڕەزامەندی

مامەڵەکاردا، وە توێژینەوەی بەردەست لە بەدیهێنانی برەودان بە پرۆسەی بەبازاڕکردن لە ڕێگەی ڕێکارەکانی پەیوەندی گشتی کە ئەنجامیدەدات بۆ زیاتر ڕاکێشانی سەرنجی مامەڵەکاران و سەوداکارانی دامەزراوەکان، هەروەها چۆنیەتی سوود وەرگرتن لە ڕیکخستنەوەی پەیوەندیەکانی ڕێکخراوەو دامەزراوەکان لەگەڵ ژینگە لەڕیگەی پەیوەندیگشتیەوە، وە هەردوو توێژینەوەکە بە میتۆدی وەسفی و بە ئەنجامدانی ڕاپرسی ئەنجامدراوەن.

- **ماستەرنامەکەی (کریمە الحاج احمد)** لە ژێر ناونیشانی( **العلاقات العامة داخل المؤسسة- دراسة حالة مؤسسة الصناعات النسيجية 2010)(Denitex)**، لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێیگەیشتووە، سەلماندوویەتی کە پەیوەندیگشتی ڕۆڵی گرنگی هەیە لە ڕاییکردنی کارەکانی دامەزراوەکە بەشێوەیەکی پێشکەوتوو وە هاوچەرخانە و هەموو ئەو کارو بڕیارانەی کە دەکرا بەڕێوەبەرێتی پەیوەندیگشتی جێبەجێیان بکات، لەژێر چاودێری بەڕێوەبەرێتیەکانی دیکەی ناو دامەزراوەکە (بەڕێوەبەرێتی دارایی و ژمێریاری و داهاتە مرۆییەکان و بەڕێوەبەرێتی چاککردنەوە و...دایە، هەروەها ڕێکخستنەوەی پەیوەندیەکانی ناوخۆی دامەزراوەکە ڕۆڵی کارای هەیە و ئاماژەیە بۆ سەرکەوتوویی پەیوەندیە دەرەکییەکانی لە گەڵ کڕیاران و دامەزراوەکانی دیکەدا. ئەم توێژینەوەیە پەیوەندی و نزیکایەتی ناڕاستەوخۆی لەگەڵ توێژینەوەی بەردەست هەیە لە ئامانجەکانیاندا لە دەستنیشانکردنی ڕۆڵی پەیوەندیگشتی لە برەوپێدانی دامەزراوە و چۆنیەتی ڕێکخستنەوەی پەیوەندیەکانی دامەزراوەکاندا، هەردوو توێژینەوەکە بە میتۆدی وەسفی ئەنجامدراون، بەڵام توێژینەوەکەی (**احمد**) (دراسة حالة)یە لەکاتێکدا توێژینەوەی بەردەست ڕاپرسیە.

- ماستەرنامەکەی (**عراک غانم محمد التميمي**) لەژێر ناونیشانی(**ستراتيجيات العلاقات العامة فی المواقع الالكترونية الحكومية- رسالة تحليلية لاساليب ومضامين مواقع الوزارات العراقية"التعليم العالي والبحث العلمي-المالية-النفط**) لەگرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژەر پییگەیشتووە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا تەنها لەسەر ئاستی وێنە و تێکستەو هێشتا جۆرە تێڕوانینێکی نەرێنی بوونی هەیە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی دامەزراوەکانەوە لەبەرامبەر تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا، وە ئاوێتەی برەپێدان لەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکارهاتووە، نزیکی ئەم توێژینەوەیە و لەیەکچوونی لەگەڵ توێژینەوەی بەردەست ناڕاستەوخۆیە بەتایبەتی لە جەخت

کردنەوە لە ڕێکارەکانی پەیوەندیگشتی و ڕوڵیان لە برەوپێدانی دامەزراوەکە لە چۆنیەتی گەیاندنی پەیامەکانیدا وە چۆنیەتی خزمەتکردنیان بە ڕێکخستنەوەی پەیوەندیەکان و پرۆسەی برەوپێدانی دامەزراوە و بەرهەمەکانیدا، هەروەها هەردوو توێژینەوەکە بە میتۆدی وەسفی ئەنجامدراون بەڵام توێژینەوەکەی (التميمي) بە شیکاری ناوەڕۆکە لە کاتێکدا ئەم توێژینەوەیە ڕاپرسیە.

-ماستەرنامەکەی (**سوپا سلام رشيد**) لە ژێر ناونیشانی (**الاستثمار و مشكلة السكن فى مدينة السليمانية - تحليل دور القطاعين العام والخاص للمدة 2004-2013**)" لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە پێیگەیشتووە ئەوەیە کە بڕیارو ڕێنماییەکانی تایبەت بە وەبەرهێنان لەبواری خانووبەرەدا ناڕوونن و بوونەتەهۆی زیادکردنی ئاستەنگەکانی بەردەم دروستکردنی یەکەکانی نیشتەجێکردن، هەروەهایامەتیدانی حکوومی لاوازە لە بەدیهێنانی ئاسانکاری دارایی و مەرجی زۆری سەپاندووە بەسەر سوودمەنبووانداْ، وە پرۆژەکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە نەیانتوانیوە پارێزگاری لە جوانی و سەلامەتی شاری سلێمانی بکەن، زۆربەی وەبەرهێنەران لەبەر زۆری مەودای وەبەرهێنان لەبواری خانووبەرەدا لە ڕووی کاتەوەو خواستی قازانجی نزیک مەودا، وەبەرهێنانیان لەو بوارەدا ئەنجامنەداوەو هاندانی حکوومیان بەلاواز زانیوە لە وەبەرهێنانی خانووبەرەدا، نزیکایەتی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەی بەردەست لە گۆڕاوی ژینگەی وەبەرهێنان و مەرج و ڕینماییە حکوومیەکان و شیوازی هاندان بۆ وەبەرهێنان لە بواری خانووبەرەدایە.

هەردوو توێژینەوەکە میتۆدی وەسفی و بە ئەنجامدانی ڕاپرسی ئەنجامدراون و پشت بە پێوەرە ئامارییەکان بەستراوە.

- ماستەرنامەکەی (**بێستوون عبدالرحمن حمە سابوراوایی**) لە ژێر ناونیشانی(**واقع الاستثمار في محافظة السليمانيه - اقليم كوردستان العراق فى ضوء محددات مختارة لبيئة الاستثمار) (2014**)، لەو دەرئەنجامانەی کە ئەم توێژینەوەیە پییگەیشتووە ئەوەیە کە کۆمەڵێک یاساو ڕێسای تایبەتی لەلایەن حکوومەتی هەرێمەوە دەرکراوە بۆ ڕێکخستن و برەوپێدانی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان، لەوانەشوەک یاسای وەبەرهێنان و یاسای نەوت و غاز،وە ژینگەی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی شاری سلێمانی ژینگەیەکی سەرنجڕاکێشە بۆ وەبەرهێهێنان، وە کاریگەرییەکان ئەرێنیە بۆ گەشەپێدانی وەبەرهێنان لە ئێستاو برەوپێدان لەداهاتوودا.

گۆڕاوە ئابوورییەکان و ژینگەی وەبەرهێنان کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەبووە و بوونەتە هۆی گەشەپێدانی وەبەرهێنان لەماوەی ئەنجامدانی توێژینەوەکەداو بایەخی وەبەرهێنان زیادیکردووە لە شاری سلێمانی و هەرێمی کوردستان بەگشتی، پەیوەندی نزیکایەتی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەی بەردەستدا ناڕاستەوخۆ لە گۆڕاوی ژینگەی وەبەرهێنان و یاسا و ڕینماییە حکوومیەکان و دەستنیشانکردن و جیاکردنەوەی جۆرەکانی وەبەرهێناندایە کە لە کوردستاندا زیاتر وەبەرهینانی راستەقینەیە و وەبەرهێنانی خانووبەرە یەکیکە لە ئامرازەکانی، هەروەها چۆنیەتی خزمەتکردنی ئەو جۆرە وەبەرهینانەیە بە بواری ئابووری و بەدیهینانی خواستی نیشتەجێبوون، میتۆدی توێژینەوەکە (استنباطي) و (تطبيقي) یە و سوودی لە میتۆدی وەسفی وەرگرتووە لە کاتیکدا توێژینەوەی بەردەست تەنها بە میتۆدی وەسفی بە ئەنجامدانی ڕاپرسی ئەنجامدراوە.

# بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە

**پاری یەکەم:ڕێکارەکانی پەیوەندیگشتی لە بواری بەبازاڕکردندا**

1: چەمک و پێناسەی ڕێکار

2: ڕێکار لە پەیوەندیگشتیدا

3: ڕیکارەکانی پەیوەندیگشتی لەبواری بەبازاڕکردندا

**پاری دووەم:چەمک و واتای بەبازاڕکردن و پەیوەندی( پەیوەندیگشتی بە بازاڕکردنەوە)**

1: چەمک و واتای بەبازاڕکردن

2: ئاوێتەی بەبازاڕکردن و ئاوێتەی برەوپێدان

3: ئەرک و ئامانجەکانی پەیوەندیگشتی لەبواری بەبازاڕکردندا

**پاری سێیەم: چەمک و واتای وەبەرهێنان و پەیوەندی( پەیوەندیگشتی)بە وەبەرهێنانەوە**

1 : چەمک و واتای وەبەرهێنان Investment

2: جۆرەکانی وەبەرهێنان و بوارەکانی

3: پایەکانی ژینگەی وەبەرهێنان

4: پەیوەندی تیۆریانەی پەیوەندیگشتی بە ژینگەی وەبەرهێنانەوە

## پاری یەکەم:ڕێکارەکانی پەیوەندیگشتی لە بواری بەبازاڕکردندا

### 1 : چەمک و پێناسەی ڕێکار

چەمکی ڕێکار (Strategy)لە دەستەواژەی (Strato)ی یۆنانی وەرگیراوە کە بە مانای سوپا یان ئاپۆرا دێت، هەروەها لە داڕێژراوەکانی ئەم چەمکە دەستەواژەی (Stratego) کەواتای هونەری پێشەوایەتیکردن دەبەخشێت، هەروەها دەستەواژەی (Stratagem)ە، بە واتای فێڵی جەنگی دێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمندا. (فهمي، 2006، ل17).

بەمجۆرە دەستەواژەکە لە سەرەتاوە پەیوەندی بە بایەخە سەربازییەکان و بواری سەربازییەوە هەبووە، وەکو ئەوەی کە فەرهەنگی نوێی ویبستەر ( New World Dictionary Websters) پێناسەی ڕێکار دەکات بە: (زانستی پلاندانان و ئاراستەکردنی پرۆسە سەربازییەکان). (الدوری، 2003، ل31).

گەشەکردنی ئەم چەمکەش هاوپەیوەستی گەشەکردن بووە لە تەکنیکە سەربازییەکان و دەرکەوتنی قوتابخانەکانی هزری سەربازی، وەکو ئەو پێناسەیەی کە هزری سەربازی ئەمریکی بۆ چەمکی ڕێکار دەیکات و تیایدا ڕێکار دادەنێت بە: (هونەر و زانستی بەکارهێنانی هێزە سەربازییەکانی دەوڵەتە بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجی سیاسی نەتەوەیی لە ڕێگەی هێز و هەڕەشەوە، وە یاخود لە ڕێگەی هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزەوە). (السلطان، 2002، ل19)

ڕێکار بە درێژایی قۆناغێکی دیاریکراو گۆڕانی بەسەردا نایەت و تەنیا بە گواستنەوە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر دەگۆڕێت، جێگای خۆی بە ڕێکاریەکی دیکە دەدات کە لەگەڵ قۆناغی نوێدا بگوونجێت. (محمدی، 2006، ل378)

هەتا کۆتایی سەدەی هەژدە (18) دەستەواژەی (Strategy) بەکارنەهاتووە بەوجۆرە دەربڕینەی ئێستا، بەڵکو دەستەواژەکانی وەک: هونەری سوارچاکی و هونەری جەنگ و دواتریش بەڕێوەبردنی جەنگ و...هتد بەکارهاتووە، دواتر بە زانستێکی سەربەخۆی خاوەن پایە دانراو لە ئەکادیمیای سەربازی و زانکۆکاندا خوێنرا، بەڵام یەکەم کەسێک کە وشەی ڕێکاریی (Strategy) بەکارهێنا نووسەری فەرەنسی (جولی دی میزروا) بوو کە شارەزایەکی بواری کاروباری سەربازی بوو، لە پێش شۆڕشی فەرەنسی لەساڵی 1878. (فهمي، سەرچاوەی پێشوو، ل 17و18).

لە بواری زانستی سیاسی و پەیوەندییە نێو دەوڵەتیەکاندا چەمکی ڕێکار بە واتای دەربڕینە لە چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوە و بەڕێوەبردنی ناکۆکییە لە نێوان دوو هێزدا، وە لە زانستی جیۆپۆلەتیکی (جوگرافیای سیاسی)دا ئەم دەستەواژەیە ئاماژەیە بۆ ئەو ململانێیەی کە لەسەربنەمای جوگرافی یان کێشە جوگرافییەکان دروستدەبێت، چونکە بە واتا جوگرافییەکەی ئەو شێوازانەی ململانێیە، کە لەسەر ئاستی هێزی هەرێمەکاندا دەردەکەوێت(هێزی وشکانی و هێزی دەریایی و هێزی ئاسمانی)، لە زانستی کۆمەڵایەتیشدا زانایانی کۆمەڵناسی بەوجۆرە پێناسەی دەکەن، کە چالاکییەکی پەیوەستە بە هێنانەدی ئامانج ومەبەستگەلێکی ڕێگە بۆکێشراو وروون. (السلطان، سەرچاوەی پێشوو، ل19).

چەمکی ڕێکار لە دوای جەنگی جیهانیی دووەم و بە دیاریکراوی لەساڵی 1947 گوازرایەوە ناو زانستی بەڕێوەبردن، یەکەم هەوڵیش لەو بوارەدا هەردوو توێژەر ڤۆن نومان و مۆرگێنسترین(Von Neu Mann & Morgenstern)دایان کە لە کتێبێکیاندا لە بارەی تیۆرەی کێبڕکێ و ئاکاری ئابوری بوو، لەم کتێبەدا ئەم دوو توێژەرە پەیوەندی نێوان جوڵەکانی ڕێکخراو و ئەو هەڵوێستانەی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە دیاریدەکەن، بەو جۆرەی کە ئەگەر ڕێکخراوەکە بە پێی هەڵوێستەکان هەندێک جووڵەی دیاریکراوی بە ئاراستەی دیاریکراودا گرتەبەر ئەوا دەبێت بە ڕێکار. (الركابي، 2004، ل25).

چاندلر (Chandler) پێناسەی ڕێکار لە زانستی بەڕێوەبردندا بەوجۆرە دەکات کە: بریتیە لە دەستنیشانکردنی ئامانج و مەبەستەکان لە ماوەیەکی دوور مەودادا، هەروەها تۆماس (Thomas) ئاماژەی پێدەکات وەک: ئەو چالاکی و پلانانەی کە ڕێکخراوەکە بۆخۆی دیاریدەکات لە کاتێکی درێژ مەودادا، بەوجۆرەی کە زامنی بەدیهێنانی گونجاوی بێت لە نێوان ڕێکخراوەکە و پەیامەکەی لەلایەک و هەروەها لە نێوان پەیامی ڕێکخراوەکە و ئەو ژینگەیەی دەوروبەری بە ڕێگایەکی کارا و لێهاتووانە. (الدوري، سەرچاوەی پێشوو، ل32).

هەر بۆیە، کە ڕێکار پێویستە هەماهەنگبوون بهێنێتەدی لە نێوان دوو ڕەگەزی سەرەکیدا کە ئەوانیش بریتین لە: (شعبان، 2005، ل24).

1-بەدیهێنانی پلەیەکی دیاریکراو لە چوونییەکی لە نێوان ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە لەگەڵ پەیامی سەرەکی ڕێکخراوەکەدا.

2-بەدیهێنانی پلەیەکی دیاریکراو لە چوونیەکی لە نێوان پەیامی ڕێکخراوەکە لەگەڵ ئەو ژینگەیەی کە کاری تێدا دەکات.

ئەمڕۆکە ڕێکار بە مانای زانستی ڕێکخستن، هاوکاریکردن لە نێوان گەلاڵە ئابووریەکان و سیاسیەکان و سەربازیەکان لە ئاستی دەوڵەت، یان چەند دەوڵەتێکدا و کەڵک وەرگرتن لە هەموو هەل و دەرفەتەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجە سەربازی و سیاسیەکانە. (محمدی، سەرچاوەی پێشوو، ل378)

بەمجۆرە چەمکی ڕێکار چەمکێکی فرەڕەهەندە و ناکرێت بە ئاسانی لەوبارەیەو لە سەر پێناسەیەکی دیاریکراوو یەکانگیر ڕێکەوتن هەبێت، هەروەها یەکێکە لەو چەمکانەی کە مشتومڕێکی زۆری لە ئەدەبی سیاسیدا ورووژاندووە، ،هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ زۆری بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە لە بوارە جیاوازەکانی ژیان و بەخشینی زیاتر لە مانایەکی ئەم چەمکە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا. (فهمي، سەرچاوەی پێشوو، ل17).

بەڵام دەکرێت بەگشتی سێ تایبەتمەندی دەستنیشانبکرێت کە هۆکاری گەشەکردنی ئەم چەمکە بوون، ئەوانیش: (السلطان، سەرچاوەی پێشوو، ل20).

یەکەم: لە بنەماوە ئەم چەمکە لە زانستە سەربازییەکاندا بەکارهاتووە.

دووەم: ئەم چەمکە بە جۆرێک داڕێژراوەتەوە، کە لە زۆربەی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکاردێت و دەکرێت جیاوازی بکرێت لە نێوان جۆرەکانیدا، وەک: ڕێکاری سەربازی، ڕێکاری ئابوری، ڕێکاری سیاسی و ڕێکاری کۆمەڵایەتی و....هتد.

سێیەم: ڕێکار لەو ئامرازانە دەکۆڵێتەوە کە پەیوەستن بە چۆنییەتی بەدیهێنانی ئامانجەکانەوە.

بەڕای مینتزبیرگ (Mintzberg) و لە سەردەمی جیهانگەراییدا کە بە ئاڵۆزیی و گۆڕانکاریی کتوپڕ کە هەندێکیان چاوەڕوانکراون و هەندێکیان چاوەڕوان نەکراون دەناسرێتەوە، پێویستە بە ڕووانینێکی نوێ لە چەمکی ڕێکار بڕوانرێت، بەوجۆرەی کە هەر لە ناوەخنی هەمان چەمکدا چەندەها چەمکی دیکە و چەندەها کردار کە پێشتر لەبەرچاو نەگیرابوون زیادبکرێتە سەر ڕێکار، هەروەک چۆن پێی وایە کە بەتەنها یەک پێناسە بەس نییە و پێشنیاری پێنج پێناسە دەکات، وە ئەم هەوڵەی بە (Five Ps) ناودەنێت، ئەم ناولێنانەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە سەرجەمی پێناسەکانی بە پیتی (P) دەستپێدەکات، پێناسەکانیش بریتین لە: (الركابي، سەرچاوەی پێشوو، ل38).

1-پلان (Plan): بە واتای کە ڕێکار جۆرێکە لە چالاکی بەمەبەست وبەئاگایی، هەروەها بەڵگەیەکە، یاخود کۆمەڵێک بەڵگەیە لەسەر چۆنییەتی مامەڵەکردن لە هەڵوێستێکدا، وە دوو تایبەتمەندی سەرەکیشی هەیە ئەوانیش بریتین لە:

ا: لە پێش ئەو چالاکییانەوە دادەنرێت کە لە پێناویاندا دارێژراوەتەوە و بە مەبەست و بەئاگاییەوە گەشەی پێدەدرێت.

ب: دەکرێت ڕێکار گشتی یان تایبەتی بێت.

2-فێڵ (Ploy): مەبەست لە فێڵ چەواشەکردنی ململانێکاران و ئەو کەسانەن کە ناکۆکیان لەگەڵدا هەیە، ڕێکاری ڕاستەقینەش مەبەست لێی هەڕەشەیە نەک فراوانبوون.

3-شێواز (Pattern): بە واتای شێوازێکە لە شێوازەکانی چالاکی و ئەو ئاکارانەی کە لێوەی بەرهەمهاتووە، بەو مانایەی کە ڕێکار دەرئەنجامی چالاکیەکانی مرۆڤە نەک دروستکراوی مرۆڤەکان خۆیان، هەروەها لە دەرئەنجامی هەماهەنگی و یەکانگیریی کارەکانی دامەزراوەکانەوە دروستدەبێت.

4-شوێن (Position): بە واتای شوێنی ڕێکخراوەکە لە ژینگەدا، هەروەها ڕێکاریی دەبێتە نێوەندگیرێک لە نێوان دامەزراوەکە و ژینگەکەیدا.

5-وێناکردن، یان تێڕوانینە بۆ داهاتوو (Pre Spective): بەوجۆرەی کە ڕێکار لەناوەخنیدا تەنها هەڵوێستێکی دیاریکراو لە خۆناگرێت، بەڵکو ڕێگایەکی متمانە پێکراویشە بۆ تێگەیشتن لە ژینگەی دەوروبەر، بەمجۆرەش ڕۆڵی ڕێکخراوەکە بەرجەستە دەکات، هەروەکو چۆن کە تاکەکان لە ڕێگەی کەسایەتییانەوە ڕۆڵیان بەرجەستە دەبێت.

بەڵام بە بۆچوونی (د. رکابی) لەدەرئەنجامی پێکداچوون و کارلێکی نێوان ئەم چەمکانەدا وە لە ناوڕێکخراوەکاندا، دەبنە هۆی دەرکەوتنی ڕێڕەوێک (Path) یاخود پاڵەپەستۆیەکی ڕێکارانە، هەربۆیە ئەم چەمکەی زیادکردە سەر پێنج پێناسەکە و بەمشێوەیەش بوونە ( six Ps)،وە پێکەوە دەبنە دارشتەیەکی ڕێکاری بەوجۆرەی کە دامەزراوەکە پێیوایە گونجاوە و ڕوودانی هەماهەنگی و یەکانگیری و گونجاویی شیدەکاتەوە چ لە ئاکاری دامەزراوەکەدا وە چ لە سەرچاوەکانی ئاکاری دامەزراوەکەدا. (الرکابی، سەرچاوەی پێشوو، ل43). سەبارەت بە ئامانج و سوودەکانی ڕێکاریش دەکرێت بەمجۆرە کورتبکرێنەوە: (العلاق، 2010، ل38):

1-بەدەستخستنی پێودانگێک لە پرۆسەی بڕیاردانی ڕاست و دروستدا.

2-توانای بەدەنگەوەچوونی باروودۆخە جیاوازەکانی ژینگە.

3-یارمەتی داڕشتنەوەی پلانی هێرشکردن دەدات لە ڕووبەڕووبوونەوەی ململانێکاراندا.
4-یارمەتی بیرکردنەوەی دوورمەودا دەدات.
5-هاوسەنگی لە بەکارهێنانی سەرچاوەکاندا، چونکە سەرچاوەکان بە پێی نەخشەڕێگایەک و لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکاندا بەکاردەهێنرێت.
6-ئامانجەکانی ڕێکار ڕوون و وردن و خوێندنەوەیان بۆ دەکرێت، بەمەش یارمەتی ئاراستەکردنی هەوڵەکانی ڕێکخراوەکە دەدات بەرەو ئاراستەی درووست.
7-ڕێکار دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی حاڵەتەکانی سەرکێشی و نادڵنیایی.

بەمجۆرە توێژەر دەگاتە ئەو ڕاستییەی کە ڕێکار دیاریکردنی گرنگترین ئامانجەکان وهەروەها دیاریکردنی ئامرازو ڕێگاکانی بەدیهێنانی ئامانجەکانە، وە لە پێگەی ڕێنیشاندەرو بەڵگەیەکدایە بۆ ئەو کارو چالاکیانەی کە دەبێت ئەنجامبدرێت لە پێناوی بەدیهێنانی مەبەستەکانی هەر دامەزراوەیەکدا کە چالاکیەکانی لەبواری بەبازارکردندا دەرئەکەوێت، هەروەها گرتنە بەری ڕێکاری گونجاو دەبێتە مایەی گونجاوی و هەماهەنگی لەگەڵ ژینگە لەلایەک و باشتر بەکارهێنانی توانا ماددی و مرۆییەکان لە بەدیهێنانی ئامانجەکاندا،وەلە ژینگەی وەبەرهێنانیشدا بەو پێەی کۆمپانیاکانی بواری وەبەرهێنانی خانووبەرە پێویستیان بەکارلێک و گونجاوییە لەگەڵ پێکهاتەکانی ژینگەی وەبەرهێنان(لە ڕووی سیاسی وئابوری وکلتووری و کۆمەڵایەتی و ژینگەی سروشتی و...) و ئامانجەکانی بەبازارکردن، هەربۆیە پێویستە بە پێی ڕێکارێکی گونجاو لە هەوڵی سوود وەرگرتندا بن لەو ژینگەیە چ لە ڕووی سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی وەبەرهێنان تێیدا لە هێزی ماددی ومرۆیی، وە چ بە داڕشتنەوەی باشترین ڕێکارەکانی بەبازاڕکردنی بەرهەمەکانیان و ڕووبەڕووبونەوەی کێبڕکێکاران، وە لەچوارچێوەی بنەما زانستییەکان و ڕەگەزە پێکهاتووەکانی پێناسەکانی ڕێکاری لە شەش پی(6Ps)کەوە، وە کارکردن بە ڕێکار وەک نەخشەڕێگایەک لە بەدیهێنانی ئامانجەکانیاندا.

### 2: ڕێکار له پەیوەندیگشتیدا

مەبەست لە ڕێکار لە پەیوەندیگشتیدا بە پێی کتێبی Publicitior، کۆی ئەو بڕیارە سەربەخۆو گرنگانەیە، کە ڕێکخراوێکی دیاریکراو دەیاندات بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجگەلێکی دیاریکراو، ئەمەش بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی گەیاندن و تەکنیکی جۆراوجۆر. (الدلیمي، 2011، ل90).

هەروەها ڕێکار لە پێگەی بەرنامە و ڕێنیشاندەرێکدایە لە بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکاندا، لە ناوەڕۆکیدا هێڵە گشتییەکانی بۆچوونی دامەزراوە و وردەکارییەکان و تەکنیکی جێبەجێکردنی هەنگاوەکان لەخۆدەگرێت، لێرەدا تەکنیک بەمانای وەرگێڕانی کرداری دێت بۆ ڕێکارەکان، ئەو ڕێکارینەی کە پێشتر دانراون و ئەو ڕێگایانەی دەگیرێنەبەر بۆ جێبەجێکردنیان. (بدوي،2001،ل213).

لەبەرئەوەی ئامانجی ڕێکار هەمان ئامانجی گەیاندنە، هەربۆیە کە گەیاندن لە پەیوەندیگشتیدا پەیوەستی ڕێکارەکانی قایلکردنە و بە پەیامەکانی گەیاندنەوە پەیوەندی هەیە، ئەم ڕێکارانە بەرجەستەی ڕێنیشاندەر و بنەمای تیۆری دەکەن بۆ پلاندانەران و دیزاینکارانی بەرنامەکانی گەیاندن بە شێوەیەکی کارا لە پەیوەندی گشتیدا، هەروەها ڕێکخراوەکان بە جیاوازی ئاراستەکانی کارکردنیان و بەجیاوازی جۆری بەرهەمەکانیان کە کاڵا یان خزمەتگوزاریی بێت، لە ژینگەیەکی گۆڕاو و بەردەوام لە گەشەکردندا کاردەکەن، هەربۆیە سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی دامەزراوەکان دەوەستێتە سەر توانای گونجاندنیان لەگەڵ ژینگەدا و ئەو ڕەگەزە جیاوازانەی، کە لەناو ژینگەدا بوونیان هەیە وەک: جەماوەر و ڕێکخراوەکانی دیکە و ئەو کۆمەڵانەی، کە خاوەن ئاراستە و بۆچوون وپێداویستی جیاوازن، وە هەروەها دامەزراوە حکومی و ڕێکخراوەکانی کار و دەسەڵاتی یاسادانان و بەربەستە یاساییەکان و بەربەستە مۆراڵییەکان دەگرێتەوە، ئەم خۆگونجاندنەش پێویستی بە چاودێریکردن و لێکۆڵینەوە هەیە لە گۆڕانکاریی وگەشەکردنەکان و داڕشتنەوەی بەرنامەی کارای گەیاندن بۆ وەڵامدانەوەی ژینگە بەوجۆرەی کە بەرژەوەندی دوولایەنە بەدیبێت لە نێوان ڕێکخراو و ژینگەکەیدا. (جمال و عیاد، 2005، ل213-214).

دیاریکردنی ڕێکارەکان لە پەیوەندی گشتیدا بایەخی گەورەی هەیە، چونکە ئامانج لێیان دەرخستنی شێوازەکانی کارکردنە و بەبێ ڕێکاریش هیچ ڕێگایەک نیە بۆ بەدیهێنانی هیچ ئامانجێک، ڕێکاری تەندروستیش ڕۆڵی ئەو پەیوەندیە پێویستە دەگێڕێت کە لەنێوان

دیاریکردنی مەبەست و ئامانجەکاندایە لەگەڵ ئەنجامدانی توێژینەوە و دەستکردن بە کارەکان بۆ بەدیهێنانی ئەو ئەنجامانەی کە هەوڵی بۆ دەدرێت، جۆرەها ڕێکاری وە چەندەها شێوازی بێشومار لەو جۆرانە هەیە لە پەیوەندی گشتیدا کە پێویستە کارمەند یان کەسانی پەیوەندیگشتی و پسپۆران گونجاوترین و ڕاستترینیان بەکاربهێنن بە پێی ئەو کێشە و هەڵوێستانەی کە ڕووبەڕووی دەبنەوە. (مجاهد، 2010، ل66).

سەبارەت بە ئامانجەکانی ڕێکار لە پەیوەندیگشتیدا (جیمس جرونج) لەبەر ڕۆشنایی تیۆرەکانی کاریگەریی ئامرازەکانی گەیاندن بەمجۆرە دەیانخاتە ڕوو: (داود وسالم، 2012، ل89-90)

1-بەتەنها گەیاندن: مەبەست تەنها گەیاندنی پەیامە، چونکە لەوانەیە ئامانجەکە لێرەدا بە تەنها گەیاندنی پەیامێک بێت بۆ جەماوەرێکی دیاریکراو.

2-تێگەیشتن لە پەیام و وەبیرخستنەوەی: لێرەدا هەوڵدان بۆ تێگەیاندنی جەماوەرێکی مەبەستدار لە پەیامێکی دیاریکراو یان بیرخستنەوەیان ئامانجی ڕێکاری دەبێت، وە مەرج نیە کە ئەو جەماوەرە ڕەزامەندبن بە پەیامەکە یان کارلەسەر ئەنجامەکانی تێگەیشتنیان لەو پەیامە بکەن.

3-وەرگرتنی ئەو بیرۆکانەی کە لە ناوەخنی پەیامەکە بوونیان هەیە: بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە کار لەسەر وەرگرتنی بیرۆکەکانی ناو پەیامەکە دەکرێت لەلایەن جەماوەرەوە، هەروەها وەکو بیرۆکە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات.

4-پێکهێنانی یان گۆڕینی ئاراستە: لێرەدا ئەوەی کە داواکراوە ئەوەیە کە بەتەنها باوەڕهێنان بە بیرۆکەکانی پەیامەکە بەس نیە، بەڵکو پێویستە بە ئاراستەیەکی ئەرێنیش هەڵبسەنگێندرێت لەلایەن جەماوەرەوە.

5-گۆڕینی ڕەفتار: ئامانجی ڕێکار لەم خاڵەدا ئەوەیە کە جەماوەر بەشێوەیەکی کرداریی بگۆڕێت، یاخود گۆڕانکاریی لە ڕەفتاریدا بکات و ڕەفتاری نوێ ئەنجامبدات.

لێرەوە توێژەر دەگاتە ئەو ڕاستیەی کە پرۆسەی هەوڵدانی ڕێکخراو یان دامەزراوەکانی وەبەرهێنان لە بواری خانووبەرە بەهەمان شێوەی هەر دامەزاوەیەکی دیکەی بەرهەمهێنان پێویستی بە داڕشتنەوەی پلانی تۆکمەی بەبازاڕکردنە بۆ خستنەڕوو وە برەوپێدان و پڕفرۆشکردنی بەرهەمەکانی، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە بە وردی و دروستی پلانی ڕێکاری گونجاو بگرێتەبەر لە چۆنییەتی ئەنجامدانی پرۆسەی بەبازاڕکردن و بەپێی

بـەکارهێنـان و هـەڵبژاردنـی گونجـاوترین ڕەگـەزەکـانی ئاوێتـەی بـرەوپێـدان لـە خزمـەتـی پرۆسەکەدا سوودیان لێوەربگرێت، پەیوەندیگشتیش کە پێگەیەکی گرنگ و کارای هەیە لە ئاوێتەی برەوپێدان و هاوشانی ڕەگەزەکانی دیکەی ئاوێتەی برەوپێدان لە هەوڵی دۆزینەوەی باشترین ڕێگاو شێوازەکانی بەبازاڕکردنە، چەند ڕێکارێکی تایبەت دەگرێتەبەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان، وەگرنگترین ئامانجەکانی پەیوەندیگشتی بریتیە لە ناساندنی ڕێکخراوەکە بە هزرەوێنەیەکی ئەرێنی و بەدیهێنانی لەیەکتێگەیشتن لە نێوان دامەزراو و جۆرە جیاوازەکانی جەماوەرەکەی کە دەبێتە مایەی برەوپێدانی دامەزراوەکە و بەرهەم و کاڵاکانی.

### 3: ڕێکارەکانی پەیوەندیگشتی لە بواری بەبازاڕکردن

پەیوەندیگشتی چەند جۆرێک ڕێکاری هەیە کە بەکاریاندەهێنێت و پشتیان پێدەبەستێت لە باوەڕپێهێنان و قایلکردنی ئەو کەس و لایەنانەی کە پەیامی پەیوەندیگشتیان ئاراستە دەکرێت، جا ئەو لایەنانە جەماوەری گشتی بن یان جەماوەرێکی تایبەتی و جێگەی مەبەستی دیاریکراو، دەسنیشانکردنی ڕێکارەکان بەپێی ئەو ئامانجانە دەبێت کە پێشتر و لە چوارچێوەی پلانێکی داڕێژراو بۆ بەدیهێنانی ئامانجگەلێکی دیاریکراو کاریان لەسەرکراوە، توێژەران و پسپۆرانی پەیوەندیگشتی ڕیزبەندی جۆرەکانی ئەو ڕێکارانە دەکەن و لە ژێر ڕۆشنایی ئامانجی دامەزراوەکاندا یاخود ئەو مەبەستانەی، کە هەیانە لە هەڵبژاردنی جۆرێکی دیاریکراو لە ڕێکارەکاندا و جۆری ئەو جەماوەرەی کە پەیامەکانیان ئاراستەدەکرێت، لەو توێژەرانەش: رولر(Ruler) کە لەسەر بنەمای جۆری ئەو هەڵوێستەی کەدێتە پێش ڕێکارەکان دابەشدەکات و ناویان دەنێت بە مۆدێلە بارودۆخی ڕێکارەکانی گەیاندن (Situational Model Communication Strategies)، هەروەها (خيرت معوض عياد) بە پێی چۆنیەتی وەڵامدانەوەی وەرگر بۆ پەیامەکان و مۆدێلەکانی تایبەت بە تیۆرە مەعریفی و ویژدانییەکان دابەشیان دەکات, وە توێژەرانی دیکەی وەک:(حمدی شعبان، هناء حافظ بدوی، جمال مجاهد، فاطمە حسين عواد و....هتد) باس لە ڕێکارەکانی پەیوەندیگشتی دەکەن، کەزیاتر ئەو ڕێکارانە دەچێتە بواری پلانسازییەوە، وە لە ژێر ڕۆشنایی بگۆڕەکانی توێژینەوەکە و ئەو ئامانجانەی کە لە هەوڵی بەدیهێنانیدایە، توێژەر هەوڵدەدات ئەو ڕێکارانە بخاتەڕوو، کە دەکرێت بخرێنە خزمەتی پرۆسەی بەبازاڕکردن، بەتایبەتی کە پەیوەندیگشتی وەک بەشێکی گرنگی ئاوێتەی برەوپێدان پەیامەکانی دەخاتە خزمەتی ئەو پرۆسەیە، ڕێکارەکانیش بەمجۆرەپۆلێن دەکات:

#### یەکەم: ڕێکارە پلانسازیەکان

ڕێکارەکان لەمجۆرەدا لە دوای چەندەها قۆناغ دێت لە کاری وەک توێژینەوەی سیاسەت و ئامانجەکانی دامەزراوەکە و ئەو کێشەیەی کە ڕووبەڕووی بووەتەوە و چۆنییەتی چارەسەرکردنی، هەروەها ئاستی توانای ماددی و مرۆیی و هەڵبژاردنی پەیامی گونجاو و هۆکاری گەیاندنی گونجاو،وە دیاریکردنی کاتی گونجاو بۆ ئاراستەکردنی پەیامەکان.(مجاهد، 2010، ل59-65).

ڕێکارەکان پەیوەستن بە سیاسەتی دامەزراوەکە لە چۆنییەتی بەدەستهێنان و بەردەوامیپێدانی متمانەی جەماوەر، هەروەها کاریگەردەبن بەئاستی ئەو زانیاریانەی کە دەیانزانێت لەبارەی تایبەتمەندی و توێژە جیاوازەکانی جەماوەر، سەربارى ئەو هۆکارانەی کە بەردەستن بۆ گەیاندنی پەیامەکان و تواناى ماددی ومرۆیی ڕێکخراوەکە.(حجاب،2006،ل78).

**جۆرەکانی ڕێکاری پەیوەندیگشتی لە بواری پلانسازییدا زۆرن، لەوانە:**

1- **ڕێکاری جەختکردنەوە (الترکیز):** ئەم ڕێکاریە جەخت لەسەر بەکارهێنانی جۆرە جیاوازەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەکاتەوە لە خزمەتی گەیاندنی پەیامەکاندا، زیاتر لەوکاتەدا بەکاردێت کە ئامانجی خوازراوو بە پەلە و هەنووکەیی بێت، وە جەماوەری جێگەی مەبەست جەماوەرێکی لەیەک دوور و بەربڵاوبن لە ڕووی جوگرافیەوە بەو جۆرەی کە بەیەک ئامراز نەتوانرێت پەیامەکان بە هەموویان بگەیەنرێت. (عواد،2011، ل251).

هەروەها ئەم ڕێکارە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕووداوە کتوپڕەکان و ئەو تەنگژانەی کە پێویستییان بە کارکردنی بەپەلە هەیە و لەدواخستنی کارەکاندا قورسایی دەکەوێتە سەرشانی دامەزراوەکە، وەک ڕوودانی کارەسات و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی، کە پێویست بە جووڵەی خێرا و پەلەکردن دەکات بۆ گواستنەوەی زانیاری لە ڕێگای ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە بۆ تاکەکانی جەماوەر و پێدانی ڕێنمایی پێویست بۆ کەمکردنەوە و خۆدوورخستنەوە لە ئاکامە خراپەکانی. (الصرايرة، 2001، ل245).

ئامرازەکانی گەیاندن گرنگترین هۆکارن بۆ بواری برەوپێدان لە پەیوەندیگشتی بەبازاڕکردندا، وە بایەخی زۆریان پێدەدرێت لەلایەن کارمەندانی پەیوەندیگشتیەوە، چونکە بەکاردەهێنرێن بۆگەیشتن بە جەماوەر، جا جەماوەری ڕاستەوخۆبن وەک بەکاربەران و سەوداکاران، یان ئەو جەماوەرەی کە ئەگەری بوونیان بە جەماوەری دەزگاکە لە داهاتوودا لە ئارادایە و پێیان دەوترێت جەماوەری ناڕاستەوخۆ، لە گرنگترین ئامرازەکانی ڕاگەیاندن وەک: تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامەوانی ...، هەندێ کات و بۆهەمان مەبەست لەوانەیە دامەزراوەکان پشت بە نووسەر و ڕۆژنامەوانەکان ببەستن لەبەر ئەو توانایەی، کە هەیانە لە بواری گەیاندنی زانیاری بۆ جەماوەری خوێنەر و بیسەر و بینەر بە جۆرێک کە لەگەڵ ئاستی بایەخ و پێداویستییەکانیان وێکدێتەوە. (البياتي وئەوانيتر، 2012، ل103).

چالاكیە ڕۆژنامەوانیەكان ئەو پەیوەندیانەش دەگرێتەوە كە دامەزراوەكان ورێكخراوەكان لەگەڵ دەزگاكانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانەكاندا دروستیدەكەن، ئەمەش لە تەرخانكردنی لیستێكی تایبەت بۆ ڕێكخستنی ئەو پەیوەندیانە و سازدانی كۆڕبەندی و چاوپێكەوتنە ڕۆژنامەوانی و تەلەفزیۆنییەكان و بەستنی كۆنگرەو....هتد،وە لەوانەشە لە ڕێگەی بڵاوكردنەوەی هەواڵێك بێت لە یەكێك لە گەشتە هەواڵییەكانی ڕاگەیاندنەكانەوە.( Victor t.c.Middleton&Jackie Clarke,2001,p:249).

2- **ڕێكاری كات دانانەوە(التوقیت):** ئەم ڕێكارە پشت دەبەستێت بە هەڵبژاردنی كاتی گونجاو بۆ ئاراستەكردنی پەیامەكان بۆ زامنكردن و بەدەستهێنانی زۆرترین ئاستی كاریگەری و وەڵامدانەوەی پێداویستییەكانی جەماوەر لە كاتی گونجاودا، ڕێكاری كات دانانەوە بەو مانایە دێت كە توێژینەوە لە سەرجەم ئەو بارودۆخانە بكرێت كە بەكات كاریگەردەبن و كاریش دەكەنە سەركات، واتە پەیامی گونجاو لەكاتی گونجاودا. (حجاب و وهبی، 2006، ل79).

هەندێك كات ئەم ڕێكارە بۆ ئاشكراكردنی بڕیارگەلێك و بۆ ئامانجی ڕازیكردنی هاووڵاتیان بەكاردێت لە بۆنەكانی، وەكو جەژنەكان و بۆنە تایبەتەكاندا، هەروەها سیاسەتی بەرزكردنەوەی نرخ یان كەمكردنەوەی لەهەر پیشەگەریەكدا بەزۆری پەیوەستە بەم ڕێكارەوە، چونكە زۆرشت دەوەستێتە سەر ئاستی دواكەوتن یان پەلەكردنی دامەزراوەكە لە بڕیاردان بە بەراوورد بە دامەزراوە ململانێكارەكان، هەروەها كات دانانەوە بە شێوەی ورد و دروست زۆر گرنگ و بەبایەخە، چونكە بە پێچەوانەوە و لە نەبوونی ئەو وردیە لەوانەیە هەوڵ و دارایی زۆر بەفیڕۆ بڕوات. (مجاهد، سەرچاوەی پێشوو، ل67).

3- **ڕێكاری ئارامگرتن و تێوەنەگلان(التریث و عدم التورط):** ئەمجۆرەی ڕێكارەكان بەتایبەتی لە كاتی ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵمەتی پڕوپاگەندەی دژ بە دامەزراوەكان بەكاردەهێنرێت لە ڕێگەی سستی نواندن و وەڵامنەدانەوەی خێرای پڕوپاگەندەكان، بەڵكو پێی باشترە پەنا بۆ ئەنجامدانی هەندێك كار وچالاكی ببرێت كە بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ ئەو تۆمەتانە ڕەتبكاتەوە كە لە دەوری ڕێكخراوەكە وروژێنراون. (عواد،2011، ل251).

لەو كارو چالاكیانەش وەك شێوازی سپۆنسەركردن (Sponsor Ship)، جا سپۆنسەركردنی بەرنامەیەكی تایبەت بە ڕێكخراوەكە بێت یان ڕووداوێكی ناو كۆمەڵگە بە ئامانجی باشتركردنی هزرەوێنای ڕێكخراوەكە و زیادكردنی ئاگایی جەماوەر بە كار و

بەرهەمەکانی، هەروەها باشترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆمەڵگە و جەماوەری دەرەکی ڕێکخراوەکە. (البياتي و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل103و104).

وە دەشکرێت سپۆنسەریکردنی بەرنامەیەکی ڕاگەیاندن بێت بۆ ڕاکێشانی سەرنجی جەماوەرێکی دیاریکراو، یان جەماوەرێک، کە ئەگەری هەیە لە داهاتوودا ببنە جەماوەری ڕێکخراوەکە، وە یاخود ئەو سپۆنسەرکردنە بۆ بەرنامەیەکی تایبەت بێت کە بایەخ بە توێژێکی دیاریکراوی کۆمەڵگە دەدات و ئامانجەکەش لێرەدا دەرخستنی بایەخی ڕێکخراوەکەیە بە بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵگە و بانگەشەیەکی ناڕاستەوخۆیە بۆی. ( Victor t.c. Middlton&Jackie Clark,2001,p:249).

شێوازی سپۆنسەرکردن لە ڕێکخراوە هاوچەرخەکاندا شێوازێکی باوە، بەتایبەتی سپۆنسەرکردنی بەرنامە و چالاکییە خێرخوازیەکانی وەک نەخۆشی شێرپەنجە و هاندانی پاکوخاوێنی ژینگەیی و چاودێریکردنی منالانی بێسەرپەرشت و...هتد، هەر بۆ ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵگە لەو کارانەشیان ڕێکخراوەکان هەڵدەستن بە سازدانی چاوپێکەوتن و کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی و بانگهێشتکردنی ڕۆژنامەوانان بۆ ڕووماڵکردنی ئەو ڕووداوانە.

4- ناکاوکاریی (المفاجئه): ئەمجۆرە لە ڕێکارەکانی پەیوەندیگشتی لە بواری بەبازاڕکردن و بەتایبەتی لە بواری بەرهەمە نوێیەکاندا بەکاردێت، بۆ ئەوەی کە بەرهەمە نوێیەکان نەکەونە ناو لێشاوێکی ریکلام و بانگەشەی کاڵا و بەرهەمە ڕکابەرەکانەوە، هەربۆیە کاتی دەستپێکی هەڵمەتە ریکلامییەکە دەشاردرێتەوە. (مجاهد، سەرچاوەی پێشو، ل68).

هەڵمەتی ریکلامی پێکهاتووە لە کۆمەڵێک یان پاکێجێکی ریکلام کە لە ئامرازە جیاوازەکانی ڕاگەیاندنەوە دەخرێتەڕوو بەپێی نەخشەیەک کە پێشتر پلانی بۆ دانراوە و بەپێی کاتێکی دیاریکراو بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی بەبازاڕکردن، هەروەها کۆمەڵێک هەوڵی ڕێکخراوە لەبەرامبەر کرێ یان نرخێکی دیاریکراودا، یارمەتی برەودان بە کاڵا و خزمەتگوزارییەکان دەدات و لە ماوەیەکی دیاریکراودا ئەنجامدەدرێت. (خوخة، 2011، ل38).

5- **ڕێکاری یەکانگیری ڕێگاکان (ملتقي الطرق)**: جێبەجێکردنی ئەم ڕێکارە وادەخوازێت کە بۆ جێبەجێکردنی پلانەکان و چالاکییەکانی پەیوەندیگشتی ئەو جێگایانە و ئەو بۆنانە هەڵبژێردرێت کە زۆرترین خەڵک تێیدا ئامادەییان دەبێت، نمونەش وەک پێشانگاکان، وە یاخود لە هەوڵی ناسینی کەسایەتیە گشتیەکان و توندو تۆڵکردنی پەیوەندی لەگەڵیاندا

بەکاریدەهێنێت چونکە ئەو کەسایەتیانە کاریگەریان دەبێت لەسەر جەماوەر. (حجاب و وهبی، 2006، ل82).

هەندێک لە دامەزراوەکان سەردانی مەیدانی ڕێکدەخەن بۆ شوێنی کارکردن و بانگهێشتی گەورە بەرپرسان و کەسایەتیە بەناوبانگەکان و پیاوانی کارو وەبەرهێنەران و هەروەها ئەو کەسایەتیانەی کە پەیوەندی بازرگانیان لەگەڵ دامەزراوەکەدا هەیە و ڕۆژنامەوانان و تاکەکانی جەماوەری گشتی دەکەن، ئەمەش بۆ ناساندنی کارە تەواوبووەکانیان و دەرخستنی قەبارەی بەرهەم و جۆراوجۆریان، یاخود لە دەرخستنی ئاستی پێشکەوتوویی و بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای نوێ و گەشەکردن و فراوانبوونەکانی ناو دامەزراوەکە، بە شێوەیەکی گشتی ئەم کارە بەبەشێکی گرنگی برەوپێدان دادەنرێت لە چالاکیەکانی پەیوەندیگشتیدا لەبواری بەبازارکردن. (البياتي و ئەوانیتر، سەرچاوەی پێشوو، ل106)

6- **ڕێکاری هاوبەشپێکردنی جەماوەر (المشارکه):** ئەم ڕێکارە بۆ پەیوەندیگشتی هاوچەرخ، وەکو بڕبڕەی پشت وایە، چونکە لەبەرچاوگرتنی ئارەزووەکانی جەماوەر و ئاراستەکانی بیرکردنەوەیان بووە بە پێداویستیەکی سەرشانی ڕێکخراوەکان و پێویستە کە بە وریاییەوە گوێ بۆ بۆچوون وپێشنیارەکانیان بگرێت، هەروەها هانیانبدات بۆ دەربڕینی پێشنیارەکانیان لەهەرکاتێکدابێت. (محمد، 2006، ل139).

ئەم ڕێکارە جەخت لەسەربنەمای هاندانی تاکەکان دەکاتەوە بۆ خستنەڕووی پێشنیارەکانیان و هەلی دەربڕینی ڕاوبۆچوونەکانیان دەڕەخسێنێ، ئامادەکردنی پەیام لەم ڕێکاریەدا بۆ بەدیهێنانی پەیوەندی ئەرێنیە لە نێوان ڕەگەزەکانی پەیام لەلایەک و ئاراستە و بۆچوونەکانی وەرگرانی پەیامەکەیە لەلایەکیترەوە، هەروەها ئەم ڕێکارە بەکاردێت بۆ دڵنیابوونەوە لە بوونی هەماهەنگی و زەمینەی هاوبەش لە نێوان ڕوانگەی دامەزراوەکە و ڕوانگەی جەماوەری مەبەستدار. (عیاد و الجمال، 2005، ل240).

7- **ڕێکاری پەیوەستکردن و لکاندن (الارتباط والاقتران):** لە ڕێگەی ئەم ڕێکارەوە پەیوەندی دروستدەکرێت لە نێوان ناوی بەرهەمێکی دیاریکراو لەگەڵ ناوی کەسایەتیەکی دەرکەوتوو، هەروەها بوار دەڕەخسێنێ لە بەردەم پەیوەندیگشتی کە کاڵا یان بابەتەکانیان لەسەر زمانی کەسێکیتر بخەنەڕوو، یاخود پەیوەندی دروستبکات لە نێوان هەڵمەتێکی خێرخوازی یان پارەدارکردنی پرۆژەیەک لەبەرژەوەندی کۆمەڵگە، لێرەشدا مەبەستی سەرەکی پرۆژە و هەڵمەتە خێرخوازیەکە نیە، بەڵکو ئامانجەکە یارمەتیدانی پرۆسەی

بـەبازاڕکردنـە لـە ڕێگـەی دروسـتکردنی پـەیـوەنـدی لـە نێـوان نـاوی ڕێکخـراوەکـە و نـاوی پرۆژەکە. (مجاهد، سەرچاوەی پێشوو، ل69).

هەر لەوبارەیەوە و نزیک لە ڕێکاری پەیوەستکردن و لکاندن، جۆرێکی دیکەی ڕێکار هـەیـە لە پەیوەندیگشتیدا کە ئـەویش ڕێکاری دیاریکردن(تشخیص)ە، بـەڕای تـوێژەر لـەم ڕێکارەدا پەیوەندیگشتی پشت دەبەستێت بە هـەڵبژاردنی ئـەو کەسـایەتیانـەی کە چ لـە ڕووی جـوگرافی یـان لـەڕووی دەروونییـەوە لـە جـەمـاوەرەوە نـزیکن و پـەیـام و زانیاریـەکـان لـەسـەر زمـانی ئـەوانـەوە دەگوازنـەوە، ئـەمـەش لـەبـەر کاریگـەری ئـەوکـەسـایەتیانـە دەبێت لـەسـەر دەروونـی جەماوەر، وەک بەکارهێنانی ئەسـتێرەکانی هونـەر و وەرزش ودەرخستنی ئەو کەلوپـەلانـەی کە ئەوان بەکاریدەهێنن وەک ئوتۆمبێل و خشڵەکانیـان و جێگـەی نیشتەجێبوونیـان، ئـەمجـۆرە شـێواز و ڕێکاریـە دەکرێت لـە بـواری خانووبـەرە سـوودی لێوەربگیرێت وەکـو خـستنەڕووی تایبـەتمـەندی یـەکـەکانی نیشتەجێبوون یاخود لـە ریکلامێکدا پشتی پێببـەسـتێت، وەیـاخـود لـە بەکارهێنانی وەک دەرخستنی ڕوکاری خەمخۆریی دامەزراوەکە بۆ کۆمەڵگە.

وە هـەندێکات پـەیـوەندیگشتی پشت دەبـەسـتێت بـەو کـەسـایەتیانـەی کە لـەنـاو کۆمـەڵگـەدا کاریگـەریـان هـەیـە و پێیـان دەوترێـت لۆبینـگ (Lobbing) یـان سـەرکـردەی خـاوەن ڕا (opnion leadar) جـا ئـەگـەر کـەسـایـەتـی حکومی یـان ڕێکخـراوەیـی و یـان کۆمـەڵایـەتـی و ڕۆشـنبیریی و هونـەری و بـەڕێـوەبـردن بـن لـەسـەرئاسـتی نـاوخۆیی یـان نێـودەوڵـەتـی، وە هەندێکجار لەگەڵ ریکلام و برەوپێدانیشدا مەبەست ئـەنجامدانی ئاسـانکاریە لـەبارەی ڕەسـمی گـومرگی و بـاجی گـەشـتوگەزاری و نمایشکردنیـشە لـەبـەرامبـەر ململانێکارانـدا، وەیـاخـود هاوکاریکردنـە لـە پێنـاوی بـەرژەوەندیـە گشتییەکاندا. ( Victor t.c. Middlton &Jackie Clarke,2001,p:249).

**دووەم: ڕێکارە نێودەوڵەتیەکانی پەیوەندیگشتی**

کۆمەڵگە لە ئێستادا بە جۆرێک گەشەی کردووە، کە گەشـتووەتـە ئاسـتێکی بـالا لـە ئازادی وەرگـرتن و ئـاڵوگۆڕکردنی زانیاریـەکـان و لـەسـەر ئـەو بنـەمایـە دروسـتدەبێت، دەسـەڵاتـی دەوڵەت و دامەزراوە لۆکاڵییەکان سنووردار بووە، کۆمـەڵگـەیـەکی نێودەوڵـەتـی هاتۆتـە ئـاراوە کـە دەتوانێت سنوورە جوگرافییـەکان ببـەزێنێت، هـەربۆیـە کـە ڕێکخـراوە و دامـەزراوەکـانیش

خۆیان لە سایەی ئابوریەکی جیهانگەراییدا دۆزیوەتەوە کە بە هیچ جۆرێک باوەڕی بە سنووره لۆکاڵی و نەتەوەییەکان نییە. (الدلیمی،2011، ل 89-90).

بۆ ئەوەی پەیوەندیگشتی بتوانێت لەگەڵ هەموو ئەم گۆڕانکاریانەدا بگونجێت، هەندێک ڕێکار هەیە بەکاریاندەهێنێت لەگەڵ ئەوئاستەی کرانەوەیە، کە سەردەمی جیهانگیریی دەیسەپێنێت، وە ڕازی نیە بە مانەوەی چالاکییەکانی و پەیوەستبوونیان لە چوارچێوەی سنووره دەستکردە نێودەوڵەتیەکاندا،ئەو ڕێکارانەش بە ڕێکارە نێودەوڵەتیەکانی پەیوەندیگشتی ناسراون و دکتور راسم محمد الجمال بەسەر دووجۆردا دابەشیان دەکات کە بریتین لە:( غانم، 2012، ل103).

1- **ڕێکاری گشتاندنی تێڕوانین(یەکبینی)جیهانی (الاستراتیجیة العالمیة):** ئەم ڕێکارە بە جۆرێک مامەڵە لەگەڵ جەماوەردا دەکات کە یەک جەماوەری وەکویەکن، هەروەها بازاڕەکانیش هەمان بازاڕن، ئەو دامەزراوانەی کە ئەم ڕێکارە پەیڕەودەکەن هەوڵدەدەن سوود لە لایەنە لەیەکچووەکانی بازاڕەکان وەربگرن و سیستمێکی تەواوکاری پەیڕەودەکەن و بەپێی ئەوە هەر لقێک لە لقەکانی دامەزراوەکە پەیڕەوی ئاراستە و ڕێکارەکانی ئۆفیسی سەرەکی دامەزراوەکە دەکەن، هەرچەندە کە جیاوازیش لە نێوان بازاڕەکاندا هەبێت.

2- **ڕێکاری بەشاندنی تێڕوانین(چەند بینی)جیهانی و ناوچەیی (الاستراتیجیة العالمیة/ المحلیة):** دامەزراوەکان کە ئەم ڕێکارە بەکاردەهێنن هەوڵدەدەن مامەڵە لەگەڵ جیاوازیەکانی بازاڕەکاندا بکەن و بە پێی سێ شێواز و تایبەتمەندی جیاواز بەکاریدەهێنن کە یان بۆ هەریەکێک لە بازاڕەکان ڕێکاری تایبەتی بەکاردەهێنن، وە یاخود هەریەکێک لە لقەکانی دامەزراوەکە لە وولاتە جیاوازەکاندا بە شێوەیەکی سەربەخۆ کاری خۆی دەکات، وە یان ئۆفیسی سەرەکی هەڵدەستێت بە داڕشتنەوەی ڕێوشوێنە داراییەکان و دروستکردنی هەماهەنگی لە نێوان پرۆسەکانی بەبازاڕکردندا کە لقە جیاوازەکانی دیکەی دامەزراوەکە پەیڕەوی دەکەن.

ژینگەی بازرگانی نێودەوڵەتی لە ئێستادا کۆمەڵێک ئاراستە و کەشی ڕەخساندووە بۆ بەکارهێنان و گەشەپێدانی پەیوەندیەکانی کارکردن، هەرچەندە هێشتا هەندێک بەربەستی کارکردن و تەوژمی بازرگانی لە نێوان وڵاتاندا بوونیان ماوە، بەڵام جیهانگەرایی ئابووری و ئەو گەشە مەزنەی لە بواری بازرگانی نێودەوڵەتی هاتۆتە ئاراوە کاری کردۆتە سەر زۆری خواست لەسەر هەندێک جۆری بەرهەم و بۆ بەبازاڕکردن و ناساندنی ئەو بەرهەمانە لەسەر

ئاستی جیهان لەوانەیە پەنا ببریتە بەر تەلەفزیۆنە نێودەوڵەتییەکان و بەتایبەتی ئەوانەیان کەتایبەتن بە ڕیکلام، یاخود تەکنەلۆجیا کە لەئێستادا بەکارهێنانی هیچ جۆرە مشتومڕێک هەڵناگرێت و کۆمەڵێک ئاسانکاری تەواو و پڕاوپڕی دروستکردووە بۆئاسانکاری لە گرتنی پەیوەندی چ لە نێوان ڕێکخراوە و دامەزراوەکاندا، وە یاخود لە نێوان بەکاربەراندا کە خاوەن بەرژەوەندی هاوبەشن، وەیان لە نێوان ڕێکخراوەکان و جەماوەرە جیاوازەکانیدا، ئەم پەیوەندیانەش کارلێککاری و ئاڵوگۆڕپێکردنی زانیاریەکانە. ( Bill Donaldson & Tom Otoole,2002,p:168).

تویژەر دید وتێروانینی وایە کە تەکنەلۆجیا پێگەیەکی گرنگی هەیە لەچالاکیەکانی پەیوەندیگشتیدا و دەتوانێت سوودی لیوەربگرێت چ بە دامەزراندنی پێگەی ئەلیکترۆنی تایبەتی دامەزراوەکان و ناساندنی خۆی و بەرهەمەکانی و چالاکیەکانی، یان وەک ئامرازێکی ریکلامکردن، وەیان سوودوەرگرتن لە تایبەتمەندی کارلێککاری و گفتوگۆی ڕاستەوخۆ، کە هەریەکەیان و پێکەوە دەتوانن یارمەتیدەربن لە نەخشاندنی هزرەوێنەی دامەزراوەکە کە ئامانجی یەکەمی پەیوەندیگشتیە و دواتر یارمەتیدانی پرۆسەی بەبازارکردن.

**سێیەم: ڕێکاری بانگەشە (استراتیجیة الدعایة)**

بانگەشەی بازرگانی لایەنێکی گرنگی چالاکیەکانی پەیوەندیگشتی بەبازارکاردن پێکدەهێنێت کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەخۆ برەودەدات بە دامەزراوەکە و چالاکی و بەرهەمەکانی، بانگەشە هاندانێکی ناخودیە بۆ دروستکردنی خواست و داواکاری لەسەر کاڵا، یان خزمەتگوزاری، یان بیرۆکەیەکی دیاریکراو، وەیاخود شوێن و یان کەسایەتییەکی دیاریکراو...، کە بڵاوکردنەوەی بێبەرامبەرە و لەچوارچێوەی هەواڵێک یان ڕووماڵکردنی ڕووداوێکی دیاریکراودا دەبێت، وە دەشکرێت بانگەشە لەرێگەی دروستکردنی بۆنە و ڕووداوی تایبەتی و بەستنی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی یان بڵاوکراوەکانی ڕاگەیاندنەوە بکرێت، وە ئامانجی سەرەکیش باشترکردنی هزرەوێنای ڕێکخراوەکەیە. ( David L.Kurtz & Louis E.Boone,2008,p:540).

پەیوەندیگشتی بە دوو شێواز بانگەشە بەکاردەهێنێت کە یان بانگەشەیە بۆ دامەزراوەکە، وەیاخود بانگەشە دەکات بۆ کەسایەتیەکانی بەڕێوەبردن لە دامەزراوەکەدا، وەک ئەوەی کە عبدالله بن محمد ال تویم ئاماژەیان پێدەکات: (غانم، سەرچاوەی پێشوو، ل104).

**1-ڕێكاري بانگەشەكردن بۆ دامەزراوەكە**:لەمجۆرەدا جەخت لەسەر بەدیهێنانی ناوبانگ دەكرێتەوە بۆ خودی دامەزراوەكە بەبێ دەرخستنی ئەو كەسایەتیانەی كاری تێدادەكەن وە یاخود دەرخستنی بەڕێوەبەرانی دامەزراوەكە، ئامانج بەرگریكردنە لەدامەزراوەكە و باشتركردنی هزرەوێناكەی لەڕێگەی خستنەڕووی بەرهەم و چالاكییەكانی، هەندێكجار لەوانەیە پەیوەندی گشتی پەنا بباتەبەر دەرخستنی زانیاری كەموكورت یان دەربڕینی دەستەواژەی وەها كەببێتەمایەی دەركەوتنی دامەزراوەكە و لە دامەزراوەكانی دیكەی جیابكاتەوە، هەڵبژاردنی ئەم ڕێكارەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو باوەڕەی كە جەماوەر زیاتر بایەخ بە كاروچالاكیەكانی دامەزراوەكان دەدەن.

**2-ڕێكاری بانگەشەكردن بۆ سەركردەكانی دامەزراوەكە**: پەیڕەوكارانی پەیوەندیگشتی بەپێی ئەم ڕێكارە هەوڵی باشتركردنی هزرەوێنا و ناوبانگی سەركردەكانی دامەزراوەكە دەدەن لەڕێگەی جەختكردنەوە لە كەسایەتیاندا، هەروەها كار و بەرهەمە باشەكانی دامەزراوەكە دووبارە دەكەنەوە خزمەتی بەرژەوەندی كەسایەتیەكان و ئەو دەستەواژانە بەكاردەهێنن كە ئاماژە بە جیاوازی و دەركەوتوویی سەركردەكانی ڕێكخراوەكە دەدەن، هەڵبژاردنی ئەم ڕێكارە لەسەر بنەمای ئەو باوەڕەیە، كە جەماوەر بایەخدەدات بە كار و خزمەتگوزاریەكانی سەركردایەتی دامەزراوەكان.

لە ئەنجامی خوێندنەوەی توێژەر بۆ ئەو خاڵانەی سەرەوە لە بواری ڕێكارەكانی پەیوەندیكردن لە بواری بازاركردن و خانووبەرە، توێژەر پێیوایە، مەرج نیە سەرجەم ڕێكارەكان گونجاوبن بۆ هەموو هەڵوێستەكان یان بۆ سەرجەم دامەزراوەكان وەكو یەكبێت، وە یاخود ئەو ڕێكارەی لە كاتێكی دیاریكراودا ئەنجامی باشی هەبێت بۆ هەمووكاتەكان و شوێنەكان هەمان ئەنجامی هەبێت، بەڵكو بەكارهێنانیان دەوەستێتە سەر كۆمەڵێك هۆكاری وەك ئاستی گونجاوی ئەو ڕێكارە لەگەڵ ئەو هەڵوێستەی، كە پێویستە كاری لەسەربكرێت یان ئەو شێوازەی دەیەوێت بیگرێتەبەر لە ناساندن و برەوپێدانی دامەزراوەكە و بەرهەمەكانیدا...هتد، وە دەشتوانرێت چەند دانەیەك لە ڕێكارەكان پێكەوە بەكاربهێنرێ بە پێی پێویستی هەڵوێستەكان و خواستی بارودۆخەكان، وەیاخود جەختبكاتەوە لە بەكارهێنانی یەكێكیان جیاواز لەوانی دیكە، بەڵام لە هەموو حاڵەتەكاندا پێویستە بە جۆرێك بەكاربهێنرێن كە خزمەت بە ئامانجەكانی دامەزراوەكە و پرۆسەی بەبازاڕكردن بكات، وە بەهامان شێوەی پرۆسەی برەوپێدانی بەرهەمی دامەزراوەكانی دیكە، وەبەرهێنان لە بواری خانووبەرەدا

پێویستی بە پلانی تۆکمە و گرتنەبەری ڕێوشوێنی گونجاوە بۆخستنەڕووی بەرهەمەکانی و ناساندنیان، هەروەها پێویستە پەیوەندیگشتی لە ڕێکخراوەکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە بە وریاییەوە کار لەسەر ئەو ڕێکارانە بکەن کە دەبنە مایەی ڕاکێشانی سەرنجی زۆرترین جەماوەری جێگەی مەبەست و باشترین شێوازی پاڵپشتی بکات لە پرۆسەی برەوپێدان و فرۆشتنی بەرهەمەکانیان.

## پاری دووەم:چەک و واتای بەبازاڕکردن و پەیوەندی(پەیوەندی گشتی) بە بازاڕکردنەوە

### 1: چەمک وپێناسەی بەبازاڕکردن

بەبازاڕکردن (Marketing)چەمکێکی (ئەنگلۆ-سەکسۆنیە)* ، لە سالانی پەنجاکاندا هاتۆتە فەرەنساوە و بەکارهاتووە، بە واتای هەموو ئەو هەوڵ و کۆششانە دێت کە دەدرێن لە پێناوی ڕاکێشانی سەرنج و بایەخی زۆرترین کڕیاردا، هەروەها لە پێناوی پاراستنی دڵسۆزی ومانەوەی سەوداکارەکانی دامەزراوەدا، وە هەموو ئەو ڕێگاوشێوازانەیە کە دامەزراوە دەیگرێتەبەر بۆ فرۆشتنی کاڵاو خزمەتگوزارییەکانی. (ڤیو: 2008، ل27)

فیلیپ کۆتلەر Philib kotler پسپۆرو شارەزا لەبواری بەبازاڕکردن پێیوایە کە ساناترین پێناسە بۆ بەبازاڕکردن بریتییە لە" پرۆسەی بەدەستهێنانی قازانج، هەروەها پرۆسەی دروستکردنی پەیوەندی و هەوڵی پاراستنی پەیوەندیە لەگەڵ کڕیاردا.
(Philip Kotler & Gary Armstrong,2010,p:28 )

هەروەها دوو ئامانجی سەرەکی بۆ پرۆسەی بەبازاڕکردن دیاریدەکات کە بریتین لە: بە دەستهێنانی سەوداکاری نوێ بۆدامەزراوەکە لە ڕێگەی پێشکەشکردنی کاڵا و خزمەتگوزاری باش و بەبایەخ، ئامانجی دووەمیش پاراستنی پەیوەندییە لەگەڵ سەوداکارەکانی دامەزراوەکە لە ڕێگەی هەوڵی بەردەوام بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندییان لەبارەی دامەزراوەکە و کاڵاو خزمەتگوزارییەکانی. (Philip kotler & Gary Armstrong,2008,p:4 )

(غی اودیجیە) پێناسەی بەبازاڕکردن دەکات وەک هونەر وجەخت لەسەر ڕەگەزەکانی پرۆسەکە دەکاتەوە ودەڵێت: بەبازاڕکردن هونەرە، لەسەربنەمای ئاراستەکردنی چالاکیەکانی

---

* Anglo-Saxon: Person Of English Descent نەوەەی ساکسۆن لە ئەڵمانیای نوێ،بە مانای کەسێکی ساکسۆنیە و بەزمانی ئنگلیزی-ساکسۆنی،بەواتای کەسێک لە ڕەگەزی ئەنگلۆساکسۆنە و لە دانیشتووانی ئینگلتەرا بووە لە پێش فەتحی نۆرمانی. (www.almaany.com/ar/dict/ar-e)
دەرکەوتنی ئەم ناوە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (5) ی زاینی و سەردەمی پاشا ئەلفرێدی گەورە، کاتێک کە کۆمەڵە پاشایەکی ناوچە بچووکەکانی ئینگلتەرا یەکیانگرت، ئەو پاشایانەی لە باکوور بوون دەستەواژەی ئەنگلۆ و پاشاکانی باشووریش ساکسۆن کە ڕەگەزیان دەگەڕێتەوە بۆ خێڵە ئەڵمانیەکان لە پێش جێگیربوونیان لە ئینگلتەرا، واتا لە پێش سەدەی پێنجی زاینی، ئەم دەستەواژەیە دواتر پەرەیسەند و سەرجەم گەلە سپی پێستەکانی بەریتانیای گرتەوە لەوانەش: سکۆتلەندییەکان و وێڵز و پرۆتستانتەکانی ئێرلەندا، لە ئێستا فراوانتر بەکاردەهێنرێت و سپی پێستەکانی ئەمریکاش دەگرێتەوە کە ڕەچەڵەکیان ئنگلیز و سکۆتلەندی و ئەڵمانی و تەنانەت دانیمارکیشە، هەروەها ئەو ئاوارانەی ئینگلتەرا کە لە سەردەمی داگیرکاری بریتانیا وولاتیان جێهێشتووە بەتایبەتی سپی پێستە پرۆتستانتەکانی کەنەدا و ئوستورالیاو نیوزیلاند، وە کەناڵە ئاسمانییەکان لە ساڵی 2005 ووشەی ئەنگلۆ ساکسۆنیان بۆ یەکگرتنی ڕۆژئاواییەکان بەکارهێنا بەتایبەتی ئینگلتەرا و ئەمریکا.
(om.s-oman.net/shmwthread )

دامەزراوەکە و لە پێناوی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی سەوداکارەکانیەتی بەباشترین شێوە لە چوارچێوەی سیاسەتی هاوئاهەنگیدا، ئامانجی بەرفراوانکردنی چالاکییە گشتیەکانی دامەزراوەکەیە لەبەرامبەر بازاڕدا، ئەو چەمکانەی لەم پێناسەیەدا هاتوون: (اودیجیە: 2008، ل9-10)

- هونەر لە پرۆسەی بەبازاڕکردن: بارودۆخێکی دەروونیە ویست و جەختکردنەوەیە لەسەربنەمای تەکنیکی تاڕادەیەک ئاڵۆز دامەزراوە.
- ئاراستەکردن: بە مانای ئامانج وچالاکی دامەزراوەکە لە پێناوی ڕەزامەندی ودابینکردنی پێداویستی سەوداکاران ئاراستەبکرێت.
- چالاکییەکان: مەبەست لەچالاکییەکانی ئاوێتەی بەبازاڕکردنە کە پێکهاتوون لە(بەرهەم، نرخ، دابەشکردن، پەیوەندی گشتی)
- سەوداکاران: مەبەست کڕیارەکانە (تاکەکان یان لایەن و دامەزراوەکان....)کە خاڵی یەکگرتنی هەموو هەوڵەکانن.
- سیاسەتە هاوئاهەنگەکان لە پرۆسەی بەبازاڕکردن: بە مانای دانانی پلانی لۆجیکی و هەمئاهەنگ بۆهەموو ئەو کارانەی، کە پەیوەستن بە ئامانجی ڕێکاریی و گونجاو بۆ ئەنجامدانی پرۆسەکە.
- فراوانکردنی چالاکییە گشتیەکانی دامەزراوەکە: ئەرکی بەبازاڕکردن پێویستە تێکهەڵکێش و نزیکبێت لەسەرجەم ئەرکەکانیتری دامەزراوەکە(دارایی، بەرهەمهێنان، سەرمایەی مرۆیی...).
- دامەزراوە لەبەرامبەر بازاڕدا: بە مانای شیکردنەوەی پێکهێنەرەکانی بازاڕ، کە هۆکارێکی سەرەکی سەرکەوتنی دامەزراوەکەیە.

(مارتن بیل) لە ڕوانگەی بەڕێوەبردنەوە پێناسەی بەبازاڕکردن دەکات و دەڵێت: بەبازاڕکردن کاری بەڕێوەبەریتی تایبەت بە دانانی پلانی ڕێکاریە بۆهەوڵەکانی پرۆژەکان و ئاراستەکردن و چاودێریکردنیانە لەچوارچێوەی بەرنامەگەلێکی داڕێژراو بەئامانجی بەدەستهێنانی قازانج بۆ دامەزراوەکە و تێرکردنی پێداویستیەکانی بەکاربەران، ئەم کارە پێویستی بە یەکخستنی سەرجەم چالاکییەکانی پرۆژەکە هەیە (بەرهەم، سپۆنسەرەکان، فرۆشتن،...). (احمد و عودة، 2010، ل26).

بەبازاڕكردن بە چالاكییەكی گۆڕاو ئەژماردەكرێت، ڕاستەوخۆ كاریگەردەبێت و دەگۆڕێت بەهۆی گۆڕانكاری لە ژینگەی دامەزراوەو ویستی بەكاربەراندا، لەبەر ڕۆشنایی ئەم گۆڕانكارییانە نووسەران و توێژەران هاوڕانین لەسەرچەمك و پێناسەیەكی دیاریكراو بۆ بەبازاڕكردن. (غنيم، 2009، لا23)

وە بێگومان كۆمەڵگەكانیش جیاوازیان هەیە لە سستمی ئابوریاندا، ئامانجە كۆمەڵایەتیەكانیش لە وڵاتێك بۆ وڵاتێكیتر جیاوازە، بەڵام ڕووبەڕووی كێشەی ئابوری دەبنەوە ئەگەر سەرمایەداری بن یاخود هاوبەشی، وە ئەركەكانی بەبازاڕكردن هەرئەبێت جێبەجێ بكرێت، بۆ نموونە ئەركی: ریكلام، گواستنەوە، نرخدانان.... لەسەرجەم سستمەكاندا بوونیان هەیە بەبوونی گۆڕانكاری لە وردەكاری جێبەجێكردنیاندا، ئەمەش بەپێی جیاوازی لەبارودۆخی سیاسی و ئابوری و كۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی یاسادانان و...( حنا، 2010، ل9).

بەشێوەیەكی گشتی دووجۆرتێگەیشتنی تایبەت بە چەمكی بەبازاڕكردن بوونیان هەیە: یەكەمیان جەخت لەسەر ڕۆڵی كۆمەڵایەتی بەبازاڕكردن دەكاتەوە، وەدووەمیان پێشینەیی دەبەخشێتە چەمكی ئاسانكاری بۆ باشتركردنی ئاستی ژیان و چەمكی دامەزراوەكان. (صبره، 2010، ل9).

لە تێگەیشتنی تازەشدا بۆچەمكی بەبازاڕكردن جەخت لەسەر چەند بنەمایەك دەكرێتەوە: (صبره، 2009، ل28-29)

- نرخاندن و تێگەیشتن لە ئاستی ستراتیژی بەكاربەر لە مانەوە و جێگیربوون و گەشەی دامەزراوەكان.
- ژیریی و دركپێكردنی بەڕێوەبەریی دامەزراوەكان لە كاریگەری ئەو بڕیارانەی لەبەشێك لەبەشەكانی دامەزراوەكە دەدرێت لەسەربەشەكانی تری، هەروەها پارێزگاریكردن لە هاوسەنگی سستمەكانی یەك دامەزراوە و سستمەكانی دیكەی دەوربەری دامەزراوەكە.
- گرینگیدان بەداهێنانی ئەوبەرهەمانەی ڕۆڵیان لەچارەسەركردنی كێشەكانی كڕیندا هەیە، وە گرنگی بە جێكەوتەكانی بەرهەمە تازەكان بدات لەسەر قازانجی دامەزراوەكە لەئێستاو داهاتوودا.
- بەرزنرخاندنی ڕۆڵی توێژینەوەكانی بازاڕ و دانانی پلانی ڕێكاریی گونجاو بۆ پرۆژەكان.

دروستکردن و فراوانکردن یاخود لابردن و دووباره دروستکردنەوەی بەشەکانی دامەزراوەکە، ئەمەش لەبەر ڕۆشنایی بەکارهێنان و چاودێریکردنی کۆی ئامرازەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی بەکاربردن.

کۆمەڵەی ئەمەریکی بۆ بەبازاڕکردن (The American Marketing Association) بەمجۆرە پێناسەی بەبازاڕکردن دەکات: ئەرکێکی ڕێکخراوەیی و کۆمەڵێک پرۆسەیە کە ئەنجامدەدرێت بۆ دروستکردن وبەڕێوەبردنی پەیوەندی لەگەڵ سەوداکاراندا لەڕێگەی پێشکەشکردنی کاڵاو خزمەتگوزاری بەبایەخ، بەوشێوەیەی کە ببێتە مایەی قازانج بۆدامەزراوەکە لەلایەک و ئەو کەس و لایەنانەی کەسوودمەندن لە بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانی دامەزراوەکە لەلایەکەی ترەوە.
(J.Paul Peter & James H.Donelly.Jr,2008,p:3)

بەشێکی زۆری نووسەران و توێژەران لە بواری بەبازاڕکردن پشت بەم پێناسەیەی کۆمەڵەی ئەمەریکی دەبەستن، کە بۆپرۆسەی بەبازاڕکردن پێشکەشی کردووە، وە تیایدا بەبازاڕکردن پرۆسەیەکی گشتگیر وبەردەوامە، لە پێش بەرهەمهێنان دەستپێدەکات بە لێکۆڵینەوە لە پێداویستی وداواکاری بەکاربەران و لە پاڵنەرەکانی کڕین وتوانا داراییەکان، هەروەها بەردەوامدەبێت لەکاتی بەرهەمهێنان و دوای قۆناغی فرۆشتن، بەمشێوەیەش هەموو ئاراستەکانی چالاکییەکە دەگرێتەوە، کە ئامانجی بەدیهێنانی پێداویستی تاکەکانە لەڕێگەی ئاڵوگۆڕکردنەوە. (الملكاوي، 2008، ل9)

## 2 : ئاویتەی بەبازاڕکردن Marketing Mix و ئاویتەی برەوپێدان

ئاویتــەی بــەبــازاڕکردن بــە کلیلــی ســەرکــەوتــن دادەنرێــت لــە پرۆســەی بــەبازاڕکدنــدا، ڕەگەزەکانی ئاویتەی بەبازاڕکردن، کە زۆرجاریش بە ڕەگەزەکانی ڕێکاریی بەبازاڕکردن ناودەبرێن، کۆی ئەوڕەگەزانە دەگریتەوە کە دەکرێت بخرێنە ژێر ڕکێف و ڕێکخستنەوەیان بە پێی گۆڕاوەکانی ژینگە، بەلام لەژینگەی دەوروبەردا گۆڕاوی دیکە بوونیان هەیە کە ناتوانرێ دەسەلاتیان بەسەردا بگیرێ ودەبنە هۆی دروستکردنی فشارو بەرتەسککردنەوەی هەلبژاردنە ڕێکاریەکان لەبەردەم دامەزراوەکاندا، سەربارى کاریگەریان لەسەر ئەو ڕێکاریانەی کە هەلدەبژێردرێن بۆئەوەی کاریان لەسەربکرێت و جێبەجێبکرێن. (الصمیدعي و عثمان2003،ل16)

ئاویتەی بەبازاڕکردن لە کۆمەلێک گۆڕاوی سەرەکی پێکدێن کە دەکەونە ژێر ڕکێفی دامەزراوەکانەوەو بە (Ps4) دەستنیشان دەکرێن،ئەوانیش: (بەرهەم Product، نرخPrice، شوێن Place وبرەوپێدان Promotion )ن، بەلام لەشێوازی جێبەجێکردنی ڕەگەزەکانی ئاویتەی بەبازاڕکردن جیاوازی هەیە و دەکرێت ڕەگەزی دیکەیان بۆزیادبکرێت، ئەم زیادکردنە لە پێناوی بەبازاڕکردنی خزمەتگوزارییەکانە، بەمشێوەیەش ئاویتەکە فراوانتردەبێت و بەزیادکردنی سێ ڕەگەزی دیکە دەبن بە حەوت ڕەگەزو پێیان دەووترێت (ئاویتەی بەرفراوانی بەبازاڕکردن بۆ خزمەتگوزارییەکان)، وە بەشێکی زۆر لە شارەزایان وپسپۆرانی بواری زانستی بەبازاڕکردن لەسەر ئەم زیادکردنە ڕێککەوتوون، ئەو سێ ڕەگەزەش، کەزیادکراون پێکهاتوون لە: (پرۆسەکان Processes، خەلک یاخود ڕەگەزی مرۆیی People وە بەلگەی پێکهاتەیی Physical Evidence) بەم شێوەیەش دەبن بە(Ps7). (الصمیدعي و عثمان، 2011، ل301)

بۆ تێگەیشتن لەهەریەکێ لەڕەگەزەکان و گرنگی و بایەخیان لە پرۆسەی بەبازاڕکردن و پێگەیان لە ئاویتەی بەبازاڕکردندا، توێژەرهەولی شیکردنەوەی هەریەکێکیان دەدات.

1-بەرهەم Product: یەکێکە لە گرنگترین ڕەگەزەکانی ئاویتەی بەبازاڕکردن، بەلکو ڕەگەزەکانی دیکەش بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە بوونی بەرهەم دەبەستن، بەرهەم کالا یان خزمەتگوزارییە، لەبازاڕدا دەخرێتەڕوو بە شێوەیەک، کەسەرنجی کڕیارەکان بۆ کڕین و بەکاربردنی ڕادەکێشێ بۆ بەدیهێنانی پێداویستیەکانی.( ڤیو، 2008، ل140)

برودلـی (Brodly )لـەدیـاریکردنی چـەمکـی بـەرهـەمـدا دەڵێـت:"بـەرهـەم کـاڵا و خزمـەتگوزارییـەکـان و شـوێن و کـەس و ڕووداوەکـان و دامـەزراوەکـان و بیروبۆچوونـەکـان و....هتـد دەگرێتـەوە، هـەروەهـا دەشـکرێت بـەرهـەم تێکـەڵـەیـەک بێـت لـەهـەمـوو ئـەوانـە". (وەرگیراوە لە:Philip Kotler & Gary Armstrong,2008,p218)

جگە لەوەش بەرهـەم تـەنها لـەکۆمـەڵێک تایبـەتمـەندی بابـەتی و تـەکنیکی پێکنـەهاتووە کە خزمەتگوزاریەکی دیاریکراو پێشکەشبکات، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا کۆمـەڵێک لایـەنی ئـەرێنی و ئامـاژەی بینـراوو هـەستپێکراوی هـەیە، کـە لـەلایـەن کـەسـە جیـاوازەکـان و بـەپـێ جیـاوازیی کەسێتییان سوودی لێوەردەگرن. (اودیجیە، 2008، ل147)

2- نـرخ Price : نـرخ ڕەنگدانـەوەی بـەهـای شـتێکە لـە مـاوەی کـاتێکی دیـاریکراودا، بـەهـاش بابـەتێکی کـەسـیی ونـەرمـە دەکرێت بـەرجـەستە بێت و بـەپـارە دەربڕینـی لێبکرێت، یـان لەگۆڕینەوە بەرامبەر بە کاڵایەکی تربێت، هەروەک چۆن دەکرێت شتێکی نابـەرجـەستە بێت و لـەهـەسـتی شـانازی بـەخـۆکردن لـەکـاتی موڵکداری لێکردنـی کاڵایـەکـی دیـاریکراوەوە دەربکەوێت. (غنیم، 2009، ل289)

نرخ یەکێکە لەچەکەکانی پرۆژەکان کەلـەکاتی ململانێدا بـەکاریـان دەهێنێ، لـەم ڕۆڵـەشـیدا پێویـستە نـرخ لـەهاوئاهـەنگییـەکـی تـەواودابێـت لـەگـەڵ ڕەگـەزەکـانی دیکـەی ڕێکاریـەکـانی پرۆژەکاندا یەکبێتەوە. (احمد و عودة2010، ل39)

بڕیـاری دانـانی نـرخ لـەسـەر بـەرهـەم و خزمـەتگوزارییـەکـان لـە گرنگتـرین و ئـاڵۆزترین بڕیارەکانی هەردامەزراوەیەکی ئابوری و قازانج ویستە، چونکە ئەگەر کڕیارەکان نرخـەکـەیـان بـەلاوە زۆربـوو لـەوانـەیـە ڕوولـە کڕینی مارکە بازرگانیـە ململانێکارەکان بکـەن، یـان هـەوڵـی کڕینـی بـەرهـەمـی دیکـە بـدەن، ئـەمـەش دەبێتـە مایـەی لـەدەسـتدانی قـازانج بۆدامـەزراوەکـە، وەلەلایەکی ترەوە ئەگەرنرخ هـەرزان بێت فرۆش زیـاتر دەبێت بـەڵام بەهـەمـان شـێوە قـازانج کەمدەکات، هەربۆیە پێویست دەکات بڕیـارەکانی تایبـەت بـەنرخ لـەسـەربنـەمـای لێکۆڵینـەوە و بنەمای زانستی و گونجاوبیت،وە لەسـەر بنـەمـای سـێ فـەلسـەفـەی ئـابوری نـرخ دادەنرێت کـە بریتین لە: فەلسەفەی ئیشتیراکی، فەلسەفەی سەرمایەداری، فەلسەفەی تێکـەڵـەی ئیشتراکی و سەرمایەداری.

(J.Paul Peter& James H.Donnelly.Jr,2008,p161)

کۆمەڵێک هۆکار هەن کە کاریگەری دەکەنە سەردانانی نرخ هەندێک لە هۆکارەکان ناوخۆیی و ئەوانی دیکە لە دەرەوەی دامەزراوەکەوە سەرچاوەدەگرن، لەگرنگترین هۆکارە ناوخۆییەکان ئەو ئامانجانەیە کە پرۆژەکە لەدوای بەدیهێنانیەتی، ئەویش دەسکەوتنی بەرزترین ئاستی قازانجە لەپرۆژەی وەبەرهێناندا، وە داپۆشینی بازاڕ بە بەرهەمەکانی، وەهەروەها ئاستی بەردەستبوونی سەرچاوە دارایی و سروشتی و مرۆییەکان، تێچووی بەرهەم، نرخی گشتی، کرێی کرێکار، ڕەگەزەکانی تری ئاوێتەی بەبازارکردن، بەڵام هۆکارە دەرەکییەکان خۆی لە: خواست، ململانێ، باری دارایی گشتی، نەریتی باو لەدانانی نرخدا، یاسا و بڕیارە حکوومییەکان، وە لەجۆرەکانی نرخ: نرخی کاڵاکە، نرخی تەواوکەر،نرخی شمەکی لەجیاتی. (صبرة،2010، ل153)

3-شوێن Place: لە ئاوێتەی بەبازارکردندا شوێن بەمانای هەموو ئەو چالاکییانە دێت کە پێویستە بۆ بەدەستگەیاندنی بەرهەم لەو شوێنەی کە بۆ بەکاربەر گونجاوە. (غنیم، 2009، ل30)

لە ڕاستیشدا بازاڕی ئابوری پێکهاتووە لەو پانتاییەی کە دەکەوێتە نێوان بەرهەمهێن و بەکاربەر، هەربە هۆی ئەم بۆشاییەوە پێویست دەکات هەندێک چالاکی ئەنجامبدرێت کەببنە هۆی کۆکردنەوەی خاڵی بەرهەمهێنان وبەکاربەران، لەوچالاکییانەش: دابەشکردن کە پێهاتووە لەو پرۆسەیەی لە ڕێگەیەوە کاڵا وخزمەتگوزارییەکان لە شوێنی بەرهەمهێنانیانەوە بۆ شوێنی بەکاربردنیان دەگوازرێتەوە، کەناڵی دابەشکردن، کەپێکهاتووە لەوڕێگایەی کە کاڵا و خزمەتگوزاری پێدا تێپەڕدەبێت، وە دەروازەکانی دابەشکردن، کە کۆمەڵێک ڕێکخستن و دامەزراوەی لەیەک گرێدراون ، ئەرکیان دابینکردنی کاڵا و خزمەتگوزارییەکانە بۆ بەکاربردن و بەکارهێنان. (صبرة،2010، ل173)

پێویستە دابەشکردن و هەڵبژاردنی ڕێگە و شێوازی چۆنێتی دابەشکردن بە پێی ئەو بارودۆخە بێت کە لەگەڵ خواستی بەکاربەراندا یەکبێتەوە، چونکە ئامانجی دابەشکردن خستنە ژێر ڕکێفی کاڵاو خزمەتگوزارییەکانی دامەزراوەکانە بۆ بەکاربەران یاخود بەکارهێنەران. (ڤیو، 2008، ل265)

هەر لە ڕێگەی دابەشکردنەوەیە کە سوودی کات و شوێن و بەردەستبوون لە پرۆسەی بەبازارکردندا دروستدەبێت، هەروەها بڕیارەکانی هەڵبژاردنی دەروازەکانی دابەشکردن بڕیاری ڕێکاری گرنگن لە پرۆژەکاندا وە هەر هەڵەیەک لە هەڵبژاردنی دەروازەی نەگونجاودا

لەوانەیە ڕۆڵی گەورەی هەبێت لەسەرنەکەوتنی پرۆژەدا، وە زۆرکەم ڕێکدەکەوێت لە ئێستادا پرۆژەکان ڕاستەوخۆ کاڵاکانیان بفرۆشن، بەڵکو پشت بە چەند نێوەندگیرێک دەبەستن کە شارەزان لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی بەبازارکردن. (حنا،2010، ل207)

4- بـــرەوپێـــدان Promotion: ســـتاتۆن Staton پێناســـەی بـــرەوپێـــدان دەکـــات و دەڵێت"برەوپێدان پەیوەندیگرتنە بە بەکاربەران و ناساندنیانە بە کاڵا و خزمەتگوزارییەکان و ڕێنیشاندانیانە بۆ چۆنییەتی بەدەستهێنانیان، هەروەها چالاککردنی خواست و زیادکردنی فرۆش و بەدیهێنانی قازانجە بۆ دامەزراوەکان ئەمەش لەڕێگەی شێوازە جیاوازەکانی پەیوەندیگرتنەوە دەبێت"( الصمیدعی و عثمان، 2011، ل337)

برەوپێدان کۆمەڵێک ئامراز لەخۆدەگرێت کە نەخشەسازییان تێداکراوە بۆ جەختکردنەوە و هاندانی کڕین و بەهێزترکردنی وەڵامدانەوەی بازاڕ بۆشمەک و کاڵاکان، ئەم ئامرازانە لە لایەن دامەزراوەکان، کارگەکان، بازرگانەکان، هەروەها دامەزراوە قازانج نەویستەکان و....هتد، بەکاردەهێنرێت، هەروەها دەکرێت ئامانجی برەوپێدان بەکاربەر یان کڕیاری کۆتایی بێت وە ئەشکرێ کڕیارانی کەرتی بازرگانی بن. (وەرگیراوە لە: Philip kotler &the others,2004,p785)

برەوپێدان بە ئامرازێکی کاریگەر دادەنرێت بۆ ئەنجامدانی ئاسانکاری لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردندا، ئەمەش لە ڕێگەی پێدانی زانیاری بە بەکاربەران لەبارەی بەرهەم و سروشت و تایبەتمەندییەکانی بەرهەمە جۆراوجۆرەکان، هەروەها زۆرچالاکی لەخۆدەگرێت وەک: ریکلام، فرۆشتنی کەسی ، پروپاگەندە و چالاککردنی فرۆش ...، ئەم ئامرازانەش دەکرێت ببنە مایەی دروستبوونی وێنایەکی ڕوون لەبارەی دامەزراوەکە بە پلەی یەکەم وە هەروەها گرنگی بەرهەمەکانی بۆ بەکاربەران لە پلەی دووهەمدا بەرجەستە بکات. (الصیرفی، 2005، ل47)

بەشێکی زۆر لەشارەزایان وپسپۆران ولێکۆڵەرانی بواری بەبازارکردن پێیان وایە کەئەوچوار ڕەگەزە کەمە، بەتایبەتی لەبواری بەبازارکردنی خزمەتگوزارییەکاندا، هەربۆیە باس لە زیادکردنی سێ ڕەگەزی دیکە دەکەن، ئەو ڕەگەزانەش:

1-بەڵگەی پێکهاتەیی Physical Evidnce: دامەزراوەکان کاتێ خزمەتگوزاری پێشکەشی سەوداکارانیان دەکەن، هەوڵدەدەن بەڵگەی بەرجەستەیان هەبێت لەسەرئاستی بەرزی و باشی خزمەتگوزاریەکانیان، چونکە خزمەتگوزارییەکان بە سروشتی خۆیان

نابەرجەستەن، بۆ نموونە: هەندێ دامەزراوەی تەندروستی بە شایستەیی و جوانی دیزاینی بیناکانیان و ئەو ئاسانکاریانەی کە تیایدا دروستکراوە لە هەوڵی بەدیهێنانی متمانە و پیشاندانی لێهاتوویی خۆیدایە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستیدا، وە دامەزراوە هاوچەرخەکان هەڵدەستن بە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتە داراییەکانیان و بڵاوکراوەی تایبەتی لە پێناوی جەختکردنەوە لە سەرکەوتووییان و دروستکردنی وێنای باشی خۆیان لە لای بەکاربەرانیان. (غنیم، 2009، ل30و31)

2-پرۆسەی خستنەگەڕ Process: پرۆسەی بەکارخستن یاخود خزمەتگوزاری بەکاربەران هەموو ئەو پرۆسانە دەگرێتەوە کە تایبەتە بە مامەڵەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سەوداکاراندا، وەک:خزمەتگوزاری سەوداکاران لە دەروازەکانی دابەشکردن و هەروەها خزمەتگوزاری وەڵامدانەوەی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان. (عواد، 2011، ل47).

3-خەڵک People: ڕەگەزی مرۆیی بەیەکێک لە گرنگترین ڕەگەزەکانی ئاوێتەی بەبازارکردن ئەژماردەکرێت، گرنگی و بایەخی ئەم ڕەگەزە بەتایبەتی لە کەرتی خزمەتگوزاریدا دەردەکەوێت، وە بەوپێیەی کە خزمەتگوزارییەکان لە ڕێگەی ڕەگەزی مرۆییەوە پێشکەشدەکرێت، ئەم کارە پێویستی بە ڕاهێنان و ڕێنوێنی باشی ڕەگەزە مرۆییەکان دەکات بۆ ئەوەی ئاستی کارکردنیان باشتربکرێت.( غنیم، 2011، ل31)

توێژەر لەوبارەیەوە ڕای وایە کە زۆرجار و لە زۆر سەرچاوەدا باس لە نزیکایەتی هەردوو چەمکی پەیوەندی گشتی لەگەڵ ڕەگەزی مرۆییدا دەکرێت لە دەزگاو دامەزراوە جیاوازەکاندا، ئەم لەیەکنزیکی وچوونیەکیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارەی کە پەیوەندیگشتی پشت بەڕەگەزی مرۆیی دەبەستێت لەجێبەجێکردنی کارەکانیدا و گرنگی بەلایەنی مرۆیی دەدات، وە پەیوەندیگشتی لە هەوڵی دروستکردن وە پارێزگاری کردن لە پەیوەندی باش وئەرێنیدایە لەگەڵ سەوداکاراندا و بەردەوام کار و ڕێکارەکانی لە پێناوی هێشتنەوە و برەوپێدانی هزرە وێنەی دامەزراوەکەدایە بەو جۆرەی، کە دامەزراوەکە دەخوازێت و مایەی ڕەزامەندی بەکاربەران و کۆمەڵگەیە.

سەبارەت بەبرەوپێدان و بەوپێیەی کە بەبازارکردن چالاکییەکی مرۆییە و لەسەر بنەمای تێرکردنی خواست و پێداویستییەکان لەڕێگەی پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردن دامەزراوە، لایەنی یەکەم (دامەزراوە) بەرهەمەکانی لە (کاڵا، خزمەتگوزاری، بیرورا) پێشکەشی کۆمەڵگە دەکات، لە بەرامبەریشدا کۆمەڵگە پارە (یاخود شتێکی بەبەها) دەداتە دامەزراوە، بەڵام ئەم

پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردنە لەم ئاستەدا کۆتایی نایەت، چونکە بەمجۆرە دەبێت بە پرۆسەیەکی سانای فرۆشتن، بەڵکو دامەزراوە پێویستی بە ناسینی وردی پێداویستی و ئارەزووەکانی کۆمەڵگەیە بۆ ئەوەی هەوڵی بەدیهێنانیان بدات ، هەربۆیە دامەزراوە پرۆسەی پەیوەندیگرتن ئەنجامدەدات لەگەڵ کۆمەڵگەدا بەو ئاراستەیەی، کەببێتە مایەی باشترکردنی کارلێکی مرۆیی و کۆمەڵایەتی لەگەڵ جەماوەر لە ڕێگەی ئاوێتەیەک لە چالاکییەکانی گەیاندن. (البکري، 2006، ل64)

ئەو ئامانجانەی کە ئاوێتەی برەوپێدان لە پێناوی بەدیهێنانیاندا کاردەکات پێکهاتوون لە: (صيرفي،2005، ل474)

1- زاڵبوون بەسەر کێشەی بێئاگایی بەکاربەر لەکاڵا و خزمەتگوزارییەکان،بەپێدانی زانیاری تەواوو دروست بە کڕیار و بەکاربەران.

2- وروژاندنی بایەخی بەکاربەر بۆ کاڵاوخزمەتگوزارییەکان بە هۆی ڕوونکردنەوەی لایەنە باشەکانی و خستنەڕووی پێشکەوتوویی لەچاو کاڵا ڕکابەرەکاندا.

3-دروستکردنی ئاراستەی ئەرێنی لەمەڕ کاڵاکان و توانای بەراوردکردنی لەگەڵ کاڵاکانی تردا، هەروەها یارمەتی بڕیاری کڕین و هانی پەیداکردنی کڕیاری نوێ دەدات.

4-ئاوێتەی برەوپێدان یارمەتی دامەزراوە دەدات کە خۆی دەربازبکات لە ڕکابەری لە ڕێگەی بەدیهێنانی دۆخێکی تایبەت بۆکاڵا و خزمەتگوزارییەکان لە بازاڕدا، هەروەها مسۆگەر کردنی جەماوەرێکی تایبەت بۆ دامەزراوە و بەرهەمەکانی.

کۆمەڵێک تاکتیکی جیاواز لەژێر ڕکێفی ئەو کەسانەدایە، کە هەڵدەستن بە ئەنجامدانی پرۆسەی بەبازاڕکردن بۆ برەوپێدانی پرۆسەکە، وە هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدان کە گونجاوترین شێوە بەکاربهێنن بۆ ئەوەی ببنە مایەی بەدیهێنانی کاریگەری لە بواری گەیاندن و پەیوەندیکردندا، ئەو تاکتیکانە بە ڕەگەزەکانی ئاوێتەی برەوپێدان دەناسرێن و ساناترین پۆلبەندی بۆئەو ڕەگەزانە بریتیە لە: (Jim Blythe,2006,p39)

1- ریکلام.
2- فرۆشتنی کەسیی.
3- چالاککردنی فرۆش.
4- پەیوەندیگشتی.

هەندێک لەسەرچاوەکان ڕەگەزی پەیوەندیگشتی لەگەڵ پروپاگەندە پۆلێن دەکەن (وەک: محمود جاسم الصميدعى و ردينە عثمان يوسف لە کتێبی التسويق الاستراتيجى، وە سمر توفيق صبره لە کتێبی مبادئ التسويق- مدخل معاصر)، وە هەندێکیتر لە سەرچاوەکان پڕوپاگەندە وەکو ڕەگەزێکی سەربەخۆ باسدەکەن (لەوانەش: د.احمد محمد غنيم لە کتێبی التسويق- مدخل التحليل المتكامل) بەڵام هەندێکیتر پڕوپاگەندە، وەکو چالاکییەکی پەیوەندیگشتی لە بواری بەبازارکردندا باسدەکەن لەوانەش (د. ثامر البكرى لە کتێبی الاتصالات التسويقيه و الترويج)، بەڵام توێژەر بەباشی دەزانێت، کە وەک ڕەگەزێکی سەربەخۆ باسی پڕوپاگەندە بکات.

## 1- ریکلام

کۆمەڵەی ئەمەریکی بۆ بەبازارکردن پێناسەی ریکلام دەکات بە: هەموو ئەو هەوڵە ناخودییانەی کە دەدرێت لە پێناوی خستنەڕوو و برەوپێدانی (کاڵا، خزمەتگوزاری، بیرورا) لە بەرامبەر نرخێکی دیاریکراودا، هەروەها ریکلام بەکاردەهێنرێت بۆ گواستنەوەی تێڕوانین و بیری جیاواز و شیکردنەوەی سیاسەت و ڕووداوەکان و دروستکردنی تێڕوانینی بە بایەخ لای جەماوەر.( حجاب و وهبي، بێ بەرواری چاپ، ل83)

ئامانجی ریکلام دروستکردنی کاریگەریە لەسەر جەماوەری مەبەست، وە هەوڵی قایلکردن و ئەنجامدانی پرۆسەی کڕینی بەرهەمی ریکلام بۆ کراوە بە چاوپۆشی لە سنووری جوگرافی ریکلام کە ناوخۆیی یاخود ئەگەر نێودەوڵەتیش بێت. (البكري، 2006، ل151)

ئامانجە سەرەکییەکانی ریکلام لە سەر جەختکردنەوە لە بەدیهێنانی چەند خاڵێک دامەزراوە، ئەو خاڵانەش بریتین لە: (خوخة، 2011، ل26-27)

1-دروستکردنی خواست و کارکردن لەسەر تێرکردنی ئەو خواستە لە کاڵایەکی دیاریکراودا.

2-هەوڵی دواخستنی دابەزینی ئاستی خواست دەدات لەسەر فرۆشتن.

3-کردنەوەی دەروازەی نوێ بۆ بەبازارکردن لە ڕێگەی ئاراستەکردنی هەڵمەتی ڕیکلامی و گەورەکردنی پشکی ڕیکلامکار لەبازاڕدا.

4-دروستکردنی جۆرێک لە پەیوەندی هاوبەش لە نێوان بەکاربەر و کاڵاکاندا، لەڕێگەی گەیاندنی داتاو زانیاری بە بەکاربەر بەو جۆرەی کاریگەری لەسەر بڕیاری کڕین هەبێت.

5-زیادکردنی ڕێژەی کڕین و فرۆشتنی کاڵا و خزمەتگوزاری ریکلام بۆ کراو بە هۆی سەرنجڕاکێشان و وروژاندنی بایەخەوە.

6-زیادکردنی قازانج و بەردەوامیپێدانی دامەزراوەی ریکلام بۆ کراو، هەروەها بونیادی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان لە بازاڕدا پتەوتر دەکات.

7-ناساندن و دەرخستنی تایبەتمەندییەکانی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان بۆ ئەو کەسانەی کە ئەگەری هەیە لە داهاتوودا ببن بە بەکاربەری بەرهەمەکانی دامەزراوەکە.

توێژەر پێی وایە ریکلام بەدیارترین ڕەگەزەکانی ئاوێتەی برەوپێدان دادەنرێت و زۆربەی دامەزراوە هاوچەرخەکان لە بوارێکی بەرفراواندا بەکاریدەهێنن، بەجۆرێک کە بەدەگمەن پرۆسەی بەبازاڕکردن بەبێ ریکلام جێبەجێ دەبێت لەئێستادا.

## 2- فرۆشتنی کەسیی

هەر هەوڵێکی تاکەکەسیە، کە هێزی فرۆشتن لەهەردامەزراوەیەکدا دەیدەن بە ئامانجی بەدیهێنانی فرۆشتن و دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کڕیاردا. (الصمیدعي و عثمان، 2011، ل339)

هەروەها کۆمەڵێک پەیرەوکارییە، کە کارمەندی پسپۆر ئەنجامیدەدەن و ئامانجیان ڕوونکردنەوەی بەرهەمی دامەزراوەکەیە بۆ مامەڵەکاران، وە قایلکردنی سەوداکانە بە کڕین و ئەنجامدانی پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردن. (السعیدي، 2008، ل41)

بەمجۆرە فرۆشتنی کەسیی پرۆسەیەکی گەیاندنی ڕاستەوخۆیە، کە ئامانجی ناساندنی کاڵایە، کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەیە، وەک: پەیوەندیگرتنی ڕووبەڕوو، دروستکردنی پەیوەندی تازە، وەڵامدانەوە و بەدەنگەوەهاتن....، هەروەها کۆمەڵێک لایەنی باشی هەیە وەکو توانای وەڵامدانەوەی پرسیاری کڕیارەکان و پێوانەکردنی کاردانەوەکانیان، سەرجەم هەوڵەکانی برەوپێدان چڕدەکاتەوە لە مامەڵەکردن لەگەڵ کڕیاردا و هەستی گرنگی و بایەخپێدانی لا دروستدەکات، ئەمە سەرەڕای توانای گۆڕینی شێوازی فرۆشتن و بەدەنگەوەهاتنی سەوداکار بەپێی ئەو بارودۆخەی کە هەیەتی، هەربۆیە کە بە هۆکارێکی گرنگی پەیوەندی لە نێوان کارمەندی فرۆشتن و سەوداکاراندا دادەنرێت، ئامانجەکانیشی بەپێی ڕێکارییەکانی بەبازاڕکردن و سروشتی ئاوێتەی برەوپێدان دیاریدەکرێت. (صیرفي، 2005، ل556-558)

## 3- چالاکاندنی فرۆش

مەبەست لە چالاکاندنی فرۆش هەموو ئەو چالاکیانەیە کە کاردەکەنەسەر زیادکردنی فرۆشتن لە ڕێگەی دروستکردنی ئارەزوو لای بەکاربەر و سەوداکاران بۆکڕین، هەروەها

ئامانجی سەرەکی لە چالاککردنی فرۆشدا پێکهاتووە لە زیاترکردنی ڕێژەی فرۆشراو، وە بەدیهێنانی قازانجی نزیک مەودا لە پانتاییەکی جوگرافی دیاریکراودا. (غنیم، 2009، ل423)

ئامرازە بەکارهاتووەکان لە چالاککردنی فرۆشدا سێ جۆرن): حنا،2010، لا303و304)

1-ئەو ئامرازانەی کە ئامانجیان بەکاربەری کۆتاییە و پێکهاتوون لە (تابلۆ، نووسراوی کۆگاکانی دابەشکردن، سامپڵی خۆڕایی بەرهەمەکان، ئەو ساڵنامانەی وەکو دیاری پێشکەشی کڕیاران دەکرێت، پێشبڕکێ و دیاری ، کۆبۆنی ناورۆژنامە و گۆڤارەکان، پووڵی چاپی بازرگانی، کە کڕیار لە کۆکردنەوەیان بە بەهایەکی دیاریکراو خەڵات دەکرێت.

2-ئەو ئامرازانەی ئامانجیان دابەشکارانە و هانیان دەدات داوای ڕێژەیەکی زیاتری بەرهەم و کاڵاکان بکەن یان ڕازیببن بە وەرگرتنی کاڵا و بەرهەمی تازە، نموونەی ئەم ئامرازانەش داشکاندنی نرخ بۆ کاتێکی دیاریکراو یان پێدانی بڕێکی کاڵاکان بەبێ بەرامبەر ئەگەر بڕێکی زۆر بەرهەمی وەرگرتبێت، وە یاخود بەشدارییپێکردنی دابەشکار لە ریکلامی هاوبەش ئەمەش لە ڕێگەی بەشدارییپێکردنی بەرهەمەکە لە تێچووی ڕیکلامی لۆکاڵی دابەشکارەکەدا.

3-ئەو ئامرازانەی کە ئامانجیان کارمەندی فرۆشتنە و هەوڵی دروستکردنی پاڵنەرە لایان بۆ فرۆشتنی زیاتری بەرهەمەکان وەک هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی سەوداکاری تازە و بازاڕی تازە، لەو ئامرازانەش: پاداشتکردنی کارمەندانی فرۆشتن ئەگەر توانی لە ماوەیەکی دیاریکراودا ڕێژەیەکی باش بفرۆشێت، وە بەخشینی بڕێک پارە وەکو دیاری.

بەشێوەیەکی گشتی چالاککردنی فرۆش لە هەوڵی بەدیهێنانی زۆرترین بڕی فرۆشتن و باشترکردنی پاڵنەرەکانی تاقیکردنەوە و کڕینە، هەروەها لە هەوڵی زانینی چالاکی و تاکتیکی ململانێکارەکان و سوود وەرگرتنە لێیان لەکاتی نێردراوی فرۆشتن، وە بەهێزکردنی بایەخی بەکاربەران بۆ بەرهەمەکانی دامەزراوەکە. (صبرة، 2010، ل199)

**4- بانگەشە**

بانگەشە هونەری کارتێکردن ودەستبەسەراگرتن و پێداگری و گۆڕین و دروستکردنی ئارەزوو، یان گرەنتی وەرگرتنی بۆچوونێکی دیاریکراو یان هەڵسووکەوتێکی دیاریکراوە. (خوخة، 2011، ل14)

لە بانگەشەدا کار لەسەر هەردوو لایەنی عەقڵ و سۆز دەکرێت، وەتەنها بیرورا ناگوازێتەوە بەڵکو لە هەوڵی ڕاکێشانی لایەنی سۆزداریدایە لەو وشانەی کە دەوترێن یان دەنووسرێن، هەربۆیە کاریگەری لەسەر هەست و بیرکردنەوە دادەنێت. (مقابلة والسرابي، 2001، ل269).

بانگەشە زۆر جۆری هەیە لەوانە: بانگەشەی سیاسی، بانگەشەی دژایەتی، بانگەشەی ڕەش، بانگەشەی سپی، بانگەشەی خۆڵەمێشی و....بەڵام مەبەست لێرەدا بانگەشەی بازرگانییە کە بە یەکێک لە گرنگترین جۆرەکانی بانگەشە ئەژماردەکرێت و لە بەربڵاوترینیانە, هەروەها یەکێکە لە ڕەگەزەکانی ئاوێتەی برەوپێدان و لەلایەن دامەزراوە پیشەسازی و بازرگانی و خزمەتگوزاریەکانیشەوە بەکاردەهێنرێت، ئامرازێکی گەیاندن و برەوپێدانی ناخودییە، ئامانجی چالاکاندنی خواستە لەسەر کاڵاو خزمەتگوزارییەکان، لە ڕێگەی بانگەشەی بازرگانییەوە زانیاری لە بارەی دامەزراوەکە و بەرهەمەکانییەوە بڵاودەکرێتەوە، هەروەها بە ئامرازێکی گەیاندنی سەرکەوتوو دادەنرێت لەبەر ئەو کاریگەرییەی دروستیدەکات لەسەر بەکاربەران بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، هەروەها دەبێتە مایەی دروستبوونی هزرەوێنەی دامەزراوەکە و بەرهەمەکانی.( الصمیدعی و یوسف، 2003، ل330)

بانگەشە لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە لەسەر شێوەی چیرۆکەهەواڵ بڵاودەکرێتەوە، هەروەها چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی بیستراو یان وانەی تایبەتی، دەکرێت ئەو لایەنەی پڕوپاگەندە دەکات فەرمی بێت یان نافەرمی، بەڵام لە گرنگترین کێشەکانی ئەوەیە کە بەتەواوی باوەڕپێهێنەرنیە.( السعیدي، 2008، ل42)

بانگەشەی بازرگانی بە ئامرازێکی کاریگەر دادەنرێت لەبەر ئەم هۆکارانە: (صیرفي، 2005، ل535).

1-هەواڵ دەگوازێتەوە بۆ وەرگران و زانیارییەکانی زیاتر لە ریکلام جێگەی متمانەیە.

2-لەگەڵ ئەوەی کە زانیاری دەداتە کڕیاران بەڵام لە هەمانکاتیشدا ئامرازێکی دیاری گەیاندن نیە.

2- توانای بەرجەستەکردنی ڕۆڵی دامەزراوە و بەرهەمەکانی و کارمەندەکانی هەیە لە ڕێگەی چیرۆکە هەواڵییەکانیەوە.

5- **پەیوەندیگشتی**

بەهۆی ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵەی کە هەیە لە نێوان چالاکی و ئەرکەکانی پەیوەندیگشتی لەگەڵ چالاکییەکانی بەبازارکردن، گەشتووەتە ئەو ئاستەی، کە بۆشێوازەکانی برەوپێدان چەمکی پەیوەندی گشتی بەبازارکردن(MPR) بەکاربهێنرێت کە کورتکراوەی (Marketing Public Relation)ە، هەر لێرەشەوە ڕۆڵی پڕبایەخی پەیوەندی گشتی، وەکو یەکێک لە ڕەگەزەکانی ئاوێتەی برەوپێدان لە پرۆسەی بەبازارکردندا دەردەکەوێت. (یوسف و جنید، 2000، ل72)

(MPR) ئاماژەیە بۆ مەودای ئەو چالاکییە گشتییانەی کە پاڵپشتی ڕاستەوخۆی ئامانجەکانی بەبازارکردن دەکەن، هەروەها پەیوەندی دامەزراوەکان لەخۆدەگرێت لەگەڵ کارمەندانی دامەزراوەکە و بەکاربەران و سەوداکاران و سپۆنسەرەکان و دابەشکاران و....هتد، لە ئامرازەکانی پەیوەندی گشتی بۆ برەوپێدان ڕوونکردنەوە و لێدوانی ڕۆژنامەوانی، چاوپێکەوتنە تەلەفزیۆنییەکان، چاپکراوە بازرگانییەکان کە دەربارەی بەرهەمی دامەزراوەکەن و...هتد کە هۆکارن لە بوونی پەیوەندی گشتی بە ئامرازیکی کاریگەر و پاڵپشتی چالاکییەکانی برەوپێدانی ڕاستەوخۆ. (Kurtz&Boone,2006,p539)

لە ئێستاشدا کە وەکو یەکێک لە ڕەگەزەکانی گەیاندنی تەواوکاری بەبازارکردن(الاتصال التسویقی المتكامل) پەیوەندیگشتی بایەخ و ئەرکی لە پرۆسەی برەوپێدانی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان و بیروڕاکان زیادیکردووە و پشت بە چالاکییەکانی دەبەسترێت (توێژەر)

(فیلیپ کۆتلەر)، (مامۆستا لە زانکۆی نورث وسترن) باس لە کۆمەڵێک کاردەکات کەیەکەی پەیوەندیگشتی لە هەر دامەزراوەیەکدابۆ پاڵپشتی لە پرۆسەی بەبازارکردن ئەنجامیدەدات ئەوانیش:( الدلیمی، 2011، ل181)

1-بەدیهێنانی ئاسۆی نوێ بۆ برەوپێدانی بەرهەم و دۆزینەوەی بازاڕی نوێ بە هۆی تێڕوانینی پەیوەندی گشتی بۆداهاتووی بەرهەم و دامەزراوەکە.

2-بەکارخستنی ریکلام لە ڕوژنامەو گۆڤار و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکاندا بۆ گەیشتن بە جەماوەر و زیادکردنی فرۆشی دامەزراوە.

3-بەشداریکردن لە دانانی ڕێکاری و پلانی نوێ بۆ فراوانکردنی پرۆسەی بەبازارکردن.

4-ڕێخۆشکردن بۆ فرۆشتن لە ڕێگەی پەیوەندی کردنەوە.

5-ڕێکخستنی هەڵمەتە ریکلامییەکان لە کاتی گونجاودا و لەو بارودۆخانەی، کە بەرهەم ڕووبەڕووی دابەزینی ئاستی فرۆشتن دەبێتەوە.

6-دەستنیشانکردنی ئەو بەرهەمانەی کە ئاستی فرۆشیان دابەزیوە و کەمتر پێشوازییان لێدەکرێت لەلایەن جەماوەرەوە و هەوڵی دۆزینەوەی بەکاربەری نوێ بۆیان.

7-پەیوەندیگشتی بە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو دادەنرێت لە پێدانی زانیاری لەبارەی بەرهەمەکانی دامەزراوەکە.

8-پەیوەندی گشتی یارمەتی فرۆشتنی بەرهەمە پێشەنگەکان دەدات بە تەرخانکردنی بودجەیەکی نوێ بۆ ئەو بەرهەمانە.

9- پێدانی وەکالەت بە خەڵک و کۆمپانیاکان و دروستکردنی پەیوەندی بۆ ساغکردنەوەی کاڵاو بەرهەمەکان.

هەرچەندە کە ئەو پێنج ڕەگەزە لە چوارچێوەی ڕیزبەندی سەرەکی ئاوێتەی برەوپێدانن، بەڵام ڕەگەزی دیکەش هەیە کە دامەزراوەکان لە برەوپێدانی بەرهەمەکانیاندا بەکاریدەهێنن وەک: فرۆشتنی ڕاستەوخۆ، پۆستی ڕاستەوخۆ،...

توێژەر پێیوایە کە گرنگیدان بە ڕەگەزی پەیوەندیگشتی لە ئاوێتەی برەوپێدان دەوەستێتە سەر ئاستی بایەخپێدانی دامەزراوەکان و باوەڕیان بە کارایی ڕۆڵی چالاکییەکانی پەیوەندی گشتی لە پرۆسەی بەبازارکردندا، هەربۆیە هەندێک لە دامەزراوەکان پەیوەندی گشتی وەکو ئامرازێکی گەیاندن و ڕێکخستنی پەیوەندییەکانیان بەکاردەهێنن، وە هەروەها قەبارەی دامەزراوەکان و جۆری بەرهەمەکانیش ڕۆڵیان لە دیاریکردنی ئاستی بایەخی پەیوەندی گشتیدا هەیە، دامەزراوەی گەورە و مامناوەندی زیاتر پێویستیان بە پەیوەندیگشتی هەیە وەک لە دامەزراوە بچووکەکان کە لەوانەیە کاری ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی بە تەنها فەرمانبەرێک بسپێرن، وە دامەزراوە خزمەتگوزارییەکان لەبەرئەوەی کە زۆربەی کات بەرهەمەکانیان بێ بەرامبەرە(واتە نرخێکی دیاریکراوی نیە) وادەکات بەکاربەران بە ئاسانی لە سەرچاوەیەکی دیکەوە بەدەستی بهێنن، هەربۆیە زیاتر پێویستیان بە پەیوەندی گشتییە بۆ برەودان بە بەرهەمەکانیان.

**3: ئەرک وئامانجەکانی پەیوەندیگشتی لە بواری بەبازاڕکردندا**

پەیوەندیگشتی چوار ئامانجی سەرەکی هەیە): الصرایرة، 2001، ل18)

1- بونیادنانی ناوبانگی باش بۆ ڕێکخراوەکە، لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەیدا.

2- پارێزگاریکردن لە ڕەوشی متمانە پێکردن و ڕەزامەندی جەماوەر بە دامەزراوەکە.

3- سازاندن و پاراستنی هزرە وێنەی ئەرێنی دامەزراوەکە لای جەماوەر.

4- پێکهێنانی ڕەوشێک لە ڕێککەوتنی بەرژەوەندیخوازانەی نێوان ڕێکخراوەکە و جەماوەر.

پەیوەندیگشتی کاردەکات لە پێناوی بەدیهێنانی چەند ئامانجێکدا، پشت دەبەستێت بە شێوازی زانستی و لەسەربنەمای توێژینەوە کارەکانی ئەنجامدەدات، وە ئامانجی هەرە سەرەکیشی دروستکردن و پاراستنی هزرەوێنەی ئەرێن دامەزراوەکە و بەرهەم و کاڵاکانیەتی، وە هەر دامەزراوەیکیش هەوڵدەدات بۆ دروستکردنی پردی بەیەکگەیشتن و لەیەکگەیشتن و هاوکاریکردن لەگەڵ سەوداکارانیدا، چونکە بەردەوامی هەر دامەزراوەیەک و سەرکەوتوویەکەی پەیوەستە بە مەودای ڕەزامەندی جەماوەر لە کاڵا و خزمەتگوزارییەکانی.

بەڕای دکتور(منال طلعت) ئەو ئامانجانەی کە پەیوەندیگشتی لە هەوڵی بەدیهێنانیدایە بە لەبەرچاوگرتنی دوو خاڵ پوخت دەکرێنەوە، ئەو خاڵانەش: (محمود، 2002، ل27).

1-لە بنەڕەتەوە ئامانجەکانی پەیوەندیگشتی هیچ جیاوازییەکیان نیە لە نێوان ڕێکخراوەیەک بۆ ڕێکخراوەیەکی تر هەرچەندە کە جیاوازی هەبێت لە سروشتی چالاکییەکانی ڕێکخراوەکاندا یان لە موڵکداریێتی یەکەیدا.

2-ئامانجی سەرەکی پەیوەندی گشتی بریتیە لە بەدیهێنانی تێگەیشتنی هاوبەش و متمانەی ئاڵوگۆڕپێکراو لە نێوان ڕێکخراوەکە و ئەو لایەنانەی کە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات(لە ناوخۆی دامەزراوەکە وەک: کارمەندان و بەڕێوەبردن و خاوەن پشکەکان، لە دەرەوەی ڕێکخراوەکەش وەک: سپۆنسەرەکان و سەوداکاران و سەندیکاکان، هەروەها ڕێکخراوەکانی دیکەی حکومی و ناحکومی و ...هتد).

بە شێک لە توێژەران و پسپۆران لە بواری پەیوەندیگشتی، ئامانجەکانی پەیوەندی گشتی دابەشدەکەن بەسەر ئەو ئامانجانەی کە هەوڵی بەدیهێنانییەتی لەگەڵ هەر جۆرێکی دیاریکراو

لە جەماوەر، وەک جەماوەری ناوخۆی ڕێکخراوەکە یان دەرەوەی، وە یاخود دەستەیەکی دیاریکراوی وەک سپۆنسەرەکان و دابەشکاران و بەکاربەران....هتد

پێویستە ئامانجەکانی پەیوەندیگشتی لەبەر ڕۆشنایی ئاراستە ئابوری و کۆمەڵایەتیە باوەکاندا دابڕێژرێتەوە کە ڕایگشتی لە بارەیانەوە ڕێککەوتووە، هەروەکچۆن دەبێت کە ئەو ئامانجانە لە ئاستێکی گونجاودا بێت لە ڕووی هەوڵ وتێچووی دارایی و هێزی مرۆییەوە، هەروەها هۆکاری کات کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر دیاریکردنی ئامانجەکانی پەیوەندی گشتی، وەدەکرێت ئامانجەکان بەمشێوەیە پوخت بکرێنەوە: (العدوي، 2011، ل64):

1-دامەزراوەکە پێشەنگ بێت لە بوارێکی دیاریکراوی کاردا، هەروەها خاوەنی تایبەتمەندی خۆی بێت لە بازاڕدا.

2-بەدیهێنان و برەوپێدانی ڕەزامەندی بەکاربەران لە بازاڕەکانی ئیستاو بازاڕە نوێیەکاندا.

3-دامەزراوەکە قازانجی گونجاو بەدەستبهێنێ، بە جۆرێک کە بتوانێ قازانجێکی گونجاو ببەخشێتە خاوەن پشکەکان، هەروەها سەرچاوەی پێویست دابینبکات بۆ فراوانبوون و جێگیربوونی دامەزراوەکە لە داهاتوودا.

4-بە جۆرێک تەماشای دامەزراوەکە بکرێت کە ڕەگەزێکی ئەرێنی و بەکەڵکە لە ناو ئەو کۆمەڵگەیەی کەکاری تێدا دەکات، هەروەها هەستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی دامەزراوەکە زیادبکات لە بەرامبەر توێژە جیاوازەکانی جەماوەر و کۆمەڵگە بەگشتی.

5-بەدیهێنانی ناوبانگی باش و پاڵپشتیکردن لە هزرە وێنەی دامەزراوەکە.

پەیوەندیگشتی وەکو یەکێک لە ئەرکەکانی کە جێبەجێی دەکات بۆ برەودان بە کاڵا و خزمەتگوزارییەکان، سەرەڕای ئەو ئامانجانەی سەرەوە لە هەوڵی کارکردنە لەسەر بەدیهێنانی :

ناساندنی جەماوەر بە ئامانج و سیاسەت و بەرهەمی دامەزراوەکەدایە لە کاڵا و خزمەتگوزاری، وەئاگادارکردنەوەی بەڕێوەبەرێتی ڕێکخراوەکە لە ئاراستەکانی بیرکرنەوەی جەماوەر لە بەرامبەریدا، هەروەکچۆن بەشداریدەکات لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوخۆی دامەزراوەکە، کە دەبێتە هۆی ڕێگری لەبەردەم کارکردندا، ئەمەش لە ڕێگەی دانانی بەرنامەی تایبەتی و بە ئامانجی باشترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ جەماوەری ناوخۆدا، ڕێنوێنیکردن و ئامۆژگاریکردنی بەڕێوەبەرێتی لە بڕیاردانی دروست و دانانی سیاسەتی

تەندروست و پاڵپشتیکردن لە بەرپرسیاریتی کۆمەڵایەتی لەناو ئەو کۆمەڵگەدا . (جودة و ئەوانیتر، 2008، ل33)

سەبارەت بە بواری بەبازارکردن و برەوپێدان، پەیوەندیگشتی لە هەوڵی بەدیهێنانی چەند ئامانجێکدایە:( البکري، 2006، ل286)

1-گۆڕینی ئاراستەی بیرکردنەوەی تاکەکان بە ئاراستەیەکی ئەرێنی لە بەرامبەر کار وچالاکییەکانی دامەزراوەکە، ئەمەش رەنگدەداتەوە لەسەر زیادبوونی فرۆشی چاوەڕوانکراو بۆ بەرهەمەکانی.

2-پەیبردنی تاکەکان و جەماوەر بە بەرهەمەکانی ڕێکخراوەکە و ئاگاداربوونیان لەو چالاکییانەی کە ئەنجامیدەدات, هەروەها باشترکردنی پێگە و پەیوەندییە بازرگانیەکانی ڕێکخراوەکە.

3-نەخشاندنی وێنای ئەرێنی دامەزراوە لەناو کۆمەڵگە و لایەنەکانی تردا، بە جۆرێک ئەو وێنایە ئاوێزانی فەلسەفە و پەیامی ڕێکخراوەکە بێت.

4-بونیاتنانی پەیوەندی پتەوبەهێز لەگەڵ ئامرازەکانی بڵاوکردنەوە و ریکلام، چونکە سەرچاوەی گرنگی برەوپێدانن لە پەیوەندی گشتیدا.

5-پەخشکردنەوەی روحی داهێنان و بەیەکگەیشتنەوە لەگەڵ کۆمەڵگەدا، وە بەدیهێنانی ئەو هزرە وێنەیە لای جەماوەر، کە ڕێکخراوەکە پێگەی کۆمەڵایەتی و هاووڵاتیبوونی لە پێناو خزمەتی گشتیدا بەهێزدەکات.

سەبارەت بە ئەرکەکانی پەیوەندی گشتی ئەوا جیاوازی هەیە لە دیاریکردنی ئەو ئەرکانەی کەپێویستە ئەنجامیبدات، ئەم جیاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ لەبەرچاوگرتنی چەند پێوەرێک کە ڕۆڵیان هەیە لە دیاریکردنی ئەرکەکاندا، ئەو پێوەرانەش بریتین لە: (عجوة و یوسف، 2005، ل6)

1-سروشت وقەبارە وبواری کاری ڕێکخراوەکە، هەروەها بایەخ و قەبارەی ئەو مامەڵەکارانەی کە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات.

2-قەبارەی سەرچاوە داراییە بەردەستەکان، یان سەرچاوە داراییە تەرخانکراوەکان بۆ بەڕێوەبردنی پەیوەندی گشتی.

3-ئەو کەشە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەی کە ڕێکخراوەکە کاری تێدا دەکات.

4-ئاستی تێگەیشتن و پەیبردنی بەڕێوەبەرێتی باڵای ڕێکخراوەکە چەکێکی گرنگی پەیوەندیگشتیە، ئەمەش مەودای باوەڕهێنان بە گرنگی و توانای پەیوەندیگشتی لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی پێی سپێردراوە دیاریئەکات.

بە پێی فرەیی ئامانجەکان و بایەخی پەیوەندیگشتی لە ڕێکخراوە جیاوازەکاندا ئەرکەکانیشی جیاوازدەبن، بەڵام چەند ئەرکێکی دیاریکراو هەیە کە لەلایەن زۆرێک لە پسپۆران و توێژەرانی بواری پەیوەندیگشتی ڕێککەوتنیان لەسەر هەیە، ئەو ئەرکانەش بریتین لە: (عواد، 2011، ل221)

**1-ئەنجامدانی توێژینەوە:** ئەم ئەرکەی پەیوەندیگشتی لە ئەنجامدانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە دا بەرجەستە دەبێت لەبارەی پێوانەکردنی ئاراستەکانی ڕایگشتی جەماوەری ڕێکخراوەکە، بە هەردوو بواری ناوخۆ ودەرەوە.

**2-پلاندانان**: مەبەست لە پلاندانان و نەخشەکێشانە بۆ سیاسەتی پەیوەندیگشتی، ئەمەش بەپێی دیاریکردنی ئامانج و جەماوەری مەبەستدار ئەگۆرێت، هەروەها نەخشەسازی بۆ ڕاگەیاندنی پرۆگرامەکان و دابەشکردنەوەی پسپۆرێتییەکان و دەستنیشانکردنی بودجە و دابەشکردنەوەی بەسەر چالاکییەکاندا.

**3-گەیاندن**: بەمانای پەیوەندیکردن بە جەماوەری مەبەستدار و دیاریکردنی ئامرازە بەکارهاتووەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردن، بە جۆرێک کە گونجاوبێت لەگەڵ هەرجۆرێک لە جۆرەکانی جەماوەر.

**4-بەدیهێنانی هەماهەنگی**: پەیوەندیگشتی کاردەکات لەسەر بەدیهێنانی هەماهەنگی لە نێوان بەشە جیاوازەکانی سەر بە بەڕێوەبەرێتی پەیوەندیگشتی، هەروەها بەدیهێنانی هەماهەنگی لە نێوان بەڕێوەبەرێتییەکانی دیکەی ناو ڕێکخراوەکە لەلایەک و هەمانگی نێوان ڕێکخراوەکە لەگەڵ جەماوەری ناوخۆو دەرەوەیدا.

**5-ڕاستکردنەوە**: مەبەست پێوانەکردن و هەڵسەنگاندنی ئەو ئامانجانەیە، کە بەشێوەیەکی کرداریی بەدیهاتوون، هەروەها ڕاستکردنەوەی بەرنامەکانی پەیوەندیگشتی بۆ زامنکردنی کارایی و توانایان لە بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکاندا.

دکتور (علی جبار الشمری) چوار ڕەگەزی دیکە زیاد دەکاتە سەر ئەرکەکان کە ئەوانیش(ڕێکخستن، سەرکردایەتیکردن، بەدواداچوون، و ڕاهێنان)ن، وە بە شێوازە زانستیەکانی پەیڕەوکردنی کاری پەیوەندیگشتی ناویاندەنێت و مەرجی پەیوەستبوونی

هەریەکێکیان بەوانیدیکەوە دادەنێت، وەپێی وایە کە ناکرێت هەریەکێکیان جودا و سەربەخۆ لەوانیتر تەماشا بکرێت، چونکە ئەو شێوازانە پێکداچوو گرێدراو و تەواوکەری یەکترین. (الشمري، 2010، ل47)

هەریەکە لە دکتۆر (راسم محمد جمال و خيرت معوض عياد) ئەم ئەرکانە بە ئەرکی بەڕێوەبەرێتی پەیوەندیگشتی دادەنێن و چەند ئەرکێکی دیکەشی بۆ زیاد دەکەن، ئەوانیش: (ڕێنوێنیکردنی بەڕێوەبەرێتی ڕێکخراوەکە لە داڕشتنەوەی سیاسەت و پەیوەندییەکانی بە جەماوەر و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە، هەروەها پەیوەندییەکانی لەگەڵ کارمەندان وئەندامانی ڕێکخراوەکە و کۆمەڵگەدا، کاروباری حکومی و بەڕێوەبردنی دۆزەکان، پەیوەندییە دارایی و پیشەسازییەکان، گەشەپێدان و زیادکردنی بەرهەم، هەروەها پەیوەندی ڕێکخراوەکە لەگەڵ کەمایەتی و فرەکلتوورەکان و بەشداریکردن لە ڕووداوە تایبەتەکان و بابەتە گشتییەکان، لە کۆتاییشدا ئەو پەیوەندییانەی تایبەتن بە پرۆسەی بەبازاڕکردن، کە ئاوێتەیەکە لە چالاکییەکانی گەیاندن و نەخشەسازی بۆکراوە بە ئامانجی فرۆشتنی کاڵا یان خزمەتگوزارییەکانی ڕێکخراوەکە و ئەمەش یارمەتی پرۆسەی بەبازاڕکردن دەدات. (جمال و عياد، 2005، ل583).

هەروەها دکتۆر(محمد جودت ناصر) بەهەمان شێوە ئەم ئەرکانە بە ئەرکی بەڕێوەبەرێتی پەیوەندی گشتی دادەنێت بە پێی سێ تەوەرەی سەرەکی دابەشیان دەکات کە ئەو تەوەرانەش بریتین لە: (ناصر، 1998، ل207-209)

1-ئەو ئەرک و خزمەتگوزارییانەی، کە پێشکەشی جەماوەر بەگشتی دەکرێت و پێکهاتوون لە ناساندنی ڕێکخراوەکە و دڵنیابوونەوە لە ڕاستی ودروستی ئەو زانیارییانەی کە پێیان دەدرێت، هەروەها سازاندنی کەشی لەیەکتێگەیشتن و خۆشەویستی و هاوکاری لە نێوان جەماوەر و ڕێکخراوەکەدا.

2-ئەو ئەرک و خزمەتگوزارییانەی، کە پێشکەشی ڕێکخراوەکەی دەکات و پێکهاتوون لە گەیاندنی زانیاری و ئاگادارکردنەوەی ئاراستەکانی ڕایگشتی، هەروەها کارکردن لەسەر برەوپێدان و بەدەسهێنانی ڕەزامەندی لەبارەی ئامانج و سیاسەت و کارەکانی ڕێکخراوەکە لەنێوان دەستە جیاوازەکانی جەماوەردا، هەروەها بەرەنگاربوونەوەی هەر هێرشێکی وەک زانیاری ناڕاست و چەواشەکاری و پڕوپاگەندە و...هتد).

3-ئەو ئەرک و خزمەتگوزارییانەی کە بەتایبەتی پێشکەشی بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەکەی دەکات کە پێکهاتوون لە توێژینەوە و شیکاری زانیارییەکان لە پێناوی ڕوونکردنەوەی پەرچەکردارەکانی جەماوەر و ئاگادارکردنەوەی بەڕێوەبەریتی باڵا لێیان، هاوکاریکردن لە دڵنیایی پەیوەندییەکانی نێوان ئاستەکانی بەڕێوەبەریتی ڕێکخراوەکەدا، هەروەها ڕۆڵی ڕاوێژکارانەی پەیوەندی گشتی بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی بەڕێوەبەرایەتی و بەڕێوەبەرە باڵاکان لە ڕێکخراوەکەدا.

بەو پێیەی کە پەیوەندیگشتی لە بواری بەبازاڕکردندا لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ برەوپێدان و بەبازاڕکردنی کاڵا و بەرهەم وخزمەتگوزارییەکانی ڕێکخراوەکە، بەڕای توێژەر لەژێر هەر ناولێنانێک و هەر پۆلبەندییەکدا بێت ئەو ئەرکانەی پەیوەندیگشتی جێبەجێیان دەکات هاوکار و یارمەتیدەرە لە پرۆسەی بەبازاڕکردندا بەو مەرجەی، کە بایەخی تەواوەتی بە پەیوەندیگشتی بدرێت و چالاکییەکانی بە هەند وەربگیرێت، هەروەها بودجەی تایبەتی بۆ تەرخانبکرێت لە چوارچێوەی گشتی ئاوێتەی برەوپێداندا، وە دووبارە بەکارهێنانەوەی ئەرکەکانی پەیوەندیگشتی لە توێژینەوەکانی بازاڕ و داڕشتنەوەی پلان و هەڵبژاردنی سیاسەت و ڕێوشوێنی ڕێکاری گونجاو بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی بەبازاڕکردن.

# پاری سێیەم: چەمک و واتای وەبەرهێنان و پەیوەندی (پەیوەندیگشتی) بە وەبەرهێنانەوە

1: چەمک و واتای وەبەرهێنان Investment

2: جۆرەکانی وەبەرهێنان و بوارەکانی

3: پایەکانی ژینگەی وەبەرهێنان

4: پەیوەندی تیۆریانەی (پەیوەندیگشتی)بە ژینگەی وەبەرهێنانەوە

**1: چەمک و واتای وەبەرهێنان Investment**

چەمکی وەبەرهێنان(Investment) یەکێکە لە چەمکە ئابوریەکان، واتاکەی لە زانستی ئابوریدا مەبەست لێی: هەر زیادکردنێک یان خستنەسەرێکی تازەیە لە سەرمایەی کۆمەڵگەدا، لەسەر شێوەی بنیاتنانی کارگە و باڵەخانە و کێڵگە و ڕێگاوبان و...هتد دەبێت، ئەمەش بە زیادبوونی باڵانسی ئابوری کۆمەڵگە دادەنرێت.(قبال،2013،ل17).

هەروەها مانای زیادکردن و پەرەپێدانە ،ئەم زیادبوونەش لە سەرمایەدایە، جا لەسەر شێوەی کۆتایی نەختینە (نقد) یان دارایی(مالي) و بازرگانی(تجاري) بێت، یان بە هەرشێوەیەکی دیکەی کە مرۆڤ بە درێژایی مێژووی شارستانیەت ناسیویەتی وەک: خانووبەرە یان موڵکە گواستراوەکان، هەروەکچۆن لەسەردەمی هاوچەرخیشدا شێوەی ماددی و مەعنەوی لەخۆدەگرێت وەک مافی موڵکداری هزری و وێژەیی و مافەکانی هەڵبژاردن و دانان و بابەتەکانی دیکەی مافە مەعنەوییەکان.(شكاكي،2006،ل9).

لە دیاریکردنی چەمکی وەبەرهێناندا جیاوازی بەدیدەکرێت لە نێوان زانستی ئابوری لەگەڵ زانستی بەڕێوەبەرێتی داراییدا، مەبەست لە وەبەرهێنان لە زانستی ئابوریدا بە زۆری بەدەستهێنانی هەبووە مادیەکانە (الموجودات الماديه)، چونکە ئابوریناسەکان بەجۆرێک لە خستنەکار و وەبەرهێنانی سەرمایە دەڕوانن کە بەشداریدەکەن لە بەرهەمهێناندا، بەرهەمیش هەر شتێکە کە سوودێک بگەیەنێت یان سوودێک دروستبکات، جا لەسەر شێوەی کاڵا یان خزمەتگوزاریدا بێت، ئەم بەرهەمەش چەند ڕەگەزێکی دارایی و مرۆیی لەخۆدەگرێت، بەڵام ئەگەر دارایی رەگەزی بەرهەم بێت ئەوا پێویستە لەسەر شێوەی دروستکردنی وزەی نوێ یان پەرەپێدان بە وزەی بەردەست بێت لە پرۆسەی بەهەمهێناندا. (حردان، 2009، ل13).

پرۆسەی وەبەرهێنان بایەخ وگرنگییەکی زۆری هەیە لە نێو چالاکییە ئابوریەکاندا،چونکە ڕەگەزێکی زیندوی کارایە لە بەدیهێنانی پەرەپێدانی ئابوریدا، بەو جۆرەی کە هەر زیادکردنێک لە وەبەرهێناندا ئەبێتە مایەی زیادکردن لە داهاتدا لە ڕێگەی قازانجی دوو هێندەیی وەبەرهێنان.(الحميري،2010،ل115).

بەڵام لە بەڕێوەبەرێتی داراییدا وە لەلایەن کەسانی شارەزای بواری بەڕێوەبەریتی، وەبەرهێنان بە جۆرێک تەماشا دەکرێت، کە تەنها بەدەستهێنانی هەبووە داراییەکان بێت، وە لێرەشدا وەبەرهێنان بەو واتایە دێت کە: بەکارخستنی داراییە لە کاغەز و ئامرازە داراییە جیاوازەکان لە پشک و قەواڵە و سپاردە و....هتد، کەواتە وەبەرهێنان مامەڵەکردنە بە پارە

بۆ بەدەستهێنانی قازانج، ئەمەش بە دەستبەردابوون لێی لە کاتێکی دیاریکراو و بۆماوەیەکی دیاریکراو بەمەبەستی بەدەستهێنانی تەوژمە داراییە ئاییندەییەکان، بەجۆرێک کەببێتە هۆی قەرەبووی ئەو پارانەی، کە خراونەتە بواری وەبەرهێنانەوە، سەربارى قەرەبووی هۆکارەکانی ترسناکی، کە هاوەڵی هەر پرۆسەیەکی وەبەرهێنانن. (حردان، سەرچاوەی پێشو، ل14).

لەبەر ڕۆشنایی ئەم خوێندنەوانەدا توێژەر پێی وایە بە پێی جیاوازی لە دید و بۆچوونی ئەو کەس و لایەنانەی کە هەوڵی دیاریکردنی چەمکی وەبەرهێنان دەدەن جیاوازی هەیە لە دیاریکردنی واتای ئەو چەمکەدا، بۆ نموونە چەمکی وەبەرهێنان لەلای بانکە بازرگانییە کلاسیکییەکان بە مانای کڕینی کاغەزە داراییەکان، دێت وەکو یەدەگی لێشاوی نەختینەیی، وە یاخود وەکو پێداویستی بەگەڕخستنی دارایی بەردەست لە هەبووە داراییەکان (الموجودات المالية) کە گۆڕینیان بۆ نەختینە ئاسانبێت، ئەم کاغەزە داراییانە ئەکرێت حکوومی بێت یان لەلایەن حکوومەتەوە گرەنتی کرابێت، وە دەشکرێت پشکی کۆمپانیا سەرکەوتووەکان بێت.

بەڵام لە ڕوانگەی دامەزراوە پیشەگەری و کشتوکاڵی و بازرگانی و خزمەتگوزارییەکانەوە وەبەرهێنان جۆرێکە لە ڕێکەوتن لەسەر هەبووەکان (الاصول )کە چاوەڕوانی بەدیهێنانی قازانجیان لێدەکرێت بۆماوەیەکی دوورودرێژ و ناودەنرێت بە خەرجیی سەرمایە، وەک جیاکردنەوەیەک لە خەرجی ئاسایی(انفاق جاری). (قبال، سەرچاوەی پێشو، ل18).

لەڕووی پێناسەوە وەبەرهێنان بریتیە لە:دەستهەڵگرتن لە ماڵ و دارایی کە کەسێک هەیەتی، لە کاتێکی دیاریکراودا و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، ئەو ماوەیە دەکرێت کورت یان درێژخایەن بێت، وە گرێدانی بە هەبوویەک (اصل)یان چەند هەبوویەکەوە و پاراستنی بۆ ئەو ماوەیە لە پێناوی بەدیهێنانی تەوژمە داراییە ئایندەییەکان. (رمضان،2007، ل13).

هەروەها وەبەرهێنان: پرۆسەیەکی ئابوریە، پێکهاتووە لە کۆکردنەوەی سەرمایە و ئامادەکردنی بارودۆخی گونجاو بۆ بەکارهێنانەوەی بە مەبەستی بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزاری بەسوود. (شكاكي،سەرچاوەی پێشو، ل10).

کەواتە وەبەرهێنان مانای بەگەڕخستنی دارایی و تەرخانکردنیەتی لە هەلی ڕەخساو و بوارە بەردەستەکانی وەبەرهێنان، کە کەسی وەبەرهێن پێی وایە گونجاوە و دەکرێت ببێتە

مایەی پاداشتی خواستراو بە کەمترین ئاستی ترسناکی. (الحمیري، سەرچاوەی پێشوو، ل115).

بەگشتی پرۆسەی وەبەرهێنان لەسەر چوار پایەی سەرەکی دادەمەزرێت، ئەو پایانەش بریتین لە: (شکاکي، سەرچاوەی پێشوو، ل12 و13).

1-کەرەستەی بەردەست: پێکدێت لە پاشەکەوتی وەبەرهێن، داراییەکە کە دەکرێت لەسەرچاوەی جیاوازەوە کۆبکرێتەوە.

2-کەسی وەبەرهێن: کەسێکی سروشتی یان دانراوە (اعتباری)یە، ئامادەی ئارامگرتنە لەسەر بڕێک مەترسی لە خستنەگەڕی هەبووە داراییە تایبەتییەکانی، وەیاخود هەبووی دارایی لەسەرچاوەیەکی دیکەوە وەرگرتووە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو و گێڕانەوەی گرتۆتە ئەستۆ، ئەمەش لە پێناوی وەبەرهێنانی و بەدەستهێنانی زۆرترین قازانجی مادی یان دەسکەوتی نامادیدا.

3-هەبووەکان (الاصول): ئەو وەبەرهێنانەیە کە وەبەرهێن پارە و داراییەکانی تێدا دەخاتەکار، پێکهاتووە لە جۆرەها هەبووی جیاوازی وەک: خانووبەرە و پرۆژە وەبەرهێنانەکان لە بوارە جیاوازەکانی وەک بواری کشتوکاڵی و بواری پیشەگەری و بواری خزمەتگوزاری و هەروەها وەبەرهێنان لە کاغەزە داراییەکاندا و ...هتد.

4-مەبەستی وەبەرهێن: ئەو دەرئەنجامانە دەگرێتەوە کە کەسی وەبەرهێن چاوەڕوانی دەکات لە پرۆژەی وەبەرهێنانەکەیدا و لە پێناویدا ئارامی لەسەر بڕێک ترسناکی گرتووە، دەکرێت پاداشتی وەبەرهێنان ماددی بێت یان بەدەستهێنانی سوودێکی گشتی بێت.

بەڕای توێژەر چەمکی وەبەرهێنان واتا ولێکدانەوەی دەگۆڕێت و ناجێگیرە، ئەم ناجێگیریەش لە سروشتی بارودۆخ و گۆڕانی دۆخی ئابورییەوە سەرچاوە دەگرێت لەسەر ئاستی وڵاتە جیاوازەکان، وە تێڕوانینی جیاواز بۆ پرۆسەی وەبەرهێنان بەپێی مەبەست لە پرۆسەکەدا، هەروەها گونجاوی و لەباری ژینگەی وڵاتان لە ڕووی ژینگەی سروشتی و ژینگەی یاسایی و ژینگەی ئابوری و ئەو بوارانەی کە گونجاون بۆ بڕیاردان لەسەر بوارێکی دیاریکراو بۆ ئەنجامدانی پرۆسەکە، وە بەو پێیەی کە ئامانجی وەبەرهێنان بەدیهێنانی قازانجە ئەوا ئاستی قازانجی چاوەڕوانکراو و بڕی مەترسی لە هەر پرۆژەیەکدا هۆکاری سەرەکین لە دیاریکردنی چەمکی وەبەرهێناندا، سەرباری خواستی حکومەت لە چۆنیەتی

گەشەپێدانی ئابوری ووڵاتدا لەسەر ئاستی کەرتە ئابوریە جیاوازەکان، هەربۆیە ناکرێت کە بڕیاری یەکلاکەرەوەی گشتگیر لەبارەی واتای چەمکی وەبەرهێنانەوە بدرێت.

## 2: جۆرەكانی وەبەرهێنان و بوارەكانی

وەبەرهێنانی هەرسەرمایەیەک جۆرو شێوازی جیاواز لەخۆدەگرێت، بە پێی سروشت و جۆری ئەو چالاكیە ئابوریيەی كە كەسی وەبەرهێن هەڵیدەبژێرێت بۆ ئەوەی هەبووە داراییەكانی تێدا بەگەڕبخات، ئەم پرۆسەیەش لە پێناوی بەدەستهێنانی قازانج وپاداشتە.

وەبەرهێنەران جیاوازن لە هەڵبژاردنەكانیاندا بۆ جۆر و بوارەكانی وەبەرهێنان، وە بەپێی ئاستی ئامادەییان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیەكانی وەبەرهێنان و شارەزایی وەبەرهێن وئەزموونیان و بڕی پارەی بەگەڕخراوو ئەو ئاڵوگۆڕە بازرگانییەی كە دەیكەن بەبەراورد بە ئاستی چاوەڕوانكراو لە بەدەستهێنانی قازانج تێیدا، چونكە هەتا ئاستی قازانج زیاتر بێت ئاستی مەترسییەكانیش زیاتر دەبێت، بەم پێیەش ئاستی مەترسی پەیوەستە بە پلەی قازانجەوە لەهەر ئاڵوگۆڕێكی بازرگانیدا.(Ziv Bodie & The Others,1998,p:113).

مەبەست لە بواری وەبەرهێنان چالاكی ئابوری و جۆری وەبەرهێنانە لە بوارێكی دیاریكراودا، بۆنموونە: بواری خانوبەرە، بواری پیشەگەری، بواری كشتوكاڵی و گەشت و گوزار و....هتد، دیاریكردنی بوارەكانی وەبەرهێنانیش بە پێی دوو پێوەر دەبێت كە پێوەری جوگرافی وپێوەری جۆری یە، بەمجورە: (رمضان،2007،ل35-36).

1- پێوەری جوگرافی: كە دیسانەوە دابەشدەبێت بەسەر دوو جۆردا:

أ- وەبەرهێنانی ناوخۆییDomestik Investment : مەبەست لە هەبووە داراییەكان (الاصول المالیه) و جۆرەكانی دیكەی وەبەرهێنانە كە وەبەرهێنەران ئەنجامیدەدەن یاخود لە ئەستۆی دەگرن جا كەسانی ئاسایی یان دانراو(اعتباری)بن، یان ئەو وەبەرهێنانەی كە حكومەت ئەنجامیدەدات لە ناوخۆی وڵاتدا بەبێ لەبەرچاوگرتنی سەرچاوەكانی پارەداركردنی پرۆژەی وەبەرهێنانەكە، ئەكرێت ئەم وەبەرهێنانە كورتخایەن یان درێژخایەن بێت، هەروەكچۆن جۆرەها بوار و سەرجەم هەلە بەردەستەكان دەگرێتەوە لە بازاڕی ناوخۆییدا و ئامرازی وەبەرهێنانەكەش هەرچیەک بێت، بۆ نمونە(خانوبەرە، كاغەزە داراییەكان، پرۆژەی بازرگانی، هتد.....).

ب-وەبەرهێنانی دەرەكی Foreign Investment: سەرجەم هەلە بەردەستەكان دەگرێتەوە لە وەبەرهێناندا لە بازارە بیانییەكان و ئامرازی وەبەرهێنان هەرچیەک بێت، ئەمجۆرە وەبەرهێنانە بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەبێت و نەرمی زۆری تێدایە لە هەڵبژاردنی ئامرازی وەبەرهێنانەكەدا (اداه الاستثمار)، هەروەها تایبەتمەندە بە

بەردەستبوونی بازاڕی هەمەجۆر و پێشکەوتووی وەک: بازاڕی کاغەزە داراییەکان، ئاڵتوون، کاڵای جۆراوجۆر و....

2- پێوەری جۆری: مەبەست لە پێوەری جۆری هەموو جۆری ئەو هەبووە داراییانەیە کە وەبەرهێنانیان پێوە دەکرێت، وە دیسانەوە دابەشدەبن بەسەر دوو جۆری دیکەدا بەمشێوەیە: (الشمري واخرون،1999،ل26).

أ- وەبەرهێنانی دارایی (مالی)Financial Investment: بە مانای ئاڵوگۆڕی ئامرازەکانی پارەدان (الادوات الائتمانية)، لە پێشەوەی ئەو ئامرازانەش پشک و قەواڵەکانە (الاسهم و السندات)، لەم وەبەرهێنانەدا هیچ زیادەیەکی ڕاستەقینە ناکاتە سەر وەبەرهێنان، بەڵکوکڕینی ئەم پشک و قەواڵانە دەکرێت ببێتە هۆی بەشداریکردن لە پارەدارکردن و برەوپێدانی چالاکیە جیاوازەکانی وەبەرهێنانی ڕاستەقینە، بۆ نموونە کڕینی جۆرێکی دیاریکراوی پشک لەلایەن وەبەرهێنێک یان بانکێکەوە بۆخۆی بە وەبەرهێنانی ڕاستەقینە هەژمارناکرێت، بەڵکو وەبەرهێنانی داراییە، بەڵام ئەگەر کەسی وەبەرهێن یان بانکەکە پشکەکەی فرۆشت و نرخەکەی لە کڕینی مەکینە و ئامێری تازەدا خەرجکردەوە ئەوا ئەوکات بە وەبەرهێنانی ڕاستەقینە هەژماردەکرێت، چونکە لەسەر ئەم خەرجکردنە زیادەیەک کەڵەکە دەبێتە سەر کۆی وەبەرهێنان و پێچەوانە دەبێتەوە بۆسەر زیادەی وەبەرهێنان.

ب- وەبەرهێنانی ڕاستەقینەReal Investment: وەبەرهێنانی ڕاستەقینە کە بە وەبەرهێنانی ئابوری (Economic Investmetnt) ناودەنرێت، بە مانای خەرجکردنی دارایی دێت بۆ سەرچاوەیەکی بەرهەمهێنان یان ئامرازی نوێی بەرهەمهێنان، کە دەبێتە مایەی زیادکردنی بەرهەم و ڕەخساندنی هەلی کار و زیادکردنی عەمبارکراوی کەرەستە سەرەتاییە جۆراوجۆرەکان، گرنگی ئەمجۆرە وەبەرهێنانە لەسەر ئاستی ئابوری وڵات دەردەکەوێت بەوەی کە بنەمای دیاریکردنی داهات و بەرهەمی نیشتمانیە لە بەگەڕخستنی دەستی کار لەسەرئاستی ئابوری نشتمانی.

لەسەر ئەم بنەمایەش وەبەرهێنانی ڕاستەقینە لە کاڵای سەرمایەداریدا دەبێت، ئەم کاڵای سەرمایەدارییەش بەو شێوەیە ئاماژەی پێدەکرێت کە تەرخانکردنی داهاتە بۆ بەکاربردنی لە داهاتوودا لە بری بەکارهێنانی لە ئێستادا، وە بە هاوبەشی لەگەڵ ڕەگەزی مرۆییدا دەبێتە ئامرازی دروستکردن و بەدیهێنانی داهات لە داهاتوودا. (حردان، 2009 ،ل15).

جگە لەم دوو پێوەرە (ادریس رمضان حجی شکاکي) بە پێی چۆنیەتی تێڕوانینی کەسی وەبەرهێن بۆ پاداشت و ئاستی مەترسییەکان لە پرۆسەی وەبەرهێناندا،چەند بوارێکی وەبەرهێنان زیاد دەکات: (شکاکي، 2006، ل18-25)

1-وەبەهێنان بەپێی ئەو کاتەی کە دەیخایەنێت: ئەویش دابەشدەبێت بەسەر وەبەرهێنانی کورت مەودا (Short-run Investment) و وەبەرهێنانی درێژمەودا ( Long-run Investment).

2-وەبەرهێنان بە پێی تایبەتمەندی ماددی، پێکدێت لە وەبەرهێنانی ماددی کە مەبەست لێی شێوە کلاسیکیەکەی وەبەرهێنانە وەک پرۆژەکانی خانوبەرە وئامێرەکانی پیشەگەری و....هتد، هەروەها وەبەرهێنانی مرۆیی و ئەمیش بەواتای برەودان بە تواناکانی مرۆڤە لە ڕێگەی فێرکردن وراهێنان و ئامادەکردنی بەپێی خواستی سەردەم، ئەمجۆرە وەبەرهێنانەش کاریگەری دەبێت لەسەر زیادکردنی بەرهەم لە ڕووی چۆنێتی و چەندێتیەوە.

4-وەبەرهێنان بە پێی بوارەکان: وەک بواری خانوبەرە، وەبەرهێنانی گەشتوگوزاری، وەبەرهێنانی پیشەگەری، وەبەرهێنانی کشتوکاڵی، وەبەرهێنانی بازرگانی.

وە بەڕای توێژەر دەکرێت وەبەرهێنان بەپێی ئەو لایەنەی کە جێبەجێشی دەکات دابەش بکرێت بەسەر وەبەرهێنانی حکوومی، کە حکومەت سەرپەرشتی و جێبەجێکاری پرۆسەکە بێت، وە وەبەرهێنانی تایبەتی کە لەڕێگەی کەرتی تایبەتیەوە ئەنجامدەدرێت، وە هەروەها وەبەرهێنانی هاوبەش، کە ئەمجۆرەیان بە هاوبەشی هەردوو کەرتی تایبەتی و حکوومیەوە بڕیار لەسەر پرۆژەیەکی وەبەرهێنان بدرێت، جا ئیتر جۆری وەبەرهێنانەکە هەرچیەک بێت

بەڵام لەڕووی ئامانجەوە ئەوا سەرجەم جۆرەکانی وەبەرهێنان وجێبجێکردنیان لە بوارێکی دیاریکراودا ئامانجی هاوشێوەیان هەیە، ئەو ئامانجانەش پێکهاتوون لە: (حردان، سەرچاوەی پێشوو، لا16).

1-ئامانجی سەرەکی وەبەرهێنان بەدەستهێنانی قازانج وداهاتە، جا ئەگەر وەبەرهێنان لەهەر جۆرێک بێت، بۆیە زۆر کەمە کەسێک بدۆزرێتەوە کە سەرمایەکەی خۆی بەگەڕبخات لە هیچ پرۆژەیەکدا بەبێ ئەوەی کە ئامانجی پاداشت و قازانج بێت.

2-پێکەوەنان و گەشەپێدانی سەرمایە: ئەم ئامانجە کاتێک بەدیدێت کە کەسی وەبەرهێن ئامادەی قوربانیدان بێت لە بەکاربردنی ئێستایدا بە هیوای پێکەوەنان و کەڵەکەبوونی سەرمایە لە داهاتوودا.

3-دڵنیابوونەوە لە بەدەستهێنانی پێداویستییەکان (الحاجات) و دەسەبەرکردنی ئاسانکاری لە بەدەستهێنانیاندا، ئەمەش بۆخۆی دەبێت بە داهات لە داهاتوودا.

4-پاراستنی بەهای هەبووە داراییەکان: وەبەرهێن هەمیشە لە هەوڵی هەمەجۆرکردنی بوارەکانی وەبەرهێنانەکەیدایە بۆ ئەوەی لە بەهای سەرمایەکەی کەمنەکات لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و بەهۆی هۆکاری وەک بەرزبوونەوە و هەڵاوێربوونەوەی نرخەکان.

زۆربەی کاتەکان ئامانجی وەبەرهێنان لە پێناوی بەرژەوەندی گشتیدا دەبێت (وەک ئەو پرۆژانەی کە دەوڵەت جێبەجێی دەکات یان ئاسانکاری بۆ جێبەجێکردنیان دەکات)، یاخود لە پێناوی بەدەستهێنانی پاداشت و قازانجە (وەک پرۆژە تایبەتەکان)، پێویستە پرۆژەی وەبەرهێنان هێندە قازانج بەدەستبهێنێ کە بتوانێ بەردەوامی پرۆژەکە مسۆگەر بکات و نرخی هەبووە داراییە ڕاستەقینەکان(کە لەو پرۆژەیەدا بەگەڕخراون)بپارێزێت، سەرباری ئاسانکاری لە بەدەستهێنان و زیادکردنی داهات و مسۆگەرکردنی لێشاوی داهات (سیولة). (الحميري، 2010، ل117و118).

بەڵام قازانج و داهات لە پرۆسەی وەبەرهێناندا بە زەحمەت دەتوانرێت پێشبینی بکرێت، وە بەهیچ شێوەیەک ناتوانرێت بەتەواوی دەستنیشان بکرێت، بەڵکو بەڕێگەی خەمڵاندنی نزیکەیی و بە بەراوردکردنی لەگەڵ ڕێژەی مەترسی لە پرۆسەکەدا پێشبینی ئاستی پاداشت و قازانج دەکرێت، وە زۆربەی جاریش لادان دروستدەبێت لە ئاستی چاوەڕوانکراوی قازانج لە پرۆسەی وەبەرهێناندا کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانکاری لە نرخ و ئاڵوگۆڕە لەناکاتەکانی بازاڕ و گۆڕان لە خواستی بەکاربەران و....هتد. ( Ziv Bodie& the others,1998,p:8).

هەرچی وەبەرهێنانە لە بواری خانوبەرە کە نموونەی ئەم توێژینەوەیە لە پرۆسەی وەبەرهێناندا، (ئامرازێکی ڕاستەقینەی بواری وەبەرهێنانە (Real Investment)،وە بایەخێکی ئابوری گەورەی هەیە لەسەر ئاستی دەوڵەت و بە پلەی دووەم هەژمارکراوە لە گرنگیدا لەدوای وەبەرهێنان لە کاغەزە داراییەکاندا، وەبەرهێنان لەم بوارەشدا بەهەردوو شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئەنجامدەدرێت، ڕاستەوخۆ بەوجۆرە دەبێت کەکەسی

وەبەرهێن باڵەخانە یان زەویوزار بکرێت بۆ مەبەستی وەبەرهێنان کە دەکاتە وەبەرهێنانی ڕاستەقینە و تایبەتمەندی مادی هەیە و یەکێکە لە بوارەکانی وەبەرهێنان، هەروەها بەشێوەی ناڕاستەوخۆ وەک کڕینی بەڵگەکانی موڵکداری لە بانکەکانی وەبەرهێنانی خانوبەرە، وە بە بەشداریکردن لە جانتا داراییەکان (المحفظات المالية) لە یەکێک لە دامەزراوە داراییەکانی تایبەت بە خانوبەرە، کە ئەم دامەزراوانە کاغەزی دارایی و بەڵگەی موڵکداری دەردەکەن لە ڕێگەیانەوە دارایی پێویست بەدەستدەهێنن بۆ کڕین یان بنیاتنان وەیاخود پارەدارکردنی پرۆژەکانی وەبەرهێنان). (رمضان، سەرچاوەی پێشو، ل42).

### 3: پایەکانی ژینگەی وەبەرهێنان

ژینگە بەو جۆرە پێناسە دەکرێت کە کۆی شتەکانی دەوروبەرمانە، وە دەکرێت بەوشێوەیە وەسف بکرێت کە کۆی سستمە پێکدا چووەکانە لەگەڵ یەکتری و هەتا پلەی ئاڵۆزی پێکداچوون. (ابوالعين، 2006، ل13).

لە بنەڕەتەوە وشەی ژینگە Environment لە وشەی Enviros وەرگیراوە کە مانای سەرجەم ئەوشتانە دەگرێتەوە لە چوارچێوەی گۆی زەویدان، وەک چۆن هەر لە بنەڕەتیشەوە مانای ڕەگەزە سروشتییەکانی وەک: خۆر و مانگ و هەوا و چیا و بیابان و دارستانەکان و...هتد دەبەخشێت، بەڵام ئەم چەمکە پەرەیسەند و تەنها لەسەر ئاستی زانستە سروشتییەکان نەمایەوە، بەڵکو سەرجەم زانستە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و یاسایی و زانستی بەڕێوەبردن و...هتد گرتەوە. (حجاب، 2007، ل91).

توێژەر پێی وایە لەسەر ئاستی وەبەرهێنانیش هەر پرۆژەیەک کە ئەنجام بدرێت و هەر کەس و لایەنێکیش جێبەجێی بکات لە بۆشاییدا جێبەجێ نابێت و پشت دەبەستێت بە ڕەگەزەکانی ژینگە و کاریان لەگەڵدا دەکات ، هەروەها پێیان کاریگەر دەبێت هەروەک چۆن کاریشیان تێدەکات، بۆ نموونە ئەگەر وەبەرهێنان لە بواری خانووبەرەدا بکرێت ئەوا پێویستی بە ڕووبەرێک زەوی و بوونی ئاوو گونجاوی لە ڕووی جوگرافی و..هتد دەبێت، هەروەک چۆن پێویستی بە گونجاندن هەیە لە گەڵ ژینگەی ئابوری و گونجاوی لە ڕووی جێگیری سیاسی و ئاستی ڕۆشنبیری و شێوازی ژیان لەو جێگایەی کە پرۆژەکەی تێدا جێبەجێ دەکرێت.

بە لەبەرچاو گرتنی پەیوەندی لە نێوان پرۆسەی وەبەرهێنان لەگەڵ جۆرەکانی ژینگە، توێژەر پێی باشە کە وردتر باس لە جۆرەکانی ژینگە بکات، بەمجۆرە:

1-ژینگەی سروشتی Physical Environment :ئەم ژینگەیە پێکدێت لە: (عابد و السفاريني، 2004، ل20).

- زەوی بەسەرجەم ئەوشتانەی کە لەخۆی دەگرێت لە خاک و توێکڵی بەردینی زەوی و ڕۆڵی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەسەر ڕووی زەوی و ناوەخنی زەوی ڕوودەدەن.
- ئاوو هەوا و سەرجەم ڕەگەزەکانی بارانبارین و پلەکانی گەرما و با ....هتد
- بەرگە زیندووی گیانەوەران و ڕووەکەکان.

- بەرگی ئاوی و ئەو شتانەی کە دەیگریتەوە لە ئاوی سەر ڕووی زەوی و ئاوی ژێر زەوی.

2-ژینگەی کۆمەڵایەتیSocial Environment : لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی ژینگە دەگریتەوە کە زۆر لایەنی تایبەت بە پێداویستیی تاکەکان و ئارەزوەکانیان و پلەی زیرەکی و ئاستی خوێندەواری و ئاستی ڕۆشنبیری و شێوازی ژیانی باوی کۆمەڵگە دەگریتەوە، سەرباری شێوازە باوەکانی ژیانی کۆمەلایەتی لە خوونەریت و بیرو باوەڕە ئاینییەکان,... (جادالرب، 2006، ل210).

3-ژینگەی سیاسی Political environment: چین و توێژەکانی کۆمەڵگە و سەرچاوەکانی ڕۆشنبیری و بوونی ئاراستە جیاوازەکانی هزر و کۆبوونەوە و ڕێکخراوو حیزبەکان و تەنانەت ژینگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و یاسایی پێکهاتەکانی گەل و ڕەچەڵەکەکانی گەل و...هتد، هەموویان دەچنە دووتوێی پێکهاتە گرنگەکانی ژینگەی سیاسی، چونکە هەرچی پەیوەندی بە سستمی سیاسی و یاسادان و بڕیارە سیاسی و جێبەجێکدنی یاساکانە گۆڕاون بە گۆڕانی سستمە سیاسیەکان لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا و دەچنە دوو توێی چەمکی ژینگەی سیاسییەوە.( سابوراوایی، 2014، ل12).

4- ژینگەی یاسایی Legal Environment: ژینگەی یاسایی پەیوەستبوونێکی توندو تۆڵی هەیە لە گەڵ ژینگەی سیاسی، لەبەرئەوەی کە دانانی یاساکان وجێبەجێ کردنیان لە ناو دامەزراوەکانی یاسادانان (وەک: پارلەمان)وە جێبەجێکردنیان لە ژێر چاودێری دەسەڵاتی سیاسی(حکومەت)دا دەبێت، هەروەها حکومەت دەستوەردەداتە زۆر شتی یاسایی لەوانەش: (جاد الرب، سەرچاوەی پێشوو، ل212).

- دیاریکردنی ڕێوشوێنە یاساییە پێویستەکان بۆ دامەزراندنی دامەزراوە و ڕێکخراوەکان.
- دیاریکردنی یاساکانی تایبەت بە بەگەڕخستنی پرۆژەکان.
- هەندێکجار لەوانەیە حکومەت دەستبخاتە دیاریکردنی جۆری بەرهەم، ئەمەش بە پێی خواستی گشتی لەسەر بەرهەم، یاخود جۆری ئەو چالاکیانە دیاریدەکات، کە پێویستە ئەنجامبدرێت.
- حکومەت بنەماکانی باج و پێویستییەکانی و چۆنیەتی وەرگرتنیان دیاریدەکات.
- حکومەت هەڵدەستێت بە دیاریکردنی سیاسەتی پێدانی قەرز و مۆڵەتی وەبەرهێنان و ...هتد.

5-ژینگەی ئابوری Economic Environment: کۆمەڵێک ڕەگەز کاردەکەنە سە ژینگەی ئابووری و دەبنە هۆی بنیاتنانی ئابوورییەکی پتەو،هەر لە ڕێگەی ئەم ڕەگەزانەشەوە دەکرێت پەی بە ژینگەی ئابوری ببرێت کە بریتین لە: (سابوراوایی، سەرچاوەی پێشو، ل14-18).

أ- بەرهەم Product : بەسەرجەم کەرت و لق و جومگەکانیەوە ،کە بە پێی ڕیزبەندی نێو دەوڵەتی پێکدێت لە چالاکی کشتوکاڵی و چالاکی دەرهێنانی ماددەی خاو، هەروەها گۆڕینی کەرەستەی سەرەتایی بۆ ئامادەکراو و چالاکییەکانی خزمەتگوزاری و دابەشکردن، وە ئەم چالاکیانە دیسانەوە دابەشدەبنەوە بەسەر یەکەی وردتر لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا، بۆنموونە کەرتی کشتوکاڵی کە دیسانەوە دابەشدەبێت بۆ کشتوکاڵ، ئاژەڵداری، بەرهەمەکانی ئاژەڵ و...هتد ، لە خۆدەگرێت.

ب- سەرمایە Capital : ئاوێتەی سەرمایە هەبووە داراییە ڕاستەقینەکانی وەک: ماکینە و ئامێری کارکردن و بینا و خانووبەرە و گەنجینەکانی کاڵا و کەرەستە سەرەتاییەکان و کاڵا نیمچە دروستکراوەکان و باڵانس و دراوی شیاو بۆ ئاڵوگۆڕکردن و کاغەزە داراییەکان...هتد لەخۆدەگرێت، هەروەها سەرمایە بۆ دوو جۆری سەرەکی دابەشدەبێت کە ئەوانیش سەرمایەی ڕاستەقینە و سەرمایەی داراییە.

ت- کار Labor : پێکهاتەیەکی سەرەکی و گرنگی ژینگەی ئابورییە، ئاستی کارو تێچووی کارکردن کاریگەری لەسەر بەرهەم دەبێت، بەتەنها بوونی دەستی کار لەم بوارەدا بەس نیە، بەڵکو جۆری کارکردن بە بەراوورد لەگەڵ ژمارەی کرێکارانیش خاڵێکی گرنگە، چونکە نەبوونی لێهاتوویی و شارەزایی لەناو کرێکاراندا هۆکاری مانەوەی دەوڵەتە بە دواکەوتوویی و ژینگەیەکی نەگونجاوی ئابوری بە ڕووی گەشەکردندا دروستدەبێت.

پ- داهاتی تاک : ئەم داهاتە لە دوو لایەنەوە کاریگەری دەبێت لەسەر ژینگەی ئابوری کە پێکهاتوون لە لایەنی خواست و لایەنی خستنەڕوو، خواست پێکدێت لەخواستی سەر کاڵا و خزمەتگوزارییەکان لە چوارچێوەی سنووری داهاتی تاک، لایەنی خستنەڕووش کە هەتا ڕادەیەکی زۆر بە خواستەوە دیاریکراوە و هەردووکیشیان پێکەوە لەگەڵ داهاتی تاکدا ڕەگەزێکی گرنگی پێکهاتەی ژینگەیەکی گونجاو یان نەگونجاو بۆ وەبەرهێنان دەخوڵقێنن.

ج- بازرگانی Trade : بە هەردوو لقەکانی بازرگانی ناوخۆ و بازرگانی دەرەوە، هۆکاری گرنگە لە جوولاندنی خواست و خستنەڕوو لە بازاڕەکاندا، وە دەبێتە دەروازەیەک بۆ ساغکردنەوەی کالا و خزمەتگوزاری بەرهەمهاتوو چ لەناوخۆ یان لە دەرەوەی ولاتدا، سەرباری ئەوەی کە دەبێتە مایەی گەشەی ئابوری و خولقاندنی چەندەها بواری جیاوازی وەبەرهێنان.

سەبارەت بە ژینگەی وەبەرهێنان،هەر پرۆسەیەکی وەبەرهێنان پێویستی بە بوونی ژینگەیەکە کە کۆمەڵێک مەرج و پایە لە خۆ بگرێت کە دواجار دەبنە مایەی سەرکەوتنی وەبەرهێنەکان لە هەڵبژاردنی گونجاوترین هەلی بەردەست بۆ وەبەرهێنان، لە گرنگترین پایەکانی ژینگەی وەبەرهێنانیش: (الحميري، 2010، ل116).

1-بوونی پاشەکەوت (الادخار)، هەروەها وشیاری پاشەکەوتکردن و وەبەرهێنان، چونکە پاشەکەوتکردن سەرچاوەی پارەدارکردنی پرۆژەکانی وەبەرهێنانە.

2-جێگیری سیاسی و دۆخی ئابوری، وە بوونی ئاسایشێکی ئارام وجێگیر.

3-بازاڕی دارایی هەبێت و ئاسانکاری لە ئالوگۆڕی کاغەزە داراییەکان (پشک و قەواڵەکان)دا بکات.

4-سیاسەتی باج گونجاو و هاندەر بێت، لێخۆشبوونی باج بکات بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، وە دواتر داهاتی بەدەستهاتوو بکرێتەوە بە باج لەسەر وەبەرهێنەران.

5-بوونی یاسای دارایی گونجاو و یاسای هاندەر بۆ ئەنجامدانی وەبەرهێنان کە ببنە مایەی ئاسانکاری کردن لە پرۆژەکانی وەبەرهێناندا.

6- بەردەستبوونی هەلی گونجاو بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی وەبەرهێنان لە ژێر سایەی ژینگەیەکی ئابوری کە سیمای گەشەی ئابوری و خۆشگوزەرانی هەبێت.

وە لە سەردەمی هاوچەرخدا کە پێشکەوتنی گەورەی لەبواری تەکنەلۆجیا بەخۆوە بینیوە و دەکرێت لقێکی دیکەی ژینگە بەناوی ژینگەی تەکنەلۆجی ئاماژە پێبکرێت،وە مەرجێکی دیکە زیاددەکاتە سەر مەرجەکانی گونجاویی هەر ژینگەیەک بۆ وەبەرهێنان لە ڕووی بەردەستبوونی تۆڕە پێشکەوتووەکانی تەکنەلۆجیای پەیوەندیکردن، هەروەها بەردەستبوونی زانیاری لەسەر وەبەرهێنان و ئاسانی بەدەستهێنانی لەلایەنە پەیوەندیدارەکانەوە بە وردی و داتای تەواو و پێویستیی هەر وەبەرهێنێکە بۆ باشتر

بەڕێوەچوونی پرۆسەی وەبەرهێنان و بوونی ژینگەیەکی گونجاو بۆ وەبەرهێنان.(پ.ی.د. یونس علی احمد، چاوپێکەوتن، 2016/9/6)

بەڕای دکتۆر یونس علی مامۆستای کۆلێژی بازرگانی ئێواران لە زانکۆی سلێمانی، بوونی ژینگەی لەبارو بەردەستبوونی پایەکانی وەبەرهێنان تیایدا، لە خودی پرۆسەی وەبەرهێنان گرنگترەو بە نەبوونی پایەکان ناکرێت بە ژینگەیەکی گونجاو دابنرێت بۆ وەبەرهێنان، لەو بارەیەشەوە ژینگە بۆ دووجۆر دابەشدەکات کە پێکهاتوون لە:( پ. ی. د. یونس علی احمد، سەرچاوەی پێشوو، 2016/9/6)

1-ژینگەی هاندەر بۆ وەبەرهێنان کە تیایدا مەرج و پایەکانی وەبەرهێنان تیایدا بەردەستە و گونجاوە.

2-ژینگەی  سنووربەند(نا هاندەر) کە مەبەست لەو ژینگەیەیە مەرج و پایەکانی وەبەرهێنان تیایدا سنووردارە و دەستکراوەیی وەبەرهێن لە ئەنجامدانی پرۆژەکان سنووردار دەکات.

### 4 : پەیوەندی تیۆریانەی (پەیوەندیگشتی)بە ژینگەی وەبەرهێنانەوە

دەکرێت وێنای پەیوەندی نێوان پەیوەندیگشتی بە ژینگەی وەبەرهێنانەوە لە ڕێگەی تیۆرەکانی پەیوەندیگشتی وەکو لقێکی زانستە مرۆییەکان وێنا بکرێت، لەبەرئەوەی تیۆر بەرئەنجامی چەندین توێژینەوەیە و بۆ سەلماندنیشی ئەبێت لە کات و شوێنی جیاوازدا پراکتیزە بکرێت تاکو بتوانرێت بگشتێندرێت، ئەمەش لە ڕێگای توێژینەوەی زانستییەوە ئەنجام ئەدرێت و توێژینەوەش بەبێ تیۆرە دەرئەنجامێکی ناڕوون و نارۆشنە، لەو روانگە زانستییەوە توێژەر تیۆرە سیستمی پەیوەندی گشتی کە گونجاوە بۆ بگۆر و ئامانج و دیاردەکانی ئەم توێژینەوەیە بەکارئەهێنێت.

تیۆر:"بریتیە لە چوارچێوەیەکی هزری بۆ ڕاڤەکردنی گروپگەلێک حەقیقەتی زانستی، ئەو حەقیقەتانەش وا پێویست دەکات جۆرێک لە پەیوەندییان لە نێواندا هەبێت، ئەکرێت گشتاندنی بۆ بکرێت و ڕەنگە توانای پێشبینی کردنیشی هەبێت".(بۆکانی، 2016،ل 22)

ئەگەر تیۆرەکان زامنی سەرکەوتوویی نەکەن، ئەوا سەرکەوتن دەبێتە گریمانەی گەورە لە ئەنجامی چەند جارەی تاقیکردنەوەیان لە بوار و کاتی جیاوازدا، هەروەها دەبێتە جێی باوەڕی کارمەندانی پەیوەندیگشتی.(عیاد، 2005، ل49).

بە پێی ڕاو بۆچوونی باسکین وئەرۆنۆف(Baskin & Aronof) پەیوەندیگشتی سوودی لە توێژینەوەکانی گەیاندن وەرگرتووە لە پێکهێنانی تیۆرەی لاوەکی، کە ڕەنگدانەوە و لاسایی کردنەوەی نموونەی بەکارهاتووە لە وێناکردنی هەردوو چەمکی گەیاندن و پەیوەندیگشتی، یەکێک لەو تیۆرانەش سیستەمە تیۆر(System theory) ە، بە پێی ئەم تیۆرە توێژەران وایدەبینن، کە پەیوەندیگشتی پرۆسەیەکی داینامیکی بەردەوامە و بەپێی سیستەم کاردەکات، سیستەمیش (System)بەوە دەناسرێت، کە کۆمەڵێک یەکەیە و ئەم یەکانە کارلێکیان لەگەڵ یەکتری هەیە، هەر یەکێک لە یەکەکان و بەپێی تێپەڕبوونی کات لە هەوڵی پاراستنی خۆیاندان لە چوارچێوەی دامەزراوەیەکی جێگیردا، لە ڕێگەی وەڵامدانەوە و خۆگونجاندن لەگەڵ فشارەکانی ژینگەی دەوروبەر، ئەمەش لە پێناوی بەدەستهێنان و پاراستنی چەند ئامانجێکی دیاریکراو.(محمد، 2006، ل65).

پەیوەندیگشتی لە ڕێکخستنی کارو چالاکییەکانیدا پشتی بەستووە بە زۆرێک لە تیۆرەکانی ڕاگەیاندن و گەیاندن، هەروەها تیۆرەکانی کۆمەڵناسی و دەروونزانی و کۆمەڵایەتیەکان و تیۆرە مەعریفی و ویژدانیەکان و...، لە کۆی ئەو تیۆرانە ڕێچکەی تایبەتی خۆی هەڵێنجاوە و

کاریان لەسەردەکات، لەو تیۆرانەش: (تیۆرەکانی پەیوەندی گشتی کە "محمد عبدالفتاح محمد لـە کتێبـی "العلاقـات العامـە بمنظمـات الرعايـة الاجتماعيـة" دا خـستوونیەتـە ڕوو بـریتین لـە: تیۆرەی دیسیبل(بەرزکردنەوەی دەنگ- الارتفاع الـصوتی)، هـەروەهـا تیـۆرەی فرۆشـتن (نظريـة البيع)، تیۆرەی زانیاریە ناتەواوەکراوەکان (نظرية المعلومات المتناقصة)، تیۆرەی ئـەگـەر تـۆ لـە شوێنی ئەوان بیت (نظريـة لـو كنـت مكـانهم)، وە تیـۆرە سیستەم(نظريـة الـنظم)، وە هـەروەهـا ئەو دابەشکردنەی هەردوو شارەزایان لە بواری پەیوەندی گشتی (د. راسـم محمـد الجمـال و د. خيرت معوض عياد)، لە کتێبی (ادارة العلاقات العامة المدخل الاسـتراتيجي)دا کـە دابـەشـیان دەکەن بە پێی پۆلبەندیەک و تیایدا تیۆرەکانی تایبەت بە پەیوەندی ڕێکخراو بە ژینگەوە کە پێکهاتوون لـە:(سیستمە تیۆر (نظريـة الـنظم)، وە هـەڵوێستە تیـۆر(النظريـة الموقفيـة)، تیـۆرەی هەماهەنگی (نظرية التنسيق)، تیـۆرەی دەرکـەوتـەکـانی ململانێکردن(نظريـة المزايـا التنافسية)، وە تیـۆرەی ئیکسلێنت (نظريـة الامتيـاز)، وە تیـۆرەی دەروازەی چـارەسـەرکردنـی ناکۆکیـەکـان (مدخل حل الصراع)، وە تیۆرەی گفتووگۆ کردن (نظريـة الحـوار)، هـەروەهـا ئـەو تیۆرانـەی کـە لەسەر بنەمای مەعریفە و هەڵسووکەوت(المعرفـة والـسلوک) دابـەشـیان کـردووە و پێکهـاتوون لە: تیۆرەی کۆکردنـەوەی کـارەکـان(نظريـة تجميـع العمـل)، وە تیـۆرەی فێربـوونی کۆمـەڵایـەتـی (التعلم الاجتماعي)، هەروەها ئەو تیۆرانەی تایبـەتمـەنـدن بـە ئـامرازەکـانی گـەیانـدن (الاتـصال)، کـە ئـەمـانیش پێکهـاتوون لـە تیـۆرەکـانی ئـەجێنـدا سـێتینگ(وضـع الاجنـدة)، و تیـۆرەی لـە چوارچێوەدان (التاطير).

بەڵام لەبەر نزیکایەتی تیـۆرە سیستەم لـەگـەڵ ئامـانج و بگـۆڕەکـانی ئـەم توێژینـەوەیـە و بـە تایبەتی، کە ئەم توێژینەوەیە لە هەوڵی دەستنیشانکردنی ڕەگـەزەکـانی ژینگـەی وەبـەرهێنـان و ئاستی گوونجاوی ژینگەیە بۆ وەبەرهێنان،وە هەروەها چۆنیەتی مامـەڵکردن و ڕێکخستنەوەی پـەیـوەندییـەکـانی دامـەزراوە (ڕێکخـراو)دایـە لـەگـەڵ ژینگـە لـە ڕێگـەی پـەیـوەنـدی گشتیەوە، هەربۆیە توێژەر هەوڵی شیکردنەوەی مەبـەسـتەکانی توێژینـەوەکـەی داوە لـە ڕێگـەی سیستمە تیۆرەوە.

سیـستمە تیـۆر بـە شـێوازێکی گونجـاوی لێکۆڵینـەوە و توێژینـەوە دادەنرێـت و بایـەخێکـی گەورەی پەیداکردووە بە تایبەتی لە بوارەکانی زانستە مرۆییەکاندا، زانستە مرۆییـەکـان کـە بـە زۆری و چڕی و پێکداچوویی دیاردە و گۆڕاوەکانی دەناسـرێتەوە بـە شـێوەیـەک کـە بـە گران دەتوانرێت دەستنیشانی ئەو پەیوەندییانە بکرێت و لێکۆڵینەوە لە کاریگەرییـان لـەسـەر یـەکتـری

لێکبدرێتەوە، سیستەمە تیۆر لەم بوارەدا بەکاردێت بۆ بەدیهێنانی چوارچێوەیەکی یەکانگیری زانستی بۆ لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییە بەیەکدا چووەکانی سیستەمەکان بە وردی و ڕوونی. (غنیم، 2009، ل175).

بە ڕای تویژەر ژینگەی وەبەرهێنان بە پێکهاتە جیاوازەکانی وەک ژینگەی ئابوری و ژینگەی یاسایی و ژینگەی سیاسی...هتد، دەبێتە سەرچاوەی فشار بۆسەر پرۆسەی وەبەرهێنان و خودی دامەزراوەکە، هەر بۆیە پەیوەندی گشتی پێویستە لە هەوڵی خۆ گونجاندن و سوود وەرگرتن بێت لەو پێکهاتانەی ژینگەی وەبەرهێنان لە بەدیهێنانی باشترین ئامانجەکانی بەبازاڕکردنی بەرهەمەکانیدا، بەتایبەتی، کە پەیوەندی گشتی ڕەگەزێکی گرنگە لە ڕەگەزەکانی ئاوێتەی برەوپێدان و گەیاندنی بەبازاڕکردن(الاتصال التسويقي)وە کاریگەی دەبێت لەسەر بڕیارەکانی چۆنییەتی بەبازاڕکردن و خودی پرۆسەی بەبازاڕکردنەکەش.

جەیمس میللەر James Meller دانەری تیۆری سیستمەکان System Theory دەڵێت ژینگەی دەوروبەر سیستمی گشتییە بە لێدەرکردنی خودی ئەو سیستمە، هەر بۆ ئەوەش کە ئەم سیستمە پارێزگاری لە مانەوەی خۆی بکات ئەوا پێویستە کارلێک بکات و خۆبگونجێنێت لەگەڵ ئەو ڕەگەزانەی دیکە کە ژینگەی دەوروبەر (سیستمی گشتی) پێکدەهێنن، بەمەش گۆڕان و ڕاستکردنەوە دروستدەکات لە ژینگەی دەوروبەر و سیستمەکان بەگشتی، لەم ڕوانگەیەشەوە کارمەندانی پەیوەندی گشتی چەند ڕۆڵێک دەگێڕن کە ئەمانەن: (محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل66-69).

1-ڕۆڵی دەرگاوان Gate Keepers : کارمەندانی پەیوەندی گشتی لە پێگەی خۆیانەوە لە تۆڕی پەیوەندی ڕێکخراوەکەوە کۆنترۆڵی پەیامەکان دەکەن، ئەو پەیامانەی کە لە کەناڵە جیاوازەکانەوە پەخش دەکرێن، وەک: هەڵبژاردنی پەیامێکی دیاریکراو و ڕێگریکردن لە پەیامێکی دیکە، هەروەها ڕێکخستنەوەی پەیامەکان لە پێناوی دیاریکردنی چەندێتی و چۆنێتی ئەو زانیارییانەی کە ئاراستەی جەماوەر دەکرێت.

2-ڕێکخەری پەیوەندی و گەیاندن Liaisons : لێرەدا کارمەندانی پەیوەندی گشتی هەڵدەستن بە پێکەوە گرێدانی دوو گروپ یان زیاتر لە ناو تۆڕی پەیوەندی ڕێکخراوەییدا، هەروەها یارمەتی گرووپە جیاوازەکان دەدەن لە گەشەپێدانی بۆچوونە هاوبەشەکانیان، وە لە هەوڵی کۆکردنەوەی کارمەندانی بەبازاڕکردن و ڕیکلام و بەرهەم و کاروباری بەکاربەراندان.


3-ڕۆڵی سەرڕاکان- سەرکردە خاوەن ڕاکان-Opinion Leaders : سەرڕاکان کەسانی دەرکەوتوون، کاریگەرییان هەیە لەسەر ئاراستە و بۆچوونەکانی کەسانیدی، لێرەدا کارمەندانی پەیوەندی گشتی نەک بە تەنها لە هەوڵی کارتێکردنی کەسانی سەرڕان، بەڵکو لە هەوڵی ئەوەشدان، کە خۆشیان وەکو کەسانی خاوەن کاریگەری و سەرڕا بن لە ناو دامەزراوەکەدا و لەم ڕێگەیەشەوە کاردەکەنەسەر پرۆسەی بڕیاردان لە دامەزراوەکەدا.

4-چاودێری سنوور External Boundary Spanners : بە ئەنجامدانی کاری گرێدانەوەی سستمی دامەزراوەکە لەگەڵ ژینگەی دەوروبەر، هەروەها بە هەڵسەنگاندنی ڕەفتاری دامەزراوەکە لەناو ئەو ژینگەیەدا، هەروەها بە دیاریکردنی ئاراستەکانی بەڕێوەچوون سەربارى دەسەبەرکردنی ئەو هۆکار و شێوازانەی کە لە ڕیگەیانەوە ڕێکخراوەکە بتوانێ وەڵامی چاوەڕوانییەکانی جەماوەرەکەی بداتەوە.

سیستمە تیۆر ڕێگایەکی باشمان بۆ دەخاتەڕوو بۆ تێگەیشتن لە سروشتی پەیوەندی گشتی بە دانانی وەکو سیستەمێک لە ناو کۆمەڵگەدا کە ژینگە سنوورەکەی دیاریدەکات، ئەو ژینگەیەی، کە پێویستە وەڵام بە داواکارییەکانی بداتەوە، لە سەنتەری ئەم سیستمەشدا پرۆسەیەک هەیە کە بە چوار قۆناغدا تێپەڕدەبێت وبریتین لە: تویژینەوە، پلاندانان، جێبەجێکردن وهەڵسەنگاندن(ڕاستکردنەوە لە کاتی بوونی هەڵەدا)، ئەم هەنگاوانەش بە بازنەی یەک بەدوای یەکداهاتوو دەورەدراون(وەک لە شێوەکەدا ڕوون دەبێتەوە)، ئەم بازنانە ئەگەری لەناوچوون و بڕینیان هەیە، هەموو پەیامە هاتووەکان Input لە ژینگەوە لەم سنوورەوە تێپەڕدەبن و لەدوای ئەنجامدانی گۆڕانکاری و چارەسەرکردنیان Through Puts لە پرۆسەی پەیوەندی گشتی دەرچوو Out Puts بەرهەمدێت و لە هەمان سنوورەوە بەرەو ژینگە بەڕێدەکرێت، بەوپێیەش کە ڕێکخراوەکان هەوڵدەدەن سەربەخۆبن لە دەستوەردان ودەستبەسەراگرتنی ژینگەی دەوروبەر، بەڵام سەرکەوتوو نابن، هەربۆیە پێویست دەکات کە هاوکاربن لەگەڵ ژینگەدا. (عیاد، 2005، ل43).

**شێوەی ژمارە(1)**

**کار و چالاکیەکانی پەیوەندیگشتی و شێوازی کارکردنی لەگەڵ ژینگەی دەوروبەر ڕووندەکاتەوە.**



# بەشی سێیەم : لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە

**پاری یەکەم: ژینگەی وەبەرهێنانی شاری سلێمانی**

**پاری دووەم: پرۆژەکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە لەناو شاری سلێمانی**

**پاری سێیەم: خستنەڕو و شیکردنەوەی زانیارییەکان**

**پاری چوارەم : هەڵسەنگاندنی گریمانەکان**

## پاری یەکەم: ژینگەی وەبەرهێنانی شاری سلێمانی

شـاری سـلێمانی سـەنتـەری بـەڕێـوەبـەرایـەتـی پارێزگـای سـلێمانیە، پارێزگـای سـلێمانی دەکـەوێتـە بـاکووری خۆرهـەڵاتـی هـەرێمـی کوردسـتان و بـاکووری خۆرهـەڵاتـی عێراقـەوە، لـە خۆرهـەڵات و بـاکووری خۆرهـەڵاتـەوە کۆمـاری ئیـسلامی ئێرانـە، لـە بـاکووری خـۆراواوە پارێزگای هەولێرو لەباشـوورو باشـووری خـۆراوا پارێزگـای کـەرکوک دەوریـان داوە (ڕۆژان فەرەیدون، 2008، ل6)

پارێزگای سلێمانی لە نێوان هـەردوو بازنـەی پـانی (56 34) و (29 36) لـە بـاکور، وە هـەردوو هێڵـی درێژی (31 44) و(20 46) دایـە لـە ڕۆژهـەڵات، وە لـە ڕووی جوگرافیـەوە پارێزگای سلێمانی دەکـەوێتـە ناوچـەیـەکی شـاخاوییەوە. (مهرەبـان نوشـیروان فوئـاد، 2014، ل4)

ئـەو سـنوورەی کـە پارێزگاکـە هـەیـەتـی لـەگـەڵ هـەردوو پارێزگـای هـەولێـر و کـەرکـوک بوونـەتـە هـۆی ئـەوەی کـە پارێزگـای سـلێمانی شـوێنێکی جـوگرافی چـالاکی هـەبێت و ببێتـە هۆکـاری بـەیـەکگـەیاندنی پارێزگاکـە بـە پارێزگاکانی دیکـەی نـاوەڕاسـتی عێـراق لـەلایـەک، وە لەگەڵ ئێرانیشدا لەلایەکی ترەوە. (عطا محمد علاءالدين، 2012، ل4)

شـاری سـلێمانی کـەمـەبـەسـتی ئـەم توێژینـەوەیـەیـە، (بـە گـوێرەی پارێزگاکـە شـوێنێکی تاڕادەیـک ناوەندی گرتووەو جێگەی شـارەکە دەکـەوێتـە خـاڵی یـەکتربڕینی هێڵـی درێژی (25 45)ی خۆرهـەڵات و بازنـەی پـانی (33 35)ی بـاکوور). (ڕۆژان فـەرەیـدون، سـەرچـاوەی پێشوو، ل6)

شێوەی ڕووی زەوی لە ناوشاری سلێمانیدا هەمەجۆرە لە نێوان بـەرزایی (تۆقـەڵان) ودۆڵ و شیودا، بەرزاییەکان ئـەو شـوێنانە پێکدەهێنن کـە دانیشتوانی شـاری تێدا کۆبوونـەتـەوە، وە ئـەو شـیوو دۆڵانـەش کـە بـە نێـوان بـەرزاییـەکانـدا درێژبۆتـەوە ڕێگاوبانـەکـانی هـاتووچۆ و گواستنەوەی تێدایە. (بيان علی حسين محمد، 2001، ل10)

لەم ساڵانەی دواییدا و خواست لـەسـەر ژیانکردن لـەسـەنتـەری شـارەکانـدا زیـادیکردووە و بـەهـۆی کـۆچی دانیـشتووانی لادێ بـۆ شـارەکـان، وە بـارودۆخی ناسـەقـامگیری ئاشـتی لـە ناوچەکانی ناوەڕاست و خواروی عێراق کە کۆچی بەردەوامی ئـاوارەکان بـەرەو شـارەکانی هـەرێم و لـەناویـشیاندا شـاری سلێمانی، هـەربۆیـە کـە بووەتـەهـۆی دروسـتبوونی قـەرەبـاڵغی لەدانیشتووان و فراوانبوونی سنووری شار، بەڵام لە ئەنجامی بەرەودواچوونی بـاری دارایـی

دانیشتووان بەهۆی ئەو قەیرانانەی کە ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بوونەتەوە، کە قەیرانی دارایی یەکێکە لەو قەیرانانە، هەربۆیە دابەزین لەداهاتی تاک و کەمی پاشەکەوت وایکردووە کە دابەزین لەخواستی کڕیندا ڕوویدات، بەتایبەتی لەو بەرهەمانەی کە تێچووی کڕینیان زۆرە (وەک: یەکەی نیشتەجێبوون). (توێژەر)

لەڕووی سیاسیەوە جۆرە شڵەژانێک لەئارادایە کە دەرئەنجامی بارودۆخی سیاسی کوردستانە بەگشتی و ڕەنگدانەوەی لەسەر شاری سلێمانی دروستکردووەو بووەتەهۆی ناجێگیری سیاسی لەشارەکەدا، وەهەر ئەم ناجێگیری سیاسیە بووەتەهۆی نەمانی جێگیری ئابوری چونکە مەرجێکی گرنگ لەمەرجەکانی وەبەرهێنان بوونی جێگیری سیاسیە کەوادەکات تاک هەست بەدڵنیایی بکات و بڕیار لەسەر پرۆژە ئابوریەکان بدات.(*)

لەڕووی یاساییەوە وەبەرهێنان بەپێی یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2006 ڕێکدەخرێت (وەک لە پاشکۆی ژمارە(6)دا خراوەتەڕوو)، هەتا کاتی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە ئەم یاسایە نە هەموارکراوەتەوە و نە گۆڕانکاری تێداکراوە، ئەم یاسایە لەسەرەتای دەرچوونیەوە هەندێک ئاسانکاری بۆ وەبەرهێنەران و بۆ هاوولاتیانیش بەدیهێناوە و ئاسانکاری لە ئەنجامدانی هەندێک پرۆژەدا کردووە، بەڵام زۆر لایەنی نەرێنیشی تێدایە لە بواری وەبەرهێنانی خانووبەرەدا وەک: تەنها بە یەک خاڵ باسی وەبەرهێنانی لەبواری خانووبەرەدا کردووە کە خاڵی هەشتەمی ماددەی دووە، هەروەها کەسایەتی وەبەرهێنەرو مەرجەکانی دیارنیە و سزای دیاریکراویشی تێدا ڕوون نیە، گرەنتی مافەکانی هاوولاتی و وەبەرهێنەریش ناڕوونن، جگە لەوەی کە بەهۆی هەموارنەکردنەوەو پێدانەچوونەوەی زۆر لایەنی نەرێنی دیکەی لێدەرکەوتووە وەک نەشیاوی ئەو یاسایە بۆ سەردەمی ئێستا، جگە لەوەش ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان ماوەی نزیکەی چوارساڵ و نیوە هیچ کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامنەداوەو وەڵامی ڕەخنەو سەرنجی بەڕێوەبەرایەتیەکانی وەبەرهێنانیان نەداوەتەوە(*).

---

* چاوپێکەوتن لەگەڵ: فەرمان غەریب سەعید، بەڕێوەبەری گشتی وەبەرهێنانی سلێمانی،بەرواری چاوپێکەوتن 2016/9/26،شوێنی چاوپێکەوتن(فەرمانگەی بەڕێوەبەرێتی وەبەرهێنانی سلێمانی).

* چاوپێکەوتن لەگەڵ: سەرداركريم غفور، بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوە و زانیارییەکان لە دەستەی وەبەرهێنانی شاری سلێمانی، بەرواری چاوپێکەوتن2016/9/5،شوێنی چاوپێکەوتن(فەرمانگەی بەڕێوەبەرێتی وەبەرهێنانی سلێمانی).

وه بە پێی ڕێنمایی سندووقی نیشتەجێبوون- ژمارە(2)ی ساڵی 2010، کەتایبەتە بە تەرخانکردنی بودجەی زیاتر بۆ دروستکردنی شوقە لە قەزاو ناحیەکاندا و بەبڕیاری ژمارە (72)ی ئەنجوومەنی باڵای وەبەرهێنەران (وەک لە پاشکۆی ژمارە(7)دا خراوەتەڕوو)، چەند ڕێنماییەکی بۆ زیادکردنی پشکی قەزاو ناحیەکان لەخۆگرتووە وەک هاندانێک بۆ زیادکردنی پرۆژەکانی وەبەرهێنانی یەکەکانی نیشتەجێکردن لە قەزاو ناحیەکاندا، هەروەها بە کۆمەڵێک بڕیاری دەستەی وەبەرهێنان کاروباری بەڕێوەبردنی وەبەرهێنان ڕێکخراوە.

### پاری دووەم: پرۆژەكانی وەبەرهێنانی خانووبەرە لەناو شاری سلێمانی

لەبواری وەبەرهێنانی خانووبەرەدا و لە بەرواری دامەزراندنی دەستەی وەبەرهێنانەوە (184) پرۆژە زیاتر مۆڵەتی وەبەرهێنانیان پێدراوەو نزیكەی (150000) سەدو پەنجا هەزار یەكەی نیشتەجێبوون لەخۆدەگرێت و دابەشبووە بەسەر پارێزگاكانی هەرێمدا بەرێژەی جیاواز و پشكی شاری سلێمانی بریتیە لە (62) پرۆژە و(36000) و سی و شەش هەزار یەكەی نیشتەجێبوون لەخۆ دەگرێت(وەك لە پاشكۆی ژمارە(8)دا خراوەتەڕوو)، سوودمەندبووانی ئەم پرۆژانە دابەشبوونە بەسەر چەند توێژێكی دیاریكراودا، ئەوانیش: (یاسین محمود رشید، ل 7 و8)

**یەكەم**: دەرامەت دیاریكراوەكان: كەزۆربەی زۆری ئەم یەكانە بەپاڵپشتی سندووقی نیشتەجێبوون دروستكراوە بۆ كرێنشینان و نزیكەی 25%ی كۆی پرۆژەكانن لەسەر ئاستی هەرێم.

**دووەم**: دەرامەت مامناوەندەكان: 30%ی پرۆژەكانی نیشتەجێبوون پێكدەهێنن و سوودمەندبووانی بریتین لە كرێنشینان بەزۆری بەڵام بەبێ سوودمەندبوون لە سندووقی نیشتەجێبوون.

**سێیەم**: دەرامەت باشەكان: 20% ی یەكەكانی نیشتەجێبوونن لە هەرێمی كوردستان و تەنها بەشێكی سوودمەنبووانی كرێنشینن.

**چوارەم**: دەرامەت بەرزەكان: % 15ی پرۆژەكانی نیشتەجێبوون لەخۆدەگرێت و كەسانی دەوڵەمەند و بەرپرس لێی سوودمەندبوون و بەزۆری لە سەنتەری شارەكان بوونیادنراون.

**پێنجەم**: كۆشك و ڤێلا گرانبەهاكان: یەكەكانی بە ژمارە كەمن و ناگەنە % 10، بەڵام ڕووبەرێكی بەرچاو زەویان بۆ تەرخانكراوە و جگە لەسەرمایەدارانی ناو هەرێم، لەدەرەوەی هەرێمیش كەسایەتی گرنگ و بەرچاو بەشداریان لەم پرۆژانەدا كردووە.

پرۆژەكانی شاری سلێمانی كاریگەرییان هەبووە لەسەر ئاستی وەبەرهێنان لە شارەكەدا، هەندێك لە پرۆژەكان لەلایەن دەستەی وەبەرهێنانی شاری سلێمانی و هەندێكیان لەلایەن شارەوانیەوە مۆڵەتیان وەرگرتووە و هەندێكیشیان لایەنی مۆڵەت پێدەریان دیارنیە كە بە پرۆژە بێ مۆڵەتەكان ناسراون، ئەم پرۆژانە لەلایەك هۆكاری وەبەرهێنان و بووژانەوەی ئابوری بوونە بۆ كەس و لایەنی وەبەرهێن، لەلایەكیتریشەوە كاریگەرییان لەسەر كەمكردنەوەی كێشەی نیشتەجێكردن و كەمكردنەوەی كێشەی كرێنشینان هەبووە، بەتایبەتی

ئـەو پرۆژانــەی کـە بـە پێـی مــەرج و ڕێنماییــەکـانی حکوومــەت جێبــەجێکـراون، وە یـاخود تـەرخـانکراون بـۆ تـوێژێکی دیـاریکراوی دانیـشتووان کـە کرێنـشینن یـان فـەرمانبـەر یـان سـەر بەوەزارەت و دامەزراوەیەکی دیاریکراو بوونە[*].

[*] چاوپێکەوتن لەگەڵ: سەردار کەریم غفور، بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوە و زانیارییەکان لە دەستەی وەبەرهێنانی شاری سلێمانی، بەرواری چاوپێکەوتن2016/9/5شوێنی چاوپێکەوتن(فەرمانگەی بەڕیوەبەرێتی وەبەرهێنانی سلێمانی)

## پاری سێیەم: خستنەڕو و شیکردنەوەی زانیارییەکان

### یەکەم: زانیاری گشتی و خاسیەتە دیموگرافیەکانی تایبەت بە بەشداربووانی ڕاپرسیەکە.

توێژەر لەم برگەیەی ڕاپرسیەکەدا مەبەستیەتی بگاتە بەدەستهێنانی زانیاری لەبارەی تایبەتمەندی دیموگرافی دەستنیشانکراوانی توێژینەوەکە لە ڕووی ڕەگەز و تەمەن و ئاستی بڕوانامەی زانستی و... هەریەکێک لەبەشداربووان، هەروەها ئاستی تەرخانبوونەوەی هەریەکێک لە پسپۆڕێتییەکان لەو بوارەی کە پێویستە کاری تێدا بکات و ئاستی بایەخی کۆمپانیا بە چۆنییەتی ڕێکخستنەوەو دابەشکردنەوەی پسپۆڕێتییەکان، وە دیاریکردنی چوارچێوەی کارو چالاکییەکانی کاری کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە لەڕووی جوگرافیەوە بۆئەوەی کە دەربیخات تا چەند پەیوەستی ئەنجامدانی پرۆژەکانیانن لەناو شاری سلێمانیدا کەنموونەی توێژینەوەکەیە.

**خشتەی ژمارە (1)**

ڕەگەزی نموونەی توێژینەوەکە

| ڕەگەز | ژمارە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|
| نێر | 69 | 71.1 | یەکەم |
| مێ | 28 | 28.8 | دووەم |
| کۆی گشتی | 97 | 100% | |

بەپێی خشتەی ژمارە (1) کە ڕەگەزی نموونەی توێژینەوەکە دیاریدەکات دەرکەوتووە کە ڕێژەی (71.1)ی دەستنیشانکراوان لە ڕەگەزی (نێر)ن، وە بە پلەی یەکەم دێن، هەروەها بەڕێژەی(28.8)ی دەستنیشانکراوان لە ڕەگەزی (مێ)ن، وەبەپێی ڕیزبەندییەکە لە پلەی دووهەمدان، ئەم ریزبەندییە ئەوە دەردەخات کە ڕەگەزی مێ کەمتر بەشدارن لە ڕاییکردنی کارەکانی بەڕێوەبردنی پەیوەندی لەناو کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە (نموونەی توێژینەوەکە)، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ پشتگوێخستنی تواناو لێهاتوویی ڕەگەزی مێینە لە کارکردن لەبواری بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکاندا.

**خشتەی ژمارە(2)**

تەمەنی نموونەی توێژینەوەکە

| تەمەن | ژمارە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|
| 20-30ساڵ | 53 | 54.6 | یەکەم |
| 31-40ساڵ | 28 | 28.3 | دووەم |
| 41-50ساڵ | 9 | 9.2 | سێیەم |
| 51-60ساڵ | 3 | 3.0 | پێنجەم |
| زیاترلە 60 ساڵ | 4 | 4.1 | چوارەم |
| کۆی گشتی | 97 | 100%(*) | |

لەخشتەی ژمارە (2) بە گشتی بەپێی تەمەن جیاکراوەتەوە، کە تەمەنی نموونەی توێژینەوەکەمان بۆ دیاریدەکات، دەردەکەوێت کە ڕێژەی تەمەنی دەستنیشانکراوان لە نێوان (20_60ساڵی و زیاتر)دایە، بە پلەی یەکەم تەمەنیان لە نێوان (20-30) ساڵیدایە و ڕێژەیان(54.6)ە، وە پلەی پێنجەم و کۆتایی پێکهاتووە لەنێوان تەمەنی(51-60) ساڵ و ڕێژەکەیان بریتیە لە (3.0).

ئەم ئەنجامەش ئەوە دەردەخات کە هەتا تەمەنی دەستنیشانکراوان کەمتر بێت ڕێژەی زۆرترینی نموونەکە پێکدەهێنن و دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییەی کە بایەخ بە تەمەنی گەنجتر دراوە لە بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکانی کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە لە شاری سلێمانی و زۆربەی دەستنیشانکراوانی توێژینەوەکە تەمەنیان لە نێوان (20-30) ساڵیدان.

**خشتەی ژمارە(3)**

ئاستی بڕوانامەی زانستی  نموونەی توێژینەوەکە

| بڕوانامە | ژمارە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|
| دکتۆرا | 0 | 0 | پێنجەم |
| ماجستێر | 1 | 1.0 | چوارەم |
| دبلۆمی باڵا | 1 | 1.0 | چوارەم |
| بەکالۆیۆس | 63 | 64.9 | یەکەم |
| دبلۆم | 26 | 26.8 | دووەم |
| ئامادەیی | 6 | 6.1 | سێیەم |
| کۆی گشتی | 97 | 100% | |

سەبارەت بە خشتەی ژمارە (3) کە بڕوانامەی نموونەی توێژینەوەکە دیاریدەکات، دەردەکەوێت کە بە ڕێژەی (64.9)ی دەستنیشانکراوان هەڵگری بڕوانامەی (بەکالۆریۆس)ن، کە بەپلەی یەکەم دێن ، وە هەردوو ئاستی ناوەندی لەگەڵ سەرەتایی وکەمتر هیچ بوونیان نەبووە لە نێوان دەستنیشانکراوانی نموونەی توێژینەوەکە، هەروەها بڕوانامەی (دکتۆرا) هیچ پلە و ڕێژەیەک وەرناگرێت، کەواتە زۆربەی دەستنیشانکراوانی توێژینەوەکە هەڵگری بڕوانامەی (بەکالۆریۆس)ن.

**خشتەی ژمارە(4)**

ساڵانی خزمەتی نموونەی توێژینەوەکە

| ساڵانی خزمەت | ژمارە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|
| کەمترلە 1 ساڵ | 10 | 10.3 | سێیەم |
| 1-5ساڵ | 43 | 44.3 | یەکەم |
| 6-10ساڵ | 24 | 24.7 | دووەم |
| 11-15ساڵ | 9 | 9.2 | چوارەم |
| 16-20ساڵ | 4 | 4.1 | شەشەم |
| 21-25ساڵ | 7 | 7.2 | پێنجەم |
| کۆی گشتی | 97 | 100% | |

بە پێی خشتەی ژمارە (4) کەساڵانی خزمەتی نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات و مەبەستی توێژەر ئەو ساڵانەی خزمەتە کە دەستنیشانکراوان هەیانە لە کارکردن لە بواری وەبەرهێنانی خانووبەرەدا، دەرکەوتووە کە بەرێژەی (44.3)ی نموونەی توێژینەوەکە ساڵانی خزمەتیان لە نێوان (1-5) ساڵدایە و بەپلەی یەکەم دێن، وە لە کۆتاییشدا بە ڕێژەی (4.1) دەستنیشانکراوان ساڵانی خزمەتیان لە نێوان(16-20) ساڵدایە و بە پلەی شەشەم دێن،بەمشێوەیە دەرکەوتووە کە زۆرینەی دەستنیشانکراوان ساڵانی خزمەتیان لە نێوان(1-5) ساڵدایە.

**خشتەی ژمارە(5)**

بواری تایبەتمەندی نموونەی توێژینەوەکە

| بواری تایبەتمەندی | ژمارە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|
| ئەندازیار | 20 | 20.6 | دووەم |
| فەرمانبەر | 15 | 15.4 | سێیەم |
| هونەری | 3 | 3.0 | شەشەم |
| کۆمپیوتەر | 7 | 7.2 | پێنجەم |
| ئیدارە | 12 | 12.3 | چوارەم |
| ڕووپێو | 1 | 1.0 | حەوتەم |
| ژمێریار | 22 | 22.6 | یەکەم |
| مارکێتینگ | 3 | 3.0 | شەشەم |
| یاسا | 7 | 7.2 | پێنجەم |
| ڕاگەیاندن | 7 | 7.2 | پێنجەم |
| کۆی گشتی | 97 | 100% | |

بە پێی خشتەی ژمارە (5) کە تایبەتمەندی دەستنیشانکراوانی نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات دەرکەوتووە کە بە ڕێژەی (22.6)ی دەستنیشانکراوان ژمێریارن و بە پلەی یەکەم دێن،لە کۆتا پلەی ڕیزبەندی تایبەتمەندی دەستنیشانکراواندا کە تەنها ڕێژەی(1.0)ی

بەرکەوتووە تایبەتمەندی رووپێویە،وە لەنێو ریزبەندی رێژەکاندا هیچ رێژەیەک بۆپسپۆریتی لەبواری پەیوەندیگشتیدا نیە.

ئەم ئەنجامە ئەوە دەردەخات کە کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە لەبەرێوەبردنی پەیوەندییەکانیاندا پشت بەکارمەندەکانی خۆیان دەبەستن لە بەشەجیاوازەکانی کۆمپانیادا و مەرجی پسپۆربوونیان لەبواری بەرێوەبردنی پەیوەندی و پەیوەندیگشتیدا نیە لە بەرێوەبردن وریکخستنی پەیوەندییەکانیاندا، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ کەمی پسپۆریتی لەبواری پەیوەندیگشتیدا و تازەیی ئەو زانستە و پەینەبردنی زۆربەی کۆمپانیاکان بەبایەخی ئەو زانستە، هەروەها کەمی خوێندنی ئەکادیمی لەوبوارەدا بووەتەهۆی نەبوونی کادری ئەکادیمی چونکە تەنها لەزانکۆی سلێمانی لەبەشی راگەیاندن لقێک بەناوی (پەیوەندی گشتی) لەساڵی خوێندنی (2014-2015) کراوەتەوە و تائێستا تەنها یەک پۆل خوێندکار دەرچووی ئەو لقەن کە ژمارەیان(13) خوێندکارە و هیچ کامیان دانەمەزراون و لەبواری خۆیان کارناکەن، لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی و پەیمانگەی تەکنیکی دوکان بەشی پەیوەندیگشتی و بازارگەری هەیە، هەروەها ساڵی(2015-2016) لە زانکۆی گەشەپێدان بەشی دبلۆماسیەت و پەیوەندی نێودەوڵەتی کراوەتەوە،کە بابەتی پەیوەندی گشتی تێدا دەخوێنرێت، بەڵام هێشتا هیچ پۆلە خوێندکارێک دەرنەچوون تیایدا[3].

[3] چاوپێکەوتن لەگەڵ د.ابتسام اسماعیل راگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان،سەرۆکی پێشوی بەشی راگەیاندن، رۆژی چاوپێکەوتن 2017/1/22.

**خشتەی ژمارە(6)**

پۆست و بواری کارکردنی نموونەی توێژینەوەکە

| پلە | ڕێژەی سەدی % | ژمارە | پۆست وبواری کارکردن |
|---|---|---|---|
| دووەم | 20.6 | 20 | ئەندازیاری پرۆژە |
| سێیەم | 15.4 | 15 | فەرمانبەر |
| چوارەم | 13.4 | 13 | جێبەجێکار |
| پێنجەم | 12.3 | 12 | بەڕێوەبەری ئیدارە |
| حەوتەم | 1.0 | 1 | ڕووپێو |
| یەکەم | 22.6 | 22 | ژمێریار |
| شەشەم | 7.2 | 7 | یاسا |
| شەشەم | 7.2 | 7 | ڕاگەیاندن |
| | %100 | 97 | کۆی گشتی |

بەپێی خشتەی ژمارە(6) کە پۆست و بواری کارکردنی دەستنیشانکراوان دەردەخات لەناو کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە لە نموونەی توێژینەوەکەدا، دەرکەوتووە کە ڕێژەی(22.6)ی دەستنیشانکراوان ژمێریارن و بوەپلەی یەکەم دێن، لە کۆتا پلەی ڕیزبەندییەکە کە پلەی حەوتەمە پسپۆری ڕووپێوی دێت کە تەنها ڕێژەی(1.0) پێکدەهێنێت.

بەپێی ئەنجامی ئەم ڕیزبەندییە دەردەکەوێت کە هیچ پۆستێک بۆ پەیوەندیگشتی لەناو نموونەی توێژینەوەکەدا تەرخان نەکراوە، وە بواری ڕاگەیاندن کەنزیکترینیانە لە بواری پەیوەندی گشتی ڕێژەیەکی کەمی پێکهێناوە لە نێو پسپۆرێتیەکاندا، بەڕای توێژەر نەبوونی هیچ پۆستێک بۆ پەیوەندیگشتی درک نەکردنی ڕێکخراوەکانە بۆ ڕۆڵ وبایەخی پەیوەندیگشتی لەڕێکخستن و بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ژینگە بەگشتی و کڕیارو سەوداکاران بەتایبەتی، هەروەها ئەوەی کەکەمترین بایەخدراوە بەپسپۆڕێتی ڕاگەیاندن بەڕای توێژەر ئەوە دەردەخات کەکەمترین بایەخ بە ڕاگەیاندن وگەیاندن دەدرێت وزیاتر ئەوبایەخەش لە چوارچێوەی ریکلامکردن بۆ کۆمپانیا و بەرهەمەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە.

**خشتەی ژمارە(7)**

چوارچێوەی کارو چالاکیەکانیکۆمپانیاکانی نمونەی نموونەی توێژینەوەکە

| پلە | ڕێژەی سەدی % | ژمارە | چوارچێوەی کارو چالاکییەکانی کۆمپانیا |
|---|---|---|---|
| یەکەم | 93.8 | 91 | ناوشاری سلیمانی |
| دووەم | 6.1 | 6 | دەرەوەی شاری سلیمانی |
| سێیەم | 0 | 0 | شارەکانیتری هەرێمی کوردستان |
| | 100% | 97 | کۆی گشتی |

بەپێی خشتەی ژمارە(7)کە چوارچێوەی کارو چالاکییەکانی کۆمپانیاکانی خانووبەرە (نموونەی توێژینەوەکە) دەردەخات، ئەو کۆمپانیایانەی کە بەپلەی یەکەم دێن تەنها لەناو شاری سلێمانیدا کارو پرۆژەو چالاکییەکانیان جێبەجێدەکەن و ڕێژەی(93.8)ی نموونەکە پێکدەهێنن، وە ئەو کۆمپانیایانەی کە سەرباری ناوشار لەدەرەوەی شاری سلێمانیشدا کارو پرۆژەیان هەیە، ڕێژەی(6.1)ی نموونەکە پێکدەهێنن و بەپلەی دووەم دێن،ئەو کۆمپانیایانەش کە لە شارەکانی تری هەرێمی کوردستانیش کاردەکەن هیچ ڕێژەیەکیان نەبووە.

ئەم ئەنجامە جەخت لە کاری کۆمپانیاکان دەکاتەوە لە ناو شاری سلێمانی کە مەبەستی توێژینەوەکەیە.

**خشتەی ژمارە(8)**

جۆری کاری کۆمپانیاکانی نموونەی توێژینەوەکە

| پلە | ڕێژەی سەدی % | ژمارە | جۆری کاری کۆمپانیا |
|---|---|---|---|
| یەکەم | 60.8 | 59 | دروستکردنی خانوبەرە |
| دووەم | 22.6 | 22 | پارەدارکردنی خانوبەرە |
| سێیەم | 16.4 | 16 | بەبازاڕکردن وفرۆشتنی خانوبەرە |
| | 100% | 97 | کۆی گشتی |

بەپێی خشتەی ژمارە (8) کە ئاماژە بەجۆری کاری کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە (نموونەی توێژینەوەکە) دەکات، دەرکەوتووە کە بەرێژەی (60.8)ی کۆمپانیاکان کاری دروستکردنی خانووبەرە ئەنجامدەدەن و بەپلەی یەکەم دێن، هەروەها بەرێژەی(22.6)

کۆمپانیاکان سەربارى دروستکردنى یەکەکان هەر بۆ خۆشیان سەرچاوەى پارەدارکردنى پرۆژەکان دابیندەکەن و بەپلەى دووەم دێن، لە کۆتاییشدا ئەو کۆمپانیایانەدێن کە کارى بەبازاڕکردن و فرۆشتنى یەکەکانیش هەربۆخۆیان ئەنجامیدەدەن و ڕێژەى(16.4)و پلەى سێهەمیان هەیە.

لەکۆتایی ئەم تەوەرەدا توێژەر چەند ئەنجامێکى بۆدەرکەوتووە سەبارەت بە تایبەتمەندى دیموگرافى دەستنیشانکراوان لە نموونەى توێژینەوەکەدا، ڕەگەزى مێ لەکارى بەڕێوەبردنى پەیوەندییەکاندا کەمتر ئەرکیان پێسپێردراوەو زیاتر لەلایەن ڕەگەزى نێرەوە جێبەجێدەکرێت، هەروەها تەمەنى بەشداربووان بە زۆرى لە تەمەنى (40-20)ساڵدایە کە ئەمەش دەریدەخات تەمەنى گەنج زیاتر لەوپۆستەدا کاردەکەن وبایەخیان پێدراوە، زۆرینەى بەشداربووان بڕوانامەکانیان لەئاستى بەکالۆریۆسدایە، ساڵانى خزمەتى بەشداربووان زۆرینە لەنێوان (1-5) ساڵدایە لەکاتێکدا هەتا کارکردن لەبوارێکى دیاریکراودا زیاتربێت شارەزایى تیایدا زیاد دەکات، کۆمپانیا کارى بەڕێوەبردنى پەیوەندیەکانى بەکارمەندەکانى جێبەجێدەکات و مەرجى بوونى پسپۆڕێتى نیە لەبوارى پەیوەندیگشتیدا ،هەروەها کارمەندى فرۆشتن و ڕاگەیاندن کە ئەم دوانەیان نزیکترینن لەکارى پەیوەندى گشتى لەنێو کارمەندانى بەرپرس لەبەڕێوەبردنى پەیوەندییەکانى کۆمپانیا ڕێژەکەیان زۆر کەمە.

لە کۆتاییشدا چوارچێوەى کارو چالاکییەکانى کۆمپانیاکانى نموونەى توێژینەوەکە دەرکەوتووە کە سەرجەمیان لەناوشارن سەربارى کارکردنى تەنها شەش دانەیان لەدەرەوەى شاریشدا، جۆرى کاریان دروستکردنى یەکەکانى نیشتەجێکردنە و بەڕێژەى (22) دانەیان بۆخۆیان سەرچاوەى پارەدارکردنى پرۆژەکان دابیندەکەن و تەنها (16) کۆمپانیا کارى بەبازاڕکردنى یەکەکانیش خۆى ئەنجامیدەدات.

**دووەم: شیکردنەوەى تەوەرەکانى ڕاپرسییەکە:**

**تەوەرى یەکەم: پرسیارەکانى تایبەت بە ژینگەى وەبەرهێنانى خانووبەرە.**

بەپێی برگەکانى ئەم تەوەرەیە توێژەر مەبەستیەتى بگاتە دەرخستنى ئاستى گونجاوى ژینگەى شارى سلێمانى بۆ وەبەرهێنان لەبوارى خانووبەرەدا، هەروەها تا چەند پایەومەرجەکانى وەبەرهێنان جێبەجێدەبێت لە ژینگەى شارى سلێمانى لەبوارى وەبەرهێنادا، ئاستى گونجاوى جوگرافیاى شارو بڕیاردانى حکومى لەسەر هەڵبژاردنى شوێنى

جێبەجێکردن و چۆنییەتی بەڕێوەچوونی پرۆژەکان، وە توێژەر دەیەوێت بزانێت ئەو ئاسانکارییانەچین کە لەڕووی یاساییەوە بۆ وەبەرهێن ئەنجامدەدرێن و ژینگەی سیاسی و ئابووری تاچەند کاریگەرییان هەیە لەسەر ڕەوشی وەبەرهێنان لەناوشاری سلێمانیدا، بەتایبەتی لەچەند ساڵی دواییدا کە ژینگەی ئابوری و سیاسی ڕووبەڕووی شڵەژان و قەیران بوونەتەوە.

**خشتەی ژمارە (9)**

**گونجاویی ژینگەی جوگرافی شاری سلێمانی.**

**1- ئایا ژینگەی جوگرافی شاری سلێمانی لەبارو گونجاو دەبینن بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە؟.**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|
| هەمیشە | 56 | 56.6 | یەکەم |
| هەندێکجار | 41 | 41.4 | دووەم |
| هەرگیز | - | - | سێیەم |
| کۆی گشتی | 97 | %100 | |
| لادانی پێوەری | .49655 | | |
| ناوەندی ژمێریاری | 1.4227 | | |

لە خشتەی ژمارە(9)دا دەرکەوتووە کە بەڕێژەی(56.6) کە بەرزترین ڕێژەیی دەستنیشانکراوانە لەگەڵ ئەوەدان کە هەمیشە ژینگەی شاری سلێمانی ژینگەیەکی گونجاوە بۆ وەبەرهێنان لەڕووی جوگرافییەوە،هەروەها، بەڵام هیچ یەکێک هاوڕانین لەگەڵ هەڵبژاردەی سێهەم کە ژینگەی شاری سلێمانی بە نەگونجاوبزانن بۆوەبەرهێنان لەبواری خانووبەرەدا،هەروەها لادانی پێوەری بریتیە لە (.49655) و ناوەندی ژمێریاریش (1.4227)ە.

ژینگەی جوگرافی ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت لەبریاری ئەنجامدانی پرۆژەکانی وەبەرهێنان لەبواری خانووبەرە ، ئەم ئەنجامەش ئەوە دەردەخات کە زۆربەی دەستنیشانکراوان هەمیشە ژینگەی وەبەرهێنانی شاری سلێمانی لەڕووی جوگرافیەوە، هەرچەندە کە بەرزی ونزمی جیاواز لەناوچە جیاوازەکانی شاری سلێمانیدا بەدیدەکرێت وەک ئەو جیاوازییەی کە لە بەرزاییەکانی گۆیژە و تووی مەلیکدا هەیە لەچاو قرگە وراپەڕیندا (وەک لە نەخشەی

بەرزونزمی شاری سلێمانیدا دەرکەوتووە لەپاشکۆی ژمارە(9) دا)، نەبوونەتە مایەی ڕاگرتنی پرۆسەی بیناکردنی یەکەکانی نیشتەجێکردن لەو ناوچانەدا،بەڵکو لەڕوانگەیەکی دیکەوە مایەی زیاتر جوانی و سەرنجراکێشی پرۆژەکان بووە، خاوەن پرۆژەکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە پێیانوایە کە هەرچەندە ڕێکخستنەوەی زەوی و لێدانی پایەکان لەبیناکردنی یەکەکانی نیشتەجێکردن و بەتایبەتی باڵەخانەکان لە بەرزاییەکاندا تێچووی پرۆژەکە زیاتر دەکات، بەڵام لەڕووی جوانی و دەرکەوتوویی پرۆژەکە ونرخەوە قەرەبوو دەبێتەوە[*] .

**خشتەی ژمارە(10)**

**ڕۆڵی حکومەت لە دیاریکردنی شوێنی پرۆژەکان .**

**2- دەستنیشانکردنی شوێنی پرۆژەکان بە پێی مەرج و ڕێنمایی حکومی و لەبەرچاوگرتنی گونجاوی شوێنەکەیە لەڕووی جوگرافییەوە.**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|
| **هەمیشە** | 43 | 43.4 | **دووەم** |
| **هەندێکجار** | 52 | 52.5 | **یەکەم** |
| **هەرگیز** | 2 | 2.0 | **سێیەم** |
| **کۆی گشتی** | 97 | %100 | |
| **لادانی پێوەری** | .53687 | | |
| **ناوەندی ژمێریاری** | 1.5773 | | |

بەپێی خشتەی ژمارە (10) دەرکەوتووە کە ڕێژەی (52.5)ی دەستنیشانکراوان لەگەڵ ئەوەدان کە دەستنیشانکردن و هەڵبژاردنی شوێنی پرۆژەکان هەندێکجار بەپێی مەرج و ڕێنمایی حکوومەتە، ئەم ڕێژەیەش بەرزترینە لە ڕیزبەندییەکەدا، هەروەها ، وە تەنها ڕێژەی (2.0)ی دەستنیشانکراوان پێیانوایە کە دیاریکردنی شوێنی پرۆژەکان هەرگیز لەلایەن حکوومەتەوە کە کەمترین ڕیژەی ڕیزبەندییەکە پێکدەهێنن،وەلادانی پێوەری پێکهاتووە لە(.53687)و ناوەندی ژمێریاریش (1.5773) ە.

[*] ئەنجامدانی ڕاپرسی بەرایی لەگەڵ ڕێژەی20%ی بەڕێوەبەرانی کۆمپانیاکانی وەبەهێنانی خانووبەرە (نمونەی توێژینەوەکە) ،کە برتیبوون لە(5)پێنج کۆمپانیا لەکۆی (25)بیست وپێنج کۆمپانیا.

بەپێی ئەویاسایانەی کە کاری پێدەکرێت لە هەرێمی کوردستان حکوومەت بە ڕاوێژ لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان و وەزارەت ودەستەکانی وەبەرهێنان، شوێن و جۆری پرۆژەکان دیاریدەکەن، بەپێی یاسای ژمارە (4)ی ساڵی(2006)کە هەتا کاتی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە نە هەموارکراوەتەوە ونە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە،بەپێی بڕگەی (4) لەو یاسایە دەستەی وەبەرهێنان بە ڕێکەوتن لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان هەڵدەستن بە دیاریکردنی شوێنی پرۆژەکانی وەبەرهێنان وبەپێی پلانی شارەکان جێگەکانیان دیاریدەکرێت، جا بە نرخێکی ڕەمزی یان بەکرێ یان بە تاپۆکردنی لەسەر لایەنی وەبەرهێن بەمەرجی ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی.

بەپێی ئەم ئەنجامەش دەرکەوتووە کە وەبەرهێنەران هاوڕان لەسەر بوونی ڕۆڵی حکوومەت لە دەستنیشانکردن ومەرجدانان لەسەر دیاریکردنی شوێنی پرۆژەکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە.

**خشتەی ژمارە(11)**

**هەڵبژاردنی شوێنی پرۆژەکان.**

**3- لە هەڵبژاردنی شوێنی پرۆژەکاندا بە پلەی یەکەم ئارەزووی وەبەرهێن لەبەرچاودەگیرێت.**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|
| **هەمیشە** | 22 | 22.2 | **دووەم** |
| **هەندێکجار** | 60 | 60.6 | **یەکەم** |
| **هەرگیز** | 15 | 15.2 | **سێیەم** |
| **کۆی گشتی** | 97 | %100 | |
| **لادانی پیوەری** | .61657 | | |
| **ناوەندی ژمێریاری** | 1.9278 | | |

لەخشتەی ژمارە(11)دا دەرکەوتووە کە بەڕێژەی (60.6)کەربەزترین ڕێژەیە لەگەڵ ئەوەدان کە تەنها هەندێکجار خواستی وەبەرهێن لەبەرچاودەگیرێت لەهەڵبژاردنی شوێنی پرۆژەکانی نیشتەجێکردندا، وە ڕێژەی(15.2)کە کەمترینە، پێیان وایە هەرگیز خواستی وەبەرهێن لەبەرچاوناگیرێت لە هەڵبژاردنی شوێنی پرۆژەکاندا ، لادانی پێوەری بریتییە لە (.61657)و ناوەندی ژمێریاری(1.9278)ە.

ئەم ئەنجامە ئەوە دەردەخات کە لە دیاریکردنی شوێنی پرۆژەکاندا تەنها هەندێکجار خواستی وەبەرهێن لەبەرچاو دەگیرێت، لە کاتێکدا خواستی وەبەرهێن یەکێکە لەو مەرجە

گرنگانەی کە بۆبڕیاردان لەسەر ئەنجامدانی هەرپرۆژەیەکی وەبەرهێنان ڕۆڵی گەورەی هەیە بەتایبەت لەسەر ئاستی ئامادەیی وەبەرهێنەکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی سەر پرۆژەکە، چونکە هەر پرۆسەیەکی وەبەرهێنان کۆمەڵێک مەترسی لەسەرهەیە و هەتا ئاستی قازانجی پرۆژەکە زیاتربێت مەترسیش لەسەری زیاترە، وە کاتێک خواستی وەبەرهێن لەبەرچاوگیرا ئەوە ئامادەیی هەڵگرتنی مەترسییەکانی زیاتر دەبێت.

**خشتەی ژمارە(12)**

**لەبەرچاوگرتنی شێوازی ژیان لە یەکەکاندا**

**4- ئایا لە شێوازی دروستکردنی یەکەکانی نیشتەجێکردندا ئاستی پێشکەوتوویی شێوازی ژیان ڕەچاودەکرێت و بە پێی ستانداردی جیهانیی بونیاتدەنرێن.**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|
| **هەمیشە** | 47 | 47.5 | **یەکەم** |
| **هەندێکجار** | 43 | 43.4 | **دووەم** |
| **هەرگیز** | 7 | 7.1 | **سێیەم** |
| **کۆی گشتی** | 97 | %100 | |
| **لادانی ثپێوەری** | .62504 | | |
| **ناوەندی ژمێریاری** | 1.5876 | | |

بەپێی خشتەی ژمارە (12) دەرکەوتووە کە بەرێژەی (47.5)ی دەستنیشانکراوان کە بەرزترین ڕێژەیە، پێیانوایە کە هەمیشە ئاستی ژیانی پێشکەوتوو ستانداردە جیهانییەکان لەبەرچاودەگرن لەدروستکردنی یەکەکانی نیشتەجێکردندا، وە نزمترین ڕێژە ئەو دەستنیشانکراوانەن کە پێیان وایە هەرگیز ڕەچاوی ئاستی پێشکەوتوویی ژیان و ستانداردە جیهانییەکان ناکرێت لەدروستکردنی یەکەکانی نیشتەجێکردندا و بریتیین لە(7.1)ی دەستنیشانکراوان، هەروەها لادانی پێوەری ڕێژەی(62504.)ە، وە ناوەندی ژمێریاریش(1.5876)ە.

بەمجۆرە دەردەکەوێت کە زۆرینەی کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە لە شێوازی دروستکردنی یەکەکانی نیشتەجێرکردندا ئاستی پێشکەوتوویی شێوازی ژیان ڕەچاودەکەن و بەپێی ستانداردی جیهانیی یەکەکان دروستدەکەن، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئاستی پێشکەوتنەکانی ژیانە کە زۆر لایەنی تایبەت بە پێداویستیی تاکەکان و ئارەزووەکانیان

و پلەی زیرەکی و ئاستی خوێندەواری و ئاستی ڕۆشنبیری وشێوازی ژیانی باوی کۆمەڵگە دەگرێتەوە، کە لەسەر شێوازی دروستکردنی یەکەکانی نیشتەجێکردن ڕەنگدانەوەکەی بەدیدەکرێت، بۆ نموونە پێشتر لە پانتاییەکی فراوانتردا دروستکراون و ئێستا زیاتر لەسەر شێوەی باڵەخانە و شوقەدا دەردەکەون کە خواستی ژیانکردن لەوجۆرە یەکانەدا پەرەیسەندووە، ئەم تایبەتمەندییانەش بەردەوام لەگۆڕاندان و ڕەچاونەکردنیان کاردانەوەی دەبێت لەسەر خواستی کڕین و دابەزینی ئاستی فرۆشی کۆمپانیا.

**خشتەی ژمارە(13)**

**خواستی دانیشتوانی شار لە گۆڕانی ئاستی ژیانکردندا.**

**5- دانیشتوانی شاری سلێمانی کەسانێکی کراوەن و هاوشانی کرانەوەو پێشکەوتنەکانی ئاستی ژیان خواستیان لە گۆڕان و پێشکەوتندایە.**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|
| **هەمیشە** | 65 | 65.7 | **یەکەم** |
| **هەندێکجار** | 30 | 30.3 | **دووەم** |
| **هەرگیز** | 2 | 2.0 | **سێیەم** |
| **کۆی گشتی** | 97 | %100 | |
| **لادانی پێوەری** | .52124 | | |
| **ناوەندی ژمێریاری** | 1.3505 | | |

بەپێی خشتەی ژمارە (13) دەرکەوتووە کە بەرێژەی (65)ی دەستنیشانکراوان کەبەرزترین ڕێژەیە، هەمیشە دانیشتوانی شاری سلێمانی بە کەسانێکی کراوەو گۆڕاو لە خواستی ژیانکردنیاندا دەزانن، کەمترین ڕیژەش ئەو دەستنیشانکراوانەن کە هەرگیز دانیشتوانی شاری سلێمانی بەکەسانی کراوە نازانن و پێیانوایە کە ئارەزووی گۆڕانیان نیە لە شێوازی ژیانکردندا، (20)ی دەستنیشانکراوان پێکدەهێنن، هەروەها لادانی پێوەری بریتییە لە (.52124) و ناوەندی ژمێریاریش (1.3505)ە.

ئەم ئەنجامە ئەوەدەردەخات زۆرینەی دەستنیشانکراوان لەگەڵ ئەوەدان کەدانیشتوانی شاری سلێمانی کەسانێکی کراوەن و حەز بە گۆڕانکاری دەکەن لەشێوازی ژیانیاندا و هاوشانی گۆڕانکارییەکان لەپێشکەوتنەکانی ئاستی ژیان ئەوانیش خواستیان لەگۆڕانە، ئەم خاڵە گرنگ و بایەخی خۆی هەیە لەپرۆسەی وەبەرهێنانی خانووبەرەدا، چونکە یەکەکانی

نیشتەجێکردن ئامانجی سەرەکیان دانیشتوانە کە بەکاربەری بەرهەمەکانیان پێکدەهێنن و لەبەرچاوگرتنی خواستی ئەوانیش بەبازاڕکردنی بەرهەمەکانیان ئاسانتر دەکات وفرۆشتن خێراتر دەکات.

**خشتەی ژمارە (14)**

**ئاستی کاریگەری بارودۆخی سیاسی**

**6- شڵەژانی بارودۆخی سیاسی لەشاری سلێمانی کاری کردووەتە سەر ئاست و ڕێژەی وەبەرهێنان و ڕێژەی کڕینی خانووبەرە.**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|
| **هەمیشە** | 56 | 56.6 | **یەکەم** |
| **هەندێکجار** | 22 | 22.2 | **دووەم** |
| **هەرگیز** | 19 | 19.2 | **سێیەم** |
| **کۆی گشتی** | 97 | %100 | |
| **لادانی پێوەری** | .79639 | | |
| **ناوەندی ژمێریاری** | 1.6186 | | |

بەپێی خشتەی ژمارە (14) دەرکەوتووە کە بەرێژەی (56.6)ی دەستنیشانکراوان کە بەرزترین ڕێژەیە پێیان وایە شڵەژان لەبارودۆخی سیاسی هەمیشە کاریکردووەتە سەر وەبەرهێنان لەبواری خانووبەرە لەڕووی ئاست و ڕێژەوە، بەڵام کەمترین بەرێژە کە(19.2)یە، پێیان وایە کە شڵەژانی بارودۆخی سیاسی هەرگیز کاری نەکردووەتە سەر پرۆسەی وەبەرهێنانی خانووبەرە لەڕووی ئاست وڕێژە وبڕی فرۆشتن و لەپلەی سێهەمی ڕیزبەندی دەستنیشانکراواندان، وە لادانی پێوەری (.79639)ە و ناوەندی ژمێریایش(1.6186)ە.

ئەم ئەنجامە ئەوە دەردەخات کە زۆرینەی دەستنیشانکراوان پرۆژەو بەرهەمەکانیان کاریگەربووە بە هۆی ئەو شڵەژانەی کەلەبارودۆخی سیاسیدا هەیە ولەئارادایە لەگەڵ هاوکاتی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، لە کاتێکدا کەیەکێک لەمەرجە گرنگ و سەرەکییەکانی ژینگەی وەبەرهێنان جێگیری سیاسی و دۆخی ئاسایشی ناوچەی جێبەجێکردنی پرۆژەی وەبەرهێنانەکەیە، وەبوونی ئاسایشێکی ئارام وجێگیرمایەی دڵنیایی و هاندەرە بۆ کەسی وەبەرهێن و بۆ بڕیاردان لەسەر یەکلاکردنەوەی ئەنجامدانی پرۆژەکان، وە هەرچەندە کە

ئاسایشی شاری سلێمانی تاڕادەیەکی باشە و پارێزراوو ئارامە، بەڵام ناجێگیری لەبارودۆخی سیاسیدا بوونەتەهۆی ناجێگیری لەبازاڕ و ئاستی فرۆشتنی یەکەکانی نیشتەجێکردندا.

**خشتەی ژمارە (15)**

**ئاستی گوونجاویی یاساکانی وەبەرهێنان.**

**7- ئەو یاسایانەی لە ئێستادا کاریان پێدەکرێت بۆ ڕێکخستنی وەبەرهێنانی خانووبەرە جۆرێک لە کۆت و سنووری خستووەتە سەر بەڕێوەچوونی پرۆسەکە.**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|
| **هەمیشە** | 23 | 23.2 | **دووەم** |
| **هەندیکجار** | 57 | 57.6 | **یەکەم** |
| **هەرگیز** | 17 | 17.2 | **سێیەم** |
| **کۆی گشتی** | 97 | %100 | |
| **لادانی پێوەری** | .64250 | | |
| **ناوەندی ژمێریاری** | 1.9381 | | |

بەپێی خشتەی ژمارە (15) دەرکەوتووە کە بەرزترین ڕێژە (57.6)ی دەستنیشانکراوان پێیانوایە کە ئەو یاسایانەی لە ئێستادا کاریان پێدەکرێت بۆ ڕێکخستنی وەبەرهێنانی خانووبەرە مایەی سنووردارکردنی پرۆسەکانن ئەو دەستنیشانکراوانەش کە پێیانوایە هەرگیز یاساکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە کۆت و سنووری بۆ وەبەرهێنان دروستنەکردووە کەمترینن وڕێژەکەیان بریتیە لە (17.2)، هەروەها لادانی پێوەری بریتییە لە (.64250)و ناوەندی ژمێریاریش(1.9381)ە.

یەکێک لەو هۆکارانەی کاریگەریان هەیە لەسەر چالاکییەکانی وەبەرهێنان وهاندان بۆ وەبەرهێنان بوونی یاساو ڕێساو ڕێنمایی لەبارو گونجاوە لەو ناوچەیەی کە پرۆسەی وەبەرهێنانی تیادا ئەنجامدەدرێت، وە ئەو یاسایانەی کە ناڕوون و لێتێگەیشتنیان ئاسان نیە لای وەبەرهێنەر، دەبنە مایەی سنووردارکردنی پرۆسەکە و هاندان بۆ وەبەرهێنان کەم دەکەنەوە، لەیاسای ژمارە (4) ساڵی (2006)دا کەتایبەتە بەڕێکخستنی وەبەرهێنان جگە لەماددەی دوو-برگەی هەشت، کە وەبەرهێنان لەبواری نیشتەجێکردن بە یەکێک لەجۆرەکانی وەبەرهێنان دیاریدەکات(وەک لە پاشکۆی ژمارە(6) خراوەتەڕوو)،وە بەڕێنمایی ژمارە (1637) لە بەرواری 2010/6/13 کە لەلایەن دەستەی وەبەرهێنان و ڕێنمایی سندووقی

نیشتەجێبوونەوە بۆ هاندان ودروستکردنی شوقەو خانوو لەقەزاو ناحیەکاندا (وەک لە پاشکۆی ژمارە(7)دا خراوەتەڕوو)، هیچ ڕوونییەک بەدیناکرێت لە دیاریکردنی یاساکانی تایبەت بەوەبەرهێنان لەبواری خانووبەرە ودیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی کەسی وەبەرهێن لەوبوارەدا، هەربۆیە ئەم ئەنجامە زیاتر ئەوە دەردەخات کە زۆرینەی دەستنیشانکراوان لەگەڵ ئەوەدان کە یاساکانی لەئێستادا کاریان پێدەکرێت بۆرێکخستنی وەبەرهێنان لەبواری خانووبەرەدا، کۆت وسنووری خستووەتە سەرئەنجامدانی پرۆسەکانی وەبەرهێنان لە لەبواری خانووبەرەدا.

**خشتەی ژمارە (16)**

**ئاسانکاری حکومی لەڕووی باج و داراییەوە**

**8- بەخشینی زەوی و ئاسانکاریی لە باج و ڕەسمی دارایی ئاسانکاریی و هاندانی کردووە بۆ کەسی وەبەرهێن و خواستی وەبەرهێنان لە بواری خانووبەرەدا.**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|
| **هەمیشە** | 46 | 46.5 | **یەکەم** |
| **هەندیکجار** | 42 | 42.4 | **دووەم** |
| **هەرگیز** | 9 | 9.1 | **سێیەمم** |
| **کۆی گشتی** | 97 | %100 | |
| **لادانی پێوەری** | .65261 | | |
| **ناوەندی ژمێریاری** | 1.6186 | | |

بەپێی خشتەی ژمارە(16) دەرکەوتووە کەیەڕێژەی (46.5)ی دەستنیشانکراوان پێیان وایە، کەبەخشینی زەوی و ئاسانکاریی لە باج وڕەسمی دارایی هەمیشە بووەتەمایەی هاندانی وەبەرهێنان لەبواری خانووبەرەدا و ئەم ڕێژەیەش زۆرترینە، بەڵام بەڕێژەی (91)ی دەستنیشانکراوان کە کەمترینە پێیان وایە هەرگیز نەبووەتە هۆی هاندانی وەبەرهێنەران و زیادکردنی خواستی وەبەرهێنان لەبواری خانووبەرەدا، هەروەها لادانی پێوەری بریتییە لە(.65261)و ناوەندی ژمێرەییش(1.6186) .

بەپێی ماددەی چوار لەیاسای وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستاندا، بەخشینی زەوی و گۆڕینی موڵکداری و دیاریکردنی نرخی زەوی تەرخانکراو بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان دیاریکراوە، هەروەها بە پێی بایەخ وگرنگی پرۆژەکان و بەرێکەوتن لەگەڵ فەرمانگە پەیوەندیدارەکان و دیزاینی سەرەکی لەناوشار ودەرەوەی شار، زەوی بۆ پرۆژەکان تەرخان

دەکرێت جا بە شێوەی فرۆشتن بە نرخێکی دیاریکراو یان بەکرێدانی بەخاوەن پرۆژەکە، وە بە پێی برگەی سێ لە هەمان یاسا و لەسەر پێشنیاری دەستەی وەبەرهێنان ئەنجومەنی وەزیران هەڵدەستێت بە بەتەرخانکردنی زەوی بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان بە نرخێکی هاندەر یاخود بێبەرامبەر، ئەگەرهاتوو سروشتی پرۆژەکە وبایەخی بەرژەوەندی گشتی لەتاپۆکردنیدا بێت بەبێ گەڕانەوە بۆیاساکانی فرۆشتن وبەکرێدانی موڵکەکانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان، بەڕای توێژەر ئەم ماددەیە جگەلەوەی بەڕوونی باسی لە پرۆژەکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە نەکردووە، هەروەها پێدانی زەوی یان فرۆشتنی بەنرخێکی دیاریکراو بەڕوونی بۆ ئەو پرۆژانە دیاریکراونین و لەسەر بۆچوون و پێشنیاری دەستەی وەبەرهێنان بەندە نەک یەکلاییکردنەوەی تەواو، هەربۆیە کە دەستنیشانکراوان بەدوو بۆچوونی جیاواز بەڕێژەیەکی نزیک لەیەکتر پێیان وایە کە ئاسانکارە یان تەنها هەندێکجار مایەی ئاسانکاریە بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکان، ئەمەش دەریدەخات کە ناڕوونی هەیە لەیاساکەدا و ئاسانکارییەکانی دیارنیە.

**خشتەی ژمارە (17)**

**ئاستی کاریگەری قەیرانی دارایی**

**9- بارودۆخی ئابوری و قەیرانی دارایی کاریگەرییان هەیە لەسەر ئاست و بڕی فرۆشی یەکەکان.**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|
| **هەمیشە** | 53 | 53.5 | **یەکەم** |
| **هەندێکجار** | 29 | 29.3 | **دووەم** |
| **هەرگیز** | 15 | 15.2 | **سێیەم** |
| **کۆی گشتی** | 97 | %100 | |
| **لادانی پێوەری** | .74382 | | |
| **ناوەندی ژمێریاری** | 1.6082 | | |

بەپێی خشتەی ژمارە (17) ڕوونبۆتەوە کە بەڕێژەی (53.5)ی دەستنیشانکراوان کە بەرزترین ڕێژەیە، پێیانوایە بارودۆخی ئابوری و قەیرانی دارایی کاریگەرییان هەیە لەسەر ئاست وبڕی فرۆش لە پرۆژەکاندا، ئەو دەستنیشانکراوانەش کە پێیان وایە هەرگیز بارودۆخی ئابوری و قەیرانی دارایی کاریگەرییان نیە لەسەر ئاست وبڕی فرۆشی یەکەکانی نیشتەجێکردن ڕێژەکەیان بریتیە لە(15.2)و نزمترین ڕێژە پێکدەهێنن، لادانی پێوەری بریتیە لە(.74382)و ناوەندی ژمێریاریش (1.6082)ە.

بەپێی ئەم ئەنجامە دەردەکەوێت کەزۆرینەی دەستنیشانکراوان پێیان وایە کەبارودۆخی ئابوری و قەیرانی دارایی کاریگەرییان هەیە لەسەر ئاست وبڕی فرۆشی یەکەکان.

**خشتەی ژمارە (18)**

**ئاستی گوونجاویی تۆڕەکانی پەیوەندیکردن**

**10-تۆڕەکانی پەیوەندیکردن پێشکەوتوو لەبارن بۆ ئاگاداربوون لە بازاڕو کۆمپانیا ململانێکارەکان و هەروەها بەدەستهێنانی زانیاری لەبارەی بەڕێوەچوونی پرۆسەی وەبەرهێنان.**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|
| هەمیشە | 46 | 46.5 | یەکەم |
| هەندێکجار | 41 | 41.4 | دووەم |
| هەرگیز | 10 | 10.1 | سێیەم |
| کۆی گشتی | 97 | %100 | |
| لادانی پێوەری | .66645 | | |
| ناوەندی ژمێریاری | 1.6289 | | |

بەپێی خشتەی ژمارە (18) دەرکەوتووە کە بەرێژەی (46.5)ی دەستنیشانکراوان پێیان وایە کەتۆڕەکانی پەیوەندیکردن پێشکەوتوو لەبارن بۆ ئاگاداربوون لە بازاڕو کۆمپانیا رکابەرەکان و بەدەستهێنانی زانیاری لەبارەی بەڕێوەچوونی پرۆسەی وەبەرهێنان لە شاری سلێمانیدا،وە بەرزترین ڕێژە پێدەهێنن، وبەرێژەی(10.1)ی دەستنیشانکراوان هەرگیز بە گونجاوی نازانن و نزمترین ڕێژە پێدەهێنن، هەروەها لادانی پێوەری بریتییە لە (.66645) و ناوەندی ژمێریاریش(1.6289)ە.

بەپێی ئەم ئەنجامە دەرکەوتووە کە بەشێکی زۆری دەستنیشانکراوان تۆڕەکانی پەیوەندیکردن بە پێشکەوتوو لەبار دەزانن بۆ ئاگاداربوون لە بازاڕو کۆمپانیا ململانێکارەکان و هەروەها بەدەستهێنانی زانیاری لەبارەی بەڕێوەچوونی پرۆسەی وەبەرهێنان لەشاری سلێمانیدا، لە کاتێکدا ئاگاداربوون لە بازاڕ و رکابەری کۆمپانیاکانی دیکە خاڵێکی گرنگە بۆ چۆنێتی بڕیاردان وئەنجامدانی پرۆسەکانی وەبەرهێنان، هەربۆیە کە بوونی تۆڕەکانی پەیوەندیکردنی لەبارو پێشکەوتوو یەکێکە لەپایەکانی ژینگەی وەبەرهێنان لەڕووی تەکنەلۆجیەوە کە بە ژینگەی تەکنەلۆژی ناودەبرێت و لە ئێستادا کاریگەری زۆری هەیە لەسەر ژیان و کاری سەرجەم کایە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵگە.

## خشتەی ژمارە(19)

## هاوکاری و ئاسانکاری فەرمانگە حکومیەکان

### 11- فەرمانگە حکومییەکانی تایبەت بەڕاییکردنی مامەڵەی وەبەرهێنان ئاسانکاری و زانیاری پێویست دەخەنە بەردەستی وەبەرهێنەران.

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|
| هەمیشە | 24 | 24.2 | دووەم |
| هەندێکجار | 64 | 64.6 | یەکەم |
| هەرگیز | 9 | 9.1 | سێیەم |
| کۆی گشتی | 97 | %100 | |
| لادانی پیوەری | .56532 | | |
| ناوەندی ژمێریاری | 1.8454 | | |

بە پێی خشتەی ژمارە (19) ڕوونبۆتەوە کە بەڕێژەی(64.6)ی دەستنیشانکراوان پێیانوایە کە تەنها هەندێکجار فەرمانگە حکومییەکانی تایبەت بەڕاییکردنی مامەڵەی وەبەرهێنان ئاسانکاری وزانیاری پێویست دەخەنە بەردەستی وەبەرهێنەران و لە ئاسانکردنی بەڕێوەچوونی پرۆژەکاندا و بەرزترین ڕێژە پێدەهێنن، ئەو دەستنیشانکراوانەی کە پێیان وایە هەرگیز فەرمانگە حکومییەکانی تایبەت بەڕاییکردنی مامەڵەی وەبەرهێنان ئاسانکاری و زانیاری پێویست ناخەنە بەردەستی وەبەرهێنەران ومایەی باشتر بەڕێوەچوونی پرۆسەکە نین، ڕێژەی کەمترین و(9.1)ی دەستنیشانکراوانن، هەروەها لادانی پێوەری بریتیە لە(.56532) و ناوەندی ژمێریاری (1.8454)ە.

بەردەستبوونی زانیاری لەبارەی چۆنیەتی بەڕێوەچوون و ئەنجامدانی پرۆژەکانی وەبەرهێنان زیاتر مایەی بەئاگابوون و شارەزایی دەبێت لەلای کەسی وەبەرهێن لەبارەی ڕەوشی وەبەرهێنان و ئاسانتر دەتوانێت بڕیاربدات، ئەم پێدانی زانیاریە لە هەرێمی کوردستان و بەتایبەت لەشاری سلێمانی کەنموونەی ئەم توێژینەوەیەیە، کاری بەڕێوەبەریتی وەبەرهێنانی شاری سلێمانیە کە فشاری زۆریان لەسەرە و بەهۆی کەمیی ماوەی دەوامکردنەوە قەرەباڵغی وپێکداچوویی لەئیشەکاندا دروستبووە, ئەمەش کاریکردووەتەسەر دواخستنی مامەڵەو چاوەڕوانکردنی زیاتر لەڕاییکردنیاندا لەلایەک و

بەردەستنەبوونی زانیاری پێویست بۆ وەبەرهێن لە ماوەیەکی کەمدا لەلاکەی ترەوە*، بەمجۆرە دەردەکەوێت کەزۆرینەی دەستنیشانکراوان لەگەڵ ئەوەدان کەتاڕادەیەک فەرمانگە حکومییەکانی تایبەت بەڕاییکردنی مامەڵەی وەبەرهێنان ئاسانکاری و زانیاری پێویست دەخەنە بەردەستی وەبەرهێنەران وهاوکارن لە بەڕێوەچوونی پرۆسەکاندا.

لەکۆتایی ئەم تەوەرەدا، دەرکەوتووە کە ژینگەی جوگرافی و کۆمەڵایەتی شاری سلێمانی ژینگەیەکی لەبارە بۆ وەبەرهێنان لەبواری خانووبەرەدا، حکوومەت ڕۆڵی هەیە لە دیاریکردن و بەڕیوەچوونی پرۆسەکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە بەڵام بەشێوەیەکی ناڕوون و ناچوونیەک لە ڕێگەی یاساو ڕێسا تایبەتەکانەوە، چونکە ئەو یاساو ڕینماییانە ناڕوونن، وە ماوەیەکی زۆر بەسەردەرچوونیدا تێپەڕیوە بەبێ هەموارکردنەوە یان پێداچوونەوەو دەسکاریکردنی برگەکانی, ئەو قەیرانە دارایی و ئابووری سیاسییەی کە هاوکاتی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بوونیان هەیە کاریگەریی نەرێنیان لەسەر وەبەرهێنانی خانووبەرە هەبووە.

**تەوەری دووەم: پرسیارەکانی تایبەت بە ڕێکارەکانی پەیوەندی گشتی**

توێژەر بەپێی برگەکانی ئەم تەوەرە مەبەستیەتی بگاتە ئەنجامی چۆنیەتی بەکارهێنانی ڕێکارەکانی پەیوەندی گشتی لەلایەن کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانووبەرەوە، بەتایبەتی کە ئەو ڕێکارانە یارمەتیدەرو ئاسانکارن لە پرۆسەی ناساندنی کۆمپانیاو بەرهەمەکانی بە کۆمەڵگەو جەماوەر بەگشتی، هەروەها بە سەوداکاران و کڕیاران بەشێوەیەکی تایبەتی، بەلەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی ڕێکارەکانی پەیوەندی گشتی لە برەودان و خێراترکردنی پرۆسەی بەبازاڕکردنی بەرهەمەکانیان و بەدیهێنانی ڕەزامەندی کڕیارو زیادکردنی فرۆشی کۆمپانیا لەڕێگەی چەند جۆرێکی ڕێکاریی کە بەکاریاندەهێنێت و پشتیان پێدەبەستێت لە باوەڕپێهێنان و قایلکردنی ئەو کەس ولایەنانەی پەیامەکانیان ئاراستە دەکرێت، بەپێی ئەو ئامانجانەی کەکۆمپانیا لەدووی بەدیهێنانیەتی و بەپێی پلانی بەبازاڕکردنی بەرهەمەکان، بە دیاریکردنی جۆری جەماوەر و ئەو هەڵوێستەی کە کۆمپانیا ڕووبەڕووی دەبێتەوە کە هەندێکجار بۆ برەوپێدانی کۆمپانیا و بەرهەمەکانییەتی و هەندێکجاریش لەڕووبەڕوو بوونەوەی هەڵمەتی دژ بەکۆمپانیا و ڕووداوە کتوپڕەکاندایە کە بەشێوەیەکی ناڕاستەخۆ کاریگەری دەخەنەسەر ناوبانگی کۆمپانیا و نەمانی متمانە بە بەرهەمەکانی .

* چاوپێکەوتن لەگەڵ فەرمان غەریب، بەڕێوەبەری گشتی وەبەرهێنانی سلێمانی، ڕۆژی چاوپێکەوتن 2016/5/22،شوێنی چاوپێکەوتن: فەرمانگەی وەبەرهێنانی سلێمانی.

**خشتەی ژمارە(20)**

**ئەرکی کارمەندی پەیوەندیگشتی لە مامەڵەی گونجاو لەگەڵ کڕیاراندا**

**1- کارمەندی پەیوەندیە گشتیەکان هەوڵی وێناکردنی باشترین هزرەوێنە دەدەن بۆکۆمپانیا لەڕێگەی مامەڵەی گونجاو لەگەڵ کڕیاران و ناوبانگی کۆمپانیا دەپارێزن.**

| وەلام | ژمارە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|
| هەمیشە | 68 | 68.7 | یەکەم |
| هەندێکجار | 29 | 29.3 | دووەم |
| هەرگیز | - | - | سێیەم |
| کۆی گشتی | 97 | %100 | |
| لادانی پێوەری | .46018 | | |
| ناوەندی ژمێریاری | 1.2990 | | |

بەپێی خشتەی ژمارە (20) دەرکەوتووە کە بەرێژەی (68.7)ی دەستنیشانکراوان کە بەرزترین ڕێژەیە، لەگەڵ ئەوەدان کارمەندی پەیوەندیگشتی هەوڵی وێناکردنی باشترین هزرەوێنە دەدات بۆکۆمپانیا لەڕێگەی مامەڵەی گونجاو لەگەڵ کڕیاران و ناوبانگی کۆمپانیا دەپارێزێت، هیچ ڕێژەیەکیش تەرخان نەبووە بۆ وەڵامی هەرگیز، هەروەها لادانی پێوەری بریتیە لە (.46018)و ناوەندی ژمێریاریش (1.2990)ە.

بەمجۆرە دەردەکەوێت کە دروستکردنی هزرەوێنەی کۆمپانیا بایەخ وگرنگی زۆری پێدەدرێت لەلایەن کارمەندانی بەرپرس لەبەڕێوەبردنی پەیوەندییەکان، لەکاتێکدا بەدیهێنانی ناوبانگی باش و پاڵپشتیکردن لە هزرەوێنەی دامەزراوە یەکێکە لە ئامانجە سەرەکییەکانی پەیوەندیگشتی و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەریی دەبێت لەسەر ئاستی فرۆشتن و برەوپێدانی کۆمپانیا و بەرهەمەکانی، ئەمجۆرەش لەبرەوپێدان لەشێوازی مامەڵەکردندا ڕەنگدەداتەوە، هەروەها لە هەوڵی کارمەندان بۆپاراستنی ناووناوبانگی کۆمپانیاکاندا بەدیدێت، وە بەپێی ئەم ئەنجامەش دەرکەوتووە کەزۆرینەی کارمەندانی بەرپرس لەبەڕێوەبردنی پەیوەندییەکانی کۆمپانیا (دەستنیشانکراوانی نموونەی توێژینەوەکە) هەوڵی وێناکردنی باشترین هزرەوێنە دەدەن بۆکۆمپانیا لە ڕێگەی مامەڵەی گونجاو لەگەڵ کڕیاران و ناوبانگی کۆمپانیا دەپارێزن.

**خشتەی ژمارە (21)**

ئاستی بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن

**2- کارمەندی پەیوەندییە گشتییەکان جەختدەکاتەوە لەسەر بەکارهێنانی سەرجەم یان زۆرینەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە ئەنجامدانی هەڵمەتە ڕیکلامییەکاندا.**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|
| هەمیشە | 41 | 41.4 | دووەم |
| هەندێکجار | 52 | 52.5 | یەکەم |
| هەرگیز | 4 | 4.0 | سێیەم |
| کۆی گشتی | 97 | %100 | |
| لادانی پێوەری | .56722 | | |
| ناوەندی ژمێریاری | 1.6186 | | |

بە پێی خشتەی ژمارە(21) دەرکەوتووە کەبەڕێژەی (52.5)ی دەستنیشانکراوان کە بەرزترین ڕێژەیە، تەنها هەندێکجار جەخت لەبەکارهێنانی سەرجەم یان زۆرینەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەکەنەوە لە ئەنجامدانی هەڵمەتە ڕیکلامییەکاندا، ئەو دەستنیشانکراوانەی کە هەرگیزجەخت ناکەنە سەر بەکارهێنانی سەرجەم یان زۆرینەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە ئەنجامدانی هەڵمەتە ڕیکلامییەکاندا ڕێژەی(4.0)ی دەستنیشانکراوان و نزمترین ڕیژەن، هەروەها لادانی پێوەری بریتییە لە(56722.)و ناوەندی ژمێریاریش(1.6186)ە.

ئامرازەکانی ڕاگەیاندن گرنگترین هۆکارن لەبرەوپێدان و بەبازاڕکردندا،وە بایەخی زۆریان هەیە لەخێراتر ناساندنی بەرهەمەکان بەجەماوەر، بەتایبەتی لەسەردەمی هاوچەرخ کە پێشکەوتنی زۆر بەدیدەکرێت لەبواری ڕاگەیاندندا و هەمەچەشنی زیاترە لەجۆرەکانیدا،وە بەکارهێنانی سەرجەم یان زۆرینەشیان کاریگەری دەبێت لەسەرناساندنی بەرهەم بەزۆرترین جەماوەرو خێراترکردنی بەئاگابوونی جەماوەر سەبارەت بەبەرهەمەکان، ئەمەش ڕێکارێکی گرنگە لەڕێکارەکانی پەیوەندی گشتی کە بۆ بەبازاڕکردن بەکاریدەهێنێت، وە بەپێی ئەم ئەنجامە دەرکەوتووە کە زۆرینەی دەستنیشانکراوان تەنها هەندێکجارجەختدەکەنەوە لەسەر بەکارهێنانی سەرجەم یان زۆرینەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە ئەنجامدانی هەڵمەتە ڕیکلامییەکاندا، بەئامانجی خێراترکردنی برەوپێدان وناساندنی جەماوەرێکی زیاتر بە بەبەرهەمەکانیان کەبریتین لە یەکەکانی نیشتەجێکردن.

**خشتەی ژمارە (22)**

**چۆنیەتی ڕوونکردنەوەی ڕووداوە نەخوازراوەکان**

**3- ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ڕێگایەکن، کەکارمەندی پەیوەندیە گشتیەکان بەکاریاندەهێنێت بۆپێدانی زانیاری و ڕوونکردنەوە بۆ جەماوەر لەکاتی ڕووداوە نەخوازراو و تەنگژەکاندا.**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|
| **هەمیشە** | 54 | 54.5 | **یەکەم** |
| **هەندێکجار** | 36 | 36.4 | **دووەم** |
| **هەرگیز** | 7 | 7.1 | **سێیەم** |
| **کۆی گشتی** | 97 | %100 | |
| **لادانی پێوەری** | .63103 | | |
| **ناوەندی ژمێریاری** | 1.5155 | | |

بەپێی خشتەی ژمارە (22) دەرکەوتووە کە بەرزترین ڕێژە (54.5)ی دەستنیشانکراوان هەمیشە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەکاردەهێنن وەک ڕێگایەک بۆپێدانی زانیاری وڕوونکردنەوە بۆجەماوەر لە کاتی ڕووداوە نەخوازراوو تەنگژەکاندا، نزمترین ڕێژەش ئەو دەستنیشانکراوانەن کە هەرگیز ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ ئەو مەبەستە بەکاناهێنن، وە ڕێژەی(7.1) ن، لادانی پێوەری بریتیە لە (.63103) و ناوەندی ژمێریاریش(1.5155)ە.

کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە وەک هەرجۆرێکی دیکەی کۆمپانیا قازانج ویستەکان ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەیان هەیە لەگەڵ چەندەها جۆری ڕووداوی نەخوازراودا و دەرکەوتووە کە زۆرینەی دەستنیشانکراوان ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەڕێگایەک دادەنێن بۆ پێدانی زانیاری و ڕوونکردنەوە بۆجەماوەر لەکاتی ڕووداوە نەخوازراو و تەنگژەکاندا. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بایەخی پێدانی زانیاری و ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵوێستەکان لەدوورخستنەوەی ناڕوونی لەسەر کۆمپانیاکان بەتایبەت لەکاتی قەیران و ڕووداوە نەخوازراوەکاندا، چونکە زیاتر بەرپرسیاریێتی هەڵگرتنی کۆمپانیاکان دەسەلمێنێت لەڕووبەڕوو بوونەوەی کێشەکان و ڕووداوە کتوپڕەکان وئەو تەنگژانەی، کە پێویستییان بە کارکردنی بەپەلە هەیە و هەوڵدان بۆچارەسەرکردنیان نەک خۆدزینەوە لێیان، بۆ گواستنەوەی زانیاری لە ڕێگای ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە بۆ تاکەکانی جەماوەر وپێدانی ڕێنمایی پێویست بۆ کەمکردنەوە وخۆدوورخستنەوە لە ئاکامە خراپەکانی.

**خشتەی ژمارە (23)**

ئاستی پشتبەستن بە رۆژنامەنووسان

**4- دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ رۆژنامەنووساندا رێگایەکی کارمەندانی پەیوەندیگشتیە بۆ رووماڵکردنی چالاکییەکانی کۆمپانیاو برەودان بەبەرهەمەکانی.**

| وەڵام | ژمارە | رێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|
| **هەمیشە** | 37 | 37.4 | **یەکەم** |
| **هەندێکجار** | 45 | 45.5 | **دووەم** |
| **هەرگیز** | 15 | 15.2 | **سێیەم** |
| **کۆی گشتی** | 97 | %100 | |
| **لادانی پێوەری** | .69978 | | |
| **ناوەندی ژمێریاری** | 1.7732 | | |

بەپێی خشتەی ژمارە(23) دەرکەوتووە کەبەرێژەی (45.5)ی دەستنیشانکراوان کە بەرزترین رێژەن، تەنها هەندێکجار پەیوەندی لەگەڵ رۆژنامەنووساندا دروستدەکەن وەک رێگایەک بۆ رووماڵکردنی چالاکییەکانی کۆمپانیاو برەودان بەبەرهەمەکانی، وە رێژەی ئەو دەستنیشانکراوانەی کە هەرگیز ئەو جۆرە رێگایە ناگرنەبەر پێکهاتووە لە(15.2) کە نزمترین رێژەیە، هەروەها لادانی پێوەری بریتییە لە (.69978)و ناوەندی ژمێریاری (1.7732).

بەپێی ئەنجامەکانی ئەم برگەیە دەرکەوتووە کە بایەخ بەمجۆرەی رێکاری پەیوەندیگشتی دراوەو هەندێکجار لەلایەن کارمەندانی بەرپرس لەرێکخستن وبەرێوەبردنی پەیوەندییەکانەوە لەناو کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە بەکارهاتووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بایەخی ئەو پەیوەندییانەی کەدامەزراوەکان و کۆمپانیاکان لەگەڵ دەزگاکانی راگەیاندن و رۆژنامەوانەکاندا دروستیدەکەن کە بەشێوەیەکی کارا دەبێتەمایەی ناساندنی جەماوەر بەکاروبەرهەمەکانیان، ئەمەش لە تەرخانکردنی لیستێکی تایبەت بۆ رێکخستنی ئەو پەیوەندییانە وسازدانی کۆربەندی وچاوپێکەوتنە رۆژنامەوانی و تەلەفزیۆنییەکان وبەستنی کۆنگرەو....هتدبێت، وەیان لە رێگەی بڵاوکردنەوەی هەواڵێک بێت لە یەکێک لە گەشتە هەواڵییەکانی راگەیاندنەکانەوە کە ریکلامێکی ناڕاستەوخۆ بۆ کۆمپانیاکە دروستدەکات.

**خشتەی ژمارە (24)**

ئاستی پشتبەستن بە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی و بانگهێشتی ڕۆژنامەنوسان

**5- کارمەندانی پەیوەندیگشتی بانگهێشتی ڕۆژنامەنووسان و ئەنجامدانی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی بەکاردەهێنن بەمەبەستی خستنەڕووی بەرهەمەکان وبرەوپێدانیان.**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|
| **هەمیشە** | 29 | 29.3 | **دووەم** |
| **هەندێکجار** | 36 | 39.4 | **یەکەم** |
| **هەرگیز** | 29 | 29.3 | **دووەم** |
| **کۆی گشتی** | 97 | %100 | |
| **لادانی پێوەری** | .77728 | | |
| **ناوەندی ژمێریاری** | 2.0000 | | |

بەپێی خشتەی ژمارە(24) دەرکەوتووە کەڕێژەی (39.4)ی دەستنیشانکراوان کە بەرزترین ڕێژەیە تەنها هەندێکجار بانگهێشتی ڕۆژنامەنووسان و ئەنجامدانی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی بەکاردەهێنن بەمەبەستی خستنەڕووی بەرهەمەکان وبرەوپێدانیان،وە بەڕێژەی (29.3)ی دەستنیشانکراوان هەرگیز پەنا بۆ ئەم ڕێکارە نابەن، لادانی پێوەری بریتیە لە (.77728)وناوەندی ژمێریاری(2.0000).

بەپێی ئەم ئەنجامە دەرکەوتووە کە ئەم ڕێکارەی پەیوەندیگشتی لەبانگهێشتکردنی ڕۆژنامەنووسان و سازدانی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی بۆ خستنەڕووی بەرهەمەکانی کۆمپانیاو برەوپێدانیان لەلایەن کۆمپانیاکانەوە بەکەمی بەکارهێنراوە و بایەخی پێدراوە، هەرچەندە بایەخی ئەنجامدانی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی وبانگهێشتی ڕۆژنامەوانان لەکەناڵە جیاوازەکانەوە بۆ گەیشتن بە جەماوەری بەرفراوانتر دەرفەتی زیاتر دەڕەخسێنێت بۆ ئەنجامدانی بانگەشە و ئاگادارکردنەوە ی جەماوەر بەکارو چالاکییەکانی کۆمپانیا، هەروەها تێچووی کەمترە چ لەڕووی کات و چ لەڕووی داراییەوە بۆ بەئەنجامدانی پرۆسەکە، هەربۆیە هەلێکی باش دەڕەخسێنێت بۆکارمەندی پەیوەندیگشتی تا بەشێوەیەکی کارا وخێراتر بەرنامەکانی لە بواری برەوپێدان و بەستنی پەیوەندی کارا جێبەجێبکات و لەگەڵ ژمارەیەکی زیاتری جەماوەردا بەکاریانبهێنێت.

**خشتەی ژمارە (25)**

**ئاستی بەکارهێنانی بانگەشەی بازرگانی**

**6- بانگەشەی بازرگانی ڕێگایەکە لەڕێگاکانی پەیوەندیگشتی کەبەکاریاندەهێنێت بۆ بە بازاڕ کردنی بەرهەمەکانی کۆمپانیا.**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|
| هەمیشە | 44 | 44.4 | یەکەم |
| هەندێکجار | 43 | 43.4 | دووەم |
| هەرگیز | 10 | 10.1 | سێیەم |
| کوِی گشتی | 97 | %100 | |
| لادانی پێوەری | .66209 | | |
| ناوەندی ژمێریاری | 1.6495 | | |

بەپێی خشتەی ژمارە (25) ڕوونبووەتەوە کە بەزترین ڕێژە (44.4)ی دەستنیشانکراوان هەمیشە بانگەشەی بازرگانی بەکاردەهێنن بۆبەبازاڕکردنی بەرهەمەکانی کۆمپانیا، نزمترین ڕێژەش(10)هەرگیز ئەو ڕێکارە بەکارناهێنن، لادانی پێوەری بریتییە لە (.66209)و ناوەندی ژمێریاریش (1.6495)ە.

بەمجۆرە دەردەکەوێت، کەبەشێکی زۆری دەستنیشانکراوان بانگەشەی بازرگانی وەک ڕێگایەک بۆبەبازاڕکردنی بەرهەمەکانی کۆمپانیا بەکاردەهێنن،ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی بانگەشەی بازرگانی وەک ئامرازێکی گەیاندن و برەوپێدانی ناڕاستەوخۆ، کە ئامانجی چالاککردنی خواستە لەسەر بەرهەمی کۆمپانیاکە، ئەمەش لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی زانیاری لەبارەی دامەزراوەکە وبەرهەمەکانیەوە وکاریگەری دەبێت لەسەر بەکاربەران بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ.

**خشتەی ژمارە (26)**

**ئاستی پەیرەوکردنی کاتی گونجاو لە ریکلامکردندا**

**7- کۆمپانیا چاوەڕوانی کاتی گونجاودەکات بۆئاراستەکردنی پەیامە ریکلامییەکان وکاتەکانی ئاشکراناکات بۆدوورکەوتنەوە لە ململانێی کۆمپانیا ڕکابەرەکان.**

| وەڵام | ژمارە | ڕیژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|
| هەمیشە | 49 | 49.5 | یەکەم |
| هەندێکجار | 33 | 33.3 | دووەم |
| هەرگیز | 15 | 15.2 | سێیەم |
| کوَی گشتی | 97 | %100 | |
| لادانی پێوەری | .73656 | | |
| ناوەندی ژمێریاری | 1.6495 | | |

بەپێی خشتەی ژمارە(26) دەرکەوتووە کە بەڕێژەی(49.5)ی دەستنیشانکراوان ڕێکاری شاردنەوەی کاتی ئاراستەکردنی پەیامە ڕیکلامییەکان پەیرەو دەکەن بۆدوورکەوتنەوە لە ململانێکردنی کۆمپانیا رکابەرەکان، وە ئەم ڕێژەیەش بەرزترینە ریزبەندییەکەیە، نزمترین ڕێژەش (15.2)ی دەستنیشانکراوان هەرگیز ئەم ڕێکارە بەکارناهێنن، لادانی پێوەری بریتیە لە (.73656)و ناوەندی ژمێریاریش(1.6495)ە.

بەمجۆرە دەرکەوتووە کە زۆرینەی دەستنیشانکراوان ڕێکاری چاوەڕوانکردنی کاتی گونجاو دەگرنەبەر بۆئاراستەکردنی پەیامە ریکلامییەکان و کاتەکانی ئاشکراناکەن بۆ دوورکەوتنەوە لە ململانێی کۆمپانیا ڕکابەرەکان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بایەخی کات لە پرۆسەی برەوپێدان و بەبازاڕکردندا کە هەندێکجار ڕەچاونەکردنی دەبێتە مایەی بەیەکداچوونی ڕیکلامەکان ودواتر دروستکردنی دوودڵی لای کڕیارەکان لەگرانی هەڵبژاردنی ئەو جۆرەی بەرهەم، کە لای ئەوان باشترینە، هەروەها کاتی خستنەڕووی بەرهەمەکانی کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە کە یەکەکانی نیشتەجێکردنە، پەیوەستی پێداویستی بەکاربەرانە بۆئەوجۆرەی بەرهەم بەتایبەتی لەم سالآنەی دوایی، کە دیاردەی نیشتەجێبوون لەشارەکاندا زیادیکردووە و ململانێی لەنێوان کۆمپانیاکاندا دروستکردووە، هەروەها ئارەزووی نیشتەجێبوون لە شوقەو باڵەخانەکاندا دەرکەوتووە، کە بووەتە مایەی رکابەری لەخستنەڕووی ئەوجۆرەی یەکەکانی نیشتەجێکردندا.

**خشتەی ژمارە (27)**

لەبەرچاوگرتنی کات و بۆنە تایبەتەکان

**8- کات وبۆنە تایبەتەکان هەلێکن لەبەردەستی کارمەندانی پەیوەندیگشتی بۆ سوودوەرگرتن لەخستنەڕووی تایبەتی بەرهەمەکان وداشکاندن لە نرخەکاندا بۆگۆڕینی ئاراستە وئاستی بازاڕی بەرهەمەکان.**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|
| **هەمیشە** | 33 | 33.3 | **دووەم** |
| **هەندێکجار** | 41 | 41.4 | **یەکەم** |
| **هەرگیز** | 23 | 23.2 | **سێیەم** |
| **کۆی گشتی** | 97 | %100 | |
| **لادانی پێوەری** | .75670 | | |
| **ناوەندی ژمێریاری** | 1.8969 | | |

بەپێی خشتەی ژمارە(27) دەرکەوتووە کە بەڕێژەی(41.4)ی دەستنیشانکراوان کە بەرزترین ڕێژەیە، هەندێکجار کات وبۆنە تایبەتەکان، وەک هەلێک بەکاردەهێنن بۆخستنەڕووی تایبەتی وداشکاندن لەنرخەکاندا بەئامانجی گۆڕینی ئاراستەوئاستی بازاڕ، بەڵام نزمترین ڕێژە ئەو دەستنیشانکراوانەن کە هەرگیزکات وبۆنە تایبەتەکان بۆئەوان وەک هەلێک بەکارنایات بۆخستنەڕووی تایبەتی وداشکاندن لەنرخەکاندا بەئامانجی گۆڕینی ئاراستەوئاستی بازاڕ و ڕێژەیان (23.2)ی دەستنیشانکراوانن، هەروەها لادانی پێوەری پێکهاتووە لە(.75670)و ناوەندی ژمێریاری (1.8969)ە.

بەپێی ئەم ئەنجامەش دەردەکەوێت کە بەشێکی زۆری دەستنیشانکراوان هەندێکجار پەنا بۆ ڕێکاری سوود وەرگرتن لەکات و بۆنە تایبەتەکان دەبەن وەک ڕێگایەک بۆ گۆڕینی ئاستی فرۆشتن و ئاراستەی بازاڕی بەرهەمەکانیان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بایەخی کات لە دیاریکردنی ئاستی فرۆشی کۆمپانیاکان بەتایبەتیش ئەو کاتانەی کە کڕیار مەبەستیەتی کاڵایەکی تایبەتی بەدەستبهێنێ و لەبۆنەیەکی تایبەتیدا خاوەنی بێت، وەک بۆنەی جەژنەکان و بۆنە تایبەتەکان کە بوونی ئەو کاڵایە لەوکاتەدا جیاوازی خۆی هەیە، هەربۆیە داشکاندنی نرخ و فرۆشتن بەشێوازی قیست لەو جۆرە کاتانەدا زیاتر جێبەجێدەکرێن و مایەی خێراترکدنی خواستە لەسەر کاڵاو بەرهەمەکان.

**خشتەی ژمارە (28)**

ڕێکاری گرتنەبەری سپۆنسەرکردن

**9- کۆمپانیا سپۆنسەی بەرنامە و چالاکی ڕاگەیاندن دەکات، بۆ وەڵامدانەوەی پڕوپاگەندەی نەیارانە و نەخوازراو لەدژی کۆمپانیا.**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|
| هەمیشە | 38 | 38.4 | یەکەم |
| هەندێکجار | 38 | 38.4 | یەکەم |
| هەرگیز | 21 | 21.2 | دووەم |
| کۆی گشتی | 97 | %100 | |
| لادانی پێوەری | .76390 | | |
| ناوەندی ژمێریاری | 1.8247 | | |

بەپێی خشتەی ژمارە (28) دەرکەوتووە کە بەڕێژەی (38.4)ی دەستنیشانکراوان هەمیشە بەڕێکاری سپۆنسەرکردنی بەرنامە وچالاکی ڕاگەیاندنەکان لە هەوڵی وەڵامدانەوەی پروپاگەندەی نەخوازراو نەیارەکانیانن، ئەو دەستنیشانکراوانەش کە هەرگیز سپۆنسەی بەرنامەو چالاکییەکانی ڕاگەیاندنیان نەکردووە بەمەبەستی وەڵامدانەوەی پروپاگەندەی نەخوازراو نەیارەکانیان لەدژی کۆمپانیا، نزمترین ڕێژەن کە بریتیە لە (21.2) دەستنیشانکران و، هەروەها لادانی پێوەری (.76390)و ناوەندی ژمێریاریش (1.8247)ە.

بەمجۆرە دەرکەوتووە پەنابردن بۆ سپۆنسەرکردنی بەرنامەو چالاکییەکانی ڕاگەیاندن کە یەکێکە لەڕێکارەکانی پەیوەندی گشتی، دەستنیشانکراوان بەکاریدەهێنن بۆ وەستانەوە لەدژی پروپاگەندەی نەیارانەو نەخوازراو کە لەدژی کۆمپانیا لەئارادا هەبێت، وە دەبێتەمایەی ناڕاستەوخۆ ریکلامکردن بۆکۆمپانیا ودوورخستنەوەو ڕەواندنەوەی ئەو گومانانەی لەسەری درووستبوون، لەکاتێکدا ڕاستەوخۆ یان خێرا وەڵامدانەوەی ئەو پروپاگەندانە لەوانەیە ببێتەمایەی دروستبوونی گومانی زیاتر لەسەر کۆمپانیاکە.

**خشتەی ژمارە (29)**

**ڕێکاری بەشداریکردن لە چالاکیە ژینگەیی و مرۆییەکان**

**10-بەشداریکردن لە چالاکییەکانی وەک پاراستنی ژینگە ویارمەتیدانی نەخۆشیە کوشندەکان ئامرازێکن لەئامرازەکانی کارمەندانی پەیوەندی گشتی بۆ برەودان و ناساندنی کۆمپانیاکەیان بە کۆمەڵگە.**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|
| **هەمیشە** | 40 | 40.4 | **دووەم** |
| **هەندێکجار** | 43 | 43.4 | **یەکەم** |
| **هەرگیز** | 14 | 14.1 | **سێیەم** |
| **کۆی گشتی** | 97 | %100 | |
| **لادانی پێوەری** | .69993 | | |
| **ناوەندی ژمێریاری** | 1.7320 | | |

بەپێی خشتەی ژمارە (29) دەردەکەوێت کە هەندێکجار پەنابردن بۆبەشداریکردن لە چالاکییەکانی وەک پاراستنی ژینگە ویارمەتیدانی نەخۆشیەکوشندەکان بەکاردەهێنرێت بۆ برەودان وناساندنی کۆمپانیا بە کۆمەڵگە لەلایەن دەستنیشانکراوانەوە بەڕێژەی (43.4)یان، ئەم ڕێژەیەش بەرزترینە، ئەو دەستنیشانکراوانەش کەهەرگیز بەکارناهێنن نزمترین ڕێژەن کە بریتیە لە(14.1) ە، لادانی پێوەری(.69993)و ناوەندی ژمێریاریش(1.7320)یە.

بەمجۆرە دەرکەوتووە کە پاراستنی ژینگە ویارمەتیدانی نەخۆشیە کوشندەکان لەلای بەشێکی زۆری دەستنیشانکراوان بەکاردەهێنرێت وەک ئامرازێکی برەودان وناساندنی کۆمپانیاکەیان بە کۆمەڵگە، کە ئامانجی سەرەکی باشترکردنی هزرەوێنای ڕێکخراوەکە وزیادکردنی ئاگایی جەماوەرە بە کاروبەرهەمەکانی، هەروەها باشترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆمەڵگە وجەماوەر، ئەمانەش دەبنەمایەی برەودان بەبازارو بەرهەمەکانیان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، بەتایبەت کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە وبەهۆی ماوەی زۆری پێویست بۆدروستکردنی بەرهەمەکانیان وڕێژەی قازانجی فرۆشیان کاریکردووەتە سەر زیاتر پێویستبوونیان بە پاڵپشتی کۆمەڵگە.

**خشتەی ژمارە (30)**

**هەلی بەکارهێنانی شوێنی کۆبوونەوە جەماوەرییەکان**

**11-لەو شوێنانەی کەجێگەی بەڕێوەچوونی بۆنەوکۆبوونەوەی جەماوەرو کەسایەتی تایبەتیە، کارمەندی پەیوەندیگشتی هەوڵدەدات بەکاریبهێنێت بۆ پێشکەشکردنی کارو چالاکییەکانی تایبەت بەناساندن وبرەودان بەکۆمپانیا.**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|
| هەمیشە | 31 | 31.3 | دووەم |
| هەندێکجار | 43 | 43.4 | یەکەم |
| هەرگییز | 23 | 23.2 | سێیەم |
| کۆی گشتی | 97 | %100 | |
| لادانی پێوەری | .74540 | | |
| ناوەندی ژمێریاری | 1.9175 | | |

بەپێی خشتەی ژمارە(30) دەرکەوتووە کەبەرێژەی (43.4)ی دەستنیشانکراوان کە بەرزترین ڕێژەیە تەنها هەندێکجار بۆ پێشکەشکردنی کارو چالاکییەکانی تایبەت بەناساندن و برەودان بەکۆمپانیا سوود لە جێگاکانی کۆبوونەوەی جەماوەری وکەساتیە تایبەتییەکان وەردەگرن، نزمترین ڕێژەش ئەو دەستنیشانکراوانەن کە هەرگیز ئەم ڕێکارە بەکارناهێنن، وە ڕێژەکەیان بریتییە لە(23.2)، وەلادانی پێوەری (74540.)و ناوەندی ژمێریاری بریتییە لە (1.9175)ە.

بەپێی ئەم ئەنجامە دەرکەوتووە، کە بەشێکی زۆری دەستنیشانکراوان هەندێکجار سوود لەکۆبوونەوەی جەماوەری وەردەگرن بۆخستنەڕووی کاروچالاکییەکانیان، بایەخی ئەوجۆرە کۆبوونەوانە زیاتر لەولایەنەدا دەردەکەوێت، کە ئاراستەکردنی پەیامەکان تیایاندا لەوانەیە بگاتە بەشێکی زۆرتری جەماوەری مەبەست، هەروەها دەرکەوتنی کەسایەتی تایبەتی لەوجۆرە بۆنانەدا و بەستنی پەیوەندی لەگەڵیاندا دەبێتەمایەی بانگەشە بۆ کۆمپانیاکان بەشێوەیەکی ناڕاستەخۆ.

**خشتەی ژمارە (31)**

**ئاستی بەکارهێنانی ڕێکاری بانگهێشتکردنی کەسایەتیە تایبەتەکان**

**12-کۆمپانیا ناوبەناو سەردانی مەیدانی ڕێکدەخات بۆ ڕۆژنامەوانان و کەسایەتییە تایبەتەکان بۆناو کۆمپانیا، بەمەبەستی ناساندن و برەودان بە کۆمپانیاو بەرهەمەکانی.**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|
| **هەمیشە** | 37 | 37.4 | **دووەم** |
| **هەندێکجار** | 39 | 39.4 | **یەکەم** |
| **هەرگیز** | 21 | 21.2 | **سێیەم** |
| **کۆی گشتی** | 97 | %100 | |
| **لادانی پێوەری** | .75939 | | |
| **ناوەندی ژمێریاری** | 1.8351 | | |

بەپێی خشتەی ژمارە (31) دەرکەوتووە، کەبەرێژەی (39.4)ی دەستنیشانکراوان کە بەرزترین ڕێژەیە وەڵامیان بەهەندێکجاربووە بۆ بەکارهێنانی ڕێکاری ڕێکخستنی سەردانی مەیدانی بۆناو کۆمپانیا بۆ ڕۆژنامەنووسان و کەسایەتیە تایبەتیەکان، کە ئامانج لێی ناساندن و برەودانە بەکۆمپانیا و بەرهەمەکانی، بەڵام نزمترین ڕێژە کە (21.2)یە، هەرگیز سەردانی مەیدانی ڕێکناخەن بۆناو کۆمپانیا، بەمەبەستی ناساندن و برەودان بە کۆمپانیاو بەرهەمەکانی ، لادانی پێوەری بریتییە لە (.75939)و ناوەندی ژمێریاری (1.8351)ە.

بەپێی ئەم ئەنجامە دەرکەوتووە، کە بانگهێشتی ڕۆژنامەوانان وکەسایەتیە تایبەتییەکان هەندێکجار دەکرێت بۆ ناو پرۆژەکان و کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆبایەخی ئەوڕێکارە لەبرەودان وبەبازاڕکردنی بەرهەمەکانیان لەڕێگەی ڕۆژنامەنووسان و ئەو کەسایەتییانەی کە پەیوەندی بازرگانیان لەگەڵ کۆمپانیاکەدا هەیە یان کەسایەتیە تایبەتیەکان، بۆناساندنی کارە تەواوبووەکانیان و دەرخستنی قەبارەی بەرهەمەکانیان، یاخود لە دەرخستنی ئاستی پێشکەوتوویی و بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای نوێ وگەشەکردن و فراوانبوونەکانی کاری کۆمپانیاکە کە بە بەشێکی گرنگی برەوپێدان دادەنرێت لە چالاکییەکانی پەیوەندی گشتیدا لەبواری بەبازاڕکردن.

## خشتەی ژمارە(32)

## ئاستی بەکارهێنانی ڕێکاری بەشدارپێکردن

**13-گوێگرتن لە ڕاوبۆچوون و ڕەخنە و سکاڵای کڕیاران و گفتوگۆکردن لەگەڵیاندا خاڵێکی گرنگە، کە کارمەندانی پەیوەندیگشتی ڕەچاوی دەکەن بۆ باشتر ئەنجامدانی کار و پرۆژەکان.**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|
| **هەمیشە** | 34 | 34.3 | دووەم |
| **هەندێکجار** | 49 | 49.5 | یەکەم |
| **هەرگیز** | 14 | 14.1 | سێیەم |
| **کۆی گشتی** | 97 | %100 | |
| **لادانی پێوەری** | .67605 | | |
| **ناوەندی ژمێریاری** | 1.7938 | | |

بەپێی خشتەی ژمارە (32) دەرکەوتووە، کە بەڕێژەی (49.5)ی دەستنیشانکراوان کە بەرزترین ڕێژەیە، هەندێکجار گوێ لەڕاوبۆچوون و ڕەخنەوسکاڵای کڕیارەکانیان دەگرن و گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکەن بەمەبەستی باشتر بەڕێوەبردنی کاروپرۆژەی کۆمپانیاکانیان، ئەو دەستنیشانکراوانەش، کەهەرگیز گوێ بۆ ڕاوبۆچوون و ڕەخنەوسکاڵای کڕیارەکانیان ناگرن و گفتوگۆیان لەگەڵدا ناکەن ڕێژەکەیان بریتیە لە (14.1) ونزمترین ڕێژەیە ، هەروەها لادانی پێوەری لێرەدا بریتیە لە (.67605)و ناوەندی ژمێریاریش (1.7938)ە.

بەمجۆرە دەردەکەوێت کە بەشێکی زۆری دەستنیشانکراوان هەندێکجار ئەم ڕێکارە بەکاردەهێنن و بایەخ بە ڕاوبۆچوون وسکاڵای کڕیارەکانیان دەدەن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بایەخی گوێگرتن و گفتوگۆکردن لەنێوان لایەنەکانی کڕیارو فرۆشیاردا لە بەدیهێنانی ڕەزامەندی بۆکڕیارلەلایەک و بەدیهێنانی قازانج بۆ فرۆشیار لەلاکەی ترەوە، هەروەها لە پەیوەندیگشتیدا ئەم ڕێکارە بەکاردەهێنرێت بۆ بەدیهێنانی زەمینەی دروستکردنی پەیوەندی وبەڕێوەبردنی لەگەڵ کڕیارەکاندا و ڕۆڵی گەورەی هەیە لەبرەودان بە کۆمپانیا و بەرهەمەکانی و باشتر ئەنجامدانی کاروپرۆژەکان.

**خشتەی ژمارە(33)**

**ئاستی بەکارهێنارهێنانی کەسایەتیە ناودارەکان لە ریکلامکردندا.**

**14-کارمەندانی پەیوەندیگشتی پشت دەبەستن بە بەکارهێنانی کەسایەتیە ناودارەکانی ناو کۆمەڵگە (وەک: هونەرمەندان و کەسایەتییە وەرزشیەکان...) لە ئەنجامدانی ریکلامەکاندا.**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|
| هەمیشە | 22 | 22.2 | سێیەم |
| هەندێکجار | 45 | 45.5 | یەکەم |
| هەرگیز | 30 | 30.3 | دووەم |
| کۆی گشتی | 97 | %100 | |
| لادانی پێوەری | .73130 | | |
| ناوەندی ژمێریاری | 2.0825 | | |

بەپێی خشتەی ژمارە (33) دەرکەوتووە کەبەرێژەی (45.5)ی دەستنیشانکراوان کە بەرزترین ڕێژەیە، تەنها هەندێکجار پشتدەبەستن بە بەکارهێنانی کەسایەتیە ناودارەکانی ناوکۆمەڵگە(وەک: هونەرمەندان و کەسایەتییە وەرزشیەکان...) بۆ سوودوەرگرتن لێیان لە ئەنجامدانی ریکلامەکانیاندا، بەرێژەی (30.3)ی دەستنیشانکراوانیش هەرگیز ئەم رێکارە بەکارناهێنن، لادانی پێوەری لێرەدا بریتیە لە (.73130)و ناوەندی ژمێریاری (2.0825)ە.

بەمشێوەیە دەردەکەوێت، کە بەشێکی زۆری دەستنیشانکرراوان لە نموونەی توێژینەوەکەدا تەنها هەندێکجار ئەم رێکارەی پەیوەندی گشتی بەکاردەهێنن لە ئەنجامدانی ریکلامەکانیاندا، لە کاتێکدا ئەنجامدانی ریکلام بەبەکارهێنانی ئەو جۆرە کەسایەتیانە لە ئێستادا بەشێوەیەکی بەربڵاو بەکاردەهێنرێت وزیاتر مایەی سەرنجراکێشانە بەتایبەتی لە بزواندنی هەستی جەماوەر بۆئەو کەسایەتییانە و دواتر کاردانەوەی دەبێت لەسەر خواستی لاسایی کردنەوەیان لە بەکارهێنانی کاڵاکانیان و پەیرەوکردنی شێوازی ژیانیان، ئامانجەکەش لێرەدا یارمەتیدانی پرۆسەی بەبازارکردنە لە ڕێگەی دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان ناوی ئەو کەسایەتیانە بە کاڵا یان بەرهەمەکەوە.

**خشتەی ژمارە(34)**

**ئاستی بایەخی پەیوەندی لەگەڵ لایەنە حکوومیەکان**

**15- دروستکردن و بەڕێوەبردنی پەیوەندی لەگەڵ لایەنە حکوومییەکان، ڕێگایەکی پەیوەندیگشتیە بۆ بەدەستهێنانی ئاسانکاری لەکاروبڕیارەکانی تایبەت بەئەنجامدانی پرۆسەکانی وەبەرهێنان.**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|
| هەمیشە | 37 | 37.4 | دووەم |
| هەندێکجار | 46 | 46.5 | یەکەم |
| هەرگیز | 14 | 14.1 | سێیەم |
| کۆی گشتی | 97 | %100 | |
| لادانی پێوەری | .68880 | | |
| ناوەندی ژمێریاری | 1.7629 | | |

بەپێی خشتەی ژمارە (34) دەرکەوتووە کەبەڕێژەی (46.5)ی دەستنیشانکراوان کە بەرزترین ڕێژەیە، هەندێکجار کاربە دروستکردن و ڕێکخستنی پەیوەندی دەکەن لەگەڵ لایەنە حکوومییەکاندا بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئاسانکاری لەکارو بڕیارەکانی تایبەت بەئەنجامدانی پرۆسەکانی وەبەرهێنان، ئەو دەستنیشانکراوانهش کە هەرگیز ئەم ڕێکارەی پەیوەندی گشتی بەکاناهێنن بەڕێژەی (14.1)ی دەستنیشانکراوانن و نزمترین ڕیژەیان هەیە، لادانی پێوەری (.68880)و ناوەندی ژمێریاریش(1.7629)ە.

بەمجۆرە دەرکەوتووە، کە بەشێکی زۆری دەستنیشانکراوان لە کارمەندانی پەیوەندیگشتی هەندێکجار ڕێکخستن وبەڕێوەبردنی پەیوەندی لەگەڵ لایەنە حکومییەکان بەکاردەهێنن، وەک ڕێگایەک بۆبەدەستهێنانی ئاسانکاری لەکاروبڕیارەکانی تایبەت بەئەنجامدانی پرۆسەکانی وەبەرهێنان، هەروەها لە خێراترکردنی جێبەجێکردنی مامەڵەکانی پرۆژەکانیان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی پەیوەندییەکان لەبەڕێوەبردنی کارەکان.

**خشتەی ژمارە (35)**

ئاستی بەکارهێنانی ریکلامی نێودەوڵەتی

**16- سەرباری ئاستی ناوخۆ، لەسەر ئاستی جیهانیش کۆمپانیا هەوڵدەدات ریکلامی نێودەوڵەتی بکات بەمەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی کڕیاری بیانی لەڕێگەی ئینتەرنێت وکەناڵە ئاسمانییەکانەوە.**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|
| **هەمیشە** | 18 | 18.2 | **سێیەم** |
| **هەندێکجار** | 57 | 57.6 | **یەکەم** |
| **هەرگیز** | 22 | 22.2 | **دووەم** |
| **کۆی گشتی** | 97 | %100 | |
| **لادانی پیوەری** | .64416 | | |
| **ناوەندی ژمێریاری** | 2.0412 | | |

بەپێی خشتەی ژمارە(35) ڕوونـدەبێتـەوە کـە بـەرێـژەی (57.6)ی دەستنیشانکراوان کە بەرزترین ڕێژەیە، هەندێکجار ئینتەرنێت و کەناڵە ئاسمانییەکان بەکاردەهێنن بۆئەنجامدانی ریکلامی نێودەوڵەتی وڕاکێشانی سەرنجی کڕیاری بیانی، هەروەها بەرێژەی(18.2)ی دەستنیشانکراوان کە نزمترین ڕێژەیە، هەمیشە بەرێگای ئینتەرنێت و کەناڵە ئاسمانییەکان ریکلامەکانیان پەخش دەکەن بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی کڕیاری بیانی بۆ کارو پرۆژەکانیان، لادانی پێوەری لێرەدا (64416.)و ناوەندی ژمێریاریش (2.0412)ە.

بەپێی ئەم ئەنجامە دەرکەوتووە، کە ریکلامکردن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەکاردێت بۆ ڕاکێشانی سەرنجی کڕیاری بیانی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بایەخی زۆری کەناڵە ئاسمانیەکان لەسەر ئاستی بەبازارکردنی نوێدا، کە دەکرێت سوودی باش لەوکەناڵانە وەربگیرێت چ بۆڕاکێشانی سەرنجی کڕیاری بیانی و چ وەک دەروازەیەکی نوێی بەبازارکردن، ئینتەرنێتیش بەهەمان شێوە توانیویەتی سنوورە نێودەوڵتییەکان بسرێتەوەو بگاتە دوورترین شوێنەکان و بازارە جیهانیەکان.

**خشتەی ژمارە (36)**

**ئاستی سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆجیا لە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کڕیاراندا.**

**17-کۆمپانیا پێگەی ئەلیکترۆنی تایبەت بەخۆی هەیە کەکارمەنەندی پەیوەندیەگشتیەکان بەڕێوەیدەبات، وە بەکاریدەهێنێت بۆ دروستکردن و بەڕێوەبردنی پەیوەندی کارلێککارانە لەگەڵ سەوداکاران و کڕیاراندا (وەک:ماڵپەڕ، فەیسبووک، تویتەر)**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|
| **هەمیشە** | 68 | 68.7 | **یەکەم** |
| **هەندێکجار** | 18 | 18.2 | **دووەم** |
| **هەرگیز** | 11 | 11.1 | **سێیەم** |
| **کۆی گشتی** | 97 | %100 | |
| **لادانی پێوەری** | .68849 | | |
| **ناوەندی ژمێریاری** | 1.4124 | | |

بەپێی خشتەی ژمارە(36) دەرکەوتووەکە ڕێژەی (68.7)ی دەستنیشانکراوان کە بەرزترین ڕێژەیە، پێگەی ئەلیکترۆنی تایبەت بەخۆیان هەیە وبەکاریدەهێنن بۆ دروستکردن و بەڕێوەبردنی پەیوەندی کارلێککارانە لەگەڵ سەوداکاران وکڕیاراندا، تەنها ڕێژەی(11.1) ی دەستنیشانکراوان هەرگیز پێگەی ئەلیکترۆنی وماڵپەڕی تایبەت بەکارناهێنن، وەلادانی پێوەری(68849.)و ناوەندی ژمێریاریش(1.4124)ە.

بەمجۆرە دەرکەوتووە کە زۆرینەی کۆمپانیاکان پێگەی ئەلیکترۆنی تایبەت بەخۆیان هەیە و بەکاریدەهێنن لە دروستکردن وبەڕێوەبردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ سەوداکاران و کڕیاراندا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بایەخی ئینتەرنێت و پێگە ئەلیکترۆنییەکان و بەتایبەتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە توانای دروستکردنی کارلێککردن وەکو میدیایەکی کۆمەڵایەتی و بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییی، ئەو تۆڕانە زیاتر برەویان سەندووە و بەکارهێنەریان زیادیکردووە، هەربۆیە بەدەگمەن دەبینین کە کۆمپانیا یان دامەزراوەکان وەیاخود کەسانی خاوەنکار لاپەڕەیەکی تایبەتی خۆی نەبێت لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، هەروەها بەلەبەرچاوگرتنی توانای ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانە لە ئاسانی گەیشتن بەزۆرترین جەماوەر و توانای ریکلامکردن تیایاندا خێراترو هەرزانترە، ئەمە وایکردووە کەسوودیان لێوەربگیرێت لە پرۆسەی برەوپێدان و بەبازارکردندا.

**خشتەی ژمارە(37)**

**ئاستی بەکارهێنانی ڕێکاری بانگەشە بۆ کۆمپانیا.**

**18- پەیوەندی گشتی جەختدەکاتەوە لەناساندن و دەرخستنی کارەباشەکانی کۆمپانیا وەک ئامرازێکی بانگەشەو برەوپێدان بۆ کۆمپانیا و بەرهەمەکانی.**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|
| **هەمیشە** | 50 | 50.5 | **یەکەم** |
| **هەندێکجار** | 39 | 39.4 | **دووەم** |
| **هەرگیز** | 8 | 8.1 | **سێیەم** |
| **کۆی گشتی** | 97 | %100 | |
| **لادانی پێوەری** | .64400 | | |
| **ناوەندی ژمێریاری** | 1.5670 | | |

بەپێی خشتەی ژمارە(37) ئەوە دەردەکەوێت کەبەرێژەی (50.5)ی دەستنیشانکراوان کە بەرزترین ڕێژەیە، هەمیشە جەخت لەناساندن و دەرخستنی کارە باشەکانی کۆمپانیا دەکەنەوە، وەک ئامرازێکی بانگەشەوبرەوپێدان بۆ کۆمپانیا و بەرهەمەکانی، وە کەمترین ڕێژە (8.1)ی دەستنیشانکراوان هەرگیز ئەم ڕێکارە بەکارناهێنن، لادانی پێوەری بریتییە لە (.64400)و ناوەندی ژمێریاری (1.5670)ە.

بەمجۆرە دەردەکەوێت، کەزۆرینەی دەستنیشانکراوان جەختدەکەنەوە لەناساندن ودەرخستنی کارە باشەکانی کۆمپانیا وەک ئامرازێکی بانگەشەو برەوپێدان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سوودوەرگرتن لە لایەنی کۆمەڵایەتی و هەستکردن بەلێپرسراوێتی کۆمپانیاکان لەبەرامبەر جەماوەردا، هەرچەندە کە ئەم ڕێکارییە زیاتر لایەنی کۆمەڵایەتیبوونی کۆمپانیاو خەمخۆری بۆ ژینگەو کۆمەڵگە دەردەخات، بەڵام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەبێتە مایەی برەوپێدانی بازاڕو زیاترکردنی بڕی فرۆشی بەرهەمەکانی.

**خشتەی ژمارە(38)**

**ئاستی بەکارهێنانی ڕێکاری بانگەشە بۆ بەرپرسانی کۆمپانیا**

**19-دەرخستن وناساندنی کەسایەتیی بەڕێوەبەر وبەرپرسەکانی کۆمپانیا، ڕێگایەکە بۆ بەدەیهێنانی ناوبانگ وئەنجامدانی بانگەشە بۆ کۆمپانیاو بەرهەمەکانی.**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|
| هەمیشە | 38 | 38.4 | دووەم |
| هەندێکجار | 39 | 39.4 | یەکەم |
| هەرگیز | 20 | 20.2 | سێیەم |
| کۆی گشتی | 97 | %100 | |
| لادانی پێوەری | .64400 | | |
| ناوەندی ژمێریاری | 1.5670 | | |

بەپێی خشتەی ژمارە (38) دەرکەوتووە کەبەرێژەی (39.4)ی دەستنیشانکراوان کە بەرزترین ڕێژەیە، هەندێکجار بۆ دەرخستن وناساندنی کۆمپانیا، لەڕێگەی دەرخستن وناساندنی کەسایەتی بەڕێوەبەر وبەرپرسانی کۆمپانیاوە بانگەشە بۆکۆمپانیا دەکەن کەمترین ڕێژەش کە (20.2)ی دەستنیشانکراوانە هەرگیز ئەو ڕێکارە بەکارناهێنن، لادانی پێوەری (.64400)و ناوەندی ژمێریاری(1.5670)ە.

بەپێی ئەم ئەنجامە دەردەکەوێت کە دەستنیشانکراوان هەندێکجار دەرخستن وناساندنی کەسایەتیی بەڕێوەبەر وبەرپرسەکانی کۆمپانیا، وەک ڕێگایەک بۆ بەدیهێنانی ناوبانگ وئەنجامدانی بانگەشە بۆ کۆمپانیا و بەرهەمەکانی بەکاردەهێنن، بانگەشەکردن بۆ کەسایەتییەکان کە ڕووکاری کۆمپانیا دەنوێنن لەناو کۆمەڵگەدا ڕێکارێکی گرنگە لە ڕێکارەکانی پەیوەندی گشتی و پەیرەوی لێدەکات بە ئامانجی برەودان بە کۆمپانیاو بەرهەمەکانی،بەتایبەتی کە کۆمەڵگە زیاتر هاوسۆزی ئەو کەسایەتییانەیە کە بەباش و خەمخۆریان دەزانن لەبەرامبەر کۆمەڵگەکانیاندا و بەپێوانەکردنی ناوبانگی باشیان کاردانەوەی لەسەر بازاڕیان دەردەکەوێت، هەر بۆیە کە دەبینین زۆربەی ریکلامەکان و بەرنامە خێرخوازییەکان ئەوجۆرە لەدەرخستنی کەسایەتییەکان تیایاندا ڕەنگیان داوەتەوە.

لەکۆتایی ئەم تەوەرەدا، دەرکەوتووە  کە کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە هەرچەندە بەشێکیان نیە بەناوی بەشی پەیوەندیگشتی، بەڵام کارڕاییەکانی پەیوەندیگشتی لەلایەن کارمەندانی بەشەکانی دیکەوە جێبەجێدەکرێت، ئەو ڕێکارانەی پەیوەندیگشتی، کە هاوکارو یارمەتیدەرن لە برەوپێدان و بەبازارڕکردنی بەرهەمەکانی کۆمپانیا و ناساندنی بەکۆمەڵگە و جەماوەر بەکاردەهێنرێن و پشتیان پێدەبەسترێت لە پرۆسەی بەبازارڕکردندا ،

## پاری چوارەم: هەڵسەنگاندنی گریمانەکان

**گریمانەی یەکەم: ئایا ژینگەی وەبەرهێنانی شاری سلێمانی ژینگەیەکی لەبارە و گونجاوە بۆ وەبەرهێنان لەبواری خانووبەرەدا .**

خشتەی ژمارە(39)

### هەڵسەنگاندنی گریمانەی یەکەم

**ژینگەی وەبەرهێنانی شاری سلێمانی ژینگەی لەبارو گونجاوە بۆ وەبەرهێنان لە بواری خانوبەرەدا**

| گۆڕاوی بەدواداچوو / گۆڕاوی سەربەخۆ | ژینگەی وەبەرهێنانی شاری سلێمانی ژینگەی لەبارو گونجاوە بۆ وەبەرهێنان<br>بەهای پەیوەندی | نرخی ئەگەری (Sig) | ئاماژەداری ئاماری |
|---|---|---|---|
| **بواری خانوبەرە** | 0.322 | 0000[*] | **ئاماژەدارە** |

لەخشتەی (39) دا دەرکەوت کەوا پەیوەندی نێوان بواری خانوبەرە و ژینگەی وەبەرهێنانی شاری سلێمانی ژینگەی لەبارو گونجاوە بۆ وەبەرهێنان یەکسانە بە (0.322) بە نرخی ئەگەری دەکاتە (0000) کە بچووکترە لە (0.5) کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەوا ئەم پەیوەندییە ئاماژەداری ئەرێنییە، واتە پەیوەنییەکی ئاماژەداری ئاماری هەیە لەنێوان ژینگەی وەبەرهێنانی شاری سلێمانی ژینگەی لەبارو گونجاوە بۆ وەبەرهێنان ئەو بوارەی (خانوبەرە)کە کاری تێدا دەکات.

(*) پەیوەندییەکە ئاماژەداریەکی بەهێزە ئەگەر (Sig.≤0.01)

**گریمانەی دووەم: ریکارەکانی پەیوەندی گشتی تاچەند یارمەتی باشتر بەڕێوەچوونی پرۆسی بە بازار کردن دەدەن لە کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانوبەرەدا .**

خشتەی ژمارە (40)

**هەڵسەنگاندنی گریمانەی دووەم**

| گۆڕاوی بەدواداچوو / گۆڕاوی سەربەخۆ | ریکارەکانی پەیوەندی گشتی یارمەتی باشتر بەڕێوەچوونی پرۆسی بە بازار کردن دەدەن | نرخی ئەگەری (Sig) | ئاماژەداری ئاماری |
|---|---|---|---|
| | بەهای پەیوەندی | | |
| **کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانوبەرەدا** | o.293 | 0000(*) | **ئاماژەدارە** |

لە خشتەی ژمارە( 40 )دا دەرکەوتووە کەوا پەیوەندی نێوان ڕێکارەکانی پەیوەندی گشتی و بەبازاڕکردنی بەرهەمەکانی خانووبەرە یەکسانە بە (0,293) بە نرخی ئەگەری دەکاتە(0,000) کە بچووکترە لە( 0,05), کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەم پەیوەندیە ئاماژەداری ئەرێنییە، واتە پەیوەندیەکی ئاماژەداری ئاماری هەیە لە نێوان ریکارەکانی پەیوەندی گشتی و بەبازاڕکردشنی بەرهەمەکانی خانووبەرە کە کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە بەکاریدەهێنن.

(*)پەیوەندییەکە ئاماژەداریەکی بەهێزە ئەگەر (Sig.≤0.01)

## دەرئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردەکان

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕێکارەکانی پەیوەندیگشتی لەبواری بەبازاڕکردن لە ژینگەی وەبەرهێنانی شاری سلێمانیدا) دوابەدوای شیکردنەوەو خستنەڕووی بگۆڕەکانی توێژینەوەکە و ئاستی جێبەجێبوونیان لەسەر ئاستی کارمەندانی کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە، وە لەژێر تیشکی ئامانج گریمانەکان و لایەنی تیۆری و مەیدانی توێژینەوەکە، توێژەر بە چەندین دەرئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردە گەیشتووە،

**یەکەم: دەرئەنجامی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە**

1. کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە هیچ بەش و لقێکیان نیە بەناوی پەیوەندی گشتی، بەڵام بایەخدەدەن بە شێوازی بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکانیان لە ڕێگەی کارمەندەکانیانەوەو لەژێر ناوی دیکەدا کارراییەکانی پەیوەندی گشتی ئەنجامدەدەن.
2. ئەو کارمەندانەی لە بەڕێوەبردنی پەیوەندیەکانی کۆمپانیا بەرپرسیارن هیچیان پسپۆڕی بواری پەیوەندیگشتی نین، هەروەها تایبەتمەندیان پێنەدراوە بۆ ئەو بوارە، بەڵکو پسپۆڕو لێپرسراوی بواری دیکەن و لەپاڵ کارەکانی خۆیاندا کاری پەیوەندیگشتی ئەنجامدەدەن، ئەمەش کاریکردووەتەسەر بە نازانستی بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکانی کۆمپانیا.
3. ژینگەی جوگرافی شاری سلێمانی ژینگەیەکی لەبارو گونجاوە بۆ وەبەرهێنان لەبواری خانووبەرە و دروستکردنی یەکەکانی نیشتەجێکردن، هەروەها ژینگەی کۆمەڵایەتی و دانیشتووانی شار کراوەو هاوشانی گۆڕانکاریەکان خواستیان لەگۆڕاندایە.
4. شڵەژانی بارودۆخی سیاسی و ئابوری کاریگەری هەبووە لەسەر بواری وەبەرهێنانی خانووبەرەو بووەتە مایەی سستی لە فرۆشتن و ئەنجامدانی پرۆژەکاندا، بەڵام بوونی ئاسایش و سەقامگیری لەشاری سلێمانیدا هاندەربووە لە مانەوەی وەبەرهێنان لەوبوارەدا.
5. حکومەت ڕۆڵی هەیە لەدیاریکردن و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی وەبەرهێنان لە بواری خانووبەرەدا، لەڕێگەی ماستەر پلانی شارەوەوەو ئەو مەرج و ڕێنماییانەی کە لەسەر وەبەرهێنانی خانووبەرە دایناوە، بەڵام یاساو ڕێنماییەکان ناڕوونن لە دیاریکردن و پێدانی ئاسانکاری باج و ڕەسمە داراییەکاندا، ئەمەش بەهۆی

تێپەڕبوونی کاتێکی زۆر بەسەریاندا بەبێ هەمووارکردنەوە یان دەرکردنی یاسای تایبەت بەوبوارە، کە وایکردووە بۆ ئێستای وەبەرهێنان کەموکوڕی هەبێت.

6. ئەو ڕێکارانەی کە پەیوەندیگشتی دەیگرێتەبەر بۆ برەوپێدان و باشتر بەڕێوەبردنی پرۆسەی بەبازاڕکردن بەڕادەیەکی باش بەکاردەهێنرێن لەلایەن کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانووبەرەوە لەشاری سلێمانیدا.
7. ئامرازەکانی ڕاگەیاندن وبەکۆ گەیاندن و تەکنەلۆجیا، بایەخیان پێدەدرێت لە برەوپێدان و درووستکردنی پەیوەندی لە نێوان کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانووبەرەو جەماوەرە جیاوازەکانیدا.

**دووەم: دەرئەنجامی سەلماندنی گریمانەکان:**

**لە سەلماندنی گریمانەکانی توێژینەوەکەدا توێژەر بەم دەرئەنجامانە گەیشتووە:**

**گریمانەی یەکەم: ئایا ژینگەی وەبەرهێنانی شاری سلێمانی ژینگەیەکی لەبارە و گونجاوە بۆ وەبەرهێنان لەبواری خانووبەرەدا.**

دەرکەوتووە کە پەیوەندیەکی ئاماژەداری ئەرێنی هەیە لە نێوان ژینگەی وەبەرهێنانی شاری سلێمانی  ژینگەیەکی لەبارەو گونجاوە بۆ وەبەرهێنان لە بواری خانووبەرەدا.

**گریمانەی دووەم: ریکارەکانی پەیوەندی گشتی تا چەند یارمەتی باشتر بەڕێوەچوونی پرۆسەی بە بازار کردن دەدەن لە کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانوبەرەدا.**

دەرکەوتووە کە پەیوەندیەکی ئاماژەداری ئەرێنی هەیە لە نێوان ڕێکارەکانی پەیوەندیگشتی و بەبازارکردنی بەرهەمەکانی خانووبەرە، بەواتای ڕێکارەکانی پەیوەندی گشتی یارمەتی باشتر بەڕێوەچوونی پرۆسەی بەبازارکردن دەدەن.

## سێیەم: پێشنیازەکانی توێژینەوەکە:

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا و ولەژێر تیشکی دەرئەنجامەکانیدا، توێژەر چەند پێشنیازێکی هەیە بۆ کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە بەمجۆرە:

1- توێژەربۆ بەڕێوەبەرانی کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە پێشنیاز دەکات بە دامەزراندنی بەش یان لقێک بۆ پەیوەندی گشتی، وە سپاردنی ئەرکەکانی بە شارەزایانی بواری پەیوەندی گشتی، یاخود لانی کەم ڕاوێژ بە پسپۆڕانی پەیوەندی گشتی بکەن بە ئامانجی پێدانی زانیاری و ڕێنماییکردنی کارمەندانی بەرپرس لە بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکانیان.

2- توێژەربۆ بەڕێوەبەرانی کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە پێشنیاز دەکات بە دامەزراندنی دەرچووانی ئەکادیمی لەبواری پەیوەندی گشتی لە بەڕێوەبردنی پەیوەندیەکانی کۆمپانیا چونکە دەبنە مایەی زیاتر بەزانستی بەڕێوەبردنی پەیوەندی و پرۆسەکانی بەبازارکردن و برەوپێدان.

3- توێژەر بۆ هەردوو کەرتی حکومی و کەرتی تایبەتی پێشنیار دەکات بایەخی زیاتر بە وەبەرهێنانی خانووبەرە بدرێت بە ئامانجی برەوپێدان و جوانترو ڕازاوەتر پیشاندانی شارەکانی هەرێمی کوردستان بەگشتی، وە شاری سلێمانی بەتایبەتی کە، لانکەی لەباوەشگرتنی شارستانیەت و ڕۆشنبیریە.

4-توێژینەوەی زیاتر بکرێت و ڕای خەڵک وەربگیرێت لەسەر شێوازی وەبەرهێنانی خانووبەرە لە کوردستاندا.

**چوارەم:ڕاسپاردەکانی توێژەر**

لە بەر ڕۆشنایی دەرئەنجامی توێژینەوەکەدا، هەروەها لەبەر بایەخی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەبواری بەبازارکردن و وەبەرهێناندا، کە ڕۆڵی گەورەیان هەیە لەسەر برەوپێدانی ئابوری هەر وولاتێک، توێژەر چەند ڕاسپاردەیەکی بۆ لایەنە ئەکادیمیەکان هەیە:

1- ئەم توێژینەوەیە لەبواری پەیوەندیگشتی لەسەر ئاستی کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە یەکەم توێژینەیە ئەنجامدرابێت، بەڵام لە زۆر لایەنی دیکە وە دەکرێت توێژینەوە لە پەیوەندیەکانی کۆمپانیاکان و شوێنی کارمەندی پەیوەندیگشتی ئەنجامبدرێت، هەروەها لێکۆڵینەوە لە هەیکەلی کارگێڕی دامەزراوەکان و چۆنیەتی تەرخانکردنی شوێنی پەیوەندی گشتی لەو هەیکەلەدا کە کاریگەری دەبێت لەسەر ناوەندی بڕیاردان لەناو دامەزراوەکە، بابەتێکی گرنگە و توێژەر پێیباشە توێژینەوەیان لەسەر ئەنجامبدرێت، بە تایبەتی لە ناوەندە ئەکادیمیەکانداو لەلایەن خوێندکارانی بواری پەیوەندی گشتیەوە.

2-توێژەر پێیباشە لە ڕووی بەڕێوەبردنەوە( بەڕێوەبردنی پەیوەندیگشتی) توێژینەوە ئەنجامبدرێت بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان پەیوەندی گشتی و ژینگەی وەبەرهێنان، هەروەها پشت بە بەکارهێنانی تیۆرەکانی دیکەی کاری پەیوەندی گشتی ببەسترێت، وەک تیۆرەی ململانێکردن( النظرية التنافسية)کە کار لەسەر چۆنیەتی سوودوەرگرتن دەکات لە پێکهاتە جیاوازەکانی ژینگە بە ئامانجی سوود لێوەرگرتنی لە برەوپێدان و قازانج کردندا.

3- توێژەر پێیباشە لەبەر ڕۆشنایی چەمکی بەبازارکردن لە ڕێگەی پەیوەندیەکانەوە (التسويق بالعلاقات), کە ئێستا شێوازێکی باوە و زۆرێک لە کۆمپانیاو دامەزراوە گەورەکانی سەر ئاستی جیهان پەیڕەوی لێدەکەن، توێژەر پێشنیار دەکات بۆ خوێندکارانی ئەکادیمی کە بتوانن لەو ڕووەوە توێژینەوە ئەنجامبدەن، بە تایبەتی لە دەرخستنی ڕۆڵی پەیوەندیەکان لەسەر برەوپێدانی بازاڕ و فرۆشی بەرهەمەکان.

## سەرچاوەکان

**یەکەم: قورئانی پیرۆز**

**دووەم: پەرتووکە عەرەبیەکان و وەرگێڕاوەکان بۆ سەر زمانی عەرەبی**


1. ابو اصبع، صالح خليل(1998)، **العلاقات العامة والاتصال الانساني**، الشرق للنشر والتوزيع، عمان- الاردن.

2. الحسن، أحسان محمد و زينى ,عبدالحسين ، **الاحصاء الاجتماعي**، مطبعة الجامعة، الموصل، 1982.

3. بدوي، هناء حافظ(2001)، **العلاقات العامة والخدمة الاجتماعية**، المكتب الجامعي الحديث، الاسكندرية-مصر.

4. بكري، ثامر(2006)**الاتصالات التسويقية والترويج**، دار الحامد للنشر والتوزيع، عمان- الاردن.

5. بياتى، ياس خضير و اخرون (2012)، **مقدمة في العلاقات العامة والاعلام**، الافاق المشرقة للنشر والتوزيع، الاردن.

6. جاد الرب، سيد محمد (2006)، **مبادئ وأساسيات العلاقات العامة والاعلان**، اسماعيلية-مصر، (د.ن).

7. جمال، راسم محمد و عياد، خيرت معوض (2005) **اداره العلاقات العامة المدخل الاستراتيجي**، الدار المصرية اللبنانية، القاهرة- مصر.

8. جوده، محفوظ أحمد (1996)، **العلاقات العامة مفاهيم وممارسات**، مؤسسة زهران للنشر والتوزيع، عمان.

9. جوده، محفوظ و اخرون (2008)، **منظمات الاعمال المفاهيم والوظائف**، الطبعة الثانية، دار وائل للنشر، عمان- الاردن.

10. حاج أحمد، على محمدو عوده، سمير حسن (2010)، **أداره التسويق**، مكتبة المجتمع العربى للنشر والتوزيع، عمان-الاردن.

11. حجاب، محمد منير و وهبي، سحر محمد(د.ت.)، **المداخل الاساسية للعلاقات العامة**، دار الفجر للنشر والتوزيع، القاهرة- مصر.

12. حجاب، محمد منير(2001), **اساسيات البحوث الاعلامية والاجتماعية**, ط3, دار الفجر للنشر والتوزيع, قاهرة- مصر.

13. ____________(2007)، **العلاقات العامة في المؤسسات الحديثة**، دار الفجر للنشر والتوزيع، قاهرة- مصر.

14. حجي شكاكي، أدريس رمضان(2006)، **محددات الاستثمار الاجنبي المباشر في اقليم كوردستان- دراسه ميدانيه في عينة من شركات الاستثمار المباشر (2005-2006)**، مركز كوردستان للدراسات الاستراتيجية.

15. حردان، طاهر حيدر (2009) **أساسيات الاستثمار**، دار المستقبل للنشر والتوزيع، عمان-الاردن.

16. الحميرى، موفق عدنان عبدالجبار (2010)، **أساسيات التمويل والاستثمار في صناعة السياحه**، الوراق للنشر والتوزيع، عمان- الاردن.

17. ____________________ (2006)، **الاتصال والاعلام في المجتمعات المعاصرة، الطبعة الخامسة، دار مجدلاوي للنشر واتوزيع**، عمان- الاردن.

18. حنا، نسيم (2010)، **مبادئ التسويق**، الطبعة الثالثة، دار المريخ للنشر، رياض- المملكة العربية السعودية.

19. خوخة، أشرف فهمي(2011)، **أستراتيجيات الدعاية والحملات الاعلانية**، دار المعرفة الجامعي، الاسكندرية-مصر.

20. دليمي، عبدالرزاق محمد(2011) **العلاقات العامة رؤية معاصرة**، دار وائل للنشر والتوزيع، عمان- الاردن.

21. دورى، زكريا مطلك(2003)، **الادارة الاستراتيجية مفاهيم وعمليات وحالات دراسية**، بغداد-العراق، ، (د.ن).

22. ركابى، كاظم نزار(2004)، **ألادارة ألاستراتيجية العولمة والمنافسة**، دار وائل للنشر والتوزيع، عمان- الاردن.

23. رمضان، زياد (2007)، **مبادئ الاستثمار المالي والحقيقي**، دار وائل للنشر، عمان- الاردن.

24. سعيدي، عصام حسن(2008)، **التسويق والترويج السياحي والفندقي**، دار الراية للنشر والتوزيع، عمان- الاردن.

25. سلطان، جمال مصطفى عبدالله (2002)، **الاستراتيجيه الامريكية في الشرق الاوسط (1979- 2000)**، عمان- الاردن، دار وائل للنشر والتوزيع.

26. شعبان، حمدى (2005)، **التخطيط للعلاقات العامة**، شركه ناس للطباعة، عابدين- مصر.

27. شمري، علي جبار(2009)، **العلاقات العامة رؤية سرنديبيه**، دار النهرين للتوزيع والاعلان والنشر، بغداد- العراق.

28. _________ (2014)، **تصميم انموذج بناء منهجى مطور فى بحوث العلاقات العامة**، دائرة شؤن المواطنين والعلاقات العامة، بغدا- العراق.

29. _________(2010)، **الاساليب العلمية في ممارسة العلاقات العامة**، العربي للنشر والتوزيع، مصر- القاهرة.

30. شمري، ناظم محمد نورى و اخرون(1999)، **أساسيات الاستثمار العيني والمالي**، دار وائل للطباعة والنشر، عمان- الاردن.

31. صبره، سمر توفيق(2009)، **مبادئ التسويق للفنون التطبيقية**، مكتبة المجتمع العربي للنشر والتوزيع، عمان- الاردن.

32. __________(2010)، **مبادئ التسويق مدخل معاصر**، دار الاعصار العلمي للنشر والتوزيع، عمان- الاردن.

33. صرايره، محمد نجيب(2001)، **العلاقات العامة الاسس والمبادئ**، مكتبة الرائد العلمية، الاردن.

34. صميدعى، محمود يوسف و يوسف، ردينه عثمان(2003)، **التسويق الاعلامي المبادئ والاستراتيجيات**، دار المناهج للنشر والتوزيع، عمان - الاردن.

35. ___________________________(2011)، **التسويق الاستراتيجى**، دار المسيره للنشر والتوزيع والطباعة، عمان الاردن.

36. صيرفي، محمد (2005)، **مبادئ التسويق دراسه نظرية تطبيقية**، مؤسسة حورس الدولية للنشر والتوزيع، الاسكندرية- مصر.

37. طاهر حسو الزيباري، **أساليب البحث العلمي في علم الاجتماع**، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، 2011.

38. عابد، عبدالقادر و السفاريني، غازى (2004)، **أساسيات علم البيئة**، الطبعة الثانيه، دار وائل للنشر للطباعة والنشر، عمان- الاردن.

39. عبدالحميد عبد البلداوي، ط2، **اساليب البحث العلمي و التحليل الاحصائي**، دار الشروق، عمان، 2004.

40. عجوه، علي و يوسف، محمود (2005) **اداره وتخطيط العلاقات العامة**، كتاب PDF.

41. عدوي، فهمى محمد (2011)، **مفاهيم جديدة في العلاقات العامة**، دار اسامة للنشر والتوزيع، عمان- الاردن.

42. عساف، عبدالمعطى محمد وصالح، محمد فالح (2004)، **أسس العلاقات العامة**، دار الحامد للنشر والتوزيع، عمان الاردن.

43. علاًق، بشير(2010)، **تنظيم وأداره العلاقات العامة**، داراليازورى العلمية للنشر والتوزيع، عمان- الاردن.

44. عواد، فاطمه حسين (2012)، **الاتصال والاعلام التسويقى**، اسامه للنشر والتوزيع، عمان-الاردن.

45. غنيم، أحمد محمد (2009)، **التسويق مدخل التحليل المتكامل**، المكتبة العصرية للنشر والتوزيع، المنصورة- مصر.

46. غنيم، عثمان محمد (2009)، **مقدمة في التخطيط التنموي الاقليمي**، دار الصفاء للنشر والتوزيع، عمان- الاردن.

47. غي أوديجية (2008)، **التسويق في خدمة المشروع**، ت:نبيل جوًاد، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت- لبنان.

48. فهمي، عبدالقادر محمد (2006)، **المدخل الي دراسة الاستراتيجية**، دار مجدلاوى للنشروالتوزيع، عمان- الاردن.

49. قبال، أشرف السيد حامد(2013)، **الاستثمار الاجنبي المباشر(دراسة تحليلية لاهم ملامحة وأتجاهاته في الاقتصاد العالمي)**، دار الفكر الجامعي، اسكندرية- مصر.

50. كاثرين ڤيو(2008)، **التسويق**، ت:وردية واشد، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت- لبنان.

51. مجاهد، جمال (2010)، **العلاقات العامة رؤية نظرية**، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية-مصر.

52. محمد، محمد عبدالفتاح (2006)، **العلاقات العامه بمنظمات الرعاية الاجتماعية**، المكتب الجامعي الحديث، الاسكندرية- مصر.

53. محمود، منال طلعت (2002)، **العلاقات العامة بين النظرية والتطبيق**، المكتب الجامعي الحديث، اسكندرية- مصر.

54. مسلمي، ابراهيم عبدالله (2008)، **مناهج البحث في الدراسات الاعلامية**، دار الفكر العربي، قاهرة- مصر.

55. مقابلة، خالد والسرًابى، علاء(2001) **التسويق السياحي الحديث**، دار وائل للطباعة والنشر، عمان- الاردن.

56. ملكاوي، عمر جوابر (2008)، **مبادئ التسويق السياحي والفندقي**، الورًاق للنشر والوزيع، عمان- الاردن.

57. مؤمني،غازى فلاح (2013)، **اداره المحافظ الاستثمارية الحديثة**، دار المناهج للنشر والتوزيع، عمان- الاردن.

58. ناصر، محمد جودت (1998)، **الدعاية والاعلان والعلاقات العامة**، دار المجدلاوي للنشر والتوزيع، عمان- الاردن.

59. يوسف، محمود وجنيد، حنان (2000)، **أدارة وتخطيط العلاقات العامة**، مركز جامعة القاهرة للتعليم المفتوح، مصر.

**سێیەم: کتێبە کوردیەکان**

1- بۆکانی، سابیر(2016)، **میتۆدی توێژینەوەی زانستی**، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی- هەرێمی کوردستان.

2- محمدی، زاهیر (2006)، **فەرهەنگی سیاسی**، و: یاسین حاجی زادە، هەولێر- هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

4- مەلا، یاسین محمود رشید (2016), وەبەرهێنانی نیشتەجێبوون لە نێوان ڕەخنە و واقیعدا، بێ ناونیشانی چاپخانە.

**چوارەم: سەرچاوە ئنگلیزیەکان**

1. Peter, J.Paul & Donnely,Jr,James H.(2011),Apreface To Marketing Management,Twelfth Edition, Mcgraw-Hill International Edition, Nework-America.
2. Middleton,Victor & Clarke,Jackie.R.(2001),Marketing In Travel And Tourism,Third Edition,Butter Worth-Heinemann,Johannesburg-Newdelhi.

3. Kurtz,David L. & Boone,Louis E.(2008),Principles Of Marketing,Twelfth Edition,Akash Press-India.
4. Kotler,Philip & Armstrong,Gary(2008), Principles Of Marketing,Twelfth Edition,Prentice-Hall,Newdelhi-India.
5. ,____________5Principles of Marketing (2010),Thirteenth Edition,Preson Prentice Hall,New JERsey-America.
6. Kotler,Philip &(et.al),(2005), Principles Of Marketing,Fourth European Edition,Mateu-Cromo Artes Graficas,Spain.
7. Blythe,Jim(2006),Essential Of Marketing Communications,Third Edition,Licensing Agency LTD-London.
8. Donaldson,Bill & Otoole,John(2002),Investment,John Wiley & sons LTD,West Sussx-England.

**پێنجەم: نامەی ماستەرو تێزی دکتۆراکان**

**یەکەم: تێزی دکتۆراکان**

1- علاالدين، عطا محمد (2012)، التحليل الجغرافى لواقع وأستخدام الموارد المائيه في محافظة السليمانية وافاقها المستقبلية، اطروحة دكتورا غير منشوره، كلية العلوم الانسانية- جامعة السليمانية.
2- فؤاد، مهربان نوشيروان (2014)، محافظة السليمانية دراسة في الجغرافية الاقليمية، اطروحة دكتورا غير منشورة، كلية العلوم الانسانية- جامعة السليمانية.

**دووەم: نامەی ماستەرەکان**

1- سابوراوايى، بێستون عبدالرحمن حمه(2014)، واقع الاستثمار في محافظة السليمانية- اقليم كوردستان العراق في ضوء محددات مختاره لبيئه الاستثمار، رسالة ماجستير غيرمنشورة، كلية الإداره و الاقتصاد-جامعة السليمانية.
2- التميمي، عراک غانم، (2012)، استراتيجيات العلاقات العامة في المواقع الالكترونية الحكومية- دراسة تحليلية لاساليب ومضامين مواقع الوزارات العراقية، كلية. الاعلام- جامعه بغداد.
3- محمد، بيان على حسين(2001)، سكان مدينة السليمانية دراسة جغرافية، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الاداب- جامعة بغداد.

4- عبدالرحمن، ڕۆژان فەرەیدون(2008)، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ جیاوازی پیسبوونی ئاوی ژێر زەوی لەناوچەی سلێمانیدا، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، کۆلێژی زانستە مرۆمایەتیەکان- زانکۆی سلێمانی.

**شەشەم: ئینەرنێت وسەرچاوە ئەلیکترۆنیەکان**

1-جفال، سامية وسليمة، بوزيد، العلاقات العامة في المنظمة بين المفهوم والوظيفة، مجلة العلوم الانسانية، جامعة محمد خيضر- بسكره، العدد الثاني والثالث(2008).
(http// Fll.Univ-biskra.dz>pdf-revue-oz-o3(25/2/2016)) (6/2/2016

2- یاسای وەبەرهێنان ژمارە(4)ی ساڵای (2006) بەرواری سەردانی کردنی پێگەی پەرلەمان (2016/8/4)
http://www.kurdistan-parliament.org/Default.aspx?page=byyear&c=LDD-Yasa&id=2006

3: www.shanpress.com/details.aspx(3/10/2016 )

4-www.almaany.com/ar/dict/ar-e(20/2/2016)

5- om.s-oman.net/shmwthread (21/6/2016)

**حەوتەم: چاوپێکەوتنی کەسیتی**

1- احمد، یونس علی، پرۆفیسۆری یاریدەدەر (ئابوری) مامۆستا لە کۆلێژی بازرگانی ئێواران، زانکۆی سلێمانی، ڕۆژی چاوپێکەوتن 2016/9/6.

2- سەعید، فەرمان غەریب، بەڕێوەبەری گشتی وەبەرهێنانی سلێمانی، ڕۆژی چاوپێکەوتن 2016/9/26.

3- غفور، سەردار کەریم، بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوەو زانیارییەکان لە فەرمانگەی وەبەرهێنانی سلێمانی، ڕۆژی چاوپێکەوتن 2016/5/22.

4-اسماعیل، ابتسام، ڕاگری کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، سەرۆکی پێشووی بەشی ڕاگەیاندن لەکۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان/زانکۆی سلێمانی،ڕۆژی چاوپێکەوتن، 2017/1/ 22

پاشکۆی ژمارە (1)

پێوەری راستی توێژینەوە

| ژ | ناوی پسپۆڕان | پسپۆڕی | ژمارەی بڕگە دروستەکان | ژمارەی بڕگە نادروستەکان | ڕێژەی سەدی ڕاستێتی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پ.ی.د. یونس علی احمد | بازرگانی | 68 | 0 | %100 |
| ٢ | د. لانە صابر محمد قەرەداغی | ڕاگەیاندن | 68 | 0 | %100 |
| ٣ | پ.ی.د.بهادین احمد محمد | ڕاگەیاندن | 67 | 1 | %98,52 |
| ٤ | د. محمد خدر مولود | ڕاگەیاندن | 63 | 5 | %92,64 |
| ٥ | پ.ی.د.خالد حیدر | ئابوری | 62 | 6 | %91,17 |
| کۆی گشتی | | کۆی گشتی | 328 | 12 | %96 |

ژمارەی تەواوی بڕگەکانی پێوەر= 68

ژمارەی پسپۆران= 5

بەم شێوەیە کۆی گشتی بڕگەکان= (ژمارەی بڕگەکانی پێوەر X ژمارەی پسپۆران)

ژمارەی بڕگەکانی پێوەر= 5x68 = 340

ژمارەی بڕگە دروستەکان= 328، ژمارەی بڕگە نادروستەکان=12

راستێتی گشتی پێوەر= کۆی گشتی بڕگەدروستەکان ÷ کۆی گشتی بڕگەکانی پێوەر×100

= 328÷340×100=96%

## پاشکۆی ژمارە (2)

### ڕادەی جێگیریی توێژینەوە

| ژ | نمرەی دابەشکردنی یەکەم س | زنجیرەی س | نمرەی دابەشکردنی دووەم ص | زنجیرەی ص | ف | ف2 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | 66 | 7 | 66 | 7 | سفر | سفر |
| ٢ | 65 | 5 | 65 | 5 | سفر | سفر |
| ٣ | 62 | 4 | 64 | 3 | 1 | 1 |
| ٤ | 67 | 4 | 68 | 2 | 2 | 4 |
| ٥ | 66 | 1 | 65 | 1 | سفر | سفر |
| ٦ | 65 | 3 | 68 | 2 | 1 | 1 |
| ٧ | 67 | 2 | 65 | 3 | 1- | 1 |
| ٨ | 66 | 3 | 64 | 4 | 1- | 1 |
| ٩ | 66 | 2 | 63 | 2 | سفر | سفر |
| ١٠ | 60 | 4 | 59 | 4 | سفر | سفر |
| کۆی گشتی | | | | | | 8 |
| | | | | | | ٪96 |

یاسای سپێرمان(ر) = 1- $\frac{6 * (\text{مج ف2})}{\text{ن} (\text{ن2} - 1)}$

$= 1 - \frac{6 \times 8}{10 (100-1)} = 1 - \frac{48}{990} =$

%96 =

پاشکۆی ژمارە(3)

**فۆرمی ڕاپرسی بەرایی توێژینەوەکە**

**زانکۆی سلێمانی**

**کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان**

**بەشی ڕاگەیاندن-پەیوەندیگشتی**

## بابەت/ فۆرمی ڕاپرسی بەرایی

**زۆر بەڕێز: بەڕێوەبەری کۆمپانیای ....................................................**

**پاش سڵاو...........**

**ئەم فۆرمە کە لەبەردەستی ئێوەی بەڕێزدایە بەشێکە لە ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری (توێژینەوەی بەرایی)یە، کە ئەنجامدەدرێت بە مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی(نامەی ماستەر) لەژێر ناونیشانی( ڕێکارەکانی پەیوەندیگشتی لەبواری بەبازاڕکردن لە ژینگەی وەبەرهێنانی شاری سلێمانیدا) ، هاوکاری بەڕیزتان لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان هۆکارێکە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە بەوئاستەی کە توێژەر دەیخوازێت و دەبێتە مایەی دەوڵەمەندکردنی زانیارییەکان، وە دڵنیاتان دەکەینەوە کە وەڵامەکانتان تەنها بۆ مەبەستی زانستین و بەدوورە لەهەر مەبەستێکی دیکە.**

**لەگەڵ ڕێز و سوپاسمان.............**

**سەرپەرشتیار** — **خوێندکاری ماستە**

**ث.ی.د فؤاد علی احمد** — **چنور احمد محمد**

**پرسیاری یەکەم: چۆن کۆمپانیاکەتان بەرهەمەکانی بەبازاڕدەکات، یاخود بەچ شێوازێک دەگاتە ئەو بازاڕەی کە مەبەستیەتی؟**

**وەڵام:.........................................................................................................**

**.........................................................................................................**

**.............................**

**پرسیاری دووەم: ئەو قەیرانانەی کە لە ئێستادا لەشاری سلێمانی بوونیان هەیە (قەیرانی دارایی، سیاسی، گۆڕانی بارودۆخی کارکردن و.....) چۆن کاریان کردووەتە سەر ئاست و چۆنیەتی وەبەرهێنان لەبواری خانووبەرەدا.**

**وەڵام:.........................................................................................................**

**.........................................................................................................**

**...............**

**پرسیاری سێیەم: ئایا ژینگەی کۆمەڵایەتی و جوگرافی شاری سلێمانی بوونەتەمایەی ئاسانکاری لە ئەنجامدانی پرۆژەکانی خانووبەرە؟ چۆن؟**

**وەڵام:.........................................................................................................**

**.........................................................................................................**

**.................**

**پرسیاری چوارەم: یاساکانی تایبەت بە ڕێکخستنی کاری وەبەرهێنان چۆن ئاسانکارییان کردووە لە ئەنجامدانی وەبەرهێنانی خانووبەرەدا؟**

**وەڵام:.........................................................................................................**

**.........................................................................................................**

**..............**

**پرسیاری پێنجەم: چۆن کۆمپانیاکەتان پەیوەندییەکانی ڕێکدەخات لەگەڵ ژینگەی دەوروبەر؟ ئایا بەشێکی تایبەتی وەک بەشی پەیوەندیە گشتیەکان یاخود بەرپرسیارێتی کەسێک یان چەند کەسێکە؟ وە یاخود داوای یارمەتی لەلایەنی دەرەکی شارەزا و پسپۆر دەکەن لە بواری پەیوەندیە گشتیەکان؟**

**وەڵام:**.......................................................................................................

.............................................................................................................

......................

**دووبارە سوپاس بۆ هاوکاری بەڕێزتان**

**بەرواری پڕکردنەوەی فۆرمەکە:** / /2016

**ئیمزای بەڕێوەبەر**

**پاشکۆی ژمارە (4)**

**فۆرمی ڕاپرسی بۆ هەڵسەنگێنەران**

**زانکۆی سلێمانی**

**کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان**

**بەشی ڕاگەیاندن-پەیوەندیگشتی**

## بابەت/ هەڵسەنگاندنی فۆرمی توێژینەوە

**زۆر بەڕێز :..........................................................**

**سڵاوی زانست...............**

**ئەم فۆرمە کە لەبەردەستی ئێوەی بەڕێزدایە بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسیە و بەشی مەیدانی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی (نامەی ماستەر)، لەژێر ناونیشانی(ڕێکارەکانی پەیوەندیگشتی لە بواری بەبازاڕکردن لە ژینگەی وەبەرهێنانی شاری سلێمانیدا)یە، وە سامپڵی توێژینەوەکەش پێکهاتووە لە بەشێک لە کارمەندانی کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە لەناو شاری سلێمانیدا، سەرنجی زانستی بەڕێزتان توێژینەوەکە دەوڵەمەند دەکات بەمەبەستی گەیشتن بە ڕاستی توێژینەوەکە.**

**دووبارە سوپاس بۆ هاوکاریتان........**

**سەرپەرشتیار**

**پ.ی.د فؤاد علی احمد**

**ناونیشانی زانستی/**

**بەرواری :** / / 2016

**ئیمزا /**

**خوێندکاری ماستەر**

**چنور احمد محمد**

**زانکۆی سلێمانی**

**کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان**

**بەشی ڕاگەیاندن – پەیوەندیگشتی**

**بۆ بەڕێز :..............................................**

## بابەت / فۆرمی ڕاپرسی

**پاش سڵاو...............**

**ئەم فۆرمە لەبەردەستی بەڕێزتاندایە ئامرازێکە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی(نامەی ماستەر) لەژێر ناونیشانی(ڕێکارەکانی پەیوەندیگشتی لە بواری بەبازاڕکردن لە ژینگەی وەبەرهێنانی شاری سلێمانیدا)، وە سامپڵی توێژینەوەکەش پێکهاتووە لە بەشێک لە کارمەندانی کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە لەناو شاری سلێمانیدا، بەشداریکردنی ئێوەی بەڕێز کاریگەری دەبێت لەسەر ئەنجامدانی توێژینەوەکە، هەربۆیە بەوپەڕی ڕێز و پێزانینەوە داوا لەبەڕێزتان دەکەین هاوکارمانبن لە هەڵبژاردنی ئەو وەڵامانەی کە بە گوونجاوترینی دەزانن بۆ هەریەکێک لە تەوەر و بڕگەکانی ڕاپرسییەکە، بۆ زانیاری جەنابیشتان ڕاپرسییەکە تەنها توێژینەوەیەکی زانستیە و پێویست بە ناوو ئیمزا ناکات.**

**تێبینی:**

1- **تکایە نیشانەی ( ✓ )لە بەرامبەر وەڵامەکەتدا دابنێ.**

2- **تکایە هیچ یەکێک لە پرسیارەکان بەبێ وەڵام بەجێمەهێڵە چونکە دەبێتەمایەی ناتەواوی و خراپبوونی فۆرمەکە.**

| | |
|---|---|
| **سەرپەرشتیار** | **خوێندکاری ماستەر** |
| **پ.ی.د فؤاد علی احمد** | **چنور احمد محمد** |

**یەکەم: زانیاری گشتی و خاسیەتە دیموگرافیەکانی بەرتوێژان:**

**1-** توخم : نێر ☐ مێ ☐

**2- تەمەن:** کەمتر لە 20 ساڵ ☐ **30-21** ☐ 40-31 ☐ 50-41 ☐

60- 51 ☐ 61 ساڵ وزیاتر ☐

3- ئاستی زانستی: دوکتورا ☐ ماجستێر ☐ دبلۆمی باڵا ☐ بەکالۆریۆس ☐

دبلۆم ☐ ئامادەیی ☐ ناوەندی ☐

4- ساڵانی خزمەت:- کەمتر لە یەکساڵ ☐ 1 - 5 ☐ 6 - 10 ☐ 11- 15 ☐

16 - 20 ☐ 21 - 25 ☐ 26 -30 ☐

31ساڵ و زیاتر ☐

5- بواری تایبەتمەندی: ☐

6- ناونیشانی وەزیفی :- ☐

**تەوەری یەکەم: ژینگەی وەبەرهێنانی خانووبەرە**

مەبەست لە ژینگەی وەبەرهێنان سەرجەم ئەو هەلومەرجانەیە کە لە چواردەوری پرۆسەی وەبەرهێانن، وە کاریگەریان دەبێت لەسەر چەندێتی و چۆنێتی بەرێوەچوونی پرۆسەکە، وەک: باروودۆخی سیاسی، هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی، گوونجاوی و هاندانی یاساکانی وەبەرهێنان، وەڵامدانەوەی دانیشتووان بۆ گۆڕان و بەرەوپێشچوونەکانی ئاستی ژیان" گوونجاوی و لەباری بواری ئابووری)

| ژ | بڕگەکان | هەڵبژاردەکان | | | گونجاوە | نەگونجاوە | گۆڕانکاری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | هەمیشە | هەندێکجار | هەرگیز | | | |
| 1 | ژینگەی جوگرافی شاری سلێمانی لەبار و گونجاوە لە ڕووی بەرزی و نزمی و ڕووی زەوی و ئاووهەوا و سەوزایی و ...هتد بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە. | | | | | | |
| 2 | دەستنیشانکردنی پرۆژەکان بەپێی مەرج و ڕێنمایی حکوومی و لەبەرچاوگرتنی گوونجاوی شوێنەکەیە لەڕووی جوگرافیەوە. | | | | | | |
| 3 | لە هەڵبژاردنی شوێنی پرۆژەکاندا بەپلەی یەکەم خواستی وەبەرهێن لەبەرچاودەگیرێت. | | | | | | |
| 4 | لە شێوازی دروستکردنی یەکەکانی نیشتەجێکردندا ئاستی پێشکەوتووی شێوازی ژیان ڕەچاو دەکرێت و بەپێی ستانداردی جیهانی بوونیات دەنرێن. | | | | | | |
| 5 | دانیشتووانی شاری سلێمانی کەسانی کراوەن و هاوشانی کرانەوە و پێشکەوتنەکانی ئاستی ژیان خواستیان لە گۆڕان و پێشکەوتندایە. | | | | | | |
| 6 | شلەژانی بارووددۆخی سیاسی لەشاری سلێمانی کاری کردووەتەسەر ئاستری خانووبەرە. | | | | | | |
| 7 | ئەو یاسایانەی لە ئێستادا کاریان پێدەکرێت بۆ ڕێکخستنی وەبەرهێنانی خانووبەرە، جۆرێک لەکۆت و سنووری خستووەتەسەر بەڕێوەچوونی پرۆسەکە. | | | | | | |
| 8 | بەخشینی زەوی و ئاسانکاری لە باج و ڕێوڕەسمی دارایی ئاسانکاری و هاندانی کردووە بۆ کەسی وەبەرهێن و خواستی وەبەرهێنان لەبواری خانووبەرەدا. | | | | | | |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | **باروودۆخی ئابووری و قەیرانی دارایی کاریگەرییان هەبووە لەسەر ئاست و بڕی فرۆشی یەکەکان.** | 10 |
| | | | | | | **تۆڕەکانی پەیوەندیکردن پێشکەوتوو لەبارن بۆ ئاگاداربوون لە بازاڕ و کۆمپانیا ململانێکارەکان و هەروەها بەدەستهێنانی زانیاری لەبارەی بەرێوەچوونی پرۆسەی وەبەرهێنان.** | 11 |
| | | | | | | **فەرمانگە حکوومیەکانی تایبەت بە ڕاییکردنی مامەڵەی وەبەرهێنان ئاسانکاری و زانیاری پێویست دەخەنە بەردەستی وەبەرهێنەران.** | 12 |

## تەوەری دووەم: ڕێکارەکانی پەیوەندیگشتی

**پەیوەندیگشتی وەک یەکێک لە ڕەگەزەکانی ئاوێتەی برەوپێدان، هەمیشە هەوڵدەدات بۆ پرفرۆشکردن و برەوپێدانی بازاڕی کۆمپانیا لە دوو ڕێگەوە، یەکەمیان نەخشاندنی هزرەوێنەی کۆمپانیاکە بەباشترین و گوونجاوترین شێوە، دووەمیشیان لەڕێگەی جێبەجێکردنی جێبەجێکردنی چەند ڕێکارێکی تایبەتی و بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ مەبەستی ناساندن و برەوپێدانی کۆمپانیا و بەرهەمەکانی.**

| ژ | برگەکان | هەڵبژاردەکان | | | گوونجاوە | نەگوونجاوە | گۆڕانکاری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | هەمیشە | هەندێکجار | هەرگیز | | | |
| 1 | کارمەندی پەیوەندیگشتی هەمیشە هەوڵی نەخشاندنی باشترین هزرەوێنایە بۆ کۆمپانیا لەڕێگەی مامەڵەی گوونجاو لگەڵ سەوداکاراندا و ناوبانگی کۆمپانیا دەپارێزێت. | | | | | | |
| 2 | کارمەندی پەیوەندیگشتی جەختدەکاتەوە لەسەر بەکارهێنانی سەرجەم یان زۆرینەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە ئەنجامدانی هەڵمەتە ریکلامییەکاندا. | | | | | | |
| 3 | ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ڕێگایەکن بۆ پێدانی زانیاری و ڕوونکردنەوە بە جەماوەر لە کاتی ڕووداوە نەخوازراوو تەنگژەکاندا. | | | | | | |
| 4 | دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ڕۆژنامەنووساندا ڕێگایەکی پەیوەندیگشتیە بۆ ڕووماڵکردنی چالاکییەکانی کۆمپانیا و برەودان بەبەرهەمەکانی. | | | | | | |
| 5 | پەیوەندیگشتی بانگهێشتی ڕۆژنامەنووسان و ئەنجامدانی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی بەکاردەهێنێت بە مەبەستی خستنەڕووی بەرهەمەکان و برەوپێدانیان. | | | | | | |
| | پرووپاگەندەی بازرگانی(بانگەشەی بازرگانی) ڕێگایەکە لە ڕێگاکانی پەیوەندیگشتی کە بەکاریاندەهێنێت بۆ بەبازاڕکردنی بەرهەمەکانی کۆمپانیا. | | | | | | |
| 7 | پەیوەندیگشتی چاوەڕوانی کاتی گوونجاو دەکات بۆ ئاراستەکردنی پەیامە ریکلامییەکان وکاتەکانی | XI | | | | | |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | ئاشکراناکات بۆ دوورکەوتنەوە لە ململانێی کۆمپانیا ڕکابەرەکان. | |
| | | | | | | کات و بۆنە تایبەتەکان هەلێکن لەبەردەستی پەیوەندیگشتی بۆخستنەڕووی تایبەتی بەرهەمەکان و داشکاندن لە نرخەکاندا بۆ گۆڕینی ئاراستە و بازاڕی بەرهەمەکان. | 8 |
| | | | | | | بۆ وەڵامدانەوەی پڕووپاگەندەی نەیارانە و نەخوازراو پەیوەندی گشتی سپۆنسەری بەرنامە و چالاکی ڕاگەیاندن دەکات. | 9 |
| | | | | | | بەشداریکردن لە چالاکییەکانی وەک پاراستنی ژینگە و یارمەتی نەخۆشیە کووشندەکان ئامرازێکن لە ئامرازەکانی پەیوەندیگشتی بۆ برەودان و ناساندنی کۆمپانیا بە کۆمەڵگە. | 10 |
| | | | | | | لەو شوێن و بۆنانەی کە جێگەی کۆبوونەوەی جەماوەر و کەسایەتی تایبەتیە، پەیوەندیگشتی هەوڵدەدات بەکاربیهێنێت بۆ پێشکەشکردنی کارو چالاکییەکانی. | 11 |
| | | | | | | پەیوەندیگشتی ناوبەناو سەردانی مەیدانی ڕێکدەخات بۆ ڕۆژنامەوانان و کەسایەتیە تایبەتەکان بۆ کۆمپانیا بەمەبەستی ناساندن و برەودان بە کۆمپانیا و بەرهەمەکانی. | 12 |
| | | | | | | گوێگرتن لە ڕاوبۆچوونی سەوداکاران و گفتووگۆکردن لەگەڵیاندا خاڵێکی گرنگە کە پەیوەندیگشتی ڕەچاوی دەکات بۆ باشتر ئەنجامدانی کارو پرۆژەکان. | 13 |
| | | | | | | پەیوەندیگشتی پشتدەبەستێت بە بەکارهێنانی کەسایەتیە ناودارەکانی ناو کۆمەڵگە وەک: هونەرمەندان و کەسایەتیە وەرزشیەکان و... لە ئەنجامدانی ڕیکلامەکاندا. | 14 |
| | | | | | | دروستکردن و بەڕێوەبردنی پەیوەندی لەگەڵ لایەنە حکوومیەکاندا، ڕێگایەکی پەیوەندیگشتیە بۆ بەدەستهێنانی ئاسانکاری لە کار و بڕیارەکانی | 15 |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | تایبەت بە ئەنجامدانی پرۆسەکانی وەبەرهێنان. | | | | | | |
| 16 | سەربارى ئاستى ناوخۆ پەیوەندیگشتی لەسەرئاستی جیهانیش هەوڵدەدات ریکلام بۆ کۆمپانیا بکات بەمەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی کڕیاری بیانی. | | | | | | |
| 17 | کۆمپانیا پێگەی ئەلیکترۆنی تایبەت بەخۆی هەیە کە پەیوەندیگشتی بەڕێوەیدەبات و بەکاریدەهێنێت بۆ دروستکردن و بەڕێوەبردنی پەیوەندی کارلێککارانە لەگەڵ سەوداکاران و جەماوەردا. | | | | | | |
| 18 | پەیوەندیگشتی جەختدەکاتەوە لە ناساندن و دەرخستنی کارە باشەکانی کۆمپانیا وەک ئامرازێکی بانگەشە و برەوپێدان بۆ کۆمپانیا و بەرهەمەکانی. | | | | | | |
| 19 | دەرخستن و ناساندنی کەسایەتی بەڕێوەبەر و بەرپرسەکانی کۆمپانیا ڕێگایەکن بۆ بەدیهێنانی ناوبانگ و ئەنجامدانی بانگەشە بۆ کۆمپانیا و بەرهەمەکانی. | | | | | | |

**پاشکۆی ژمارە (5)**

**فۆرمی ڕاپرسی دوای هەڵسەنگاندن**

**زانکۆی سلێمانی**

**کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان**

**بەشی ڕاگەیاندن - پەیوەندیگشتی**

**بۆ بەڕێز.............................................**

**بابەت / فۆرمی ڕاپرسی**

**پاش سڵاو.........**

**ئەم فۆرمەی لەبەردەستی بەڕێزتاندایە ئامرازێکە بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسیە و بەشی مەیدانی توێژینەوەیەکی زانستی(نامەی ماستەر)ە، لەژێر ناونیشانی(ڕێکارەکانی پەیوەندیگشتی لەبواری بەبازاڕکردن لە ژینگەی وەبەرهێنانی شاری سلێمانیدا)یە، نموونەی توێژینەوەکەش پێکهاتووە لە بەشێک لە کارمەندانی کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی خانووبەرە لەناو شاری سلێمانیدا، بەشداریکردنی ئێوەی بەڕێز کاریگەری دەبێت لەسەر ئەنجامدانی توێژینەوەکە، هەربۆیە بەوپەڕی ڕێز و پێزانینەوە داوا لە بەڕێزتان دەکەین هاوکارمانبن لە هەڵبژاردنی ئەو وەڵامانەی کە بە گونجاوترینی دەزانن بۆ هەریەک لە تەوەر و بڕگەکانی ڕاپرسیەکە، بۆ زانیاری جەنابیشتان مەبەستی ڕاپرسیەکە تەنها توێژینەوەی زانستیە و پێویست بە ناوو ئیمزا ناکات.**

**تێبینی:**

1- **تکایە نیشانەی ( ✓ ) لە بەرامبەر وەڵامەکەتدا دابنێ.**
2- **تکایە هیچ یەکێک لە پرسیارەکان بەبێ وەڵام بەجێمەهێڵە، چونکە دەبێتە مایەی ناتەواوی و خراپبوونی فۆرمەکە.**

**سەرپەرشتیار** — **خوێندکاری ماستەر**

**پ.ی.د فؤاد علی احمد** — **چنور احمد محمد**

**یەکەم: ڕوونکردنەوەی دەستەواژە بەکارهاتووەکان:**

**1- ژینگەی وەبەرهێنان: سەرجەم ئەو هەلو مەرجانەیە کە لە چواردەوری پرۆسەی وەبەرهێنانن و کاریگەریان دەبێت لەسەر چەندێتی و چۆنێتی بەرێوەچوونی پرۆسەکە.**

**2- ڕێکارەکانی پەیوەندیگشتی: چەند ڕێکارێکن کە پەیوەندیگشتی کاریان لەسەردەکات بە ئامانجی برەودان بە پرۆسەی بەبازاڕکردن و باشترکردنی بەرێوەچوونی.**

**دووەم: زانیاری گشتی و خاسیەتە دیموگرافیەکانی بەرتوێژان(بەشداربووانی ڕاپرسیەکە)**

1- ڕەگەز: **نێر** ☐ **مێ** ☐

2- **تەمەن: کەمتر لە** 20 **ساڵ** ☐ 21 -30 ☐ 31-40 ☐ 41-50 ☐

51 -60 ☐ **زیاتر لە** 60**ساڵ** ☐

3- **ئاستی بڕوانامەی زانستی: دکتۆرا** ☐ **ماجستێر** ☐ **دبلۆمی باڵا** ☐

**بەکالۆریۆس** ☐ **دبلۆم** ☐ **ئامادەیی** ☐ **ناوەندی** ☐ **سەرەتایی و کەمتر** ☐

4- **ساڵانی خزمەت: کەمتر لە یەک ساڵ** ☐ 1-5 ☐ 6-10 ☐ 11-15 ☐ 16-20 ☐

21-25 ☐

5- **بواری تایبەتمەندی:** ☐

6- **پۆست و بواری کارکردن:** ☐

7- **چوارچێوەی کار و چالاکییەکانی کۆمپانیا: ناوشاری سلێمانی** ☐ **دەرەوەی شاری سلێمانی** ☐

**شارەکانی تری هەرێمی کوردستان** ☐

8- **جۆری کاری کۆمپانیا: دروستکردنی خانووبەرە** ☐ **پارەدارکردنی خانووبەرە** ☐

**بەبازاڕکردن و فرۆشتنی خانووبەرە** ☐

## سێیەم: تەوەر و پرسیارەکانی ڕاپرسییەکە

### تەوەری یەکەم: پرسیارەکانی تایبەت بە ژینگەی وەبەرهێنانی خانووبەرە.

| ژ | بڕگەکان | هەمیشە | هەندێکجار | هەرگیز |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ژینگەی جوگرافی شاری سلێمانی لەبارو گوونجاوە لەڕووی بەرزی و نزمی ڕووی زەوییەکەی و ئاوو هەوا و سەوزایی و...هتد، بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکانی وەبەهێنانی خانووبەرە. | | | |
| 2 | دەستنیشانکردنی شوێنی پرۆژەکان بەپێی مەرج ورێنمایی حکوومی و لەبەرچاوگرتنی گوونجاوی شوێنەکەیە لەڕووی جوگرافیەوە. | | | |
| 3 | لە هەڵبژاردنی شوێنی پرۆژەکاندا بە پلەی یەکەم خواستی وەبەرهێن لەبەرچاو دەگیرێت. | | | |
| 4 | لە شێوازی دروستکردنی یەکەکانی نیشتەجێکردندا ئاستی پێشکەوتوویی شێوازی ژیان ڕەچاو دەکرێت و بە پێی ستانداردی جیهانیی بونیاتدەنرێت. | | | |
| 5 | دانیشتووانی شاری سلێمانی هاوشانی کرانەوە و پێشکەوتنەکانی ئاستی ژیان خواستیان لە گۆڕان و پێشکەوتندایە لە شێوازی نیشتەجێبووندا. | | | |
| 6 | شڵەژانی بارووددۆخی سیاسی لەشاری سلێمانی کاریکردووەتەسەر ئاست و ڕێژەی وەبەرهێنان و ڕێژەی کرینی خانووبەرە. | | | |
| 7 | ئەو یاسایانەی لە هەرێمی کوردستان لە ئێستادا کاریان پێدەکرێت بۆ ڕێکخستنی وەبەرهێنانی خانووبەرە، جۆرێک لە کۆت و سنووردارى پرۆسەی وەبەرهێنانی خانووبەرەی کردووە. | | | |
| 8 | بەخشینی زەوی و بەخشین لە باج و ڕەسمی دارایی ئاسانکاری و هاندانی کردووە بۆ کەسی وەبەرهێن و خواستی وەبەرهێنان لە بواری خانووبەرەدا. | | | |
| 9 | بارووددۆخی ئابووری و قەیرانی دارایی پەیوەندیان هەیە بە ئاست و بڕی فرۆشی یەکەکان. | | | |
| 10 | تۆڕەکانی پەیوەندیکردن پێشکەوتوو لەبارن بۆ ئاگاداربوون لە بازاڕ و کۆمپانیا کێبڕکێکارەکان و هەروەها بەدەستهێنانی زانیاری لەبارەی بەڕێوەچوونی پرۆسەی وەبەرهێنان. | | | |
| 11 | فەرمانگە حکوومیەکانی تایبەت بە ڕاییکردنی مامەڵەی وەبەرهێنان ئاسانکاری و زانیاری پێویست دەخەنە بەردەستی وەبەرهێنەران. | | | |

**تەوەری دووەم: پرسیارەکانی تایبەت بە ڕێکارەکانی پەیوەندیگشتی.**

| ژ | بڕگەکان | هەمیشە | هەندێکجار | هەرگیز |
|---|---|---|---|---|
| 1 | کارمەندی پەیوەندیگشتی هەوڵی وێناکردنی باشترین هزرەوێنەدەدات بۆ کۆمپانیا لە ڕێگەی مامەڵەی گوونجاو لەگەڵ کڕیاران و ناوبانگی کۆمپانیا بپارێزێت. | | | |
| 2 | کارمەندی پەیوەندیگشتی جەختدەکاتەوە لەسەر بەکارهێنانی سەرجەم یان زۆرینەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە ئەنجامدانی هەڵمەتە ریکلامییەکاندا. | | | |
| 3 | ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ڕێگایەکن کە کارمەندی پەیوەندیگشتی بەکاریاندەهێنێت بۆ پێدانی زانیاری و ڕوونکردنەوە بە جەماوەر لەکاتی ڕووداوە نەخوازراوو تەنگژەکاندا. | | | |
| 4 | دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ڕۆژنامەنووساندا، ڕێگایەکی کارمەندانی پەیوەندیگشتیە بۆ ڕووماڵکردنی چالاکییەکانی کۆمپانیا و برەودان بە بەرهەمەکانی. | | | |
| 5 | کارمەندی پەیوەندیگشتی بانگهێشتی ڕۆژنامەنووسان و ئەنجامدانی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی بەکاردەهێنێت بەمەبەستی خستنەڕووی بەرهەمەکان و برەوپێدانیان. | | | |
| 6 | بانگەشەی بازرگانی ڕێگایەکە لە ڕێگاکانی پەیوەندیگشتی کە بەکاریاندەهێنێت بۆ بەبازاڕکردنی بەرهەمەکانی کۆمپانیا. | | | |
| 7 | کۆمپانیا چاوەڕوانی کاتی گوونجاو دەکات بۆ ئاراستەکردنی پەیامە ڕیکلامیەکان و کاتەکانی ئاشکرا ناکات، بۆ دوورکەوتنەوە لە ململانێی کۆمپانیا ڕکابەرەکان. | | | |
| 8 | کات و بۆنە تایبەتەکان هەلێکن لەبەردەستی کارمەندانی پەیوەندیگشتی بۆ سوود وەرگرتن لە خستنەڕووی تایبەتی بەرهەمەکان و داشکاندن لە نرخەکاندا، بۆ گۆڕینی ئاراستە و ئاستی بازاڕی بەرهەمەکان. | | | |
| 9 | کۆمپانیا سپۆنسەری بەرنامە و چالاکی ڕاگەیاندن دەکات، بۆ وەڵامدانەوەی پرووپاگەندەی نەیارانە و نەخوازراو لە دژی کۆمپانیا. | | | |
| 10 | بەشداریکردن لە چالاکییەکانی وەک پاراستنی ژینگە و یارمەتی نەخۆشییە کووشندەکان، ئامرازێکن لە ئامرازەکانی پەیوەندیگشتی بۆ برەودان و ناساندنی کۆمپانیا بە کۆمەڵگە. | | | |
| 11 | لەوشوێنانەی کە جێگەی بەرێوەچوونی بۆنە و کۆبوونەوەی جەماوەر و کەسایەتی تایبەتیيە، کارمەندی پەیوەندیگشتی هەوڵدەدات بەکاریبهێنێت بۆ پێشکەشکردنی کارو چالاکییەکانی | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | تایبەت بە ناساندن و برەودان بە کۆمپانیا. | | | |
| 12 | کۆمپانیا ناوبەناو سەردانی مەیدانی ڕێکدەخات بۆ ڕۆژنامەوانان و کەسایەتیە تایبەتەکان بۆ ناو کۆمپانیا، بەمەبەستی ناساندن و برەودان بە کۆمپانیا و بەرهەمەکانی. | | | |
| 13 | گوێگرتن لە ڕاو بۆچوون و ڕەخنە و سکاڵای کریاران و گفتووگۆکردن لەگەڵیاندا، خاڵێکی گرنگە کە کارمەندانی پەیوەندیگشتی ڕەچاویدەکەن بۆ باشتر ئەنجامدانی کار و پرۆژەکان. | | | |
| 14 | کارمەندانی پەیوەندیگشتی پشتدەبەستن بە بەکارهێنانی کەسایەتیە ناودارەکانی ناو کۆمەڵگە وەک: هونەرمەندان و کەسایەتییە وەرزشییەکان و... لە ئەنجامدانی ریکلامەکانیاندا. | | | |
| 15 | دروستکردن و بەڕێوەبردنی پەیوەندی لەگەڵ لایەنە حکوومییەکان، ڕێگایەکی پەیوەندیگشتیە بۆ بەدەستهێنانی ئاسانکاری لە کار و بڕیارەکانی تایبەت بە ئەنجامدانی پرۆسەکانی وەبەرهێنان. | | | |
| 16 | سەرباری ئاستی ناوخۆ لەسەر ئاستی جیهانییش کۆمپانیا هەوڵدەدات ریکلامی تێودەوڵەتی بۆ کۆمپانیا بکات بەمەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی کریاری بیانی لە ڕێگەی ئینتەرنێت و کەناڵە ئاسمانییەکانەوە. | | | |
| 17 | کۆمپانیا پێگەی ئەلیکترۆنی تایبەت بە خۆی هەیە کە کارمەندی پەیوەندیگشتی بەڕیوەیدەبات و بەکاریدەهێنێت یۆ دروستکردن و بەڕیوەبردنی پەیوەندی کارلێککارانە لەگەڵ سەوداکاران و کریاراندا، وەک: ماڵپەڕ، فەیسبووک، تویتەر ... | | | |
| 18 | پەیوەندیگشتی جەختدەکاتەوە لە ناساندن و دەرخستنی کارە باشەکانی کۆمپانیا وەک ئامرازێک بۆ بانگەشە و برەودان بۆ کۆمپانیا و بەرهەمەکانی. | | | |
| 19 | دەرخستن و ناساندنی کەسایەتی بەڕێوەبەر و بەرپرسەکانی کۆمپانیا ڕیگایەکن بۆ بەدیهێنانی ناوبانگ و ئەنجامدانی بانگەشە بۆ کۆمپانیا. | | | |

## پاشكۆی ژماره(6)

## یاسای وەبەرهێنان ژماره(4)ی ساڵی 2006

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان ـ عیراق**

پشت بە حوكمی برگە (1)لە ماددەی (56) لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی (1992) هەموارکراو و، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان – عیراق، ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان– عیراق لە دانیشتنی رۆژی (2006/7/4) بڕیاری دا ئەم یاسایەی خوارەوە دابنێت:

**یاسای ژمارە( 4 ) ی ساڵی 2006**
**(یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی كوردستان– عیراق)**
**دەروازەی یەكەم**
**حوكمە گشتیەكان**
**بەشی یەكەم**
**پێناسەكان**

**ماددەی یەكەم:**

ئەو دەستەواژانەی لە خوارەوە هاتوون ئەو واتایانەی بەرامبەریان دەگەیەنن.

**یەكەم.** هەرێم: هەرێمی كوردستان – عیراق.

**دووەم.** حكومەت: حكومەتی هەرێم.

**سێیەم.** ئەنجومەن: ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان.

**چوارەم.** سەرۆك: سەرۆكی ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان.

**پێنجەم.** دەستە: دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێمدا.

**شەشەم.** سەرۆكی دەستە: سەرۆكی دەستەی وەبەرهێنان.

**حەفتەم.** پرۆژە: چالاكیەكی ئابووریە یان پرۆژەیەكی وەبەرهێنەرییە كەكەسێكی سروشتی یان یاسایی(مەعنەوی) دایدەمەزرێنێت لەسەر زەویەكی تەرخانكراو بۆی ، بە سەرمایەكی، نیشتمانی، یان بیانی، وحوكمەكانی ئەم یاسایەو ئەو پەیرەو ورێنماییانەی بە گوێرەیەوە دەرچوون، لەسەریان پیادە دەكرێن.

**هەشتەم.** باج ورەسمەكان: هەموو ئەو جۆرە باج و رەسمانە دەگرێتەوە كە بە پێی یاساكانی كارا دیاركراون.

**نۆیەم.** وەبەرهێن: ئەوكەسە سروشتیە یان یاساییە (مەعنەوی)یە كە سامانەكەی لە هەرێمدا بەپێی ئەم یاسایە وەبەردێنێت، چ نیشتمانی بێت یان بیانی.

**دەیەم.** لایەنە تایبەتمەندەكان: هەموو ئەو لایەنە حكومیانە دەگرێتەوەكە بەرپرسن لەو كەرتەی پەیوەستە بە كاروباری پرۆژەكە.

**یازدەم.** سەرمایەی وەبەرهاتوو: بەهای خەملێنراو بە دراوی بیانی یان نیشتمانی كە لە پرۆژەكەدا وە بەر هاتووە .

**دوازدەم.** سەرمایەی بیانی: ئەو سامانە دراویە، شتومەكە جەستەییانە، یان مافانەیە كە نرخێكی دارایی هەیە ووەبەرهێنی بیانی لە هەرێمدا وەبەری دێنێت.

## بەشی دووەم
## بوارەکانی وەبەرهێنان

**ماددەی دووەم:**

حوکمەکانی ئەم یاسایە لەسەر ئەو پرۆژانە پیادە دەکرێن کە دەستە لە یەکێك لەو کەرتانەی خوارەوە دا رەزامەندیان لەسەر دەدات:

**یەکەم.** پیشەسازییە گۆڕاوەکان(التحويلية) وکارەبا وئەو خزمەتگوزاریانەی پێیانەوە بەندن.

**دووەم.** کشتوکاڵ بەهەر دوو لایەنیەوە، رووەکی وئاژەڵی، ودارستان وئەوخزمەتگوزاریانەی پێیانەوە بەندن.

**سێیەم.** هوتێل وپرۆژەکانی گەشتیاری وکات بەسەربردن وشارەکانی یاری.

**چوارەم.** تەندروستی وژینگە

**پێنجەم.** توێژینەوەکانی زانستی وتەکنۆلۆژی وتەکنۆلۆژیای زانیاریەکان.

**شەشەم.** گواستنەوە وگەیاندنی سەردەم.

**حەفتەم.** بانکەکان وکۆمپانیاکانی دڵنیاکاری (تأمين) ودەزگا داراییەکانی دیکە.

**هەشتەم.** پرۆژەکانی ژێرخانی ئابووری، وەك بنیاتنان وئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن وڕێگاوبان وهێڵی شەمەندەفەر وفرۆکەخانە وئاودێری وبەنداوەکان.

**نۆیەم.** ناوچە ئازادەکان وبازارە بازرگانیە سەردەمی یەکان وئەو خزمەتگوزاریە راوێژکاریانەی پێیانەوە بەندن.

**دەیەم.** فێرکردن لەهەموو قۆناغەکان دا، لە چوارچێوەی سیاسەتی فێرکاری لە هەرێمدا.

**یازدەم.** هەر پرۆژەیەك لە هەر کەرتێکی دیکەی کە ئەنجومەن رەزامەندی لەسەر خستنەبەر حوکمەکانی ئەم یاسایەی بدات.

## بەشی سێیەم
## رەفتار لەگەل وەبەرهێنی بیانی

**مادەی سێیەم:**

رەفتار لەگەڵ وەبەرهێن وسەرمایەی بیانی وەك وەبەرهێن وسەرمایەی نیشتمانی دەکرێت ووەبەرهێنی بیانی بۆی هەیە هەموو سەرمایەی ئەو پرۆژەی بەناو بێت کە بەپێی ئەم یاسایە، لە هەرێمدا دایدەمەزرێنێت.

## بەشی چوارەم
## تەرخانکردنی زەوی وزار

**ماددەی چوارەم:**

**یەکەم:** دەستە، بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت وفەرمانگە پەیوەندارەکان، دەستنیشانی ئەو شوێنانە دەکات کە بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنانی هەر پارێزگایەك تەرخان دەکرێن ولە ئایندەدا بەپێی ئەم یاسایە دادەمەزرێن و لەسەر وێنەی تۆمارەکانیاندا ئاماژە دادەندرێت کە ئەم شوێنانە تایبەتن بە مەبەستەکانی دەستە.

**دووەم.** فەرمانگە پەیوەندارەكان، بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەدا دەستنیشانی هەر شتێك دەكەن كە پرۆژە پێویستی بێت لە زەوی وزاری نێو نەخشەی بنەڕەتی شارەكان ودەرەوەیاندا وتەرخانیان دەكەن بە شێوەی كرێ وبانەوانی (مساطحة)، بە نرخێكی هاندەر وبەپێی ئەو رێكسازیانەی دەستە دایان دەنێت، بەدەر لە حوكمەكانی یاسای كارای فرۆشتن وبەكرێدانی سامانەكانی میری لە هەرێمدا.

**سێیەم.** ئەنجومەن بۆی هەیە، لە سەر پێشنیاری دەستە، ئەو زەویانەی كە بۆ پرۆژەكانی وەبەرهێنان تەرخانكراون بەپێی ئەم یاسایە، بە نرخێكی هاندەر كە دەستە پێشنیاری دەكات یان بەخۆڕایی بەناویان بكات، بە مەرجێك سروشت و گرنگیی ئەو پرۆژانە وپێویستیەكانی بەرژەوەندی گشتی لە كاتی بەناوكردندا لەبەرچاو بگیرێت. ئەمەش بەدەر لە حوكمەكانی یاسای فرۆشتن و بەكرێدانی سامانەكانی میریی كارا لە هەرێمدا.

**چوارەم.** لە فەرمانگەكانی تۆماركردنی خانووبەرەی تایبەتمەند، ئاماژەی گلدانەوە لەسەر ئەو زەویانە دادەندرێت كە بۆ پرۆژەكانی وەبەرهێنان تەرخانكراون، ونابێ ئەم ئاماژەیە لابردرێت تەنها بە رەزامەندیەكی نووسراوی دەستە نەبێت، دوای ئەوەی كە وەبەرهێن هەموو پابەندیەكانی خۆی جێبەجێ دەكات.

**پێنجەم.** لە پێناو هێنانەدی ئامانجەكانیدا، دەستە دەسەڵاتی هەیە ئەو زەویانە بەناوی خۆی بكات كە موڵكی دەوڵەتن، وەك موڵكێكی صرف و بەبێ پارە. هەروەها ئەو زەویانەش بەناوی خۆی بكات كە مافی رەفتاركردنیان (حق التصرف)، بەسەرەوە هەیە، دوای كوژاندنەوەی مافەكانی رەفتاركردن لەسەریاندا وقەرەبوو كردنەوەیەكی دادپەروەرانە وگونجاوی خاوەنەكانیان بەپێی یاساو پەیرەو و رێنماییە رەچاوكراوەكان لەم بارەیەوە.

**شەشەم.** وەبەرهێن مافی كڕین وبەكرێ گرتنی ئەوزەوی وخانوبەرانەی هەیە كە پێویستن بۆدامەزراندن وفراوانكردنوو و هەمە جۆركردن وپەرەپێدانی پرۆژەكە بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە ولە سنووری ئەو رووبەر وئەو ماوەی لە ڕۆشنایی ئامانجەكانی پرۆژەكە وپێداویستی راستەقینەیدا دەخەملێنرین، بەرەچاوكردنی حوكمەكانی برگەی (3) ی ئەم مادەیە.

**حەفتەم.** ئەو زەویانەی پێویستن بۆ ئەو پرۆژە وەبەرهێنەرانەی كە بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە بە ئەنجام دەگەیەندرێن جیادەكرێنەوە لە سنووری ئەو رووبەرەی كە لە رۆشنایی ئامانجەكانی پرۆژەكە وپێداویستی ڕاستەقینەی دەخەملێنرێن بە پێی ئەو مەرجە تایبەتیانەی كە لە لایەن دەستەوە دیاردەكرێن بە دەر لەو حوكمانەی كە لەم بارەوە رەچاوكراون.

**هەشتەم.** گۆڕینی شوێنی پرۆژەكە دەكەوێتە ژێرباری هەمان بنەماو مەرجەكانی تەرخانكردنی شوێنی پرۆژەكە، كە یەكەم جار رەچاو كراون.

**نۆیەم.** لایەنەكانی تایبەتمەند بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستە، خزمەتگوزاریە گشتییەكانی وەك ئاوو كارەبا وئاوەڕۆو رێگای گشتی وپەیوەندییەكان وشتی دیكەش بۆ سنووری پرۆژەكە فەراهەم دەكەن بە مەرجێك برێكی پێویست لە بودجە بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بكرێت.

**دەیەم.** جگە لەوەی كە وەبەرهێنی بیانی، بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە، مافی موڵكداریێتی و بەكرێگرتنی زەوی و ئوتومبێلی بەرهەمهێنانی هەیە، مافی ئەوەشی هەیە خانوو بەرەی نیشتەجێ كردن وئوتومبێلی بەرهەم نەهێن، وئەوەی پرۆژە پێی دەوێت بیانكرێت یان بەكرێیان بگرێت لە پێناو بەرژەوەندی پرۆژە وەبەرهێنەرەكەی، دوای وەرگرتنی رەزامەندی دەستە لەسەریدا وبەپێی ئەومەرجانەی كە لەلایەن دەستەوە بۆ ئەم مەبەستە دیار دەكرێن.

## دەروازەی دووەم
## بەخشینە کان وپابەندیەکان
### بەشی یەکەم
## بەخشینەکانی باج وگومرگ

**مادەی پێنجەم:**

**یەکەم.** پرۆژە لە هەموو وباج رەسمە ناگومرگیەکان دەبوردرێت بۆ ماوەی (10) ساڵ لە رۆژی دەست پێکردنی بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی، یان لە رۆژی بەرهەمهێنان بە کردەنی.

**دووەم.** ئامێرو دەزگا و کەرەستەومەکینە هاوردەکانی پرۆژە لە رەسم و باجەکان ومەرجی مۆڵەت بەدەست هێنانی هاوردن دەبوردرێن، بەمەرجێ لە خاڵەکانی دەربازبوونی سنوورەکانی هەرێمەوە بێنە ژوورەوە ودەبێ لە ماوەی (2) دووساڵ لە رۆژی رەزامەندی سەرۆکی دەستە لەسەر لیستەکان، بهێندرێنە ناو هەرێم، وەتەنها بۆ مەبەستەکانی پرۆژەکە بەکاربێن. بە پێچەوانە، ئەو لێخۆشبوونانە ناگرنەوەو وەبەرهێن ناچاردەکرێت باجەکە بدات و دووهێندەی باجەکەش غەرامەی لێوەردەگیرێت.

**سێیەم.** لە رەسم و باجی ئەو پارچە یەدەگە هاوردانەی پرۆژەکە دەبووردرێت بە مەرجێك بەهاکەیان لە (15٪)ی بەهای ئامێرو مەکینەکان پتر نەبێت، ئەویش بە بریارێکی پێشینەی سەرۆکی دەستە ورەزامەندی لەسەر لیستەکانی وچەندایەتیان دەبێت.

**چوارەم.** لە ئامێرو دەزگا ومەکینە وکەرەستە پێویستەکان بۆ فراوانکردن یان پەرەپێدان یان نوێ کردنەوەی پرۆژە دەبووردرێن.

**پێنجەم.** رەسمی گومرگ بۆ ماوەی (5) ساڵ لە سەر ئەو کەرەستانەی بۆ بەرهەمهێنان هاوردراوون دەبووردرێن، بە مەرجێك جۆر وبرەکانیان لەلایەن دەستەوە دیار بکرێن، بەڵام دەبێ بە پلەی یەکەم ئەو کەرەستە خاوە خۆماڵیانەی لە هەرێمدا چنگ دەکەون وبۆ پرۆژەکە بەکەلك دێن لەلایەنی چەندی چۆنیەوە بەکاربێن .

**شەشەم.** وەبەرهێن، بۆی هەیە، بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، هەموو پێداویستیەکانی پرۆژەکە هاوردە بکات، وەك ئامێر ومەکینە ودەزگا وکەرەستە ، ئەو هاوردانەش لە هەموو باجی خاڵەکانی گومرگی سنووری هەرێم دەبەخشرێن، بە مەرجێك تەنیا بۆ مەبەستەکانی پرۆژەکە بەکاربێن.

### بەشی دووەم
## بەخشینە کانی سەربار

**ماددەی شەشەم:**

**یەکەم:** بەپێی بەرژەوەندییەکانی گشتی لە هەرێمدا دەستە بۆی هەیە هاندان و ئاسانکاری زیاتر بۆ ئەو پرۆژە خزمەتگوزاریە وەبەرهێنانەی رێپێدراوون بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، پێشکەش بکات، کە یەك لەم دوو ئاکارەیان تێدا بەدی بکرێت بەپێی ئەو رێکسازیانەی دەستە بۆ ئەم مەبەستە دایان دەنێت:

أ) ئەو پرۆژانەی لە ناوچە کەم پەرەسەندووەکاندا دادەندرێن.
**ب)**ئەو پرۆژانەی بە هاوبەشیی وەبەرهێنی بیانی ونیشتمانی دادەمەزرێن.

**دووەم:** دەستە بۆی هەیە بەخشینی سەربار بدات لە رەسمی شتە کڕاوەکانی وەك کەل و پەل و رایەخ وپێداویستیەکانی بە سەردەم کردن ونویَ کردنەوە هەر(3) سالَ جارێك بەو پرۆژە وەبەرهێنە خزمەتگوزاریانەی کە بەپێی ئەم یاسایە دادەمەزرێن، بەپێی سروشـتیان وبەتایبـەتی پرۆژەکـانی هۆتێل ونەخۆشخانە وشارە گەشت و گوزارییەکان و زانکۆو قوتابخانەکان، بەمـەرجێك تـەنها بۆ پرۆژەکە بەکار بێن ولەماوەی سالێك لەرۆژی دەرچـوونی رەزامەنـدی سـەرۆکی دەسـتە لەسەر لیستەکانی شتە کڕاوەکان و چەندێتیان بهێندرێنەوە ناو هەرێمەوە.

## بەشی سێیەم
## گرەنتیە یاساییەکان

**ماددەی حەفتەم:**

**یەکەم.** وەبەرهێن بۆی هەیە پرۆژەکەی وەبەرهێنانی دلنیا (تأمین) بکات لەلایەن هەر کۆمپانیایـەکی دلنیاکاری کە بەگونجاو دەزانێت، بیانی یان نیشتمانی، کە بەهۆیەوە لەسەر هەموو لایەنەکانی ئەو کارانەی ئەنجامی دەدات دلنیای بکات.

**دووەم.** وەبەرهێن بۆی هەیە کار بەکریکاری خۆجێی وبیانی پێویست بۆ پرۆژەکە بکـات لـە گـەلَ پێشخستنی کرێکاری خۆمالی لە کارپێکردندا، بەپێی یاساکانی کارا لەهەرێمدا.

**سـێیەم**. وەبـەرهێنی بیـانی بـۆی هەیـە سـوود وقـازانجی سـەرمایەکەی بـۆ دەرەوە بنێرێـت بـەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**چوارەم**. کرێکارە ناعیراقییـەکانی پرۆژەکەوئەوانـەی لـە دەرەوەی هەرێمـدا مامەلـەیان لەگەلـدا دەکەن بۆیان هەیە پارە وکرێیەکانیان بۆ دەرەوە رەوانە بکەن.

**پێنجەم**. وەبەرهێنی بیانی بۆی هەیە سـەرمایەکەی رەوانـەی دەرەوەبکاتـەوە لـەکاتی پاکتـاوکردنی پرۆژەکەی، یان رەفتارکردنی لەسەریدا بەجۆرێك لەگـەلَ حوکمـەکانی یاسـاو رێکارەکـانی گومرگی وباجیی کارا لە هەرێمدا ناکۆك نەبێت.

**شەشەم**. وەبەرهێنی بیانی بۆی هەیە پرۆژە وەبەرهێنەکەی بخاتە سەر ناوی وەبەرهێنێکی دیکەی بیانی یان وەبەرهێنێکی نیشتمانی. یان لە بەشی خـۆی لـە پرۆژەکـە دەرچـێت بـۆ هاوبەشـەکەی، بەرەزامەنـدیی دەسـتە. وەبـەرهێنی نـویَ جێگـەی وەبـەرهێنی کـۆن دەگرێتـەوە لـەو مـاف وپابەندیانەی لە پرۆژەکە دا کەوتوونەتەوە.

**حەفتەم**. وەبەرهێن بۆی هەیە بۆ بەرژەوەندی پرۆژە رێپێدراوەکەی بەپێی حوکمـەکانی ئـەم یاسـایە، حیسابێك بە دراوی نیشتمانی، بیانی یان بە هەردووکیان لە یەکێك لە بانقەکانی هـەرێم یـان لە دەرەوە بکاتەوە.

**هەشتەم**. وێرای لەبەرچاوگرتنی یاساکانی کارا سەبارەت بە ئەنجومەنەکانی کۆمپانیاکانی هاوکاری ، ئەو پرۆژانەی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە تۆمارکراون و شێوە یاساییەکەیان هـەر چـۆنێك بێت بە پرۆژەکـانی کـەرتی تایبـەت دادەنـدرێن، سروشـتی یاسـایی ئـەو سامانانەی تێیانـدا پشکداری کراوە هەر چۆنێك بێت.

**نۆیەم.** بە پێی ئەم یاسایە، وەبەرهێن مافی هەیە نهێنی زانیاریــە هونــەری و ئابووریــەکانی تایبــەت بــە پرۆژەکەی پاریزگاری لێبکرێت ودەست پێشخەریە وەبەرهینەریەکانی بپارێزرێت، ئەمەش بــە پێی حوکمەکانی ئەو یاسا ورێسا ورێنماییانەی لــە هەرێمــدا کــاران. هەرکەسێك زانیاریــەك ســەبارەت بــە دەستپیشــخەریەکانی بەرهــەمهێنی ولایەنــە هونــەری وئــابووری ودارایــیەکانی پرۆژەکەی بلاو بکاتەوە کە بەحوکمی فەرمانەکەی بەدەستی کــەوتوون، بــە پێــی یاســا ســزا دەدرێت.

## بەشی چوارەم
## پابەندییەکانی وەبەرهێن

**مادەی هەشتەم:**

دەبێ وەبەرهێن بەمانەی خوارەوە پابەند بێت:

**یەکەم.** پێناسەی بواری وەبەرهێنانی خۆی بکات ســەبارەت بــەو پرۆژانــەی پێشــتر ئــەنجامی داوون وباری دارایی وئەو گرێبەستانەی جێبەجێی کردوون دەست نیشان بکات.

**دووەم.** دەستە، بە تەواوبوونی پرۆژەکە ودەستکردن بــە پێشکەشــکردنی خزمەتگوزاریــەکانی یــان بەرهەمهێنانی راستەقینەی، ئاگادار بکاتەوە.

**سێیەم.** ئاســانکاری پێویســت بــۆ فەرمانبــەرانی تایبەتمەنــدی دەســتە دابــین بکــات، ســەبارەت بــە کۆکردنەوەو بەدەست خستنی زانیاری پێویست دەربارەی لایەنە هەمە جۆرەکانی پــرۆژە بــۆ مەبەستەکانی دەستە.

**چوارەم.** تۆماری تایبەتی ئەوکەرستە هاوردانەی پرۆژەکە بکاتەوە، کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە لە رەسمی گومرگ بەخشراون.

**پێنجەم.** پاکی ژینگــە وئاســایش وتەندروســتی گشــتی بپارێزێــت وپابەنــدبێت بــە سیســتەمی پێوانــە وکۆنترۆلکردنی چۆنایەتی بەپێی پێوەرە نێونەتەوەییەکان.

**شەشەم.** مەشق بەکریکاری خوجێی پرۆژەکە بکات ورایان بهێنێت.

## بەشی پێنجەم
## رێکارە یاساییەکان لە کاتی سەرپێچی کردنی وەبەرهێنەر

**ماددەی نۆیەم:**

**یەکەم.** لە کاتی سەرپێچی کردنی وەبــەرهێن لــە حوکمــەکانی ئــەم یاســایە، یــان لــە یــەکێك لــە بڕگەکانی گرێبەستی مۆرکراو لــە نێــوان ئــەو لایەنــە تایبەتمەندەکانــدا، دەســتە سەرپێچــیکار ئاگاداردەکاتــەوە وداوای لێــدەکات یەکســــەر ئــەو چــالاکیەی بۆتــە هــۆی سەرپێچــیەکە بوەستێنێت وماوەیەکی گونجــاوی بــۆ دیــاری دەکــات کــە گونجــاو بێــت لەگــەڵ سروشــتی سەرپێچیەکە بۆ لادان ونەهێشتنی شوێنەوارەکانی.

**دووەم.** لــە حالـەتێکــدا وەبــەرهێن پێــداگرت لەســەر رانــەگرتنی سەرپێچــیەکە ولانــەبردنی شوێنەوارەکانی بەپێی حوکمەکانی بڕگە(1)ی سەرەوە، دەســتە، زەویەکــەی لێ دەســێنێتەوە، وئەو بینایانەی لەسەریشی دروست کراوون، ئەگەر هەبن، بەناوی خۆی تۆماریان دەکات بــە

نرخی کەرەستەکان بە هەڵکەندراوی، بەپێی یاسا. ئەو بەهایەش دەکەوێتە ئەستۆی وەبەرهێنی نوێ کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، ئەو زەویەی بۆ تەرخان دەکرێ بۆ ئەوەی پرۆژەکە تەواو بکات. سەرپێچیکاریش بەرپرسە لەهەر زەرەرو زیانێك کە لە ئەنجامی جێبەجێ نەکردنی پابەندییەکانی بێنە ئاراوە.

**سێیەم**. ئەگەر خاوەن پرۆژەکە، بەبێ رەزامەندی دەستە هەموو ئەو زەویەی بۆ پرۆژەکە تەرخانکراوە، یان بەشێکی لە ژێرەوە بەکرێ دا، یان بەکاری هێنا بۆ مەبەستێکی دی لە پرۆژەکەدا ، زەویەکەی یان ئەو بەشەی بەکرێی داوە یان ئەو بەشەی کە بۆ مەبەستێکی دیکەی بەکار هێناوە لێ دەسەندرێتەوە. ئەو کاتە خاوەن پرۆژە دەبێ دوو هێندەی کرێی هاوتا(أجر مثل)بدات لە بری بەکرێدانی زەویەکە یان بەکارهێنانی بۆ مەبەستێکی دیکەی پرۆژەکە. ئەو پارانەش بەپێی حوکمەکانی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزەکانی حکومەتی کارا لە هەرێمدا وەردەگیرێتەوە. لە حاڵەتی لێوەرگرتنەوەی هەموو زەویەکەی، مامەڵە لەگەڵ وەبەرهێنی سەرپێچیکار بەپێی حوکمەکانی برگە(2)ی سەرەوە دەکرێ، سەبارەت بەو بینایانەی کە لە کاتی لێوەرگرتنیەوە لەسەری دروست کراون.

## دەروازەی سێیەم
## پێکهاتە وەبەرهێنەریەکان
## بەشی یەکەم
## دەستەی وەبەرهێنان و پێکهاتە و ئەرکەکانی

**ماددەی دەیەم:**

**یەکەم**. دەستەیەك دادەمەزرێت بەناوی (دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان) وکەسایەتیەکی یاسایی وسەربەخۆیی دارایی و کارگێڕی دەبێ، وبۆی هەیە هەموو رەفتارە یاساییەکانی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایە ئەنجام بدات.

**دووەم**. دەستە، سەرۆکێکی دەبێت بە پلەی وەزیر وگشت ماف ودەسەڵاتێکی وەزیری دەبێت وخۆی بەرپرسە لە ئاراستەکردنی کارەکان وسەرپەرشتی وچاودێریی چالاکیەکانی وهەرشتێك کە پەیوەندی بە ئەرکوفەرمانەکان وکاروبارەکانی دیکەی دەستەوە هەبێت. ئەو فەرمانگانەی خوارەوەشی پێوە بەندن:

**أ)** فەرمانگەی لێتۆژینەوە وزانیاریەکان،

**ب)** فەرمانگەی بەرێکردن وهەڵسەنگاندن ومۆڵەتپێدانی پرۆژەکان،

**ج)** فەرمانگەی کاروباری یاسایی وکارگێری ودارایی،

**د)** فەرمانگەی شارو ناوچە پیشەسازیەکان.

**سێیەم**. بارەگای دەستە لە هەولێر، پایتەختی هەرێم دەبێت وچەند لقێکی لە پارێزگایەکان دەبێت و هەر لقێك فەرمانبەرێك بە پلەی بەرێوەبەری گشتی بەرێوەی دەبات.

**چوارەم**. دەستە بۆی هەیە لەکاتی پێویست، چەند بەش وهۆبەیەك بێنێتە کایەوە ولێکیان بدات، یان لایان بدات.

**پێنجەم.** پێکهاتەی بەرێوەبەرایەتیەکانی دەستە ولقەکانی وئەرکوفەرمان ودەسەڵاتەکانیان بە پێـرەوك دەکرێت کە دەستە دایدەنێت وئەنجومەن پەسەندی دەکات.

**شەشەم.** دەستە کەشی لەبار بۆ وەبەرهێنان دەرەخسێنێت کـە بووژانـەوەی ئـابووری لـە هەرێمـدا بێنێتەدی وستراتیژی وپلان وسیاسەتی وەبەرهێنان ئامادە دەکات ودەیخاتە بەردەم ئەنجومەن بۆ پەسەند کردنی وهەماهەنگی لە نێوان لقەکانی لە هەرێمدا دەکات.

**مادەی یازدەم:**

مەرجە ئەو کەسەی کە لەیەکێك لە پۆستەکانی سەرۆکی دەسـتە وبەرێوەبەرایەتیـە گشـتیەکاندا دادەمەزرێت:

**یەکەم.** بەلایەنی کەمەوە، خاوەن بروانامەیەکی زانکۆیی سەرەتایی بێت کـە پەیوەنـدی هـەبێت بـەو فەرمانەی لێی دادەمەزرێت،

**دووەم.** شارەزا بێت وکاری کردبێت لە بواری پسـپۆریەکەیدا بـۆ مـاوەی حـەوت سـاڵ، بـەلای کەمەوە.

**مادەی دوازدەم:**

دەبێ گشت وەزارەت و دەزگاو فەرمانگەکانی پەیوەندیدار لە هەرێمدا پابەندبن بـەو بڕیارانـەی تایبەتن بە پرۆژەکانی وەبەرهێنان، بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە ولـە دەستەوە دەردەچن.

**ماددەی سیازدەم:**

سەرۆکی دەستە بۆی هەیە گرێبەست لەگـەڵ کەسـانی سروشـتی و یاسـایی(مەعنـەوی) نـاوەوە ودەرەوەی هەرێم مۆربکات بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکوفەرمانانەی پێیان دەسپێرێت بـۆ هێنانـەدی ئامانجەکانی دەستە. ماف و ئەرکەکانیشیان لـەلایەن سەرۆکی دەستەوە دەستنیشان دەکرێن.

## بەشی دووەم

## ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان

**ماددەی چواردەم:**

**یەکەم.** ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان لە هەرێمدا پێك دێت لـە سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیـران وەك سەرۆك وجێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیـران بـە جێگـری ولـەکاتی ئامادەنـەبوونی جێـی دەگرێتەوە وبە ئەندامێتی وەزیرانـی: دارایـی وئـابووری وبازرگـانی وشـارەوانی وپلانـدانان وکشتوکاڵ وپیشەسازی وسەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان.

**دووەم.**

1) سەرۆکی ئەنجومەن بۆی هەیە داوا لە وەزیرێکی دیکە بکات کە بەشداری لـە کۆبوونـەوەکانی ئەنجومەن بکات کە تایبەت بێت بە وەزارەتەکەیەوە.

2) سەرۆکی ئەنجومەن بۆی هەیە داوای ئامادەبوونی نوێنەری کەرتی تایبەتی پەیوەنددار بە پرۆژەکـە بکات

3) ئەنجومەن پێرەوی ناوخۆی دادەنێت، سەبارەت بە کۆبونەوەی ئەنجومەن و دەرکردنی بڕیارەکـان تیایدا.

**سێیەم.** ئەنجومەن ئەو دەسەڵاتانەی خوارەوە پیادە دەکات:

1) دانانی ئەو سیاسەت وستراتیژیانەی پەیوەنددارن بە وەبەرهێنان ودەسـتە پێشـنیاریان دەکـات لـە چوارچێوەی سیاسەتی گشتی هەرێم.

2) پەسەند کردنی پلان وبەرنامەی چالاکی دەستە لە چوارچێوەی پلانی گشتی هەرێمدا.

3) تێڕوانینی ئەو راپۆرتە خولـەییانەی سەرۆکی دەستە سـەبارەت بـە راپەڕانـدنی کـار لـەدەسـتەدا پێشکەشی دەکات وئەو پرسانەی پەیوەستن بەبارو کەشی وەبەرهێنان لـە هەرێمدا وچی پێویسـتە لـەبارەیانەوە بکرێت.

4) تێڕوانینی پێگەی دارایی دەستە وپەسەندکردنی پرۆژەی بودجەی ساڵانەی.

5) پەسەند کردنی گرێبەستی ئەو قەرز وئاسـانکاریە دەسـتەبەریانەی پێشـکەش بەدەسـتە دەکـرێن بەدەسـتەبەری حکومـەت وبانکـەکان ودەزگـا داراییـەکانی تایبەتمەنـد بـە پێـی ئـەو رێکـار وسیستەمانەی داندراون. بەمەرجێ مەبەستەکانیان تەنها بۆ دارایی کردنـی ئـەو چـالاکیانە بێـت کەدەستە لە سنوری تایبەتمەندیەکانیدا ئەنجامیان دەدات.

6) دانانی سیستەمێك بۆ چاودێری وبەدواداچوون وهەڵسەنگاندنی کارەکـانی وەبـەرهێنانی بیـانی بۆ ئەوەی لەو کۆسپ وتەگەرانەی دێنە رێیان تێبگەن وکاربکەن بۆ زاڵبوون بەسەریاندا.

7) پەسەند کردنی پێڕەوی ناوخۆی دەستە.

## بەشی سێیەم
## بودجەی دەستە

**مادەی پازدەم:**

دەستە بودجەیەکی هەیە لە نێو بودجەی گشتی هەرێمدا.

## دەروازەی چوارەم
## مۆڵەتپێدانی پرۆژەکان وناوبژیوانی
## بەشی یەکەم
## رێکارەکانی مۆڵەت پێدانی پرۆژەکان

**مادەی حەڤدەم:**

**یەکەم:** لە پێناوی سوودوەرگرتن لـەو بەخشین وتایبەتکاریانەی (امتیازات) لـەم یاسـایە داهـاتوون، پێویستە وەبەرهێن مۆڵەتی دامەزراندنی پرۆژەکەی لە لایەن دەستەوە بەدەست بێنێت.

**دووەم:** دەسـتە، لەسـەر داوای وەبـەرهێن، مۆڵـەت بـە دامەزرانـدنی پـرۆژە دەدات، بـەپێی ئـەو مەرجانەی لەلایەن دەستەوە دەستنیشـانکراوون. پێویسـتە دەسـتەش لـەمیانـەی(30)رۆژ لـە رۆژی تەواوکردنی پێداویستی ومەرجەکانی هونەری ویاسایی وئابووری، بـەپێی حوکمـەکانی ئەم یاسایە، بریار لەبارەیەوە بدات، وێڕای لەبەرچاو گرتنی ئەو رێکسازی وپێوەرانەی دەسـتە دایان دەنێ.

**سێیەم:** دەبێ دەستە راو بۆچوونی لایەنە تایبەتمەنـدەکان وەربگرێـت سـەبارەت بەکـەڵك وسـوودی دەرکردنی مۆڵەتی دامەزراندنەکە ودەبێت ئەو لایەنانەش رای خۆیان دەربـڕن بەرەزامەنـدی، رەت کردنـەوەی، یـان هـەموارکردنی لەماوەیـەك لـە (30)رۆژ تێپەڕنـەکات لـەرۆژی رەوانەکردنی داواکەیەوە بۆی لەلایەن دەستەوە.وەڵام نەدانەوەی ئەم لایەنـەش بەرەزامەنـدی دادەنرێت وەئەگەر رەتی کردەوە دەبێ بریارەکەی پاساوی هەبێت.

**چوارەم:** ئەگەر داوای دامەزراندنەکە رەت کرایەوە، داواکار بۆی هەیە رەخنـە بگرێـت لـەبـەردەم سـەرۆکی ئەنجومـەن لـەماوەی(15)رۆژدا لـە رۆژی پێراگەیاندنیـەوە بـە بریـاری رەت کردنەوەکـە وسـەرۆکی ئەنجومـەنیش لـەماوەی(3)رۆژدا بریـار لـەسـەر رەخنەکـە دەدات وبڕیارەکەشی لەم بارەیەوە کۆتاییە.

## بەشی دووەم
## ناوبژیوانی

**مادەی هەژدەم:**

کێشەکانی وەبەرهێنان بەپێی گرێبەستی مۆرکراو لە نێوان هەردوو لادا یەکلا دەکرێنەوە. ئەگەر لە گرێبەستەکەش هیچ برگەیەکی وا نەبوو ئەوا بە رێگەیەکی دۆستانە و بەرەزامەندی هەردوو لایەن چارەسەردەکرێن، لە حاڵەتێکدا ڕەزامەندی هەردوو لایەن بەدەست نەهات، هەردوو لا بۆیان هەیە هانا بەرن بۆ ئەو ناوبژیوانیەی کە حوکمەکانی لە یاسا رەچاوکراوەکانی هەرێمدا دیارکراوون، یان بەپێی حوکمەکانی یەکلاکردنەوەی ناکۆکیەکانی هەر رێککەوتنامەیەکی نێودەوڵەتی، یان دووقۆڵی کە عیراق لایەنێك بێت تیایاندا.

## بەشی سێیەم
## حوکمە کۆتاییەکان

**ماددەی نۆزدەم:**

نابێ وەبەرهێن ئەو زەویانە بەناو بکات کە نەوت وغاز یان هەر سامانێکی کانزایی بەنرخ یان سەنگینی تیابێت.

**ماددەی بیستەم:**

دەبێ ئەو وەبەرهێنەی پرۆژەکانی وەبەرهێنانی هاوکاریی ئەنجام دەدات دەستەبەری پێویست پێشکەش بکات بۆ پارێزگاری لەسامانی هاوکارەکان ودەبێ دەستە رێکاری دڵنیاکاری و بانکەوانی پێویست بگرێتە بەر بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی.

**ماددەی بیست ویەکەم:**

ژمێرکاری دەستە لەلایەن دیوانی چاودێری داراییەوە وردکاری دەکرێت.

**ماددەی بیست ودووەم:**

ئەوحاڵەتانەی دەقێکی ئەم یاسایە نایانگرێتەوە، دەکەوێتە بەر ئەو رێسا گشتیانەی لە یاساکانی دیکەی پەیوەندداردا هاتوون، بە مەرجێك حوکمەکانی لەگەڵ حوکمی ئەم یاسایەدا پێچەوانە نەبن. لەکاتی ناکۆکی لە نێوانیاندا، حوکمەکانی ئەم یاسایە پیادە دەکرێن.

**ماددەی بیست وسێیەم:**

سەرۆکی ئەنجومەن بۆی هەیە رێنماییەکانی پێویست دەربکات بۆ ئاسانکردنی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە.

**ماددەی بیست و چوارەم:**

دەبێ ئەنجومەنی وەزیران ولایەنەکانی پەیوەنددار حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**مادەی بیست وپێنجەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرکردنیەوە جێبەجێ دەکرێت ولە رۆژنامە فەرمی (وەقائیعی کوردستان) بلاو دەکرێتەوە.

**عەدنان رەشاد موفتی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان - عیراق**

## هۆی دەرکردنی یاساکە

بە ئامانجی دروستکردنی کەش و هەوایەکی هاندەر بۆ وەبەرهێنان لـە هەرێمی کوردستانی عیراق ولابردنی کۆسپەکانی یاسایی لـە بەردەمیدا وماوەدان بۆ کارپێکردنی سەرمایەی نیشتمانی و بیانی بەیەکەوە وبەتەنها لـە پرۆژەکانی وەبەرهێنان، بەو شێوەیەی هاوکارییەکی کاریگەر لـە پرۆسەی بوژانەوەی ئابووری بکات وبۆ ئەوەی ئاسانکاری و پشتگیری هاندەر بدرێ ولەهەندێ باجی سەرمایەکانی وەبەرهێنراو ببوردرێت ولـە پێناو هێنانەکایەی دەستەیەکی وەبەرهێنانی تایبەتمەند بۆ رێکخستنی لایەنە هەمە جۆرەکانی پرۆسەی وەبەرهێنان لـە هەرێمدا ئەم یاسایە داندرا.

---

**تێبینی**: **ئەم یاسایە دوای پەسندکردنی لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان – وە لەژمارە** (62) **ساڵی شەشەم –ی رۆژی** 2006/8/27 **رۆژنامەی** ( **وەقایعی کوردستان** ) **بڵاوکراوەتەوە**.

## پاشکۆی ژمارە(7)

## ڕێنمایی سندووقی نیشتەجێبوون

اقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
هيئة الأستثمار

Kurdistan Regional Government–Iraq
Board of Investment

هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
دەستەی وەبەرهێنان
نوسینگەی تایبەت

No: ١٦٣٧

Date : 13 / 6 / 2010

٢٣/ / ٢٧١٠ ی کوردی
جۆزەردان

### ڕێنمایی سندووقی نیشتەجێبوون - ژمارە ( ٢ )

...مەبەستی پشتیوانی زیاتری هاوڵاتیانی قەزا و ناحیەکان و هاندانی دروست کردنی شوقە، لەم ڕێنماییەدا بودجەیەکی زیاتر بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کراوە وە هەر بۆ ئەم مەبەستەش کۆنفرانسێک ئەنجام درا لە ( ٢٠٠٩/٥/١١ ) بۆ وەرگرتنی ڕای زۆرترین ...ت و وەبەرهێنەران وە دوای دیراسەت کردنی چەندین داواکاری و پێشنیار کە لە لایەن خەڵکەوە پێشکەش بە دەستەکەمان ...وو و لەم ڕێنماییەدا ڕەچاو کراوە وە ئاماژە بە بڕیاری ئەنجوومەنی باڵای وەبەرهێنان ژمارە (٧٢) لە (٢٠١٠/٦/٧) بایەخ ... بەدانیشتوانی قەزاو ناحیەکان و کڕیارەکانی شوقە بەم شێوەیە:-

یەکەم: زیادکردنی پشکی قەزاو ناحیەکان لە یەکە نیشتەجێیەکان بۆ ٦٠٪ و کەمکردنەوەی شارەکان بۆ ٤٠٪ .

دووەم: خەرجکردنی (منحە) بۆ کڕیاری شوقە لە شارەکاندا بە ڕێژەی ١٥٪ بەڵام لە قەزاو ناحیەکاندا بە ڕێژەی ٣٠٪ .

سێیەم: خەرجکردنی (منحە) بە ڕێژەی ١٠٪ بۆ کڕیاری خانوو .

چوارەم: کڕیاری خانوو دەبێت خۆی بڕێک پارە بدات، لە شارەکاندا (٢٠٪) و لە قەزاو ناحیەکاندا (١٠٪).

**بنەما گشتی یەکان:-**

a ) بودجەی سندوق: ( ٢٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ ) – دووسەد ملیار دینار.
b ) ژمارەی یەکەی پێشنیارکراو بۆ گوندەکان: ٤٠٠٠ یەکە.
c ) ژمارەی یەکەی پێشنیارکراو بۆ شار و قەزاو ناحیەکان: ٧٠٠٠ یەکە.
d ) ڕووبەری شوقە (١٠٠ م$^2$) بە نرخی ( ٤٢,٥٠٠,٠٠٠ ) دینار.
e ) ڕووبەری خانوو (١٢٠ م$^2$) بە نرخی ( ٥٢,٠٠٠,٠٠٠ ) دینار.
f ) ژمارەی یەکەکان و دابەشبوونی بەسەر پارێزگاکانی هەرێمدا:
١- ٥٧٪ بۆ پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک = ٣٩٩٠ یەکە.
٢- ٤٣٪ بۆ پارێزگاکانی سلێمانی و گەرمیان = ٣٠١٠ یەکە.

**شێوازەکانی دابەشکردنی یەکەکان و جۆرەکانیان بەسەر شوێنەکاندا:**

a ) ڕێژەی جۆری یەکە نیشتەجێیەکان بە پێی شوێن:
١- ناو شارەکان: ٤٠٪ = ٢٨٠٠ یەکە.
٢- قەزاو ناحیەکان: ٦٠٪ = ٤٢٠٠ یەکە.

...oard Of Investment   / / 201   ...ن – هەولێر
...hone: 2535010- 2531559   ...تی ئەنجومەنی وەزیران – ٣٠م

ههرێمی کوردستان – عێراق
ئه نجومهنی وهزیران
دهستهی وهبهرهێنان
نوسینگهی تایبهت

اقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
هيئة الأستثمار

Kurdistan Regional Government–Iraq
Board of Investment

No: :

Date : / / 201 / / ٢٧ ى كوردى :

٣. **شێوازهکانی هاوکاریکردن :**

a ) منحه : بۆ کڕیاری خانوو ١٠٪ = ( ٥,٢٠٠,٠٠٠ دینار ) له ههر کونیهك بێت ، بۆ کڕیاری شوققه ١٥٪ = ٦,٣٧٥,٠٠٠ دینار بۆ ناو شارهکان، ٣٠٪ = ١٢,٧٥٠,٠٠٠ دینار بۆ قهزاو ناحیهکان. ئهم بڕه پارهیه وهك پشتیوانی حکومهت دهدرێ به هاوولاتیان و لێیان وهرناگیرێتهوه.

b ) قهرزی سندوق : بۆ کڕیاری خانوو له شارهکاندا ٣٠٪ = ( ١٥,٦٠٠,٠٠٠ دینار )، له قهزاو ناحیهکاندا ٤٠٪ = ( ٢٠,٨٠٠,٠٠٠ دینار ). بۆ کڕیاری شوققه له شارهکاندا ٤٠٪ = ( ١٧,٠٠٠,٠٠٠ دینار )، بۆ کڕیاری شوققه له قهزاو ناحیهکاندا ٥٠٪ = ( ٢١,٢٥٠,٠٠٠ دینار ) ( بهبێ سوود ).

c ) قهرزی وهبهرهێنهر: ئهو بهشهی دهمێنێتهوه له نرخی یهکه نیشتهجێیهکه، وهبهرهێنهر دهیدات به قهرز به هاوولاتی بۆ ماوهی ٥ تا ١٠ سالْ یان زیاتر.

٤. **گوند نشینهکان :**

a. بۆ ههر هاوولاتیهکی گوندنشین که خانووهکهی دروست بکاتهوه و وهزارهتی دارایی ( پێشینهی خانووبهره )ی بۆ خهرج بکات, بڕی ( ٨,٥٠٠,٠٠٠ دینار ) تهنها ههشت ملیۆن و پێنج سهد ههزار دینار )ی له بودجهی سندوق بۆ سهرف دهکرێ.

b. له بودجهی ئهمسالْدا بهم سیستمه هاوکاری ( ٤٠٠٠ ) گوندنشین دهکرێت به مهرجێك سلفهی عقاری بۆ سهرف کرابێت.

c. کهواته پارهی تهرخانکراو بۆ ئاوهدانکردنهوهی گوندهکان دهکاته ( ٤٠٠٠ * ٨,٥٠٠,٠٠٠ دینار = ٣٤,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ دینار ).

- **کۆی گشتی :**

**پارهی تهرخانکراو بۆ منحه : ٥٣,٩٠٠,٠٠٠,٠٠٠ دینار**

**پارهی تهرخانکراو بۆ قهرزی سندوق : ١٣٣,٩٤٥,٠٠٠,٠٠٠ دینار**

**کۆی گشتی : ١٨٧,٨٤٥,٠٠٠,٠٠٠ دینار**

**پارهی تهرخانکراو بۆ گوندهکان : ٣٤,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ دینار**

**کۆی گشتی بودجهی سندوق : ٢٢١,٨٤٥,٠٠٠,٠٠٠ دینار**

Investment / / 201 ...رهێنان – ههولێر
535010- 2531559 ...کایهتی ئهنجومهنی وهزیران – ٣٠م

o:

te : / / 201

: / / ٢٧ ی کوردی

- **سودمەندبوانی ئەم پرۆژەیە:**

١. پێشینەی خانووبەرەی وەرنەگرتبێت (ئەمە گوندنشینەکان ناگرێتەوە).
٢. لە سندوقی نیشتەجێ قەرزی وەرنەگرتبێ.
٣. خانوو یان شوققەی حکومی وەرنەگرتبێ.
٤. ئەو هاوولاتیەی زەوی وەرگرتبێ، منحەی نادرێتێ، تەنها قەرزەکەی بۆ خەرج دەکرێ.
٥. لە فرۆشتنی یەکە نیشتەجێیەکاندا، رەچاوی داواکاریەکانی یەکێتی و کۆمەڵەکانی کرێنشینان بکرێت بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی کرێ نشینان.

- **لەبەر ئەوەی داواکاریی یەکی زۆر لەلایەن وەبەرهێنەرانەوە پێشکەش بە دەستەکەمان کراوە بە مەبەستی پاراستنی شەفافیەتی پرۆسەکە، دەستەمان هەڵدەستێت بە دروست کردنی کێ بڕکێ لە نێوان وەبەرهێنەراندا لەسەر ئەم بنەمایانەی خوارەوە:**

١. کەمترین یان هیچ پارە لە هاوولاتی کڕیار وەرنەگرێت.
٢. کەمترین یان هیچ سوودی بانکی نەخاتەسەر ئەو قەرزەی دەیدات بە هاوولاتی.
٣. درێژترین ماوە دابنێ بۆ وەرگرتنەوەی قەرزەکە لە هاوولاتی.
٤. کەمترین ماوەی جێبەجێکردن.
٥. درێژترین ماوەی صیانە.
٦. زۆرترین غرامەی دواکەوتن لەسەر خۆی دابنێ.
٧. خزمەتگوزاری زیاتر بۆ خزمەتی هاوولاتیان دابین بکات.

اقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
هيئة الأستثمار

Kurdistan Regional Government–Iraq
Board of Investment

هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
دەستەی وەبەرهێنان
نوسینگەی تایبەت

No:

Date : / / 201

وت : / / ٢٧ ی کوردی

- **گەرەنتی جێ بەجێ کردنی پرۆژەکە لەلایەن وەبەرهێنەر:**

١- پێویستە وەبەرهێنەر ( خطاب ضمان ) بە ڕێژەی ( ٥٪ )ی کلفەی پرۆژەکە لە بانکێک لە بانکەکانی کوردستان دابنێت تا تەواوبوونی پرۆژەکە.

٢- نیوەی ( خطاب ضمان )ەکە دەگەڕێنرێتەوە بۆ وەبەرهێنەرەکە پاش تەوابوونی پرۆژەکە.

٣- نیوەکەی تر دەمێنێتەوە تا تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر تسلیم کردنی هەموو خانووەکان بۆ هاوڵاتیان وە تەواوکردنی گشت خزمەتگووزاریەکان لەلایەن وەبەرهێنەرەوە.

**تێبینیی ١-**

دوای دارشتنی ئەم پلانە، دەرکەوت کە بڕی ( ٢١,٨٤٥,٠٠٠,٠٠٠ ) دینار لە سەروو بوودجەی دیاریکراوەوەیە کە لە لایەن پەرلەمانی کوردستان پەسندکراوە، دەستەی وەبەرهێنان بۆ پابەندبوون بە ژمارەی یەکەکانەوە کە ( ١١,٠٠٠ ) یەکەیە و بە ڕەچاوکردنی بوونی بڕگەی ( ٤ ) لە " سوودمەندبووانی پرۆژەکە " هەوڵ ئەدات کە لە سنووری بودجەکە دەرنەچێت.

**ئەندازیار**
**هێرش محرم محمدامین**
**سەرۆکی دەستە**

وێنەیەک بۆ :

- بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان- لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان.
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان- لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت وەزارەتەکان- بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست بە پێ ی پەیوەندی.
- دەستەی وەبەرهێنان/ بۆ جێ بەجێ کردنی کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا.
- سکرتاریەتی ئەنجومەنی باڵا/ لەگەڵ بەراییەکان.

rd Of Investment / / 201
ne: 2535010- 2531559

وەبەرهێنان – هەولێر
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ـــ ٣٠م

# پاشکۆی ژمارە(8)

## لیستی ئەو پرۆژانەی کەلە دەستەی وەبەرهێنان مۆڵەتیان وەرگرتووە

| ژمارە | ناوی وەبەرهێن | ناوی پرۆژە | ژمارەی مۆبایل | قۆناغی مامەلە | شوێنی پرۆژە | لایەنی مۆلەتدەر | ژمارە مۆڵەت | بەرواری مۆڵەت |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | کۆمپانیای بەڕێز/ یاسین محمود رشید ئاسودە | گوران ستی | 7701540090 | مۆڵەت | هەڵەبجەی شەهید | دەستە1 | 1 | 15-Nov-06 |
| | | چەرمۆ ستی | | مۆڵەت | چەمچەماڵ | دەستە1 | 1 | 15-Nov-06 |
| | | گرین ستی | | مۆڵەت | قەرەتۆغان | دەستە1 | 1 | 15-Nov-06 |
| | | لبنان ستی | | مۆڵەت | ولۆبە | دەستە1 | 1 | 15-Nov-06 |
| | | بروا ستی | | مۆڵەت | راپەرین | دەستە1 | 1 | 15-Nov-06 |
| | | دییە ستی | | مۆڵەت | ولۆبە | دەستە1 | 1 | 15-Nov-06 |
| | | رۆژ ستی | | مۆڵەت | رانیە | دەستە1 | 1 | 15-Nov-06 |
| | | بەرێز ستی | | مۆڵەت | قولە رە یسی | دەستە1 | 1 | 15-Nov-06 |
| | | میرستی | | مۆڵەت | دوکان | دەستە1 | 1 | 15-Nov-06 |
| | | هاموون ستی | | مۆڵەت | کۆیە | دەستە1 | 1 | 15-Nov-06 |
| 2 | فاروق ملا مستەفا | کۆمەلگای نیشتەجێی بەهاران | 7701520000 | مۆڵەت | ئابلاخ | دەستە1 | 30 | 24-May-07 |
| 3 | کۆمپانیای نالیا | گوندی ئەڵمانی | 7701574880<br>7701437710 | مۆڵەت | دەباشان | دەستە1 | 49 | 11-Sep-07 |
| 3 | کۆمپانیای نالیا | فراوانکردنی (گوندی المانی 2) | 7701574880<br>7701437710 | فراوان کردن | دەباشان | | 49 | |
| 4 | کۆمپانیای رووناکی شار/احمد | کۆملگای نیشتەجێی دەربەندیخان (روناکی 1) | 7701579640 | مۆڵەت | دە ربە ندیخان | دەستە1 | 64 | 17-Dec-07 |
| 5 | کۆمپانیای لووتکە/ علی | شاری رانیەی نوێ بو دروست کردنی 443 یەکە | 7701514787 | مۆڵەت | رانیە | دەستە1 | 67 | 26-Dec-07 |
| 6 | عمر سعید فتاح | پاشا سیتی | 7501117389 | مۆڵەت | باوە مە ردە | دەستە1 | 98 | 14-May-08 |
| 7 | هادی عبدالرحمان | دریم لاند | 7701580454 | مۆڵەت | کەلار | دەستە1 | 101 | 14-May-08 |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | کريم | |
| | | سلێمانی | قرگه | فراوان کردن | 7701579874 | فراوانکردنی (بناری گۆیژه) | کۆمپانیای هیرۆن/حاجی هونەر | 8 |
| 14-Oct-08 | 132 | دەستە1 | قرگه | مۆڵەت | 7701579874 | بناری گویژه ی نیشتەجێ | کۆمپانیای هیرۆن/حاجی هونەر | 8 |
| 25-Nov-08 | 134 | دەستە1 | ولۆبه | مۆڵەت | 7701552301 | کورد ستی (1+2) | کۆمپانیای نالیا/شاسوار عبدلواحید | 9 |
| | | | ولۆبه | فراوان کردن | | فراوانکردنی (کورد ستی) | کۆمپانیای نالیا | 9 |
| 02-Dec-08 | 140 | دەستە1 | کفری | مۆڵەت | 7701579640<br>7702268525 | کۆمڵگای نیشتەجێی کفری | کۆمپانیای ڕووناکی شار | 10 |
| 01-Mar-09 | 159 | سلێمانی | دەباشان | فراوان کردن | 7701540057 | فراوانکردنی (شاری گۆیژه) | کامەران محمد احمد | 11 |
| 01-Mar-09 | 159 | دەستە1 | دەباشان | مۆڵەت | 7701520030 | شاری گویژەی نیشتەجێ | کامەران محمد احمد | 11 |
| 07-Apr-09 | 163 | دەستە1 | ئابلاخ | مۆڵەت | 7701524001 | جوان تاوەر بۆ یەکەی نیشتەجێبوون | سعد فایەق و هەرێم | 12 |
| 06-Aug-09 | 181 | دەستە1 | زەرگەته | مۆڵەت | 7701520020 | ڕۆژ سیتی | کۆمپانیای رۆژی نوی/والی عوسمان | 13 |
| 13-Jul-09 | 185 | دەستە1 | کەلار | مۆڵەت | 7701579640 | هیلان سیتی له کەلار | کۆمپانیای ڕووناکی شار | 14 |
| 08-Sep-09 | 199 | دەستە1 | قرگه | مۆڵەت | 7701527581 | دیلان ستی | کۆمپانیای هەستیار/دیاری قەزاز | 15 |
| 12-Oct-09 | 205 | دەستە1 | قرگه | مۆڵەت | 7701551115 | سەردەم سیتی | کۆمپانیای زیلاند/نەجاتی خەزنه | 16 |
| 20-Nov-11 | 5س | سلێمانی | کەلار | مۆڵەت | 7701989520 | شاری تابلۆ | رحیم رشید محمد | 17 |
| 02-Feb-12 | 18س | سلێمانی | ئاوباره | مۆڵەت | 7701560606 | کومەلگای نیشتەجی دەروازه | دەروازه گروپ (هاوبیر انور) | 18 |


| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 08-Apr-10 | 255 | دەستە1 | قەرەتۆغان | مۆڵەت | 7701902725 | شاری ئەوین | علی شێخ امین | 19 |
| 09-Jun-10 | 280 | دەستە1 | چوارقورنە | مۆڵەت | 7504471554 | کۆڵێن ستی | خالید حسین حمد بندیان-کۆمپانیای ڤاری کار | 20 |
| 28-Dec-2011 | 14س | سلێمانی | ئابلاخ | مۆڵەت | 7701583500 | پرۆژەی نیشتەجێی خاك | خالید عباس حسین | 21 |
| 20-Nov-2011 | 4س | سلێمانی | قەرەتۆغان | مۆڵەت | 7701510139<br>7501158199 | شاری ڕۆشنبیران | کۆمپانیای ژاکۆ و ئەحمد حاجی حسین | 22 |
| 10-Jan-12 | 16س | سلێمانی | قوله ره یسی | مۆڵەت | 7704456485 | شاری کانی نیشتەجی بوون | کۆمپانیای گرین لاند/دلشاد رشید حمه امین | 23 |
| 25-Oct-10 | 308 | دەستە1 | زێرینۆك | مۆڵەت | 7701520020 | گوڵی شار | کۆمپانیای رۆژی نویَ/والی عوسمان | 24 |
| 4-Dec-2011 | 10س | سلێمانی | هەڵەبجە ی تازە | مۆڵەت | 7701579640 | لانە سیتی | کۆمپانیای روناکی شار | 25 |
| 8-Nov-2010 | 314 | دەستە1 | دەباشان | مۆڵەت | 7501110000 | گاردن سیتی | گروپی کومپانیاکانی هەڵەبجە/کۆمپا نیای بەیان | 26 |
| | | | | فراوان کردن | | فراوانکردنی گاردن ستی | | 26 |
| 22-Apr-2012 | 31س | سلێمانی | ڕانیە | مۆڵەت | 7701526651 | شاری ڕانیەی نوێ | کۆمپانیای رەسەنی نوێ | 27 |
| 18-Mar-2010 | 260 | دەستە1 | قوله ره یسی | مۆڵەت | 7701579640 | هیلان سیتی قولەرەیسی | کۆمپانیای رووناکی شار | 28 |
| 30-May-2010 | 278 | دەستە1 | قوله ره یسی | مۆڵەت | 7701410058<br>7701427966 | سایە ستی | کۆمپانیای نەبەز/وریا شێخ حسن شێخ مصگفی | 29 |
| 18-May-2010 | 271 | دەستە1 | وڵوبە | مۆڵەت | 7701524241 | صائب ستی | کۆمپانیای صائب/محمدنهال | 30 |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1-Dec-2011 | 9س | سلێمانی | راپەرین | مۆڵەت | 7701520715 | قەیوان سیتی/2 | گروپی کۆمپانیاکانی قەیوان | 31 |
| 19-Oct-2010 | 298 | دەستە1 | عەربەت | مۆڵەت | 7701582888 | ئاڵتون ستی بو دروست کردنی 104 یەکە لە عربت | کۆمپانیای دۆڵی مەلەکان | 32 |
| 25-Mar-2012 | 26س | سلێمانی | قەلآدزە | مۆڵەت | 7501158105 | قەلآدزێ ستی | کۆمپانیای هەڵکەوت و باوەڕدار | 33 |
| 13-Dec-2010 | 328 | دەستە1 | دە ربە ندیخان | مۆڵەت | | کۆمەڵگای نیشتەجێی دەربەندیخان (ڕوناکی 2) | کۆمپانیای رووناکی شار | 34 |
| 22-Feb-2012 | 23س | سلێمانی | قولە رە یسی | مۆڵەت | 7701560529 | لانەی ژیان بۆ دروست کردنی 120 یەکە لە قولەرەیسی | ژینۆ علی قادر | 35 |
| 28-Dec-2011 | 13س | سلێمانی | قولە رە یسی | مۆڵەت | 7707913703 | شاری نمونەی لە قولەرەیسی | کۆمپانیای السبج و کۆمپانیای رۆژی نوێ/والی | 36 |
| 29-Nov-2011 | 8س | سلێمانی | ئاوبارە | مۆڵەت | سۆران 7701466558 | شاری چوارچرای نوێ | کۆمپانیای رائدە التعمیر | 37 |
| 18-Dec-2011 | 12س | سلێمانی | قەرە تۆغان/قرگە | مۆڵەت | 7701545027 | شاری سپی | کۆمپانیای بەختیار احمد فرج | 38 |
| 22-Nov-2011 | 6س | سلێمانی | کەڵەکن | مۆڵەت | 7701520715 | بەرزاییەکانی سلیمانی | کۆمپانیای قەیوان | 39 |
| 4-Jan-2012 | 15س | سلێمانی | قولە رە یسی | مۆڵەت | 7701552301 | نالی سیتی لە قولەرەیسی | کۆمپانیای نالیا | 40 |
| 26-Jan-2012 | 17س | سلێمانی | قولە رە یسی | مۆڵەت | 7706633665 7507776363 | شاهین ستی | کۆمپانیای گرانتۆری تورکی | 41 |
| 9-Feb-2012 | 20س | سلێمانی | قولە رە یسی | مۆڵەت | 770152246 - 7501121919 | رزگارستی | کۆمپانیای نەخشە | 42 |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 13-Mar-2012 | 25س | سلێمانی | قوله ره یسی | مۆڵەت | 7701523306 | ئارۆستی | کۆمپانیای شڤان | 43 |
| 19-Apr-2012 | 30س | سلێمانی | قوله ره یسی | مۆڵەت | 7504453551 | سەیران ستی | کۆمپانیای حقی اسماعیل | 44 |
| 29-Mar-2012 | 27س | سلێمانی | قوله ره یسی | مۆڵەت | 7504464063 | هەواری فەرمانبەرانی زانکۆی سلێمانی | کۆمپانیای دایك | 45 |
| 14-Sep-2014 | 118 س | سلێمانی | قرگه | مۆڵەت | | شاری ئاسۆی گه ش بۆکارمه ندانی ته ندروستی | ئاسۆجمال ابراهیم | 46 |
| 11-Aug-2015 | 733 | دەستە2 | قرگه | مۆڵەت | | شاری پزیشکانی سلێمانی | کۆمپانیای گروپی نجم الدین | 47 |
| 28-Apr-2015 | 103 س | سلێمانی | شێخ وەیساوا | مۆڵەت | | پرۆژەی شاری مامۆستایان | کۆمپانیای ڕه سه ن | 48 |

## پاشکۆی ژمارە(9)

## نەخشەی پێکهاتەی بەرزونزمی ڕووی زەوی شاری سلیمانی



# المستخلص

تعد هذه الدراسة محاولة للاجابة حول تساؤلات عن كيفية عمل العلاقات العامة ضمن العملية التسويقية للمنظمات الربحية واسلوب تنظيم علاقاتها مع البيئة المحيطة لمشاريع المنظمة وأنتاجاتها، جاءت هذه الدراسة تحت عنوان (أستراتيجيات العلاقات العامة للتسويق في البيئة الاستثمارية لمدينة السليمانية)، وهي دراسة وصفية استخدمت اداة الاستبيان، واتخذت من العاملين في قطاع استثمار العقارات انموذجا لها.

تتكون الدراسة من ثلاث فصول، الفصل الاول تناولت منهجية الدراسة وما اعتمدت من اجرائات من مشكلة البحث واهميتها و تساؤلاتها وفرضياتها، وايظا كيفية تحديد الحدود للدراسة من حيث الحدود الزمانى والمكانى والبشرى والموضوعي، و مجتمع الدراسة و عينتها والادوات الاحصائية و اختبارات الصدق والثبات، وتحديد المصطلحات، واخيرا طرح الدراسات السابقة القريبة متغيراتها من متغيرات هذه الدراسة لانه لاتوجد دراسات سابقة تحت عنوان الدراسة الحالية.

اما الفصل الثاني فقد اختصت لتناول الجانب النظري للدراسة، وهى مكونة من ثلاث مباحث، المبحث الاول تناولت معنى ومفهوم الاستراتيجية و الاستراتيجية في العلاقات العامة، وايظا تناولت استراتيجيات العلاقات العامة في التسويق، المبحث الثانى تناولت التسويق من حيث المعنى والمفهوم وعلاقة العلاقات العامة بها، وتحليل المزيج التسويقي والمزيج الترويجي وتحديد اهداف ووظائف العلاقات العامة في مجال التسويق، اما المبحث الثالث فقد اختصت لتناول الاستثمار حيث تحديد المعنى والمصطلح و انواعها و مجالاتها،و ايظا تحديد مقومات البيئة الاستثمارية وتحديد العلاقة النظرية بين العلاقات العامة والبيئة الاستثمارية.

امـا الفصل الثالث فهي تشكل الجانب الميداني للدراسة و قد تناولت مختصر عن مدينة السليمانية من حيث البيئة والموقع، و طرح وتحليل معلومات الاستبانة، و اخيرا الاستنتاجات التي توصلت اليها الدراسةو توصيات و اقتراحات الباحثة.

تعود اهمية الدراسة الى اهمية العلاقات العامة في مجال التسويق وما لها من اجراءات من اجل الترويج و تحسين سير العملية التسويقية و الحفاظ على قبول وبقاء المنظمات ضمن

البيئة المحيطة بها، محاولا التركيز على ما للعلاقات العامة من أهداف و وظائف في ذلك المجال وكيفية الاستفادة من نشاطات العلاقات العامة في ترويج منتجات الشركات المستثمرة في العقارات (نموذج البحث) ضمن البيئة الاستثمارية لمدينة السليمانية، والتركيز على تحديد المقومات التى يجب توفرها في البيئة الاستثمارية و مدى وجود تلك المقومات في بيئة مدينة السليمانية (مركز ادارة محافظة السليمانية) مما يجعلها بيئة مشجعة للاستثمار او بيئة مقيدة وغير قابلة للمشاريع الاستثمارية العقارية.

و اما اهداف الدراسة تكمن في تحديد دور استراتيجيات العلاقات العامة في العملية التسويقية، ايضا تحديد كيفية سير العمليات الاستثمارية في مدينة السليمانية ومدى تواجد المقومات في بيئتها الاستثماريةو اتخذت الدراسة فرضيتان رئيسيتان وتساؤلات فرعية عن مشكلة البحث، والفرضيتان هما:

1- الفرضية الاولى هي هل ان استراتيجيات العلاقات العامة تساعد في تحسين سير العملية التسويقية لمنتجات مشاريع الاستثمار في العقارات.
2- فرضية هل ان البيئة الاستثمارية لمدينة السليمانية هي بيئة قابلة ومشجعة للاستثمار في مجال العقارات.

من اهم الاستنتاجات التي توصلت اليه الدراسة هي:

1- ليس هناك قسم خاص او حتى فرع للعلاقات العامة داخل الشركات الاستثمارية في العقارات، وانما وكلت مسؤولية ادارة العلاقات لموظفين في الاقسام الاخرى و غير مختصين في مجال العلاقات العامة.
2- الموظفين المسؤلين عن ادارة علاقات الشركات ليسوا مختصين في العلاقات العامة، وانما يديرون العلاقات مع وظائفهم الاساسية،مما اثر على الاداء الغير العلمى للعلاقات العامة في الشركات.
3- استراتيجيات العلاقات العامة في التسويق تستخدم بنسبة جيدة من قبل مؤسسات استثمار العقارات، من اجل تسويق و ترويج منتجاتهم من الوحدات السكنية.

4- تتلائم البيئة الجغرافية لمدينة السليمانية لانشاء المشاريع السكنية، والبيئة الاجتماعية مناسبة و يتميز سكان المدينة بالانفتاح و الرغبة في التغيير في مستوى المعيشة والانسجام مع التغييرات.

5- ادى الوضع الغير مستقر سياسيا و اقتصاديا في اقليم كوردستان عامة و مدينة السليمانية خاصة الى التاثير سلبا في المشاريع الاستثمارية والمشاريع السكنية بالوجه الاخص مما ادت الى بطء عملية البناء والبيع فيها، اما الاسقرار الامني فكان سببا في ديمومة المشاريع و اطمئنان المستثمرين في المدينة, ولكن القوانين والتسهيلات لتنظيم العملية الاستثمارية فهي غير واضحة و غير دقيقة في تحديد شخصية المستثمر و كيفية اجراء التسهيلات, وهذا ما يعود الى مضي وقت طويل على اصدار قانون الاستثمار دون مصادقة او اصدار قوانين جديدة ما جعلتها غير مناسبة للوقت الراهن.